# چارەنووسی مرۆڤێک

ن: میخائیل شولوخوف

و: حەمە کەریم عارف

پێشکەشە بە:

گیانی پاکی دایکم: ڕەحمە دەروێش کەریم

پێڕست:


- حەمە کەریم عارف پیاوێک لە ................ شێرکۆ بێکەس
- وتەیەک
- چارەنووسی مرۆڤێک
- نیشانە
- گۆلکڤان
- بیژوو
- دەشتی کەوەڕەنگ
- جوانوو
- خوێنی بێگانە
- دەربارەی دۆنی ئارام
- ژینامەی وەرگێڕ

حەمە كەریم عارف

پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێركۆ بێكەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان.ئەو كاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای كتێب ورستەیەكی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێكەڵ بە ئاینده ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەكەریم عارف
پیاوێك لە شەونخونی و
لە ڕێژنەی وشەو
خۆشنەكردنەوەی قەڵەم و
پەنجەرەیەك بۆ خەمی كەسك و
گزنگی بەیان.
حەمەكەریم عارف
ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و
گۆرانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان!
هەشتا ئەستێرەی كتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.
هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!
ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەكەم
ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!
بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێكی جاویدان.
بە تەنها خۆم وپەپوولەیەكی غەمگین و
چەند كاغەزێكی سپی چاوەڕوان.

به تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم،نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و
نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان،تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین

عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئـــــــەلبێر کـــــــامۆ.ئەلکســـــــاندەر فەدایـــــــەف.هیـــــــرب میـدۆ.قاسـمۆف.کـازانتزاکیس.چیخـۆف.گوینتـەر دیشـنەر.فنسـنت ڤـان گۆگ.مالرۆ.شەکسپیر.م.گۆرکی.هۆمیرۆس.چرنیشفسکی.چایکۆفسکی.ئیدگار ئـالان پـۆ.جـاك لەنـدەن.گۆگـۆل.سـیرۆس پرهـام.بلیخـانۆف.کـریس کـۆچرا.مەهـدی حسـێن.سـابت رەحمـان.ئەحمـەد مـەحموود.سـەمەدی بیهرەنگـــی.عـــەزیز شـــەریف.نەجـــەف قـــولی پســـیان. ئەشـــرەفی دیهقـانی.مەسعود ئەحمـەدزادە.گەوهـەر مـراد.یـەڵماز گونـای..چەنـدین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...
لە سی وپێنج ساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!
سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ژمارە(٦٤٣)/پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

وتەیەک

میخائیل شولوخوف: ١٩٠٥ – ١٩٨٤

براوەی خەڵاتی لینین و نۆبڵە، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی وەکو: " چیرۆکەکانی دۆن، دۆنی ئارام، زەوی نواباد، ئەوانەی لە پێناو وڵاتەکەیاندا جەنگین، چارەنووسی مرۆڤێک "ە کە شۆرەت و نێوبانگی جیهانیان هەیە... بەرهەمەکانی بۆ پتر لە نەوەت زمان پاچڤە کراون و تێکڕا چل و پێنج ملیۆن نوسخەیان لە سەرانسەری گیتیدا لێ چاپ و بلاو کراونەتەوە. شوخولوف یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی سەردەمی سوڤیاتی و ئەندامی ئەکادیمیای مۆسکو بوو، لە ١٩٠٥/٥/٢٤ دا لە مەزرای کروژیلین نیزک گوندی فیشینسکایای قوزاق نشین، کە پاشان بە یەکجاریی لەوێندەر گیرسایەوە، لە خانەوادەیەکی مامناوەندی لە دایک بووە... تا تەمەنی سیازدە ساڵی لە قوتابخانەی " جیمنانز " خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە شەڕی ناوخۆدا، کە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بووە، لە ڕیزی سوپای سووردا بەشداری کردووە، دوای ئەوە سەفەری بۆ مۆسکۆ کردووە. لەوێ پەیوەندی بە گاردی لاوانەوە دەکات کە گروپێک لە نووسەرانی کومسومول دایان مەزراندبوو و لە ساڵی ١٩٢٣ دا یەکەمین چیرۆکی خۆی بە چاپ گەیاند. لە ساڵی ١٩٢٤ دا بۆ دیار و دەڤەری دۆن، بۆ گوندی فیشینسکایای قوزاق نشین، گەڕایەوە و تا کۆتایی تەمەن لەوێندەر مایەوە. لە ساڵانی ١٩٢٣ – ١٩٢٧ دا نزیکەی سی چیرۆکی بڵاو کردەوەکە زۆربەیان دەربارەی شەڕی ناوخۆ و ململانێی چینایەتی گوندەوارەکانی دەڤەری دۆنن. دڕندەخووی مرۆڤان دەرهەق بە یەکدی، بابەتی سەرەکی چیرۆکەکانیەتی، زۆربەی چیرۆکەکانی بە مەرگێن زۆر دڵتەزێن و زبر کۆتاییان دێت... دیالۆگەکانی زۆر زندوو و ڕەسەنن، گێڕانەوە، بە ڕادەیەک ڕەنگاوڕەنگ و ناسکە، هەندێجار لە شیعر و شیعرییەت نزیک دەبێتەوە...

لەم سەرووبەندەدا گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانیا ڕووی دا و بۆ یەکەمجار توانای بەهرەی خۆی لە واری ئەدەبیدا تاقیکردەوە. هەوەڵین کۆ چیرۆکی خۆی لە ساڵی ١٩٢٦ دا بڵاو کردەوە، کە ئەدیبی سۆڤیەتی ناسراو، " ئەلسکسندر سیرافیموفیچ " ی خودانی ڕۆمانی " سێلاوی ئاسنین " لە پێشەکییەکی کورتا، ستایشی بەهرەمەندی ئەدەبی ئەو دەکات و پێشبینی ئایندەیەکی ئەدەبی پرشنگداری بۆ دەکات، کە

بەڕاستیش وا دەرچوو. شوخولوف لەساڵی ١٩٢٦ دا تەمەنی تەنیا بیست و یەک ساڵ بوو.

هەڵبەتە شاکاری شوخولوف ڕۆمانی دۆنی ئارامە، کە لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیا و لە ساڵی ١٩٢٨ دا، بەرگی یەکەمی بڵاو بووەوە، هەندێک لە ڕەخنەگران، کە وێنایان نەدەکرد، ئەو شاکارە لە گەنجێکی وەکو ئەو بوەشێتەوە، لە شوخولوف کەوتنە تەقە کە گوایە ئەو بەرهەمە هی ئەو نییە، ئەم تەقەکردن و هێرشانە لە ساڵی ١٩٦٥ یشدا، دوای ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات بە شوخولوف درا، سەر لەنوێ، سەریان هەڵدایەوە، بەڵام دروستی و بنجبڕی ئەو هێرش و پەلامارانە نەهاتە سەلماندن.

بە هەر حال شوخولەف، لە ناوجەرگەی ڕووداوەکانەوە هاتووە، ڕاستەوخۆ بەشداری لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی ژیانی سەردەمی خۆیدا کردووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢ دا، دوای ئەوەی هەموو بزوتنەوە یاخیگەری و ئەنتی شۆڕشەکان، سەرکوتکران و بارودۆخی وڵات هێور بووەوە، شوخولوف، وەکو ڕابەر و بەرپرسی یەکەیەک لە یەکەکانی کۆکردنەوەی دانەوێڵە و ئازووقە گوازرایەوە بۆ مۆسکۆ. بەڵام ئەم ڕێکخراوە عەسکەرییە زوو هەڵوەشێنرایەوە و شوخولوف لە خزمەت مەرەخەس کرا، بێ کار مایەوە، لە پێناوی ژیان و گوزەراندا هەموو کارێکی دەکرد. لەوانە فەرمانبەری ئامار، فێرکار، کرێکاری بیناسازی، حەماڵی، ژمێریاری و ڕۆژنامەوانی...

بابی، بە گوێرەی ڕیزبەندی چینایەتی ئەو قۆناغ و سەردەمە، دەچووە خانەی خوردە فەرمانبەران، لە بنەڕەتدا خەڵکی ریازان بوو، واتە قوزاق نەبوو، بەڵام لە ڕێگەی دایکییەوە، بۆرە خزمایەتییەکی لەگەڵ جوتیارە ئۆکرانیەکاندا هەبوو..

یەکێک لەو چیرۆکە کاریگەرانەی کە لە یادگەی شوخولوفی نووسەرا چەسپی و نەسڕدرایەوە، کاتێ بابی شوخولوف، شوخولوفی بۆ قوتابخانەی ناوەندی برد، دایکی واتە دایکی شوخولوف کە نەخوێندەوار بوو، لە خۆشەویستی کوڕەکەیا خۆی فێری خوێندن و نووسین دەکات بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ و بە بێ یارمەتی هیچ کەسێک نامەی بۆ بنووسێت.

ئیدی ئەناستاسیا دانیلوفنای دایکی شوخولوف لە ساڵی ١٩٤٢ دا، کاتێ فڕۆکەکانی فاشیزمی ئەڵمانی گوندی ڤیشینسکایان بۆردومان کرد شەهید بوو، بەڵام بابی، ئەلکسندر میخایلوفیچ لە ساڵی ١٩٢٦ دا کۆچی دوایی کرد.

بەهەر حاڵ لە ساڵی ١٩٢٣ وە دەستی دایە نووسین. بەو جۆرە " چیرۆکەکانی دۆن " یەک لە دووی یەک لە بڵاوکراوەی ناوەندی لاوانا بڵاو دەبوونەوە و لە ساڵی ١٩٢٦ دا هەوەڵین کۆ چیرۆکی خۆی لە ژێر سەر ناڤی ( چیرۆکەکانی دۆن ) دا بڵاو کردەوە. ئیدی لەوە بە دواوە کەوتە نووسینی ڕۆمانی ( دۆنی ئارام ) کە بە نزیکەی پازدە ساڵ هەر چوار بەرگەکەی تەواو کرد.

هەڵبەتە چیرۆکەکانی دۆن، هونەریانە وێنەی ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەمان نیشان دەدەن کە خۆی و میللەتەکەی پێیا تێ پەڕبوون. دیارە ئەم چیرۆکانە، بۆ زمانی گەلێک لە میللەتانی سۆڤیاتی و گەڵ و نەتەوەێن جیاوازی دنیا هاتوونەتە پاچڤە کردن و پێشوازی گەرمیان لێکردوە و کراون بە دراما و فیلم و خراونەتە سەر شاشە وەکو: گۆلکڤان، نیشانە، زۆڵ، جوانوو، خوێنی بێگانە.... بە هەرحاڵ چیرۆکەکانی شوخولوف، مرۆڤ دۆستیان لێ هەڵدەقوڵێت و سەردەمی خۆیان بەزاندووە و تاکۆ ئەمرۆش بە تاسەوە دەخوێنرێنەوەو بە گەرمی پێشوازیان لێدەکرێت... هەر ئەمەش وایکرد خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات لە ساڵی ١٩٦٥ دا وەربگرێت و لە کۆتایی گوتاری ڕێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتی ناڤبریدا دەڵێت:

" پڕ بە دڵ حەز دەکەم کتێبەکانم یارمەتی خەڵکی بدەن کە باشتر بن، ڕۆحیان پاک ببێتەوە، بەشەریان خۆشبوێ، لە پێناوی ئارمانج و بەهاێن بەشەر دۆستانە و پێشڤەچوونی تیرەی بەشەردا چالاکانە بخەبتن. ئەگەر لایەنی کەمی ئەم کارەم پێکرابێ، خۆم بە بەختەوەر دەزانم. "

هەڵبەتە ئەم کورتە نووسینە هەرگیز نابێ بە ئەڵتەرناتیڤی چیرۆکەکان و باشترین پێناسە بۆ ئەم کۆ چیرۆکە خودی چیرۆکەکانە، هەر کەسێک بیەوێت بە جوانی لێیان تێبگات، چاری هەر ئەوەیە بە خۆی بیانخوێنێتەوە و ڕاستەوخۆ لەزەتی خوێندنەوەی جددی بجەڕبێنێ. چونکە وەکو چۆن نووسینی ئەم ژانرە ئەدەبییە هونەرە، بەو ئاوایە باش خوێندنەوە و دروست خوێندنەوەشی هونەرێکە هاوتای نووسینی... لە کۆتاییدا، هیوادارم ئەم چیرۆکانە تووشی خوێنەری خۆیان بن، خوێنەرێک کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ناو و ناوبانگی نووسەرەکەیانەوە،

بەڵكو خوێنەرێک کە لەزەتی ئیستاتیکی خودی خۆی مەبەست بێت، چونکە ئەوە تاقە شێوازی خوێندنەوەیە.. خوێندنەوە دیالۆگە لە نێوان دەق و خوێنەراندا...

ئیدی ئەمە ئەو کارەیە کە توانیومە بیکەم، نەک ئەوەی کە ویستوومە، بۆیە منەت بە سەر کەسدا ناکەم، بە تەمای ستایش و دەستخۆشیش نیم، بەڵام بە هومێدم بە نەهەق سەرزەنشت نەکرێم، بەر تانە و تەشەری منداڵانە نەدرێم!.... فەرموون ئێوە و دەقی چیرۆکەکان.

٢٠١٩/٥/١٢

ح ٠ ع

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١ – پێشەکی ئەو سەرچاوانەی کە ئەم چیرۆکانەم لێوە وەرگێڕاون.

٢ – تاریخ ادبیات روس/ ڤیکتور تراس/ ترجمە: علی بهبهانی/ چاپ نخست ١٣٨٤، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی/ تهران.

# چارەنووسی مرۆڤێک

یەکەم ساڵی دوای جەنگ، بەهار لە دەوروبەری دۆنی باڵا ( ژووروو ) زۆر لە ناکاو و کوت و پڕا هات. بایەکی گەرم لە کەنارەکانی ڕوباری ئازوفەوە هەڵیکرد و لە ماوەی دوو ڕۆژا، لمەکانی کەناری چەپی ڕوبارەکە کە بەفر دایپۆشی بوو، بەدیار کەوت، بەفرەکە توایەوە و لە شێوەی جۆگا و جۆگەلەێن بچووکا بەدەم هاڕە و هاژەوە، شێتانە بەنێو دەشت و دەرەکە کەوت. هاتوچۆ بەنێو ڕێگا و بانەکاندا زۆر زەحمەت بوو.

لە گەرمەی ئەم بەفر توانەوەیەدا، وا ڕیکەوت کە دەبوو سەفەری گوندی بوکانوفسکایا بکەم. هەڵبەتە ڕێگاکە دوور نەبوو. هەر شەست کیلومەترێک دەبوو. لێ ڕێگایەکی ناخۆش و ناهەموار بوو، بە ئاسانی تەی نەدەکرا. ئێمە، من و هاوڕێکەم پێش هەتاو کەوتن بەڕێ کەوتین. ئەسپەکانمان، هەرچەندە تێر ئالیک بوون زۆر بە زەحمەت گالیسکە قورسەکەیان ڕادەکێشاین. پێچکەکانی گالیسکەکە تا نیوەیان لە قوڕ و لیتەی تێکەڵ بە بەفر و بەستەڵەک ڕۆدەچوون. دوای سەعاتە ڕێییەک، کەفەڵ و قەبرغەی ئەسپەکان، لە ژێر قایش و قروش و پاڵو و بەرۆکانەوە تەنکە ئارەقەیان دەردەدا، شێی بەیانی پڕبوو لە بۆنی ئاروقەی بۆنخۆش و ئەو قەترانەی بە قایش و قروشەکانیانەوە بوو. هەندێجار لەو شوێنە ئاسێیانەی

ئەسپەکان، دەرەقەتی ڕاکێشانی گالیسکەکە نەدەهاتن، بە ناچاری دادەبەزین و ماوەیەک بە پێیان ڕێمان دەکرد. چەکمەکانمان لە بەفرە نیوە تواوەکە ڕۆدەچو، بەفر لە ژێر پێمانا قرچەقرچ دەشکا. زۆر بە زەحمەت ڕێمان پێدەکرا. خۆ ڕیکردن بە قەراخ ڕێگاکەدا زۆر زەحمەت تر بوو، بەفر و بەستەڵەکی ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە، کە هێشتا نەتوابووەوە، وەکو بلوور لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەدرەوشایەوە. بەمجۆرە، بە نزیکەی شەش سەعاتان، سی کیلومەترمان بڕی تا گەیینە بوارێکی سەر ڕوباری یەلانکا. ئەم ڕوبارە بچووکە لە هەنبەر گوندی موخوفسکی دا بوو، زۆربەی کات هاوینان، لە هەندێ شوێندا وشک دەکات. کەچی ئێستا ئاوەکەی هەستابوو و نزیکەی یەک کیلومەتر کەنارەکانی خۆی بە جی هێشتبوو و مێرگ و چەمەن و دار توسکاکانی ئەو دەوروبەرەی کردبووە ژێرەوە.

دەبوایە بە بەلەم لەم ڕوبارە بپەڕینەوە، بەلەمێکی کۆنی بچووکی لێبوو، لە سێ کەس پتری نەدەگرت. گالیسکە و ئەسپەکانمان لەوێندەر بە جێهێشت. هەوەڵجار من و بەلەمەوانەکە بە ترس و لەرزەوە سواری بەلەمەکە ( لۆتکە – قەیاغ ) بووین. لەو بەرەوە، لە حەوشی هەرەوەرزییەکی کشت و کاڵیدا، جێبێکی کۆنی شڕ و وڕ چاوەڕوانی دەکردین کە لە زستانەوە لەوێندەر کەوتبوو. بە ترس و لەرزەوە لە گەڵ کابرای بەلەمەواندا سەرکەوتم، هاوڕێکەم لەو بەرەوە لە لای شتەکانمان مایەوە. هێشتا بە تەواوەتی لە ناو بەلەمەکەدا نەگیرسابووینەوە، کە ئاو لە درزی تەختە ڕزیوەکانی بنکی بەلەمەکەوە هاتە ژورەوە. هەرچی پەڕۆ کۆن لە لۆتکەکەدا هەبوو، هەموویمان لە کون و درزەکان پەستاوت و بە درێژایی ڕێگا، لە پەستا و بێ پسانەوە ئاومان لە پیرە بەلەم دەردا. دوای یەک دانە سەعات گەیشتینە ڕەخی ئەوبەری ڕوباری یەلانکا. بەلەمەوانەکە بلەز جێبەکەی لە گوندەکەوە بۆ هێنایین و پاشان بۆلای لۆتکەکە گەڕایەوە. دەستی دایە سەوڵەکەی و گوتی:

-_ ئەگەر ئەم تەشتە دارینە لە ناوەندی ئاوەکەدا پارچەپارچە نەبێ، بەلای کەمەوە دوو سەعاتمان پێدەچێ تا هاوڕێکەت دەگەیەنمە ئێرە...

مەودای نێوان گوندەکە و ڕوبارەکە زۆر بوو. بێدەنگییەکی ڕەهای، لە بابەتی ئەو بێدەنگی و کڕوکپییەی کە لە ناوەندێن پاییزان و سەرەتاکانی بەهاراندا، شوێن و دەشتێن چۆڵ و هۆڵی دنیا دادەگرن، باڵی بە سەر دەڤەرەکەدا کێشابوو. لە ڕوبارەکەوە بۆنی درەختێنتوسکای ڕزیو بەرز دەبووەوە و کەپوانی پڕ دەکرد. لە

دەشتە دوورە دەستەکانەوە، کە تەم و مژێکی شین باو دایپۆشی بوون، شنە بایەکی نەرم و سازگار دەهات و بۆن و بەرامەی خاکی نمساری، کە تازە لە ژێر باری بەفر خەلەسی بوو، لەگەڵ خۆیدا دێنا.

چەند هەنگاوێک لە دووری کەناری ڕووبارەکە، پەرژینێک شکابوو و لە سەر لمەلانەکە کەوتبوو، لە سەر پەرژینە ڕوخاوەکە ڕۆنیشتم تا جگەرەیەک بکێشم، لێ کە دەستم بە گیرفانی چاکەتەکەما کرد، پاکەتەکەم لە کاتی پەڕینەوەکەما، بە تەواوەتی تەڕ بووبوو. لە کاتی پەڕینەوەکەدا، شەپۆلێکی ئاوی لێڵ بە سەرمانا هات، تا ناوقەد تەڕی کردم. ئەو کاتە کاتی ئەوە نەبوو بیر لە جگەرە بکرێتەوە. من لە ترسی نقوم بوون، دەستم لە سەوڵەکە بەردا، تا ئاوەکە لە لۆتکەکە دەربدەم. کەوتمە سەرزەنشتی خەمساردی و بێ موبالاتی خۆم. زۆر بە وریایی و هێواشی پاکەتەکەم لە بەرکم دەرهێنا. بە چیچکانەوە دانیشتم. جگەرەکانم، کە قاوەیی بووبوون، یەک یەک لە سەر دار و پەردووی پەرژینەکە هەڵخست. خوا خوام بوو ساتێ زووتر هیشک ببنەوە. هەتاوی نیوەڕۆ ئەوەندە گەرم بوو لە تۆ وایە هەتاوی مانگی ئایارە. دنیا ئەوەندە گەرم بوو، ژێوان بووم لەوەی لەم سەفەرەدا، چاکەت و پانتۆڵێکی عەسکەری ئەستوورم لەبەر کردبوو. بە درێژایی ئەم زستانە، ئەمە یەکەم ڕۆژی گەرمی ساڵ بوو. حەزم دەکرد بە تەنێ لەوێ دانیشم و خۆم بە تەنیایی و بێدەنگی بسپێرم. کاسکێتە عەسکەرییەکەم دابکەنم و سەرم بدەمە بەر بایەکە تا قژم وشک ببێتەوە. ئەوەندەم سەوڵ لێدابوو ئازام لە ئارەقەدا هەلکشابوو. بە دەم دانیشتنەوە، دەمڕوانیە ئەو پەڵە هەورە سپیە فشەڵانەی کە بە بەرۆکی ئاسمانی شینباوەوە دەجوولان. کە دیمەنێکی جوان و ئارامبەخش بوو، ئۆخژنی دەخستە دڵ و دەروونمەوە.

دوای ماوەیەک دیقەتم دا، مرۆڤێک لە دوا ماڵی گوندەکەوە وەدەرکەوت. دەستی کوڕێکی گرتبوو، کە بە باڵادا هەر پێنج شەش ساڵان دەبوو. بە کاوە خۆ و بە هەنگاوی شەکەت بەرەو لای بوارەکە دەهاتن. پێش ئەوەی بگەنە بوارەکە، جێبەکەی لە مەڕ ئێمە سەرەنجی ڕاکێشان و بەرەولای من پێچیان کردەوە. پیاوەکە کەسێکی بالابەرزی کەمێک قەموور بوو. هەرکە لە من نزیک بووەوە بە دەنگێکی گڕ گوتی:

-_ سڵاو، برادەر!

_ سڵاو

دەستە زەلام و زبرەکەیم، کە بۆ لای منی درێژ کردبوو گوشی.

کابرا، بە سەر منداڵەکەدا دانەوییەوە و گوتی:

_ کوڕۆ، سڵاو لە هاپۆ بکە. وادیارە ئەویش وەکو بابە شوفێرە. بەڵام ئێمە شوفێری ترێلە و بارهەڵگر بووین. بەڵام ئەو ئەم ئوتومبیلە بچووکە داژوێ.

کوڕەکە ڕوانیە چاوانم. چاوەکانی وەکو ئاسمان ساف و گەش بوون. بە ئاستەم پێکەنی، ئەوسا بە جورئەتەوە دەستە سوور و ساردەکانی بۆ درێژ کردم و منیش بە ئەسپایی و بە میهرەوە دەستیم گوشی و پرسیم:

_ پیرەمێرد بۆچی دەستەکانت زۆر ساردن، چاییون؟ ڕۆژەکەی ڕۆژێکی گەرمە و وا دیارە تۆ سەرماتە؟

کوڕەکە بە متمانەیەکی منداڵانەوە لێم هاتە پێشەوە، خۆی بە سەر ئەژنۆکانمدا دا و برۆ زەردەکاڵەکانی وێکهێنانەوە و بە سەرسامی گوتی:

_ هاپۆ، من پیرەمێرد نیم، منداڵێکی بچووکم، سەماشم نییە، دەستەکانم بۆیە ساردن، چونکە یاریم بە بەفر دەکرد و تۆپەڵە بەفرم دروست دەکرد.

کابرا کیسەیەکی نیوە بەتاڵی بە پشتەوە بوو، کیسەکەی لە عاردی دانا، لای منەوە دانیشت و گوتی:

_ ئەم هاوسەفەری من چ بەڵایەکە! منیشی بە خۆیەوە ماندوو و گیرۆدە کردوە. یەک هەنگاوی هەڕاو بنەی، دەبینی بە غار دووت دەکەوێ، دەبێ پێ بە پێی ئەو بڕۆیت. کە من هەنگاوێک بنەم، ئەو بە سێ هەنگاو ئەوجا پێم دەگاتەوە. بە کورتیەکەی ڕێکردنەکەمان، وەکو ڕێکردنی ئەسپ و کیسەڵە. دەبێ هەمیشە چاوت لێی بێ. تا بزانی چی دەکات. هەرکە چاوم لێی غافڵ دەبێ. خۆی بە چاڵاوێکا دەکات و دەکەوێتە ئاو بازی، یان دەبینی تۆپەڵە بەفرێکی هەڵگرتووە و وەکو مژمژە، دەیمژێ. ئەلهەقی ڕێکرن دەگەڵ ئەم هاوسەفەرەدا زەحمەتە. هەڵوێستەیەکی کرد و گوتی:

_ تۆ چ دەکەی برالە. چاوەڕوانی بەرپرسەکەت دەکەی؟

نەمویست، ئومێدبڕی بکەم و بڵێم من شوفێر نیم، بەرسڤم دایەوە:

_ وادیارە، دەبێ چاوەڕوان بکەم.

_ لەو بەری ڕوبارەکەوە دێت؟

_ بەڵێ.

_ ئەدی نازانی بەلەمەکە بە چەند سەعات دەگاتەوە ئەمبەر؟

_ نزیکەی دو سەعاتی پێدەچێ.

_ زۆرە. باشە بۆ خۆ ئیسراحەتێ دەکەم. پەلەم نییە. کە بۆ ئێرە دەهاتم لە دوورەوە تۆم بەدیکرد. لە دڵی خۆدا گوتم: بێگومان ئەویش وەکو من شوفێرە و خۆی داوەتە هەتاو، بۆچی نەچم بۆ لای و پێکڤە سیغارێک نەکێشین. تەنیایی چ لە جگەرە کێشانا و چ لە گیانکێشانا، ناخۆشە.. وادیارە دەوڵەمەندی، جگەرەی پاکەت دەکێشیت. وادیارە شێی هەڵێناوە، تەواو تەڕ بووە. تووتنی نمسار، وەکو ئەسپی تۆپیوە، بە کەڵکی هیچ نایەت. برالە وا چاکە تووتنە وڵیاوەکەی من تاقی بکەینەوە. تیژە.

ئەوسا، لە گیرفانی پانتۆڵە خاکییە تەنکە هاوینەکەی، کیسەیەکی ئاورێشمی کۆنی مەرجانی ڕەنگی دەرهێنا و کردییەوە. لەو کاتەدا کە ئەو کیسەکەی دەکردەوە، توانیم ئەم ڕستەیە کە لە سوچێکی کیسەکەدا، بە چنین چنرابوو، بخوێنمەوە: " دیاری کیژە قوتابیەکی دواناوەندی لیبدیانسگایا بۆ یەکێک لە جەنگاوەرە ئازیزەکانمان. "

بە دوو قۆڵی تووندترین تووتنی خۆماڵیمان کێشا. تا ماوەیەکی زۆر شتاقمان ورتەمان لیوە نەهات. ویستم لێی بپرسم ئەم کوڕە بۆ کوێ دەبات، بۆچی لەم کات و وەرزەدا ئەم سەفەرە دەکات. بەڵام دەست پێشکەری کرد و پرسی:

_ هەمووو جەنگت بە شوفێری بە سەر بردووە؟

_ تەقریبەن.

_ لە شەڕگەدا؟

_ بەڵێ.

_ بەڵێ، منیش وەکو تۆ بووم. بەڵام ئەوەندەم بەڵای شەڕ بە سەر هاتووە، لە گێڕانەوە نایەت.

خۆی کووڕ کردەوە. دەستە ئەسمەرە گەورەکانی خستەسەر زرانیەکانی ( ئەژنۆ ) . ژێراوژێر لێم ڕوانی، دیمەنی زۆری ئەزیەت دام... ئێوە قەت دوو چاوتان دیتوون وا بنوێنن کە خۆڵەمێشیان پێ وەرکرابێ؟ یانی چاوانێک بەڕادەیەک تەژی خەدم و کەسەران بن کە ئینسان نەتوانێ تەمەشایان بکات؟ چاوانی ئەم هاوڕێ ڕێکەوتەکیەی من، ڕێک ئاوابوون.

چیلکەیەکی وشکی لە چەپەرەکە کردەوە. چەند وێنەیەکی ئاڵۆز و فامنەکری لە سەر لمەکە کێشا و ئەوسا دەستی بە قسان کردەوە.

_ هەندێ شەوان خەوم دەزڕێ. بە دوو چاوی ئەبڵەقەوە دەڕوانمە تاریکییەکە و لە فکران ڕادەچم: " ئەی ڕۆژگار، ئەی ژیان بۆچی بەم دەردەت بردم؟ لەپای چی سزام دەدەی؟ " بەڵام هەرگیز نە لە تاریکیدا و نە لە ڕۆژی ڕوناکدا وەڵامم دەست ناکەێ. ئەوەی ڕاستی بێ پرسیارەکەم وەڵامی نییە و منیش چاوەڕوانی وەڵام نیم!

لە ناکاوا، کوڕەکەی وەبیر هاتەوە. بە میهرەبانییەوە گوتی:

_ کوڕە جوانەکەم، برۆ، هەرە لە قەراخ ڕوبارەکە بۆ خۆت گەمە بکە، لە ڕۆژانی لەهی و لافاودا، منداڵان هەمیشە شتانێک دەدۆزنەوە بۆ خۆ گەمەی پێبکەن، بەڵام ئاگادار بە پێیەکانت تەڕ نەکەی.

ئەوکاتەی من و ئەو بە بێدەنگی جگەرەمان دەکێشا، ژێراوژێر تەمەشای باب و کوڕەکەم دەکرد. شتێکی ئەوانم بەلاوە سەیر و نائاسایی بوو. جل و بەرگی منداڵەکە سادە بوو، بەڵام زۆر ڕێک و پێک و قایم بوو. چاکەتە درێژەکەی بەرێکی فەرووی پێوە بوو، تەواو بەدەن چەسپ و پڕ بە بەری بوو. جووتێ چەکمەی ناسکی پڕ بە پێی خۆی، بە سەر گۆرەوی خوریا لە پێ کردبوو، بەو پینەیەدا کە زۆر وەستایانە لە سەر قۆڵی چاکەتەکەی نرابوو، هەستت دەکرد، کە دەستێکی ژنانە، دەستیدایکێکی کارامە و بە ئەزموون لە پشت ئەم منداڵە و ڕواڵەت و و جل و بەرگەکەیەوە هەیە. بەڵام ڕواڵەتی باوکەکە ڕێک پێچەوانەی دەنواند. چاکەتەکەی

که له چەند شوێنێکەوە سووتابوو و زۆر بە نارێک و پێکی دورابووەوە. پینەی پانتۆڵە کۆنە و خاکییەکەی زۆر بە ناشیرینی دورابووەوە و دیار بوو پیاوێک بە تەقەڵی درشت و وەکو بێگار پێوەی نابوو. جووتێ پۆستاڵی عەسکەری نیمچە تازەی لە پێدا بوو، بەڵام گۆرەوییە خورییە ئەستوورەکانی، پڕ بوون لە کون، و مۆرانە خواردبووی. لەوە دەچوو هەرگیز دەستی ئافرەتیان پێ نەگەیی بن..

لە هەوەڵێڕا وای بۆ چووم کە یان بێوە پیاوە، یان کابرایەکی نەگبەتە و لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا ناکامە.

نیگایەکی کوڕەکەی کرد کە بەرەو کەناری ڕوبارەکە دەڕۆیی، ئەوسا کۆکەیەکی بۆ کرد و دەستی بە قسان کردەوە. سەراپام بووبە گوێ:

_ لە هەوەڵەوە ژیانم زۆر ئاسایی بوو. من خەڵکی دەڤەری " فورونیچ " م، لە ساڵی هەزار و نۆ سەد ( ١٩٠٠ ) لە دایک بووم. لە کاتی شەڕی ناوخۆدا، لە ڕیزەکانی سوپای سورا لە لەشکری " کیکفیدزە " دا خزمەتم دەکرد. لە گرانی و برسیەتیەکەی ساڵی ١٩٢٢ دا، چووم بۆ کوبان و لە لای کابرایەکی فیودال کەوتمە کار کردن، بە قەد یەک گاجووت کارم دەکرد. هیچ چارێکم نەبوو، ئەگەر ئەوە نەبوایە دەمردم. بەڵام داک و بابم و خوشکە چکۆلەکەم، لە شارەکەی خۆمانا، هەموویان لە برسا مردن. بە تاقی تەنیا مامەوە. لە سەرانسەری ئەم دنیا گەورەیەدا تاقە خزم و کەسێکم نەبوو. بەڵێ دوای ساڵێک لە کوبان گەڕامەوە. ماڵەکەمانم فرۆشت و سەری خۆم هەڵگرت و بۆ فورونیچ ڕۆیشتم. لە سەرەتاوە ماوەیەک دارتاشیم کرد، پاشان لە کارخانەیەک دامەزرام و بەرەبەرە فێری میکانیکی بووم. دوای ماوەیەک ژنم هێنا. ژنەکەم کیژێکی هەتیوو بوو، لە هەتیوخانە گەورە بووبوو. نە داکی هەبوو نە باب، بەڕاستی تووشم بوو بە تووشی ژنێکی زۆر باشەوە! هێور و سەلار، خوشخوو و خەڵک دۆست و بە خزمەت و زیرەک، لە گەڵ منا بەراورد نەدەکرا. لە منداڵییەوە تاڵاوی ژیانی چەشتبوو، ئەمە کاری لە هەڵسوکەوت و خوو خدەی کردبوو. ئەوانەی لە نزیکەوە نەیاندەناسی ، قەدریان نەدەزانی و قەدری زێڕ لای زێڕنگەرە. بەڵام من کە لە نزیکەوە دەمناسی، بەلای منەوە ژنی لەو ئازیزتر و جوانتر لە دنیادا نەبووو هەرگیزیش نابێتەوە!

هەندێجار، شەکەت و پەست و بێزار لە کارخانە دەگەڕامەوە، هەندێجار تووڕە و تڕۆ، ئاگر لە چاوانم دەبووەوە. کەچی ئەو خۆی شلوێ نەدەکرد، هەرگیز ڕەفتارە

خراپەکانمی بە ڕووما نەدەدایەوە. هەمیشە ئارام و هێور و سازگار بوو، خۆی دەکوشت بۆ ئەوەی تۆ ڕازی بکات و خوشحاڵت بکات. خۆی دەکوشت بۆ ئەوەی بەو پارە کەمەی لەبەر دەستیا بوو ژەمە خواردنێکی خۆش و جوانت بۆ فەراهەم بکات. ڕەفتاری ئەوەندە نەرم و نیان بوو کە تەمەشات دەکرد، هەرچی تورەییت هەبوو دەڕەوییەوە و باری خەمت سووک دەبوو. دوای تۆزێک بە خۆت نەدەوەستای و لە ئامێزت دەگرت و دەتگوت: " ببورە، ئەرینا گیان، بمبورە کە زبریم نواند، کە لێت تووڕە بووم، ئەمڕۆ کارەکەم زۆر قورس بوو، تەواو شەکەتی کردم. " بەوجۆرە، دووبارە ئاشتی بەرقەرار دەبووەوە و ڕۆح و دڵت ئۆقرەی دەگرت وهیچت لە دڵا نەدەما. هەنووکە تێدەگەیی ئەمە بۆ کار و لە کارا دەکاتە چی و چی دەگەیەنێ برادەر؟ بەیانی زوو لە خەو ڕادەبم و بۆ کارخانە دەڕۆم. دەست دەدەمە هەر کارێک وەکو سەعاتی میقات کراو لە بەردەستم دەڕوات و کار دەکات! ئەمە خۆی لە خۆیدا مانای هەبوونی ژنێکی زیرەکە بەلاتەوە، ژنێک کە بە راستی هاوڕێ و دڵسۆزت بێ.

هەندێجار، ئەو ڕۆژانەی کە هەق دەستم وەردەگرت، لەگەڵ هاوڕێیاندا دەچوومە مەیخانە و دەمخواردەوە، هەندێک شەو بە ڕادەیەک مەست دەبووم، بەلارە لار خۆم دەگەیاندە ماڵەوە. هەندێجار بە ڕادەیەک مەست دەبووم ئەم دیوار دەیدام بەو دیوارا، لە شەقامە پان و بەرینەکەی شارا جێم نەدەبووەوە، چ جای لە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا! ئەو ڕۆژگارە گەنجێکی تۆکمە و مل ئەستور بووم، کە دەستم دەدایە شووشە مەشرووبەکە و دەمنا بە سەرەوە، تا چۆڕ برم نەکردبا دام نەدەنایەوە. بەڵێ قوربان، هەمیشەش بە پێی خۆم بۆ ماڵ دەڕۆیشتمەوە. لەو دواییانەدا بە ڕادەیەک مەست دەبووم کە سەد مەترێکم بۆ ماڵەوە دەما، بە چوار چنگۆڵە خۆم دەگەیاندە ماڵەوە. لەو حاڵەتانەشدا خوا نەکا ڕووم لێ گرژ بکات، یان قسەیەکی ناخۆش یا گازاندەیەک بکات. ئەرینا کەمێک پێدەکەنیو بە ڕادەیەک مدارای دەکردم، مووم لە ئاستیا نەدەپساند، دەیزانی نابێ مل لە بەر ملی مەستان بنرێ. پێڵاوەکانی دادەکەندمو بە ئەسپایی دەیگوت: " ئاندرێ، ئەمشەو لە لای دیوارەکەوە بنوو، نەبا لە سەر تەختەکە بەر ببیتەوە. " منیش وەکو فەردە شۆڤان لە جێگاکەدا دەکەوتم. سەرم دەسوڕا، هەستم دەکرد بە ئەسپایی و ئاشقانە قژەکەم نەوازش دەکات و قسەی خۆشم بۆ دەکات. دەمزانی خەمی منیەتی، دڵی بە حاڵم دەسووتێ و خەفەتم بۆ دەخوات.

بەیانیان، دوو سەعات زووتر لە کاتی، دەست بە کار بوونی کارخانەکە لە خەو بێداری دەکردمەوە، تا تین و تاوێکم وەبەر بێتەوە و ئاسایی ببمەوە. دەیزانی دوای مەستی خواردنم پێ ناخورێ، دڵم هیچ نابات، ئیدی کەمێک خەیارشۆر یان ترشیاتی ئامادە دەکرد و پێکێکی چکۆلەی ڤۆدکای بۆ تێدەکردم تا مەستیەکەی شەو بەرم بدات، یانی پێکێکی خومار شکێنی بۆ دەکردم و دەیگوت: " ئاندرێ گیان ئەمە بخۆوە با بەرت بدات، بەڵام جارێکی دی ئەمە دووبارە مەکەوە گیانەکەم. " پێم بڵێ چ پیاوێک دەتوانێ ئەم هەموو لوتف و مەحەبەت و میهر و مدارایە لەبەرچاو نەگرێت و پێی نەزانێ. ئیدی پێکەکەم هەڵدەدا، بە بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەم، تەمەشایەکم دەکرد، ماچێکم دەکرد و سوپاسمدەکرد و ملم دەدایە خەت و وەکو شێر دەچووم بۆ سەر کار. خۆ ئەگەر بەو سەرخۆشی و مەستیەوە قسەیەکی نابەجای بکردبایە، یەخەی بگرتبامایە و گەڕەکی لێ کۆبکردماباوە، بێگومان بۆ ڕۆژی دوایی هێندەی دیکەم دەخواردەوە و سیا مەست دەبووم. ئەم حاڵەتە لەو ماڵانەداکە ژنانی گەوجیان تیابوو، بەزۆری ڕووی دەدا، من بە چاوی خۆم ئەمەم لەو ژنە گەوجانە بینی بوو.

بەڵێ، دوای ماوەیەک منداڵمان بوو. لە هەوەڵەوە کوڕێکمان بوو، پاشان دوو کچمان بوو کە یەکساڵیان بەین بوو.. کە بووم بە خاوەن منداڵ، ئیدی لە هاوڕێکانم دابڕام. کە کرێکەم وەردەگرت یەکسەر دەهاتمە ماڵەوە و کاش دەمکردە دەستی ژنەکەمەوە و هیچم بۆ خۆم هەڵنەدەگرت، خێزانێکی گەورەم بە ملدا کەوتبوو و ئیدی دەرفەت و دەلیڤەی مەیگوساری و مەستیم نەبوو. تەنیا ڕۆژانی پشوو پەرداخێک بیرەم دەخواردەوە و تەواو.

لە ساڵی ١٩٢٩ دا، خووم دایە ئوتومبیل. خۆم فێری شوفێری کرد و دەستم بە ئاژوتنی کامیون و ترێلان کرد. کاتێ بە تەواوەتی لە سەر شوفێری ڕاهاتم و مەعلان بووم، ئەم کارەم لێ خۆشهات و هەستم کرد، ئیدی حەزم لەوە تۆرا کە لە کارخانەکەدا کار بکەم. شوفێرم زۆر بە لاوە خۆشتر بوو. بەوجۆرە دە دانە ساڵم بەو کارەوە بەسەر برد و بە هیچ جۆرێ هەستم بە تێپەڕ بوونی کات و ژیان نەدەکرد. ئەو دە ساڵە وەکو خەونێک تێپەڕی. دە ساڵ چییە، ئەگەر حەز دەکەی لە هەر کەسێکی هاوتەمەنی بپرسە چۆن تەمەنی بە سەر بردووە؟ دەبینی هەر هەستی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و ژیان نەکردووە، هەر گوێشی نەداوەتێ. ڕابردووی بەلاوە وەکو

دەشتێک وابووە کە لە دورەوە لە تەم و مژدا نقوم بووە. ئەم بەیانیە بەو دەشتەدا تێدەپەڕیم، لە هەوەڵەوە بست بە بستی ڕوناک بوو، بەڵام هەرکە بیست کیلومەترێک ڕێم کرد، هەموو شتێک لە تەمتوماندا غەرق بوو. تەمێکی وەها دایپۆشی بوو کە نەتدەتوانی زەوی بەیار و داچێنراو لێکدی هەڵاوێری، یان مێرگ و زەوی کێڵراو لێکدی جیا بکەیتەوە...

لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا شەو و ڕۆژ کارم دەکرد. پارەیەکی باشم پەیدا کرد و ژیانمان لە ژیانی خەڵکی دی خراتر نەبوو. منداڵەکان بە ڕاستی زینەتی ژیان بوون. هەرسێکیان لە قوتابخانە و خوێندندا زۆر باش و لە یەکەمەکان بوون. نۆبەرەکەمان، ئاناتۆلی، بە ڕادەیەک لە بیرکاریا باش و بەهرەمەند بوو کە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی موسکۆ باسی کردبوو. نازانم ئەم بەهرەیەی لەو بوارە زانستیەدا لە کێوە بۆ مابووەوە؟ باوەڕ بکەنازانم و نەم دەزانی، بەڵام زۆرم پێخۆش بوو و شانازیم بەو منداڵەوە دەکرد، ئەمما شانازی.

لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا پارە و پولێکی باشمان پێکەوە نا، بە مودەتێکی کەم پێش جەنگ، خانوویەکی بچکۆلەی دوو ژووری و هەیوان و عەمارێکی ئازووقەمان بۆ خۆمان دروستکرد. ئەرینا دوو بزنی کڕی. لەوەی زیاتر چیمان گەرەک بوو؟ منداڵەکان بە کامی دڵ و تێر بە سکی خۆیان شیربرنجیان دەخوارد. سوکنەیەکمان هەبوو، هەموومان پۆشتە و پەرداخ بووین، پێڵاوی باشمان لە پێدا بوو. ئیدی لە هیچمان کەم نەبوو و بە کامی دڵ دەژیاین. تەنیا یەک شت نیگەرانی دەکردم. ئەو زەوییەی کە دابوویان بە من و کردبووم بە خانوو نزیکی کارخانەی فڕۆکە سازی بوو- لەوەیە ئەگەر خانووەکەم لە جێیەکی دی دروست بکردایە، ژیانم بە جۆرێکی دی بوایە..

ئیدی شەڕ دەستی پێکرد. ڕۆژی دووەم لە تەجنیدەوە نووسراوێکم کرایە سەر، ڕۆژی سێیەم بۆ وێستگەی قیتار بانگکرام. هەر چوار ئازیزەکەم، ئەرینا، ئاناتۆلی و ، هەر دوو کیژە بچووکەکەم، ناستیا و ئۆلگا لە گەڵما بۆ وێستگەکە هاتن. هەرچەند منداڵەکان ڕۆیشتنی منیان لە بەر گران بوو، بەڵام باش خۆیان ڕاگرت، کیژەکان کەمێک گریان. بەڵام ئاناتولی کە ئەو کاتە هەڤدە ساڵان بوو، لەو کاتەدا وەکو یەکێک سەرمای بێ ڕاجفری و ئازای لەرزی. بەڵام ئەرینای بەستە زمان... بە درێژایی ئەو هەڤدە ساڵەی پێکەوە بە سەرمان بردبوو، بەو حاڵەوە نەم بینی بوو.

شەوی پێشووتر، واتە دوا شەوی پێکەوە بوونمان، ئەوەندە بە سەرما گریا، کە هەموو سینگ و بەرۆکم بە فرمێسکەکانی ئەو تەڕ بوو. بەیانی هەمان شتی دووبارە کردەوە. ئیدی هەموو پێکەوە چووین بۆ وێستگەکە. ئەوەندەم بەزەیی بە ئەرینادا دەهاتەوە کە جورئەتی تەمەشاکردنیم نەدەکرد: ئەوەندە گریابوو، ڕوندک بە چاویا هاتبووە خوارێ و لێوەکانی ئاوسابوون، قژی لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبووە دەرەوە. چاوەکانی لێڵ بووبوون، نیگای لە نیگای شێتان دەچوو. ئەفسەرەکان فەرمانیان دا سواری فارگۆنەکان ببین. بەڵام ئەرینا، باوەشی بە مندا کردبوو، دەستی لە ملم وەرێنا بوو و دەلەرزی، وەکو دارێک لە حاڵی کەوتنا بێ بەو ئاوایە دەلەرزی... منداڵەکان هەوڵیان دەدا دڵخۆشی بدەنەوە. منیش هەوڵم دەدا ژیری بکەمەوە، لێ فایدەی نەبوو. ژنانی دیکە لە گەڵ مێرد و کوڕەکانیاندا قسەیان دەکرد، لێ ژنەکەی من وەکو گەڵایەک بە چڵێکەوە چەسپی بێ، بەو ئاوایە بە منەوە چەسپی بوو و سەراپای دەلەرزی و نەیدەتوانی تاقە قسەیەک بکات. پێمدەگوت: " ئەرینا گیان، کەمێک هەدارت بێ، خۆت بگرە، ئارام بە، گیانەکەم ئەرینا. بە لای کەمەوە بەرلەوەی بڕۆم قسەیەک بکە، شتێک بڵێ. " ئەوەی بە دەم گریان و هەنسک هەڵدانەوەو بە پچڕپچڕی دەیگوت ئەمە بوو: " ئاندرێ ڕۆحەکەم... ئازیزەکەم...جارێکی دی هەرگیز لەم دنیایەدا، یەکدی نابینینەوە... هەرگیز.. "

ئەوەندەم بەزەیی پێدا دەهاتەوە، خەریک بوو لە خەمی ئەوا دڵم پارچە پارچە دەبوو. لەو قسەیە زیاتر هیچیتری شک نەدەبرد تا بیڵێ. دەبوایە هەرچۆنێ بووە ئەوەی زانیبا کە دوور کەوتنەوە لەو بۆ من یەجگار سەخت و دژوار بوو. ماتەمێک بوو لەو گۆڕە. خۆ من بۆ گەشت و گەڕان، سەیر و سەفا نەدەچووم. بەڵێ، ئەو قسەیەم لە دڵ گران بوو، دەستەکانیم لە گەردنم لادا و بە ئەسپایی لە خۆمم دوور خستەوە. پالێکی هێواشم پێوەی نا، وام هەست کرد پاڵەکەم سووک بوو، کەچی ئەو سووکە پاڵە، نزیکەی سێ هەنگاوێک پەڕاندیە دواوە، بەڵام ئەو دووبارە، بە هەنگاوی کورت، بە باوەشی واڵاوە بەرەو من هات. هاوارم بەسەردا کرد: " ئاخر ئەمەش بوو بە خوداحافیزی، خەڵکی ئاوا خوداحافیزی لێکدی دەکەن؟ دەتەوێ بە زیندوویەتی بمنێژیت! " لێ کە دیم ڕەوشی باش نییە، دووبارە لە باوەشم گرت و ماچم کرد..

پیرەمێرد ، لە ناکاوا، لە ناوەندی ڕستەکەیدا وەستا، دەنگی لە گەرویدا گیرا، سۆز و گوداز و هەڵچوونی یارۆی پیرەمێرد کاری لە منیش کرد، بە گۆشەی چاو لێم ڕوانی، بەڵام تاقە ڕوندکێکم بەچاوە خامۆش و نیوە مردووەکانیەوە نەبینی. ئیدی خەمین و خەمبار سەری لەبەر خۆ نابوو، دەستەکانی بە بێ جوڵە بەهەر دوو لایا شۆڕ بووبوونەوە و بە ئاستەم دەلەرزین. دەم و چەناگەشی دەلەرزین...

لە بن لێوانەوە گوتم:

_ هاوڕێ، زۆریش بیری لێ مەکەوە، خۆت خەفەتخان مەکە!

پێدەچوو، گوێی لە من نەبووبێ، دوای ئەوەی وەخۆ هاتەوە و سۆز و گدازی خۆی کۆنترۆڵ کرد، لە ناکاوا بە دەنگێکی گڕ، جیاواز لە قسەکانی تۆزێ لەمەو پێشی، گوتی:

_ تا ئەو ڕۆژەی دەمرم، تا دوا ساتی ژیان، تا ئەو ڕۆژەی دەخرێمە گۆڕەوە و گڵەبان دەکریم، لە خۆم خۆش نابم کە ئەو ڕەفتارەم لە گەڵ ژنەکەمدا کرد، هەرگیز لە خۆم خۆش نابم کە ئەو پاڵەم پێوە نا!

دووبارە بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو. ویستی بە کاغەزی ڕۆژنامە سیغارێک بپێچێتەوە، بەڵام کاغەزەکەی لە نێو قامکەکانیا دڕا و توووتنەکە بە سەر ئەژنۆکانیا ڕژا.... ئەنجام هەرچۆنێ بوو سیغارێکی پێچایەوە، چەند مژێکی قووڵ و تامەزرۆیانەی لێدا، کۆکەیەکی بۆ کرد و لە سەری ڕۆیی:

_ خۆم لە دەست ئەرینا دەرهێنا، دەموچاویم لە نێو هەر دوو دەستم نا و ماچم کرد. لێوەکانی سارد دەتگوت سەهۆڵن. خواحافیزیم لە منداڵەکان کرد و بە غاردان بەرەو قیتارەکە کە لە ڕۆیشتنا بوو، چووم، قیتارەکە زۆر بە هێواشی کەوتە جووڵە، من بە بەردەم خەڵکەکەدا دەڕۆیشتم و تەمەشام دەکرد. فریا کەوتم جارێکی دی تەمەشای ماڵ و منداڵەکانم بکەم. منداڵەکانم وەکو هەتیوان، لە دەوری یەکدی وەستابوون و دەستی ماڵاواییان بۆ تەکان دەدام و دەیانویست بۆم پێ بکەنن بەڵام نەیان دەتوانی. پێکەنینەکە، بە تۆبزیش لە دەمیان نەدەهاتە دەرەوە. ئەریناهەر دوو دەستی نابوونە سەر سینگی و لێوەکانی وەکو گەچ سپی هەڵگەڕابوون، لێوەکانی، وەکو یەکێک لەگەڵ خۆیدا بدوێ، دەجووڵان و زەق زەق تەمەشای منی دەکرد، بەدەنی وەکو یەکێک بیەوێ بە ناو باهۆز و گژەبایەکی بەترەفدا، ڕەت بێ،

بۆ پێشەوە دانەواندبوو... هەرگیزاوهەرگیز ئەو دیمەنەم لە یاد دەرناچێت: هەر دوو دەستی بە سینگیەوە، لێوی سپی، دوو چاوی ئەبڵەق تەژی ڕوندک... زۆربەی شەوان بەو دەقەوە دێتە خەونم.. ئاخر بۆچی بەو جۆرە لە خۆمم دوور خستەوە، بۆ ئەو پاڵەم پێوە نا؟ ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە، هەستدەکەم چەقۆیەکی کول لە دڵم دەنرێ..

***

لە دەوروبەری شارۆچکەی بیلایاتزریکوفیئوکرانیادا دابەشیان کردین بە سەر چەند یەکەیەکی سوپاییدا. ترێڵەیەکی سێ تەنیان دایە من کە بەو ترێلەیە هاتوچۆی شەڕگەم دەکرد. پێویست بەوە ناکا باسیجەنگت بۆ بکەم، چونکە بە خۆت بەشداریت تیا کردووە و دەزانی چۆن دەستی پێکردووە و لە هەوەڵەوە چۆن هەڵگیرساوە. ئیدی لە ماڵەوە و لە کەسوکارەوە دنیایەک نامەم بۆ دەهات، ناوبەناو بە یەک دوو وشە وەڵامم دەدانەوە: وەزعمان باشە، شەڕ کەمە، هەموو سەلامەتین. حاڵی حازر لە پاشەکشەداین، لەوەیە هەرکە خۆمان سازدایەوە و هێزەکانمان ڕێک خستەوە، لە زووترین کاتدا هێرش بۆ دوژمن بکەین و تەفروتونای بکەین. لەوەی پتر دەمتوانی چی بنووسم؟ ڕۆژگارێکی سەخت و دژوار بوو، پیاو نەیدەپەرژا نامەش بنووسێت. هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێم، کە من بە خۆم پیاوێکی پڕ سۆز و عاتیفی نەبووم، بە تەبیعەت حەزم لەو پیاوانە نەبوو کە بەردەوام دەگریان و گلەییان دەکرد و لە وەخت و ناوەختدا نامەیان بۆ ژنەکانیان، بۆ ئازیزانیان و منداڵەکانیان دەنووسی و فرمێسکیان هەڵدەڕشت و باسی سەختی و دژواری شەڕیان دەکرد و چۆن مەرگ لە کەمینایە بۆیان. ئەوانە سەگ و سەگبابن، ئەوانە ژنن لە جل و بەرگی پیاودا، ئەوانە بەردەوام نامەیان دەنووسی، گلەییان لە بەخت و ناوچەوانی خۆیان دەکرد، تا سۆز و بەزەیی ژن و منداڵەکانیان بجووڵێنن، وەکو ژنە داماوەکانیان و منداڵە بێنەواکانیان، لە ماڵەوە، لە دەرێی شەڕگەدا، لەوپەڕی خۆشی و ناز و نیعمەتا بژین. غافڵ بوون لەوەی هەموو قورسایی وڵات بە سەر شانی ئەوانەوە بوو. کەچی ئەو پیاوە دڵناسک و گرینۆکانە نامە لە سەر نامەیان ڕەش دەکردەوەو لە جیاتی ورەیان بەرز بکەنەوەو سووربن لە سەر کارکردن، بەستەزمانانە بەو نامانە ورەیان دەڕووخا و لە کار سارد دەبوونەوە. شتی وا باش نییە، تۆ بۆیە پیاوی، بۆیە سەربازیت، تا تەحەموول

بکەیت، لە کاتی تەنگانە و پێویستدا، دواچۆڕی جامی تاڵاوەکانی ڕۆژگار هەڵبدەی. ئەگەر زانیت پیاوی تەنگانە نیت و لە بەرد ڕەقتر نیت، ئەوە بۆ خۆت تەنوورەیەکی فشی ناودار پەیدا بکە تا سمت و کەفەڵت کەمێک دەربکەوێ و بە لای کەمەوە لە پشتەوە وەکو ئافرەت دەربکەویت. ئەوسا برۆ گیا بدورەوە و سێپەڕ ەو چەودەران بژار بکە یان چێلان بدۆشە. شەڕگە پێویستی بە پوخڵەواتی وەکو تۆ نییە، چونکە شەڕگە بە بێ تۆش وێرانە، پۆخڵەوات تا چۆکان هاتووە!

هێشتا ساڵێکم لە شەڕگەدا بەسەر نەبردبوو کە دوو جاران بریندار بووم، بەڵام زامەکانم سوک بوون، کاری نەبوون. جاری یەکەم باسکم و جاری دووەم لاقم بریندار بوون. جاری یەکەم بە هۆی بوردمانی هەوایی و جاری دووەمبە هۆی پارچەی تۆپبارانەوە بریندار بووم. ئەو ڕۆژە ئەڵمانەکان، ترێلەکەمیان بە گوللە دابێژا، کردیان بە سەرەند و بێژنگ، بەڵام خۆشبەختانە نەمردم. هەموو جارێک بە سەلامەتی خۆم دەرباز دەکرد، بەڵام دوا دەرباز بوونم بە ڕادەیەک سەخت بوو، بە تەواوەتی لە شەڕگە دووری خستمەوە. لە ئایاری ساڵی ١٩٤٢ دا لە لوخوفنکی دا بە دیلی گیرام. ڕۆژێکی شووم و ترسناک بوو. ئەڵمانەکان هێرشیان دەکرد ئەمما هێرش، لە هیچ نەدەگەڕانەوە. گوللە تۆپمان نەمابوو، یا لە تەواو بوون و دوا دوایی دا بوو، تۆپە عەیار ( ١٢٢ ) وەکانمان تەقریبەن لە کار کەوتبوو. ترێلەکەی منمان پڕ کرد لە گوللە تۆپ، ئەوەندەم کار کردبوو کە کراسەکەم بە پشتمەوە نووسابوو. دەبوایە بە زووترین کات مەیدانی شەڕ چۆڵ بکەین، چونکە دژمن لە حاڵی پێشڕەویدا بوو و چیوای نەمابوو بگاتە سەرمان. تانکەکان لە دەستی چەپەوە دەجووڵان و لە دەستی ڕاستیشەوە تەقەمان لێدەکرا، ڕەوشەکە لە پێشەوەش زۆر باش نەبوو. سات بە سات بەرەو خراتر دەچوو...

فەرماندەی سریەکە لێی پرسیم: " سوکولوف دەتوانی بە ناو ئاگربارانەکەدا تێپەڕی؟ " تۆخوا ئەوە پرسیارە! ماقوولە هاوڕێیان لەوێ ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە و من لێرە دانیشم مێش لە خۆم پاس بکەم؟ وەڵامم دایەوە: " ئەمە پرسیاری ناوێ! دەبێ بە ناو ئاگربارانی دژمنا تێ پەڕم و تەواو! " ئەوسا گوتی: " بەڵام پەلە بکە، تا دەتوانی پێ بە بەنزینابنە! "

پێم بە بەنزینا نا، بە عەمراتم وەکو ئەو ڕۆژە، سیاقەتم نەکردبوو! بارەکەم، پەتاتە نەبوو، ئەوەم چاک دەزانی. بارەکەم وای دەخواست کە لە سەر خۆ بم.

بەڵام چۆن دەمتوانی لە سەر خۆ بم، لە کاتێکا هاوڕێکانم بە دەستی خاڵی شەڕیان دەکرد. گوللە تۆپیان نەمابوو. سەرانسەری ڕێگا لە ژێر تۆپبارانا بوو! من جگە لە خێرا ئاژوتن هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. نزیکەی شەش کیلومەترانم بەو خێراییە بڕی و هیچ کێشەیەکم بۆ چێنەبوو. دەبوایە بە ڕێگایەکی لاوەکیدا پێچ بکەمەوە، ئەو ڕێگایە دەچووە سەر ئەو دۆڵەی کە تۆپخانەکەی ئێمەی لێ دامەزرابوو. کە تەمەشام کرد، بینیم هێزی پیادەی ئێمە بەڕاست و بە چەپی ڕێگاکەدا پەراگەندە بوون و شپرزە و پەرێشان لە ژێر تۆپبارانا لە حاڵی پاشەکشەدان و بەناو مینجاڕان کەوتوون و ناوبەناو لێرە و لەوێ مینیان پێدا دەتەقێتەوە.تەگبیرم چیە، چ بکەم؟ خۆ ناکرێ بگەڕێمەوە؟ تا توانیم پێم بە بەنزینا نا. تەنیا یەک کیلومەترم مابوو بگەمە تۆپخانەکەی خۆمان. پێچم کردبووەوە، ڕێگا لاوەکییەکەم گرتبووە بەر، بەڵام نەگەییمە لای هاوڕێیانی خۆمان. لە ناکاوا گوللە تۆپێک لە تۆپێکی دوور هاوێژەوە هات و لە نزیک ئوتومبیلەکەی منەوە تەقییەوە. من نە گوێم لە تەقینەوە بوو و نە هیچ، هەستم کرد شتێک لە ناو مێشکما تەقییەوە و ئیدی ئاگام لە خۆ نەما. چۆن ژیام و نەمردم، نازانم. چەند لە قەراخ جادە کەوتبووم، نازانم. وەخۆ هاتمەوە، چاوم هەڵێنا، بەڵام نەمتوانی هەستمە سەر پێیان. سەرم دنگە دنگی لێوە دەهات، وەکو یەکێک تاو و لەرزی لی هاتبێ، سەراپام دەلەرزی، بەرچاوم تاریک بوو، شانی چەپم دەیزریکاند، ئازای لەشم لە ئازارا هاواری دەکرد، وەکو ئەوە بوو دوو شەو و ڕۆژ دارکاری کرابم. ماوەیەکی زۆر بە سکە خشکێ ڕۆیشتم، ئەنجام بە هەر حاڵێ بوو توانیم هەستم، بەڵام نەمدەزانی لە کوێم و چیم بەسەر هاتووە. هیچ شتێکم لە بیر نەمابوو. لێ نەدەوێرام پاڵ بکەوم. لە دڵی خۆدا دەمگوت: ئەگەر پاڵ بکەوم ئیدی ناتوانم هەستمەوە. ئیدی لە شوێنی خۆما مامەوە و چەقیم، وەکو سپیداری بەر گژەبا بەڕاست و بە چەپا دەهەژام. وەختێ کەمێک بەخۆ هاتمەوە و ڕوانیمە دەوروبەرم، هەستم کرد یەکێک بە پلایس دڵم دەگوشێت. ئەو گوللە تۆپانەی بردبوومن، هەر هەمووی لە دەوروبەرم هەڵڕژابوو. ترێلەکەم کەمێک لەولای خۆمەوە کەوتبوو، پارچە پارچە بووبوو و تایەکانی بە حەواوە بوون، شەڕ لە پشتمانەوە بەردەوام بوو. ئەمە چییە؟

لێتی ناشارمەوە وەختێ ئەمەم بینی، ئەژنۆکانم سست بوون، وەکو یەکێک چەکوشێکی بە تەپڵی سەرا بدەن کەوتمە سەر ئەرزەکە، چونکە بۆم دەرکەوت لە ئابلۆقەی دژمندام، یا بە گوتەیەکی دی دیل و ئەسیری فاشیستانم. ئیدی ئەمە

ڕێسا و دەرهاوێشتەی جەنگ و شەڕە. بەڵێ ئەمە تەبیعەتی شەڕە. نا، هاوڕێ، زۆر زەحمەتە، ئاسان نییە کاتێ بە خۆ بزانی، بە بێ ئەوەی بتەوێ دیل و ئەسیر بیت. ئەوەی کارەساتی وای بە سەر نەهاتبێ، ناتوانێ لە مانای ئەسیری و دیلی تێبگات.

لەوێدا کەوتبووم و گوێم لە دەنگی ئەو تانکانە بوو کە نزیک دەبوونەوە. چوار تانکی مامناوەندی ئەڵمانی بلەز بەلاما ڕەت بوون. بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتن کە من گوللە تۆپەکانم لێوەی هێنابوو... باوەڕ دەکەی من هەموو ئەمەم بە چاوی خۆم بینی، لە گەڵیا و لە ناویا ژیام؟ دوای ئەوە چەند تراکتۆرێک کە تۆپیان ڕادەکێشا هاتن، ئەوسا ئاشخانەیەکی مەیدانی ( ئاشخانەی گەڕۆک ) هات، ئەوجا بڕێک عەسکەری پیادە هاتن کە ژمارەیان زۆر کەم بوو. من بە گۆشەی چاو ژێراوژێر تەمەشام دەکردن و دووبارە سەرم دەنایەوە سەر ئەرزەکە، چاوم دەنوقاند، چونکە کە تەمەشام دەکردن دڵم تێک هەڵدەهات و هەستم دەکرد ڕۆحم دێتەژان..

وەختێ ئەوان تێپەڕین وامزانی تەواو ئیدی کەس نایەت بەلاما، بە ئاستەم سەرم بەرز کردەوە. شەش کەسی چەکدار، بە خۆ و تفەنگەکانیانەوە، لە دووری سەد مەترێکەوە، بە بێ هیچ قسەیەک بەرەو من دەهاتن. لە دڵی خۆدا گوتم: " نەخێر تەواو، مەرگ خەریکە بەرەو پیرم دێ، دەگاتە سەرم. " بە هەر زەحمەتێ بوو دانیشتم-_ حەزم نەدەکرد بە پاڵکەوتنەوە بمرم- ئەوسا هەستامە سەرپێیان. وەختایەک گەیینە چەند هەنگاوی من. تەواو لێم نزیک بوونەوە، بینیم یەکێکیان تفەنگەکەی لە شانی دادەگرت. بەڕاستی مرۆڤ بوونەوەرێکی غەریب و سەیرە، من لەو ساتەدا هەستم بە هیچ ترس و دڵە خورپەیەک نەکرد. سەیری ئەوم دەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: " هەر ئێستا دەستڕێژێکم پێوە دەنێ. گوللەکان بە کوێم دەکەون؟ بە سەرم دەکەون، یا بە سینگما؟ ئیدی لە تۆ وایە ئەو شوێنەی کە بە گوللەی ئەو دێتە دابێژان، زۆر گرینگ بێ!

یارۆی سەرباز، گەنجێکی باڵا بەرز، ئەسمەرێکی لە خۆبایی، لێو تەنکی لێو قەیتانی بوو، بەڵام نیگایەکی ناخۆش لە چاوە چکۆلەکانیا شەپۆلی دەدا. لە دڵی خۆدا گوتم: " تەواو، ئەم کوڕە بێ چەند و چوون دەمکوژێت. " هەر بەڕاستی ڕووی تفەنگەکەی کردە من، منیش بێ ئەوەی هیچ بڵێم، تەمەشام دەکرد. بەڵام سەربازێکی دیکە کە لەو بە تەمەنتر و وا دیار بوو سەردەستە بوو، هاوارێکی بەسەریا کرد و نەمزانی چی گوت، بە دەست دووری خستەوە و هات بە لای منەوە و

لە بن لێوانەوە نچ نچێکی کرد و بازووی ڕاستمی نوشتانەوە، دەتگوت ماسولکەکانی تاقەی دەکاتەوە. نەبزی گرتم و گوتی: " ئۆە! " ئەوسا ڕوانییە سەمتی خۆرئاوا وەکو ئەوە بوو بیەوێ بڵێت: " بڕۆ بەرەو ئەوێ بڕۆ. گا جووتێکی وەکو تۆ دەبێ بۆ ئەوێ بڕۆیت و کار بۆ ڕایشی ئێمە بکەیت. " ئەم سەگبابە دەیزانی ئەمە مەسڵەحەتترە.

بەڵام سەربازە ئەسمەرەکە چاوانی بڕی بوونەوە پۆستاڵەکانی من، کە بە ڕواڵەتا باش دیار بوون. بە قامکان ئاماژەی بۆ پۆستاڵەکانم کرد، وەکو ئەوەی بڵێ: " دایان بکەنە " لە سەر ئەرزەکە دانیشتم و پۆستاڵەکانم داکەند و دامن بەو، بە فڕاندن لە دەستی ڕفاندم، ئەوجا بەلەک پێچەکانیشم کردنەوە و بۆم درێژ کردن. تەمەشام کرد، کەوتە وەڕین، بە زمانی خۆیان کەوتە جنێودان، دووبارە تفەنگەکەی بەرز کردەوە. ئەوانی دی قاقا پێدەکەنین. پاشان بە سەلامەتی ڕۆیشتن. بەڵام ئەسمەرەکەیان، تا گەییە سەر جادەکە دوو سێ جار ئاوڕی پاشی دایەوە و تەمەشای کردم. چاوەکانی لە تووڕەییا وەکو چاوانی گورگ پرشنگیان دەدا. نەمدەزانی بۆچی بەو هەموو غەزەبەوە تەمەشام دەکات، دەتگوت من پۆستاڵەکانم بە تۆبزی لەو سەندبوو. بەڵێ برادەر، هیچ چارێکم نەبوو. خۆم گەیاندە سەر ڕێگاکە. هەناسەیەکم هەڵکێشا و دەمرێژێک جنێوی مزرم دا، بەرەو خۆرئاوا ملی ڕێگام گرت، بەرەو دیلی و ئەسارەت کەوتمەڕێ!..

ئەو کاتانە توانای ڕێکردنم نەبوو، لە سەعاتێکا ئەوپەڕی یەک کیلۆمەترم دەبڕی. وەکو خەڵکانی مەست، دەمویست ڕاست بڕۆم، بەڵام بەم لاو و بەو لای ڕێگاکەدا لەترم دەدا. ماوەیەکی کەم ڕێم کرد، سەیرم کرد ڕیزێک دیل و ئەسیری خۆمان بەرەو من دەهاتن. دە تفەنگداری ئەڵمانی چاودێریان دەکردن و ئەم لا و ئەو لایان گرتبوون. کە تفەنگدارەکەی پێشەوە گەییە ئاستی من، بێئەوەی هیچ بڵێت قۆناغە تفەنگێکی پێدا کێشام. ئەگەربکەوتبام هەر لەوێدا بە گوللەیەک لە عاردی تەخت دەکردم. بەڵام دیلەکانی دی فریام کەوتن، لە ئاسمان گرتیانمەوە، نەیان هێشت بکەوم و خستمیانە ناو ڕیزەکانی خۆیانەوە. نزیکەی نیو سەعاتە ڕێیەک، ژێر باڵیان گرتم، وەختێ کەمێک وەخۆ هاتمەوە، یەکێکیان بە ئەسپایی گوتی:

_ هەوڵبدە نەکەوی! تا هێزت تیایە ڕێ بکە، دەنا هەرکە بکەوی دەتکوژن.

هەرچەندە هێز و شنگم لە بەر بڕابوو، بەڵام هەر درێژەم بە ڕێکرن دا. هەر کە خۆر ئاوا بوو، ئەڵمانەکان ژمارەی خەفەر و چاودێرەکانیان زیاد کرد. نزیکەی

بیست چاودێری چەکداری دی بە کامیونێک ( ترێلە ) هاتن. لێمان کەوتنە پەلەپەل، ئەوانەی کە زامەکانیان سەخت بوو، نەیاندەتوانی لە گەڵ ڕیزەکەدا دەرببەن و دەکەوتن، هەر لە جێوە دەیانکردن بە قوربانی گوللەیەک. دوو هاوڕێ ویستیان هەڵێن، بەڵام ئاگایان لە هەیڤە شەوەکە نەبوو و نەیاندەزانی، لە بەر هەیڤە شەوەکەدا و لە ناو ئەو کێڵگە تەختانەدا تا دووری کیلۆمەترێک دەبینرێن. ئەنجام چاودێرەکان هەردووکیانیان کوشت. دەوروبەری نیوەشەو گەیینە گوندێکی وێرانی نیوە سووتاو. لە کڵێسایەکا کە گومەزەکەی ڕوخابوو، حەپسیان کردین. زەمینەی کڵێساکە بەرد بوو، نەک ڕایەخ، چنگێ کایشی تیا نەبوو لە سەری بخەوی. کەسمان پاڵتۆمان پێ نەبوو. چونکە هەموومان جلکی هاوینەمان لەبەر بوو، ئیدی هیچ شتێک نەبوو لە ژێر خۆمانی ڕابخەین. زۆربەی دیلەکان بە جلی ژێرەوە بوون، چونکە زۆربەیان ئەفسەر و دەرەجەدار بوون، بۆ ئەوەی نەناسرێنەوەو لە باقی سەربازەکان جیا نەکرێنەوە، چاکەتەکانیان فڕێ دابوو. تۆپچیەکانیش نیمچە ڕووت بوون، ئەمانە کە بە سەر تۆپەکانی خۆیانەوە بووبوون و خەریکی تۆپبارانی دوژمن بوون، خۆیان ڕووت کردبووەوە و هەر بەو دەقەوە یەخسیر بووبوون.

شەوێ بارانێکی زۆر باری، ئاو تەنگەتاوی کردین. گومەزی کڵێساکە کە بە تۆپ و بۆمبای فڕۆکە لایەکی ڕوخابوو، بە تەواوەتی هەرەرسی هێنا، تاقە شوێنێکی وشک نەما تیای بحەوێینەوە، تەنانەت لە میحرابی کلێساکەش شوێنی وشک نەبوو. بەوجۆرە تاکو بەیانی لە ناو ئەو کڵێسایەدا، عەینی بەرخێن ناو کۆزێکی تاریک بە سەر یەکدا کەڵەکە بووبووین. لە نیوە شەوا هەستم کرد یەکێک باسکم دەگرێت و دەپرسێت: " هاوڕێ زامدار نیت؟ " وەڵامم دایەوە: " بۆ دەپرسیت هاوڕێ؟! " گوتی: " من دوکتۆرم، بەڵکو بتوانم یارمەتیەکت بدەم. " بۆم باس کرد کە شتێک لە شانی چەپما تەقەتەقیەتی، شانم ئاوساوە و زۆر ئازاری هەیە." بە جددی گوتی: " چاکەت و کراسەکەت داکەنە. " خۆم ڕووت کردەوە. بە قامکە ناسکەکانی کەوتە سەح کردنەوەی شانم، خەریک بوو ئاگرم تێ بەر دەبوو و دانم جیڕ دەکردنەوە و گوتم: " وادیارە تۆ دکتۆری کەرانی، بەیتاڵی، بە عەمراتت معایەنەی نەخۆشت نەکردووە. تۆ ئەشکەنجەم دەدەیت! بە ئانقەست گوشار دەخەیتە سەر شوێنی ئازارەکە. وادیارە دڵت نییە؟ " لێ ئەو درێژەی بە کاری خۆی دا و بە تووڕەیی گوتی: " بێدەنگ، زمانی خۆت بگرە! چۆن تووشی ئەم چەنەبازە بووم؟ دان بە خۆتا بگرە،

هێشتا لە کوێتە، ئێستا زیاتر ئازارت دەدەم! " باسکی بە جۆرێ بادام کە ئەو دنیام بە چاوی خۆم بینی. گڕ لە چاوم بووەوە.

وەختێ کەمێک بە خۆ هاتمەوە، لێم پرسی: " ئەوە تۆ چی دەکەی هەی فاشیستی زۆڵ و بیژی؟ من باسکم شکاوە و تۆش بەو جۆرە بای دەدەی، دەتەوێ هێندەی دی وێرانی بکەیت؟ "

گوێم لێبوو بە دەم نەرمە پێکەنینێکەوە گوتی: " تۆ پیاوێکی بە ورەی. وامدەزانی هەنووکە بە دەستە ساغەکەت، بە دەستی ڕاستت تێم بەردەبیت. باسکت نەشکاوە، تەنیا لە جێ چووە، بۆم هێنایەتەوە جێ. ئێستا هەست ناکەی باشتر بووی؟! " دروستە، هەستم دەکرد ئازارەکەم لە ناوەوە کەمتر دەبێت. لە کانگای دڵەوە سوپاسم کرد. ئەو ڕۆیی لە تاریکیەکەدا ون بوو، گوێم لێبوو، لە بن لێوانەوە دەیگوت: " کێ لێرە بریندارە؟ " ئەوەیە دکتۆری ڕاستی، بەو تاریکیە، بە سەر دیلەکانا، کە دەتگوت خۆڵ و دۆیان بە سەرا کراوە، درێژەی بە کاری خۆی دەدا و دەستبەردار نەدەبوو، لە خەمیپیشە جوانەکەی خۆیدا بوو.

شەوێکی زۆر ناخۆش بوو. کاتێ دوو دوو دەیانکردینە ناو کڵێساکەوە، یارۆی خەفەرباشی پێی گوتبووین، بۆتان نییە بۆ تەوالێتیش لێرە بچنە دەرەوە. بەڕێکەوت کابرایەکی مەسیحی باوەڕدارمان لە گەڵابوو، لە نیوەشەوا تەنگاوی زۆری بۆ هێنا. لە هەوەڵەوە، خۆی کەمێک کۆنترۆڵ کرد. ئەنجام زۆری بۆ هات دەستی بە گریان کرد. دەیگوت: " من ناتوانم ماڵی خوا پیس بکەم! من کەسێکی باوەڕدارم، نەسرانیم ( مەسیحی ) ! هاوڕێیان فریام بکەون، چ بکەم! " تۆ بە خۆت خەڵکی خۆمان دەناسیت، دەزانی سەرباز و سەربازی دەکاتە چی-_ هەندێک پێدەکەنین و لەزگ بوو لە پێکەنینا بخنکێن، هەندێک جنێویان دەدایە، هەندێکی دی بە دەم ئامۆژگاری هەڤدژەوە سەریان دەکردە سەری. لە هەوەڵەوە سەرگەرمییەکی خۆش بوو، بەڵام پاشان سەرگەرمی و پێکەنینەکەمان، زۆر خراپ شکایەوە. چونکە یارۆ دەستی بە لێدانی دەرگاکە کرد، داوای چوونە دەرەوەی دەکرد. بە ڕێکەوت زوو وەڵامیان دایەوە: سەربازێکی فاشیستی، لە درزی دەرگاکەوە، لوولەی تفەنگەکەی کردە سینگی ئەو، نیشانەی لێگرتەوە و کابرای تەنگاو و سێی دیکەی کوشت و پێنجەمی بریندار کرد کە بۆ بەیانی مرد.

جەنازەی کوژراوەکانمان ڕاکێشایە سووچێکەوە و هەموومان بە بێدەنگی دانیشتین. لە هەوەڵەوە وامان بیر دەکردەوە کە سەرەتای ئەم ئەسارەتە سەرەتایەکی زۆر خراپە... دوای تۆزێک کەوتینە قسان. بە ئەسپایی و لە بن لێوانەوە لە یەکترمان دەپرسی تۆ کوێندەیت و تۆ خەڵکی کیدەری، چۆن و لە کوێ ئەسیر بووین. ئەو هاوڕێیانەی کە سەر بە یەک یەکەی سووپایی بوون و لە تاریکیدا لێکدی دابڕابوون بە دەنگی نەوی یەکدیان گاز دەکرد. گوێم لە یەکێک بوو لە نزیک منەوە بە چپە بە هاوڕێکەی دەگوت: " سبەی بەیانی پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ، ئەگەر ڕیزیان کردین بۆ ئەوەی کەلانتەر ( رابەر ) ، کۆمۆنیست و جولەکەکان جیا بکەنەوە، تۆ جەنابی ملازم هەوڵ مەدە خۆت بشاریتەوە، چونکە ئەمە بە هیچ جۆرێ دادت نادات. تۆ بەوەی کە چاکەتەکەی فرێداوە وا دەزانی دەتوانی فریویان بدەیت و وا نیشان بدەیت کە سەربازێکی سادەی؟ نە برادەر خەیاڵت خاوە؟ من ئامادە نیم خۆم بە فیدای تۆ بکەم. من یەکەم کەس تۆیان نیشاندەدەم. من دەزانم تۆ کۆمۆنیستی. ئێستاش لە بیرمە کە کەڕ و کاست کردم تا بردمتە ڕیزی حیزبەوە. ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە باجەکەی بدەی. "

ئەو کەسەی ئەو قسانەی دەکرد، دراوسێی ڕاستەوخۆی دەستە چەپم بوو. لە دەستەکەی ترمەوە دەنگی کوڕێکی گەنج بەرسڤی دایەوە: " من هەمیشە گومانی ئەوەم لێت هەبوو کە مرۆڤێکی باش نیت.  کریژنوف، بە تایبەتی کاتێ کە بە بیانووی بێ سیواتیەوە نەتویست بێیتە ڕیزی حیزبەوە، بەڵام هەرگیز ئەوەمبە بیرا نەدەهات کە ببی بە کەسێکی خاین. تۆ تا تەمەنی چواردەساڵی لە قوتابخانە بووی، واتە ئامادەییت تەواو کردووە، وانییە؟ "

ئەوی دی بە بێ موبالاتی و خەمساردی دەڵێت: " با، تەواوم کردووە، چی تیایە؟ " ماوەیەک بێدەنگ بوون. ملازمەکە_ بە دەنگیا ناسیمەوە_- بە دەنگێکی نەوی گوتی: " هاوڕێ کریژنوف، زمانم لێمەدە. " ئەوی دی، بە نەرمە پێکەنینێکەوە گوتی: " هاوڕێکانت، لە پشت هێڵی شەڕگەوە بە جێهێشتووە، من هاوڕێی تۆ نیم، ئیدی لە من مەپاڕێوە، فایدەی نییە. خەبەرت لێدەدەم و تەواو، جەرگی هەزاردایێک بسووتێ نەک دایکی من. " ئەوسا هەر دووکیان بێدەنگ بوون. کە گوێم لەو قسە بێ مانایانە بوو، مووچڕکەیەک بە سەراپامدا هات. لە دڵی خۆدا گوتم: " نا، نایەڵەم تۆی سەگ و سەگباب، خیانەت بە فەرماندەکەت بکەی! نابێ بە سەلامەتی و بە

پێی خۆت لەم کڵێسایە وەدەر بکەوی. دەبێ وەکو کەلاک ڕابکێشرێیتە دەرەوە. بە لاقان ڕابکێشرێی! " دنیا کەمێک ڕووناک بووەوە، تەمەشام کرد، کابرایەک لە نزیکی منەوە لە سەر گازی پشت ڕاکشابوو، هەر دوو دەستی نابوونە بن سەری، دەموچاوی زۆر گەورە و قەڵەو بوو، گەنجێک بە تۆی فانیلەیەکی ژێرەوە لە لایەوە دانیشتبوو و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوو. کوڕێکی لاوازی ڕەنگ زەردی مردەلۆخ بوو. لە دڵی خۆدا گوتم: " ئەم منداڵە دەرەقەتی ئەم گاجووتە نایەت، دەبێ خۆم چاری بکەم. "

دەستم خستە سەر بازووی کوڕەکە و لێم پرسی: " تۆ ملازمی؟ " هیچ قسەیەکی نەکرد_ سەرێکی لەقاند و تەواو. ئەوسا ئاماژەم بۆ لای ئەو زلحۆرتەی کە پاڵکەوتبوو کرد و گوتم: " ئا ئەمە دەیەوێ خەبەرت لێبدات؟ " دیسان قسەی نەکرد، تەنیا سەرێکی لەقاند و تەواو. پێم گوت: " دەی خێرا لاقی توند بگرە با لەقە نەهاوێ، لەزێکە! "

پاشان خۆم دا بە سەر کابرای زلحۆرتا و هەر دوو دەستم نایە ملی. فریای هاوار کردن نەکەوت. چەند خولەکێک نامە ژێر و پاشان هەستامەوە، خایەنێک کەم بووەوە. زمانی بە لغاوەیەوە شۆڕ بووبووەوە.

ئەوسا ئاوری دەوروبەری خۆم دایەوە. حەزم دەکرد دەستەکانم بشۆم، وەکو ئەوەی ئەژدیهایەکم کوشتبێ... ئەوە یەکەمجارم بوو کە کەسێک بکوژم، کەسێک لە جەماعەتی خۆمان بکوژم!... ئەگەر ڕاستت بوێ لە خۆمان نەبوو، لە دژمن خراتر بوو، چونکە غایەن بوو. هەستام و بە ملازمەکەم گوت: " با لێرە دوور بکەوینەوە هاوڕێ، کڵێساکە گەورەیە، چی زۆرە جێ زۆرە " .

وەکو چۆن کریژنوف، شەوی بەرێ گوتبووی: بەیانی ڕیزیان کردین، چەکدار دەوریان گرتین، سێ ئەفسەری (ئیس – ئیس ) ش هاتن، کەوتنە جیاکردنەوەی ئەو کەسانەی کە بە مەزەندەی ئەوان، خەڵکی خەتەرناک بوون، کەوتنە پرسیاری ئەوەی کێ دەرەجەدارە، کێ ئەفسەرە، کێ کۆمۆنیستە؟ بێتە دەرێ. کەس نە وەڵامی دایەوە و نە لە ڕیزەکە هاتە دەرەوە. هیچ شوفارێکیش پەیدا نەبوو کە خەبەریان لێبدا. نزیکەی نیوەمان حیزبی و کۆمۆنیست بووین، هەڵبەتە ئەفسەر و کومیسەرانی زۆریشمان تیابوو. ژمارەمان دوو سەد کەس زیاتر بوو، لە نێو ئەو دوو سەد و هەندەدا، تەنیا چوار کەسیان جیا کردەوە: یەک جوولەکە و سێ ڕووسی، هەموویان

سەربازی ئاسایی بوون. جوولەکەکان، لە بەد شانسی خۆیاندا زۆربەیان گەنم ڕەنگ و قژ لوول بوون و بە ئاسانی دەناسرانەوە. ئەفسەرانی ئیس – ئیس لێیان نزیک بوونەوە. کابرای ئەفسەری ئەڵمانی لە یەکێکیانی پرسی: " جوولەکەیت؟ " یارۆی جوولەکە بۆی ڕوون کردەوە کە ڕووسییە. لێ کابرای ئەفسەری ئەڵمانی گوێی لێنەگرت، گوتی: " وەرە دەرەوە! " هاتنە دەرەوە و نەمانی یەکێک بوو.

ئەو نەگبەتانەیان گوللەباران کرد و، دەستوریان بەمە دا کە " ڕێبکەن. " ئەو ملازمەی کە یارۆی خایەنم لە گەڵیا خنکاند تا شاری پوزنان لە گەڵما بوو، بەردەوام دەستی دەگوشیم و لێم دوور نەدەکەوتەوە. ئیدی لە پوزنان لێکدی جیا بووینەوە... جا با ئەم چیرۆکەشت بۆ بگێڕمەوە. باوەڕ دەکەی لە سەرەتاوە بەردەوام بیرم لە هەڵاتن دەکردەوە. لێ دەمویست هەلێکی گونجاوم بۆ هەڵبکەوێ و بە سەلامەتی دەرباز ببم. پێش ئەوەی بگەینە پوزنان، کردیانین بە کامپێکدا، دەرفەت و دەلیڤەی گونجاو و لە بارم بۆ هەڵنەکەوت. لە کۆتایی هەیڤی ئایارا ناردیانین بۆ جەنگەڵێکی نزیکی کەمپەکە، تا گۆڕ بۆ ئەو دیلانە هەڵکەنین کە دەمردن. لەو کاتانەدا گەلێک لە هاوڕێکانمان بە زەحیری وبەلەفیرە دەمردن. بە دەم هەڵکەندنی ئەرزەکەوە، سەیری دەوروبەری خۆم دەکرد، سەیرم کرد دووان لە نیگابانەکان دانیشتوون و خەریکی نانخواردنن و سێیەمیان خۆی دابووە بەر هەتاو. بە ئەسپایی قوڵنگەکەم دانا و بە کاوەخۆ خۆم بە نێو دەوەنە جاڕەکەدا کرد... ئەوجا تا هێز لە لاقما بوو، ڕاستەوڕاست بەرەو ڕۆژهەڵات پێم وە غارەوە نا...

وا دیار بوو، نیگابانەکان زۆر درەنگ بە هەڵاتنەکەی منیان زانی بوو. لێ من، هەرچەندە زۆر لاواز و بێ هێز بووبووم، توانیم لە ڕۆژێکا نزیکەی چل کیلۆمەتران ببرم. لێ ئەمە دادی نەدام، لە ڕۆژی چوارەما، کە زۆر لەو گرتووخانە و کەمپە نەحلەتییە دوور کەوتبوومەوە، گرتیانمەوە. چەند سەگێکی پۆلیسیان خستبووە تاقیبم. سەگەکان منیان لە مەزرایەکی شۆڤاندا دۆزییەوە. بەیانی زوو بوو کە گەییمە مەزرای نێوبراو، بەڵام نەدەوێرام بە ڕۆژی ڕوناک، لە مەزراکە وەدەر بکەوم و بە ناو ئەو دەشتە بکەوم. چونکە مەودای دەشتەکەی نێوان مەزراکە و بێشەیەکی ئەو ناوە نزیکەی سێ کیلۆمەتر بوو. خۆم لە مەزراکەدا مات دا و چاوەڕوانی ئێوارەم دەکرد. ئیدی کەوتمە وڵینی فەریکە شۆڤان، هەرجارە و تۆزێکم دەخوارد و ئەویترم لە گیرفانم دەکرد، تا دوایی بیخۆم. لە ناکاوا، حەپەحەپی

چەند سەگێک و فرەفرِی چەند ماتۆرێکم لە دوورەوە هاتە گوێ. هەستم کرد دڵم لە لێدان کەوت، چونکە سەگوەڕەکە بەرەبەرە و تا دەهات زیاتر لە من نزیک دەبووەوە. بە دەما لە سەر ئەرزەکە ڕاکشام و دەستم گرت بە سەرمەوە، تا بە لای کەمەوە ئەو سەگە دڕندانە دەم و چاوم نەخۆن. ئەنجام گەیینە سەرم. کەڵبەی تیژیان لە جلەکانم گیرکرد، جلیان بە بەرمەوە نەهێشت، دوای ئەوەی ڕووت و قووتیان کردمەوە، گێرەی ناو شۆڤانەکەیان پێکردم، ئیدی بە ئارەزووی خۆیان لوولیان دەدام. ئەنجام یەکێکیان خۆی هەڵدایە سەرم، هەر دوو دەستی نایە سەر سینگم، دەمی نایە خوار قوڕگمەوە، بەڵام نەی دەگەستم.

دوای ئەوە دوو ماتۆڕ سواری ئەڵمانی گەیینە سەرم. بە دوو قۆڵی تێم بەربوون، بگرە کوێت دێشێت، شل کوتی عەمریان کردم. بە قەستی کوشت لێیان دام، ئەوجا سەگەکانیان تێبەردام. شوێنی ساغیان بە لەشمەوە نەهێشت. ئیدی بە ڕووت و قووتی و برینداری، لە کاتێکا خوێن لە سەراپام دەچۆڕایەوە، بۆ کەمپ و گرتووخانەکەیان بردمەوە. بۆ ماوەی یەک مانگ لە ژووری ئینفرادییان پەستام، ئەمە چییە هەوڵی هەڵاتنم دابوو. لە گەڵ ئەوەشا هەر مام و نەمردم...

هاورِێ، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی لە زنداندا و لە ماوەی دیلی و ئەسارەتا بە سەر من هاتووە، زۆر بە ئازارترە لە خودی ئەوەی بە چاوی خۆم دیتم. کە بیر لەو ئازارە بە سوێیە دەکەمەوە کە لەوێ، لە ئەڵمانیا چەشتم، کە بیر لەو هەموو هاوڕێیە دەکەمەوە کە لە ژێر ئەشکەنجەدا و لە کەمپ و گرتووخانەکاندا گیانیان لە دەست دا، دڵم لە سینەمدا دادەخورپێ و هەناسەم تەنگ دەبێ.

جا لە ماوەی ئەو دوو ساڵە تاڵەی کە لە ئەسارەتا بە سەرم برد، چ بەڵایەکم بە سەرا نەهات! نیوەی خاکی ئەڵمانیام: لە سەکسونیادا، لە کارگەی سیلیکات دا کارم دەکرد، لە کانەکانی روردا عەرەبانە خەڵووزم پاڵ دەنا، لە باڤاریا مردم لە قیرتاوکردنی جادە و باناندا، چوومە تورنج. خودایا چ خاکێک، چ دەڤەرێک عەزابی منی نەبینی!

لەوێ، دەڤەر و شوێنان دەگۆڕان، کات دەگۆڕا، بەڵام تەرزی گوللەباران و کوشتن و ئەشکەنجەدان، لە هەموو شوێن و کاتەکان یەکسان بوو، هیچ گۆڕانێکی بە سەرا نەدەهات. لێیان دەداین. ئەم مەلعوونانە ڕەحمیان پێدا نەدەکردین، وەکو ئاژەڵ مامەڵەیان لە گەڵ دەکردین، بە مست، بە شاپ، بە دۆنکی(دارە قوڵە) و بە قامچی

و شەلاخ لێیان دەدایین، بە دار و بەرد، بە ئاسن، لێیان دەدایین و دەستیان لێنەدەپاراستین، قۆناغە تفەنگ ئەوە هەر باسی مەکە. بۆیە لێیان دەدایت چونکە ڕووسی بووی، چونکە هێشتا زیندوو بووی، چونکە هێشتا دەیانتوانی کار و بێگارت پێبکەن. لێیان دەدایت، چونکە خێسەت لێکردوون، چونکە پێت خوار داناوە، لە ڕێکرنا بە جوانی پێچت نەکردووەتەوە... بە دڵی ئەوان ئاوڕت نەداوەتەوە، بە بێ هیچ خەتایەک لێیان دەدایت، دەیانگەیانیدیتە حاڵی مردن. دەیانویست لە ژێر ئەشکەنجەدا بتکوژن. وا دیار بوو، کوورەی بەشەر سووتان لە ئەڵمانیا، لەوە کەمتر بوو بە کەڕەتێ هەموومانی تێ فڕێ بدەن...

خواردن لە هەموو شوێنێک هەمان خواردن بوو، بە گوێرەی گۆڕانی شوێنەکە نەدەگۆڕا، سەد و پەنجا گرام نانی ڕووت کە نیواونیوی ئاردە مشار بوو، لەگەڵ شۆربایەکی تراوی چەوەنەرا. لە هەندێ شوێنا ئاوی گەرمیان بۆ خواردنەوە دەدایینێ. لە هەندێ شوێنی دیدا ئەوەشیان نەدەدایینێ. جا با نموونەیەکت بدەمێ: من بەر لە جەنگ کێشم هەشتاو شەش کیلۆ بوو، لە پاییزا بووم بە پەنجا کیلۆ، بووبووم بە یەکپارچە پێست و ئێسقان، پێستم بە سەر ئێسکمەوە وشک بووبووەوە. توانای ئەوەم نەمابوو، خۆم بە پێوە بگرم و تەحەمولی جەستەی خۆم بکەم، وێڕای ئەمەش دەبوایە کار بکەم، کارێک کە ئەسپ بەرگەی نەدەگرت.

لە سەرەتای ئەیلولدا، ئێمەیان، کە سەد و چل و دوو سۆڤیاتی بووین، گواستەوە بۆ گرتووخانە و کەمپی ب – ١٤ لە نزیکی درسدن. لەو سەروبەندەدا نزیکەیدوو هەزار دیلی خۆمان لەو کەمپ و ئۆدووگایەدا بووین. لە کانە بەردێکدا کارمان دەکرد. هەموو کارەکان بە دەست ئەنجام دەدران_- هەڵکەندنی بەرد، گواستنەوە و ورد کردنی بەردەکان هەر هەموو بە دەست ئەنجام دەدرا. دەبوایە هەر کەسێک ڕۆژێ چوارمەتر سێجا بەرد هەڵکەنێت. کەم کەس بەرگەی ئەو بێگارەی دەگرت.

ئەنجام لە زەرفی دوو هەیڤاندا لەو سەد و چل و دوو کەسە، تەنیا پەنجا و حەوت کەسمان مایەنەوە، ئەدی چۆن هاوڕێ، ڕەوشەکە وابوو! ئەمە کارەسات نییە برادەر؟ وامان لێهاتبوو فریای ناشتنی هاوڕێکانمان نەدەکەوتین. جاری وا هەبوو هێشتا لە ناشتنی هاوڕێیەکمان نەدەبووینەوە، کە لە سەرانسەری کەمپ و ئۆردووگاکەدا دەنگۆ بڵاو دەبووەوە، کە ئەڵمانەکان ستالینگرادیان گرتووە و بەرەو سیبریا پێشڕەوی دەکەن! ئیدی خەم لە دووی خەم سەر و دڵی دەگرتیت و تۆش لەوێ، بە

جۆرێ بێ ڕێزیت پێدەکرا، ڕووت نەبوو چاو لەم خاکە غەریبە، لە خاکی ئەڵمانیا بەرز بکەیتەوە و خۆزیات دەخواست ئەرزەکە شەق ببێ و قووتت بدات و بە یەکجاری ئیسراحەت بکەی. پاسەوانانی کەمپەکە، لە خۆشیا پێیان بەر عاردی نەدەکەوت، لە کەیفان دەیانخوارد و دەیانخواردەوە و تا حەوت نیوە شەو دەسترین و گۆرانیان دەچڕی.

ئێوارەیەک، لە کانە بەردەکەوە بۆ کەمپەکە گەڕاینەوە. بە درێژایی ڕۆژەکە باران باری بوو، جلەکانمان تەڕی تەڕ بوون، ئاویان لێ دەچۆڕا. ئێمەش وەکو سەگ لە سەرما و لە بەر بایە ساردەکە هەڵدەلەرزین، دانە چۆقەیەکی وامان پێکەوتبوو، شەویلاگەمان پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا. ئاگردان نەبوو کە جلەکانمان وشک بکەینەوە و خۆمانی لەبەر گەرم بکەینەوە. سکمان لە برسا قوڕەی دەهات، هەر ئەوە بوو لە برسا نەدەمردین، بەڵام شەوان خواردنیان نەدەدایێ.

من سیپاڵەکانم داکەند، فڕێم دانە لایەکەوە و گوتم: " ئەمانە سوورن لە سەر چوارمەتر سێجاکەی خۆیان، لە کاتێکا ئێمە سەر و یەک مەترمان بەسە بۆ ئەوەی تیای بنێژرین " . هەر ئەوەندەم گوت، هیچی ترم نەگوت، بەڵام بە ڕێکەوت کەسێکی دوو زمانمان لە گەڵدا بوو، ئەو چەند گوتەیەی منی گەیاندبووە، کەمپ و گرتووخانەکە.

بەرپرسی کەمپەکە کە لاگرفوهرەریان پێدەگوت، کابرایەکی ئەڵمانی بوو بە نێوی مولەر، کابرایەکی قەڵەوی دەستە باڵا بوو، پیاوێکی سوورەی ئاماڵ سپی بوو: قژی، برۆکانی، برژانگەکانی، تەنانەت چاوە زەقەکانیشی زەردێکی کاڵ بوون. وەکو من و تۆ بە ڕووسی قسەی دەکرد-_ وەکو خەڵکی ڤۆلگا قسەی دەکرد، وەستای جنێودان بوو، هەرچی جنێوی باوی وڵاتی ئێمە هەبوو دەیزانی. نازانم ئەو بیژە ئەو جنیوانە لە کوێوە فێر بووبوو؟ هەندێجار لە بەردەم بلۆکەکانا_- ئاوایان بە بەشەکان دەگوت – ڕیزیان دەکردین. بە پاسەوانی چەند ئیسکۆرتێک (حمایە) بە بەردەمماندا ڕەت دەبوو. دەستکێشێکی چەرمی لە دەست دەکرد، دەستکێشەکە لە ژێرەوە پارچەیەک قورقوشمی پێوە بوو، کە بە بەر دەممانا ڕەت دەبوو، بە تووندی چەپۆکێکی بە کەپوومانا دەکێشا، لە هەر دوو کەس، لووتی کەسێکی دەپژاند و دەم و لووتی پڕ لە خوێن دەکرد و دەیگوت ئەمە " کوتانی دژە پەسیوە " . ئەمە کار و پیشەی هەموو ڕۆژێکی بوو. کەمپەکە کرابوو بە چوار بلۆکەوە. ئەم ئاهەنگی دژە

پەسیڤە هەر ڕۆژەی لە بلۆکێکدا بەرپا دەکرا، ڕۆژی دوو شەممان بۆ بلۆکی ژمارە یەک بوو، سێ شەممە بۆ بلۆکی ژمارە دوو بوو، ئیدی بەو جۆرە... کابرایەکی سوپایی زۆر خوێڕی بوو، ئیدی ئەم کارەی ڕۆژ بوێر نەدەکرد.

بەڵێ، یەک ڕۆژ دوای ئەوەی باسی چوار مەتر سێجاکەم کردبوو، ئەم بەرپرسی ئۆردووگایە ناردی بە شوێنما. ئێوارەیەک دیلمانجێک بە خۆ و دوو ئیسکۆرتەوە هات بۆ بلۆکەکەی مە. بانگیان کردم: " سوکولوف ئاندرێ؟ " وەڵامم دانەوە. گوتی: " بلەز دوامان بکەوە، لاگرفوهرەر تۆی دەوێ. پێویستم بەوە نەبوو بپرسم بۆچی منی دەوێ، لە فیکەی خۆم حاڵی بووم: " دەیەوێ ئەو دنیام پێ نیشانبدات " خواحافیزیم لە هاوڕێکانم کرد، ئەوانیش دەیانزانی بەرەو مردن دەچم. ئاهێکی قووڵم هەڵکێشا و دووی ئەوان کەوتم. بە ناو حەوشی ئۆردووگاکەدا تێپەڕیم، بە دەم ڕێگاوە تەمەشای ستێرانی ئاسمانم دەکرد و خوداحافیزیم لەوانیش دەکرد و لە دڵی خۆمدا دەمگوت: " ئاندرێ سوکولوف، ئەسیری ژمارە ۳۳۱، تەواو نەجاتت بوو، چیتر ئازار ناچێژی. " لەو ساتەدا ئەرینا و منداڵەکانم بیر کەوتنەوە، زۆرم بەزەیی پێیاندا هاتەوە. لێ زوو وەخۆ هاتمەوە و سۆز و بەزەییەکەم لە خۆ ڕەواندەوە و هەوڵمدا بە جورئەت و بوێرییەوە وەکو سەربازێکی ورە بەرز، بە بێ ترس لە هەنبەر لوولەی دەمانچەدا ڕابوەستم  و دژمن لەم دوا ساتەی تەمەنا پێم خۆش نەبێت و وا هەست نەکات، لە خەمی ژیاندام..

ژوورەکەی فەرماندە و بەرپرسی ئۆردووگاکە ژوورێک بوو بە پەنجەرەێن جوان، ڕازاوە بە گوڵ، هەموو شتێک پاک و خاوێن، لە یانە باشەکانی لای ئێمە دەچوو، هەموو سەرانی ئۆردووگاکە لە دەوری خوان و مێزیک دانیشتبوون، پێنج کەس بوون، بەدەم نانخواردن و خواردنی گۆشتی بەرازەوە پێکیان هەڵدەدا. بوتڵێکی گەورەی شامپانیا لە سەر مێزەکەیان دانرابوو، یەک تۆزی لێ خورابووەوە. ئیدی سێو وجۆرەها کەمپووت لە سەر مێزەکە دانرابوو. چاوێکی خێرام بەو هەموو نیعمەتەدا گێڕا، نەوسم جووڵا- باوەڕ دەکەی یان نا کەیفی خۆتە – خەریک بوو دەڕشامەوە. زۆرم برسی بوو، برسی بوونی گورگانە... بەهەر حاڵ بە تۆبزی خۆم کۆنترۆڵ کرد و چاوم لە مێزەکە گواستەوە.

مولر، هەندێک خەیاڵ و سەرخۆش بوو، لە سەر کورسییەکەی دانیشتبوو و یاری بە دەمانچەکەی دەکرد، بەم دەست هەڵدەدایە ئاسمان و بەو دەست دەیگرتەوە. بە بێ

ئەوەی چاو بتروکێنێ وەکو مار تەمەشای منی دەکرد. بەڵێ من کە دەستەکانم بۆ خوارەوە شۆڕ بووبوونەوە، پاژنە سست و لاوازەکانم، کە بە ئاستەم هەڵیان دەگرتم، جووت کردن و گوتم:

_ " جەنابی فەرماندە، من دیلی جەنگ ئاندرێ سوکولوف، لە خزمەتتام! "

پرسی: _- " ئێ ئیڤان ( ئیڤان ناوێکی ڕووسییە و لە ڕووسیادا ئەو ناوە زۆرە، ئەڵمانەکان هەموو ڕووسێکیان بەو ناوە بانگکردووە. ) چوار مەتر سێجا زۆرە ها؟ " گوتم : " بەڵێ جەنابی فەرماندە، یەجگار زۆرە. "

_ " ئەدی یەک مەتر بەشی گۆڕەکەت دەکات؟ "

_ " بەڵێ جەنابی فەرماندە، یەک مەتر بۆ لە گۆڕ نانی من سەر و زیادە! "

لە جێی خۆی هەستا و گوتی:

_ " زۆر چاکە، ئێستا لە سەر ئەو قسەیەی کردت، بە دەستی خۆم دەتکەم بە قوربانی یەک گوللە، بەڵام ئێرە شوێنێکی لەبار نییە، دەی با بچینە ناو حەوشەکە و ئەم مەسەلەیە یەک لایی بکەینەوە. " بەرسڤم دایەوە:

_ " بە دڵی خۆت جەنابی فەرماندە! با بڕۆین! " لە جێی خۆی نەجووڵا، کەمێک دەبیرەوە چوو، دەمانچەکەی لە سەر مێزەکە دانا، پەرداخێکی گەورەی تەژی شامپانیا کرد، پارچەیەک گۆشتی بەرازی هەڵگرت، لە پارووە نانێکی ناو بۆ منی ڕاگرت و گوتی: " ئیڤان، بەر لەوەی بمری بە سەلامەتی سەرکەوتنی لەشکرێن ئەڵمانییەوە، ئەم پێکە بنۆشە. "

من پەرداخەکە و بابۆڵەکەم لە دەستی وەرگرت، بەڵام کە گوێم لەو قسەیەی بوو، وام هەست کرد شتێک لە ناخما گڕی گرت، وەکو پشکۆ بە دەروونما چزا. لە دڵی خۆما گوتم: " منی سەربازی ڕووسی بە سەلامەتی سەرکەوتنی لەشکرێن ئەڵمانی بخۆمەوە؟ خەیاڵت خاوە جەنابی فەرماندە! من مەرگێک قەرزارم، قەرزارم، کەواتە نە شیری وشتر و نە دیداری عەرەب جەنابی فەرماندە! نەفرەت لە خۆت و لە شەرابەکەت! "

ئیدی پەرداخەکە و بابۆڵەکەشم لە سەر مێزەکە دانایەوە. گوتم " سوپاس بۆ میوانداریيەکەت، بەڵاممن ناخۆمەوە. "

بزەیەکی بۆ کرد و گوتی:

_ "کە ناتەوێ بە سەلامەتی سەرکەوتنی سوپای ئێمە بخۆیتەوە. کەواتە بە بۆنەی مەرگی خۆتەوە، بخۆرەوە. "

پێکەکەم لە دەستی وەرگرت، بە دوو کەڕەت هەڵمدا، لێ دەستم بۆ نانەکە نەبرد، بە ئەدەبەوە دەمم سڕی و گوتم: " زۆر سوپاس جەنابی فەرماندە، من ئامادەی مردنم با بڕۆین. "

تەمەشایەکی کردم و گوتی: "بەر لەوەی بمریت دوو پاروو بخۆ " .

گوتم: " من دوای پێکی یەکەم هیچ شتێک ناخۆم. " پێکی دووەمی بۆ تەژی کردم. پێکەکەم لە دەستی وەرگرت، ئەویشم هەڵدا، لێ دەستم بۆ نانەکە نەبرد. دەمویست کەمێک جورئەت پەیدا بکەم. لە دڵی خۆدا دەمگوت: " با بەر لەوەی ماڵاوایی لە دنیا بکەم کەمێک خەیاڵ بم " .

یارۆی فەرماندە، برۆکانی وێکهێنانەوە و گوتی: " ئیڤانی ڕووسی بۆ نان ناخۆی؟ شەرم مەکە " . لێ من خۆم شلوێ نەکرد و گوتم: " جەنابی فەرماندە بمبورە، من دوای پێکی دووەمیش، هیچ ناخۆم " .

گوپەکانی پڕ لە با کرد، دەستی بە پێکەنین کرد، بە دەم پێکەنینەوە و بلەز شتێکی بە ئەڵمانی بە هاوڕێکانی دەگوت، وا بزانم قسەکەی منی بۆ دەگێڕانەوە. ئەوانیش دەستیان بە پێکەنین کرد. هەموو لە سەر کورسییەکانیانەوە ئاوڕیان بۆ لای من دایەوە، هەستم کرد وەکو پێشتر نیگام ناکەن، نیگایان کەمێک هێورتر بووبووەوە.

فەرماندە پێکی سێیەمیشی بۆ تەژی کردم، کاتێ کە پێکەکەی دەدامێ، دەستی بە دەم پێکەنینەوە دەلەرزی. بە کاوە خۆ دەمخواردەوە، دوای هەر قومێک، قەپێکم لە بابۆڵەکە دەخوارد و باقیەکەیم لە سەر مێزەکە دادەنا. تا بەو خوێڕیانەی نیشان بدەم کە من وێڕای برسیەتیم ئامادە نیم کەسیەتی خۆم بۆ پاروەە نانێک کە بە خێر نابوویانە بەردەمم بشکێنمو وەکو نەدیوبدی پڕی بدەمێ، چونکە خەڵکی ڕووس شەرەف و کەرامەتی خۆیان هەیە و بەوان نایەتە سڕینەوە، ئەوان بیبڕن، بیکوژن،

تینووی بکەن، برسی بکەن، ناتوانن بیکەن بە حەیوان. فەرماندە لە ناکاوا حاڵەتێکی جدی وەرگرت، دوو خاچە ئاسنینەکەی سەر سینگی توووند کردنەوە، هەستا، بە بێ چەک لە پشت مێزەکەوە هاتە دەرێ، هاتە بەردەمی من و گوتی: " سوکولوف، تۆ پیاوێکی ئازا، سەربازێکی ڕاستەقینەی ڕووسیت. منیش سەربازم و ڕێزی ئازایەتی دژمن دەگرم، ناتکوژم، بە تایبەتی کە هێزە قارەمان و نەبەزەکانمان ئەمڕۆ گەیبیونەتە ڤۆلگا و ستالینگرادیان بە تەواوەتی گرتووە. دیارە ئەمە بۆ ئێمە مژدە و هەواڵێکی خۆشە، بەم بۆنەیەوە لە گیانت خۆش دەبم و ناتکوژم. ئێستا بۆ بلۆکەکەی خۆت بڕۆرەوە. چونکە کەسێکی نەترسیت، ئەمە وەکو دیاری من ببە. " ئەوسا نانێک و پارچەیەک گۆشتی بەرازی دامێ.

نانەکەم توووند بە سینگمەوە گووشی و بە دەستی چەپ گۆشتەکەم هەڵگرت. بە جۆرێک سەرم لەم هەڵوێستە چاوەنۆڕ نەکراوە سوڕما کە لە بیرم چوو سوپاسی بکەم. وەر سووڕامەوە و بەرەو دەرگاکە چووم، لە دڵی خۆدا دەمگوت: " هەر ئێستا لە دواوە نیشانەم لێدەگرێتەوە، فریا ناکەوم ئەم شتە خۆشانە بگەیەنمە هاوڕێکانم. " بەڵام تەقەی لێنەکردم. ئەمجارەش سێبەری مەرگ بە سەرما تێپەڕی، من تەنیا هەستم بە کزە ساردەکەی مەرگ کرد..

بە سەلامەتی و بە بێوەی لە ژوورەکەی فەرماندە وەدەر کەوتم. گەییمە ناو حەوشەکە، هەستم بە قورسی سەرم کرد، کە گەییمە بلۆکەکەی خۆمان کەوتم بە سەر ئەرزە چیمەنتۆ کراوەکەدا و لە خۆ چووم. کاتێ هاوڕێیان بێداریان کردمەوە هێشتا شەو بوو. داوایان لێکردم حاڵ و حیکایەتەکەیان بۆ بگێڕمەوە. ئەو ڕووداوانەم کە لە ژوورەکەی فەرماندە ڕوویان دابوو، بیر کەوتنەوە و بۆم گێڕانەوە. ئەو هاوڕێیەی کە جێگاکەی لە تەنیشت جێگاکەی منەوە بوو، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی: " ئەم نان و گۆشتە چۆن دابەش بکەین؟ " گوتم: " بە یەکسانی بە سەر هەمووانا دابەشی بکەن " . چاوەڕوانمان کرد تا دنیا ڕوناک بووەوە. بە داوە دەزوویەکی قایم، نان و گۆشتەکەمان بڕی. هەر کەسەمان بە ئەندازەی قاوغە شقارتەیەکمان پێ بڕا. یەک تۆزقاڵیشمان بە فیڕۆ نەدا. بەڵام گۆشتەکە هێندە کەم بوو، بەشی پڕ کردنەوەی دانێکی کلۆری نەدەکرد، بەڵام وێڕای ئەوەش کەسمان مەغدوور نەکرد، ئەویشمان بە یەکسانی دابەشکرد.

دوای ماوەیەکی کەم، سێ سەد کەسیان، لە بەهێزترین ئەسیرانی کەمپ و ئۆردووگاکە هەڵبژارد و بردیانین بۆ پڕکردنەوە و وشک کردنی زەلکاو و مرداوێک، پاشان بۆ کانە بەردەکانی " رور " یان بردین کە من تاساڵی ١٩٤٤ لەوێندەر مامەوە. لەو سالەدا ڕووسەکان گوێی ئەڵمانیەکانیان با دابوو، پاشەکشەیان پێکردبوون، ئیدی فاشییەکان پۆزیان بە سەر ئەسیرەکانا لێنەدەدا.

ڕۆژێک هەمووەمانیان ڕیز کرد، ملازم ئەوەڵێک هات، لە ڕێگەی دیلمانجێکەوە گوتی: " کێ لە سوپادا یا لە ژیانی مەدەنیدا شوفێر بووە لە ڕیز بێتە دەرەوە. " حەوت کەس لە کۆنە شوفێران لە ڕیز هاتینە دەرێ. سەر و دەست جلی کۆنیان دایێ و بە چاودێری پاسەوانانەوە بۆ بوتسدامیان بردین. لەوێ هەر یەکەیان بۆ لایەک ناردین. من بەر دەزگای دروستکردن و ئاواکردنەوەی ڕێگا و بان و مەتەڕیز و سەنگەرانی ئەڵمانی کەوتم. بووم بە شوفێری ئەفسەرێکی ئەندازیار بە پلەی مێجەر. ئوتومبێلێکی " ئۆپڵ - ئەدمیرال " یان دایە دەستم. خودایا ئەو کابرا فاشییە چەند قەڵەو بوو! کورتە باڵا، ورگن، پانی و درێژی لێکدی جیا نەدەکرایەوە. سمت و کەفەڵی ئەوەندە گەورە بوو، لە دواوە لە ژنی نازدار دەچوو. ئیدی چەناگەی سێ چین بە سەر جلە عەسکەرییەکانیەوە شۆڕ بووبووەوە. پشتە ملی سێ چین نیشتبووە سەر یەک، یەکپارچە غەز و بەز بوو. کە ڕێی دەکرد وەکو قیتار دەیفیشکاند، کە دەکەوتە سەر خواردن وەکو کەمتیار ملی پێوە دەنا، بە درێژایی ڕۆژ دەمی دەجوولا، تەنیا ئەو کاتە دەمی دەوەستا کە بیویستبا قومێک کۆنیاک لە زەمزەمیەکەی بخواتەوە. هەندێجار منیش شتێکی کەمم پێدەبڕا. کە لە ڕێگادا دەوەستاین، یان بۆ ماوەیەک لاماندەدا، تۆزێک سوسیچ و پەنیری دەبڕی و دەیخوارد و چەند قومێک کۆنیاکی بە سەرا دەکرد. خۆ ئەگەر بە مجێز و سەرحاڵ بوایە، پارچەیەک سوسیچی، چۆن بۆ سەگ هەڵدەدرێ، بۆ من هەڵدەدا، قەت هیچ شتێکی بە دەست بە من نەدەدا. خۆی بە گەورە دەزانی، ئەو کارەی بە شەرم دەزانی. بەهەر حاڵ وێڕای هەموو ئەوەش، ڕەوشی من زۆر لەو کاتەم باشتر بوو کە لە کەمپەکە بووم. بەرەبەرە خەریک بوو دەبوژامەوە و ڕەنگی بەشەرم دەگرتەوە. ڕەوشم بەرەو باشی دەچوو.

دوو دانە هەفتە بوو لە نێوان بەرلین و بوتسدامدا هاتوچۆم بە مێجەر دەکرد. پاشان گواستیانەوە بۆ هێڵەکانی بەرەی پشتەوە تا سەنگەر و مەترەلۆزان لە دژی

جەماعەتی ئێمە ( ڕووسەکان ) دروست بکات. لەو سەڕ و بەندەدا، خەو لە چاوانم تارا، شەو تا بەیانی بیرم لەوە دەکردەوە چۆن هەڵێم، خۆم بگەیەنمەهاوسەنگەرانی خۆمان و بۆ وڵات بگەڕێمەوە.

دوای ماوەیەکچووین بۆ شاری پولوتسک. لە بەرەبەیانا گوێم بە دەنگی تۆپی ڕووسی زرینگایەوە، ئەمە یەکەمجار بوو لە ماوەی دوو دانە ساڵدا گوێم بە دەنگی مەترەلۆزی ڕووسی بزرینگێتەوە... دەزانی هاوڕێ چەند دڵم بەو دەنگە خۆش بوو، لە گوێی منا دەنگ نەبوو، بەڵکو موزیقا بوو. باوەڕ بکە، وەختایەک کە گەنج بووم و دەچوومە ئاشقێنی لە گەڵ ئەرینا دا، دڵم بە ئاوایە لێی نەدەدا. شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی بولوتسک گەرم بوو، نزیکەی هەژدە کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوور بوو. ئەڵمانیانی دانیشتووی ئەم شارە زۆر نیگەران و ناڕەحەت بوون. فیلەکەی لە مەڕ منیش، پەیتا پەیتا دەیخواردەوە، سەری کردبووە خواردنەوەیەکی سەیر. بە ڕۆژەوە بە ئۆتومبیل بۆ دەرێی شارم دەبرد، چەند نەخشە و پلانێکی بۆ دروست کردنی سەنگەر و مەتەڕێزان دادەنا، شەوێ بە تاقی تەنیا دادەنیشت و سەری دەکردە مەی خواردنەوە، جەستەی دەئاوسا و ژێر چاوانی بای دەکرد...

لە دڵی خۆدا دەمگوت: " دەیسا هەڵە، چاوەڕوانی بەسە، وەختی هاتووە. لێ نابێ هەر خۆم هەڵێم، دەبێ ئەم فیلەتەنەش لەگەڵ خۆدا بەرم، لەوەیە لەوێ بە کەڵکمان بێت. "

لە نێو کەلاوەکانا ئاسنێکی دوو کیلۆگرامیم دۆزییەوە، لە پارچە پەڕۆیەکمەوە پێچا، تا ئەگەر ویستم بە سەری فیلەکەمیا بکێشم خوێنی لێنەیەت و پاشان لە ڕێگادا هەندێک وایەری تەلەفۆنم دۆزییەوە، ئەویشم هەڵگرت. هەرچییەکم پێویست بوو، لە ژێر کوشنەکەی پێشەوەم شاردەوە. دوو ڕۆژ بەرلەوەی ئەڵمانیا بە جێ بێڵم بەڕێوە بووم بۆ بەزین تێکردن، لە ڕێگادا چاوم بە عەریفێکی ئەڵمانی کەوت کە فوول سەرخۆش بوو، بەلادا دەهات، وەکو بەراز خۆی بە دەر و دیوارا دەدا. ئۆتومبیلەکەم ڕاگرت و یارۆم هەڵگرت، بردم بۆ کەلاوەیەک، جلە عەسکەرییەکانم لە بەری داکەند، کڵاوەکەیم داکەند، هەموو ئەو شتانەم لە ژێر کوشنەکەی پێشەوە تاقەت کرد و پێم پێوە نا و ڕۆیشتم.

بەیانی ٦/٢٩ جەنابی مێجەر ئەمری کرد کە بۆ دەرێی شار، بۆ دەڤەری تروسنیتسای بەرم، کە لەوێ سەرپەرشتی هەندێک سەرنگەر و مەتەڕێزانی دەکرد

کە لە حاڵی دروستکردنا بوون. بە ڕێکەوتین. مێجەر، لە سەر کوشنەکەی دواوە ڕۆنیشتبوو و وەنەوزی دەدا. لێ من، دڵم خەریک بوو لە سینەمەوە دەردەهات. لە هەوەڵەوە زۆر بلەز دەرچووم، لێ کە لە شاروەدەر کەوتم، هێواشم کردەوە. ئەوسا وەستام. لە ئوتومبیلەکە دابەزیم، بە وردی ڕوانیمە دەوروبەرم، لە دووری دوورەوە دوو ترێلە ( کامیون ) بە ئەسپایی لە دوامەوە دەهاتن. من پارچە ئاسنەکەم هەڵگرت، دەرگای ئوتومبیلەکەم خستە سەر گازی پشت. یارۆی فیلەتەن، لە غورابی خەوا بوو، بە جۆرێ دەیپرخاند وەکو ئەوەی خەو بدینێ و لە خەویا لە باوەشی ژنەکەیدا بێ، بەڵێ، پارچە ئاسنەکەم بە لاجانگی چەپیا کێشا. سەری بە سەر سینگیا خوار بووەوە. بۆ دڵنیایی زیاتری خۆمیەکێکی دیکەشم پێیدا کێشا. لێ بە قەستی کوشت لێم نەدا، دەمویست بە زیندوویەتی بیگەیەنمە لای جەماعەتی خۆمان، بتوانێ دوو قسەی بە سوود بۆ جەماعەتی خۆمان بکات. دەمانچەکەیم لە کیفەکەی دەر هێنا و خستمە گیرفانی خۆم.

شیشێکم خستە پشت کوشنەکەی دواوە، وایەری تەلەفۆنەکەم لە ملی فیلەتەنەکە کرد و بە شیشەکەی دواوەم بەستەوە. تا ئەگەر پێم بە بەنزینا نا بە لایا نەکەوێ یان نەکەوێتە ناو ئوتومبیلەکە. ئەوجا جلە عەسکەرییەکانی یارۆی عەریفم لە بەر کرد، کڵاوەکەیم لە سەر خۆم نا، ئەوسا بە تووندی بەرەو ئەو ئاقارەم ئاژووت، کە ئەرزەکە لە ژێر تۆپبارانا دەلەرییەوە. بە هەمان تووندی بە بەینی دوو سەنگەری ڕەشاشانی هێڵەکانی پێشەوەدا ڕەت بووم. چەند تفەنگدارێک لە سەنگەر و مەتەرێزرکانەوە هاتنەدەرێ. بە ئانقەست هێواشم کردەوە، تا بە چاوی خۆیان بدینن کە من شوفێری بابایەکی مێجەرم و بۆ جەولەی دەبەم. سەربازەکان کە منیان بینی کەوتنە دەستهەڵتەکاندن و هاوار وەکو ئەوەی پێم بڵێن لەوە زیاتر نەڕۆم و ئەو ڕێگایە قەدەغەیە، بەڵام من خۆم لە گێلی دا و وام نواند کە لە قسەکانی وان حاڵی نەبووم. بە سورعەتی هەشتا پێم پێوە نا و بەرەو شەڕگەم ئاژووت. پێش ئەوەی ئەوان وەخۆ بێنەوە و تەقەم لێبکەن، من لە قەمچی گوللەی وان دەرچووم و وەکو کەروێشک بەناو چاڵ و چۆڵی شوێن تۆپاندا، قەڵەمبازم دەدا.

ئەڵمانەکان لە دواوە دەستڕێژیان دەکرد، هاووەڵاتیانی منیش لە بەرانبەرەوە بە تووڕەیی وەڵامیان دەدانەوەو جامەکەی پێشەوەیان لە چوار شوێنەوە کون کرد... ڕادێتەرەکە... بەڵام جەنگەڵێکی بچووک و قامیشەڵانێکم لەو نزیکانەوە بە قەراخ

دەریاچەکەوە بەدی کرد، جەماعەتی ئێمە بە ڕاکردن دەهاتن، بە هەر حاڵێک بوو ئوتومبیلەکەم گەیاندە ئەوێندەر، دەرگاکەیم کردەوە، خۆم بە سەر ئەرزەکەدا دا و کەوتمە ماچ کردنی. برادەر باوەڕ بکە خەریک بوو هەناسەم لە بەر دەبڕا..

یەکەم کەس کە گەییە سەرم، گەنجێک بوو کە چاکەتێکی کەتافیەداری خاکی لە بەر بوو- پێشتر ئەو مودیلە جلەم نەبینی بوو- هاواری لێکردم: " ئەی ئەڵمانی وا دیارە ڕێگەت گوم کردووە، وانییە؟ " لێ من جلە ئەڵمانییەکەم داکەند، کڵاوەکەم فڕێ دایە ژێر پێم و پێم گوت: " نە گیانەکەم نا، نە کوڕی قۆز نا، بۆچی بە ئەڵمانیم دەزانی، من لە فورونیچ لە دایک بووم. من لە ئەسیرییەوە هەڵاتووم، تێدەگەی؟ باشتر وایە ئەو بەرازەی ناو ئوتومبیلەکەم بۆ بکەیتەوە، جانتاکەی بەرەو و من بەرە بۆ لای ئەفسەر و فەرماندەکەتان. "

دەمانچەکەشم ڕادەست کرد، بەم جۆرە ئەم دەست و ئەو دەستیان پێکردم شەوێ گەیاندمیانە لای سەرهەنگ ( کۆلۆنێل )ەکەیان- فەرماندەی لەشکر. پێشتر خواردنی باشیان دابوومێ، بۆ گەرماویان بردبووم، جلێکی سوپایی تازەیان دابوومێ و جسوجۆیان لەگەل کردبووم و هەرچی زانیاریەکم لە لا هەبوو دابوومنێ. ئیدی بە ڕەوش و وەزع و حاڵێکی باشەوە چوومە لای کۆلۆنێل. کە کۆلۆنێلەکە چاوی پێم کەوت یەکسەر هەستا و بەرەو پیرم هات، باوەشی پێدا کردم، بە بەرچاوی هەموو ئەفسەرەکانییەوە ماچی کردم و گوتی: " سوپاس بۆ تۆ ئەی سەرباز، سوپاس بۆ ئەم دیارییە ئەڵمانییەی کە بۆت هێناوین، ئەم مێجەرە و جانتاکەی بە ئەندازی بیست دیل بۆ ئێمە گرینگە، پێشنیاز دەکەم میدالی شانازیت پێ بدرێ. "

بەڵام قسە خۆشەکانی و ئەو لوتفەی لە گەڵ مندا نواندی بە ڕادەیەک کاری لە ناخم کرد و هەژاندمی، لێوەکانم کەوتنە تەتەڵە کە بە زەحمەت بڵێم: " هاوڕێ کۆلۆنێل، تکات لێدەکەم، فەرمان بدە با لە یەکێک لە یەکە پیادەکاندا دام بنەن ".

لێ کۆلۆنێل پێکەنی، دەستی بە شانمدا دا و گوتی: " تۆ خۆت بە پێوە ناگری، ئیدی چۆن دەتوانی بەشداری شەڕ بکەی! ئەمڕۆ بۆ خەستەخانەت دەنێرم، بەڵکو لەوێ چارەسەرت بکەن، تێر نان و خواردنت بکەن و پاشان بۆ ماوەی یەک مانگ مادوونیت بدەنێ و بۆ لای کەس و کارت بڕۆیتەوە. پاشان کە هاتیتەوە لە شوێنێکت دادەنەین."

ئیدی خودی کۆلۆنێل تەوقەی دەگەڵ کردم، و بەڕێی کردم، ئەفسەرانی دیکەی ناو پەناگاکەش تەوقەیان لەگەڵ کردم، کە لە لای کۆلۆنێل وەدەرکەوتم دڵم زۆر خۆشبوو، چونکە بە درێژایی ئەو دوو ساڵەی لە ئەسارەتدا بە سەرم بردبوو، مامەڵەی بەشەرم لە گەڵدا نەکرابوو. باوەڕ دەکەی برادەر تا ماوەیەکی زۆریش کاتێ دەگەڵ یەکێک لە بەرپرسەکانما قسەم دەکرد، سەرم دەخستە نێوان هەر دوو شانم، وەکو ئەوەی بترسم یارۆی بەرپرس بیەوێ مستێک بکێشێت بە تەپڵی سەرما. بەڵی لە ئۆردوگاێن فاشیستەکاندا وایان فێر کردبووین...

هەرکە گەییمە خەستەخانە یەکسەر نامەیەکم بۆ ئەرینا نووسی، بۆم ڕوونکردەوە کە دیل و ئەسیر بووم و مێجەرێکی ئەڵمانیم ڕفاندووە و هەڵاتووم، هەروەها نەمتوانی خۆم بگرم و باسی میدالەکەشی بۆ نەکەم، بە هەمان سۆز و گوداز و شانازیمنداڵێکی بچووکەوە، باسی ئەوەشم بۆ نووسی کە جەنابی کۆلۆنێل پێشنیازی کردووە کە میداڵم بدەنێ..

دوو هەفتەی تەواو ئیش و کاری من هەر خواردن و خەوتن بوو. لە سەرەتاوە خواردنی کەمیان دەدامێ، چونکە دکتۆر گوتبووی ئەگەر ڕێگەم بدەن بە ئارەزووی خۆم نان بخۆم لەگینە بمرم. زۆر بە چاکی بەرەو چاکبوونەوە و بوژانەوە دەچووم. کەچی دوای دوو هەفتە ئارەزوو و ئیشتیای خواردنم نەما. وەڵامی نامەکەم بۆ نەهاتەوە. لێتی ناشارمەوە ئەم بێدەنگی و وەڵام نەدانەوەیە تەواو نیگەرانی کردم، ئارەزووی خواردنی کوشتم، خواردن و خەوی نەهێشتم. خەیاڵ و ئەندێشەێن شووم ڕۆحی ئازار دەدام، مێشکی جەنجاڵ کردبووم... هێشتا هەر لە خەستەخانە بووم، هەفتەی سێیەم لە فورنیچەوە نامەیەکم پێ گەیی. نامەکە هی ئەرینا نەبوو، هی کابرایەکی دارتاشی دراوسێمان بوو بە نێوی ئیڤان تیموفیفیچ. یاخوا دژمنیشت نامەی وای بۆ نەیەت!... کابرای دارتاش لە نامەکەیدا نووسی بووی لە مانگی ١٩٤٢/٦ دا ئەڵمانەکان، سەنگەرەکانی هێزی هەواییان تۆپباران کردووە و تۆپێکی گەورە سەری کردوە و ڕێک بەرکولبەکەی من کەوتووە و لەو کاتەدا ئەرینا و هەر دوو کیژەکەم لە ژوورەوە بوون. نووسی بووی بچووکترین شوێنەواری ئەرینا و منداڵەکانیان نەدۆزیوەتەوە و شوێنی ماڵەکەم بووە بە چاڵێکی قووڵ... نەمتوانی نامەکە تا کۆتایی بخوێنمەوە، دنیا لە بەرچاوم تاریک بوو، دڵم گوشرا، لە سینەمدا گرمۆڵە بوو، هەستم دەکرد بە جۆرێ گرمۆڵە بووە، کە جارێکی دی هەرگیز

ناکرێتەوە. لە سەر قەرەوێڵەکەم پاڵکەوتم، پاش ئەوەی کەمێک وەخۆ هاتمەوە، دووبارە دەستم بە خوێندنەوەی نامەکەم کردەوە. دراوسێکەمان نووسی بووی کە ئاناتولی لە کاتی تۆپبارانەکەدا لە شار بووە و ئێوارێ کە هاتووەتەوە و چاوی بەو چاڵە کەوتووە، هەر ئەو ئێوارەیە بۆ شار گەڕاوەتەوە، بەرلەوەی بڕوات بە دراوسێکەمانی گوتووە، دەڕوات خۆی بۆ شەڕگە ناونووس دەکات.

وەختایەک بڕێک ئارام بوومەوە و دڵم بە سستی کەوتەوە لێدان و هەستم کرد خوێن لە دەمارەکانما کەوتەوە جوولە، دیمەن و شین و گریەی ئەرینای داماوم بیرکەوتەوە کە بە چ داخ و کەسەرێکەوە لە وێستگەکە بەڕێی کردم. تۆمەز لەو ساتەوە دڵی ئەو ژنە خەبەری دابوو کە جارێکی دی لەم دنیادا یەکدی نابینینەوە. ئەو ڕۆژە من زۆر دڵڕەقانە دەڵەکم دا و لە خۆمم دوور خستەوە... بەڵێ ڕۆژێ لە ڕۆژان خانەوادەم هەبوو، خانوویەکم هەبوو، کە ساڵانێکی زۆر ڕەنجم بە دروستکردنیەوە کێشابوو، کەچی ئەوەی من بە ساڵانێکی زۆر پێکەوەم نابوو، لە چاو تروکانێکا لە بەین چوو، نەما و بە تاقی تەنیا مامەوە، خۆم و سێبەرەکەم. لە دڵی خۆدا دەمگوت: " لەوەیە ئەم ژیانە قەحپەیەی من، تەنیا خەونێکی ناخۆش و ترسناک بووبێ. " ئاخر من بە درێژایی شەوانی خەمناکی ئەسارەت، لە ئۆردووگادا، لە تاریکی و خامۆشیدا، قسەم دەگەڵ ئەرینا و منداڵەکاندا دەکرد، ورەم بەرز دەکردنەوە و بەردەوام پێم دەگوتن: " خەمتان نەبێ، ئازیزەکانم. من کەسێکی بەسەبر و هەدارم، دەگەڕێمەوە. جارێکی دی یەک دەگرینەوە " ... ئەنجام دەرکەوت تومەز من بە درێژایی ئەم دوو ساڵە، لە گەڵ ئازیزە مردووەکانما قسەم کردووە.

کابرای تۆکمە ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، ئەوسا لە بن لێوانەوە بە دەنگێکی نەوی گوتی:

- هاوڕێ با جگەرەیەک پێبکەین، من خەریکە دەخنکێم.

جگەرەکانمان پێکرد، شنە بایەکی گەرم، پەلکی وشکی دار توسکاکانی ( توسکا: دارێکی کێوییە لە شوێنانی نمسار و گوێ ڕووباراندا دەڕوێت، گەڵاکانی بڕێک پانە، توێکڵەکەی قاوەییە و دارەکەی ئاماڵ سوورە.) دەلەرانەوە. هەوران وەکو چارۆکەێن پڕ با، بە ئاسمانی شینا دەسووڕانەوە. لێ لەو ساتە بێدەنگییە خەمناکەدا، دنیا کە خۆی بۆ پێشوازی بەهار ئامادە دەکرد و خەریک بوو درێژەی بە ژیانی جاویدانی

خۆی دەدا، لەبەر چاوی من ڕەوشێکی دیکەی پەیدا کرد، بەو شێوەیەی تۆزێک لەوەپێش نەبوو.

بێدەنگییەکەم بەلاوە قورس بوو، پرسیم: " ئێ، پاشان چی ڕووی دا؟ " هاوڕێکەم، بەوپەڕی بێتاقەتی گوتی:

- پاشان؟ یارۆی کۆلۆنێل مۆڵەتی یەک مانگی دامێ. دوای یەک هەفتە گەییمەوە فورونیچ، بە هەر گیانە سەرییەک بوو خۆم گەیاندە ئەو شوێنەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە گەڵ ژن و منداڵەکانما لەوێ دەژیام: چاڵێکی قووڵی پڕ لە قوڕ و سیان، پڕ لە چڵکاو، گیا و زەلی بە دەورا ڕووابوو، تا ناوقەدی زەلام بەرز بووبووەوە. هەموو لایەک کڕ و کپ، مات و خامۆش لە گۆڕستان دەچوو. بەم دیمەنە زۆر نیگەران بووم. لەوێ وەستام، ڕۆحم ڕوندکی هەڵدەڕشت و یەک بە خۆی دەگریا. ئەوسا بە پەلە و ڕێ و ڕێ بۆ وێستگەکە گەڕامەوە، هەر ئەو ڕۆژە سواری قیتار بووم و بۆ لەشکرەکەی خۆم گەڕامەوە.

دوای سێ هەیڤان، وەکو چۆن خۆر لە ناکاوا، لە بەینی هەورانەوە سەر دەر دێنێ، بەو ئاوایە تروسکە شادی، ژیانی ڕوناک کردمەوە، هەواڵی ( ئاناتولی )م زانی، ئاناتولی لە بەشێکی دیکەی شەڕگەوە نامەی بۆ ناردم. دیاربوو ئەدرەسەکەمی لە ئیڤان نیموفیفچی دراوسێمان وەرگرتبوو. دایار بوو چووە قوتاخانەی تۆپخانە و بە حوکمی ئەوەی لە واری بیرکاری و ماتماتیکا زیرەک بوو، دوای ساڵێک بە سەرکەوتوویی بەشی ناوبراوی تەواو کردبوو و بۆ بەرەی شەڕیان ناردبوو. بە نامەکەیا دیار بوو کە پلەی مێجەری هەبوو و ڕێبەری تۆپخانەیەکی عەیارە چل و پێنجی دەکرد، شەش نیشان و میداڵی وەرگرتبوو. لە هەموو ڕوویەکەوە پێش بابی، واتا منی دابووەوە، ئەمە زۆر دڵی خۆشکردم. تۆ هەرچییەک دەڵێی کەیفی خۆتە، بەلام گاڵتە نییە پیاوێک کوڕێکی هەبێ مێجەر بێ، شەش میداڵی وەرگرتبێ و فەرماندەی تۆپخانەیەکی گەورە بێت، ئەمە هەر بە دەم ئاسانە! کوڕی باوکێک کە بە لۆری (ستودبایکەر) جۆرەها تۆپ و هاوەن و تەقەمەنی، بۆ بەرەکانی شەڕ دەگوازێتەوە و بە هیچ جۆرێ دەگەڵ کوڕە مێجەرەکەیا، کە ئایندە بە دەمییەوە پێدەکەنێ، بەراورد نەکرێت..

بەوجۆرە شەوانە خەونی خۆشم دەبینی. لە دڵی خۆدا بە شادییەوە دەمگوت دوای جەنگ ژن بۆ کوڕەکەم دێنم، بۆ خۆم دەچم لە ماڵی ئەوا، لە لای ئەو و ژنەکەی

دەژیم. بۆ خۆم بە دەم سووکە دارتاشییەکەوە، چاودێری و سەرپەرشتی نەوەکانم دەکەم... بەڵێ ئەمە خەون و خەیاڵاتی بابایەکی پیرەمێرد بوو. بەڵام ئەم خەیاڵ پڵاوەشم کەڕووی هەڵێنا. بە درێژایی زستان هەر لە هێرش کردنابووین، ئەوەندە سەرقاڵ بووین، فریا نەدەکەوتین نامەش بۆ یەکدی بنووسین، لێ لە ئاخر و ئۆخری جەنگدا، ڕێک لە نزیکی بەرلین، بەیانییەکی زوو نامەیەکم بۆ ئاناتولی نارد، بۆ سبەینێ وەڵامم بۆ هاتەوە. دیار بوو من و ئەو لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە چووبووینە پایتەختی وڵاتی ئەڵمانیاوە و زۆر لە یەکدییەوە نزیک بووین. بە تاسەوە چاوەڕوانی دیداری یەکمان دەکرد. بەڵێ بە دیداری یەک گەیشتین، بەڵام چۆن دیدارێک... بەڵێ بەیانی ٥/٩ ، بەیانی ڕۆژی سەرکەوتن، ئاناتولی من، ئاناتولی کوڕم ، بە دووره گوللەی سەگڤانێکی ئەڵمانی کوژرا..

دوای نیوەڕۆ، فەرماندەی سریەکەم لە دووی ناردم. کۆلۆنێلێک لە کۆلۆنێلەکانی تۆپخانەی لەلا بوو کە من نەمدەناسی. کە وەژوور کەوتم، بەرزە پێ لە بەرم هەستا وەکو ئەوەی من سەرۆک و فەرماندەی ئەو بم، فەرماندەی سریەکەم گوتی: " سوکولوف، ئەم برادەرە بۆ لای تۆ هاتووە. " ڕووی وەرگێڕا و چوو بۆ بەر پەنجەرەکە. لە پڕ وەکو یەکێک تەزوویەکی کارەبای پێدابێ، بەو ئاوایە ڕاجفریم، چونکە دڵم خەبەرێکی ناخۆشی دامێ. یارۆی کۆلۆنێلی تۆپخانەکە لێم هاتە پێشەوەو بە دەنگێکی نەوی چپە ئاسا گوتی: " بابۆ، هەدارت بێ، کوڕەکەت، مێجەر سوکولوف ئەمڕۆ لە ناوەندی تۆپخانەکەی خۆیدا کوژرا. فەرموو لە گەڵ منا وەرە. "

لاقم کەوتنە لەرزین. بەلادا هاتملێ نەکەوتم. ئێستاشئەو ڕۆژەم وەکو خەون لەبەر چاوە، لەگەڵ کۆلۆنێلدا سواری ئوتومبێلە گەورەکەی بووین و بە ناو جادە وێرانەکانی شار کەوتین. ئێستاش وەکو خەونێکی ئاڵۆز لەبەر چاومە، کە چۆن سەربازان بە دیار جەنازەکەی ئاناتولییەوە بەڕیز وەستابوون، جەنازەکە لە مەخمەڵێکی سوورەوە پێچرابوو و تابووتەکەی لە ژێر گوڵا دیار نەبوو. وەکو چۆن ئێستا تۆ دەبینم، هێشتاش بەو ئاوایە ئاناتولی دەبینم برادەر.

لە تابووتەکە نزیک بوومەوە، ئەوم بینی، هەم کوڕەکەی من بوو هەم ئەو نەبوو! کوڕەکەی من، گەنجێکی باریکەلە بوو، قورتمی بە سەر ملە باریکەکەیەوە، زەق دیار بوو، بزەیەکی بەردەوام بە سەر لێوەیەوە بوو. بەڵام ئەو پیاوەی ناو تابووتەکە، چاوەکانی بە تەواوەتی نە نووقابوون، لە تۆ وایە تەمەشات دەکات،

نازانم تەمەشای کوێی دەکرد، تەمەشای شوێنێکی دووری دەکرد. کوڕێکی قۆزی ناوشان پان بوو، بزەیەک بە لا لێوییەوە بوو کە لە بزەکەی منداڵی تولکا ( تولکا: سووکەڵە ناوی ئاناتولییە ) دەچوو...

بەڵێ، ئاناتولی کوڕی من بوو... ماچم کرد و لە لایەکەوە وەستام. هاوڕێکانی کوڕەکەم چاوی خۆیان دەسڕی. لێ من چاوەکانم وشکیان کردبوو، فرمێسکیان لێ نەدەهات، وادیارە فرمێسکەکان لە دڵما قەتیس مابوون، جەمەدی بوون، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ کە تا وەکو ئێستاش دڵم دەیەشێت.

من لەوێ، لە خاکی غەریبی و بێگانەی ئەڵمانیادا، کوڕەکەم بە خاک سپارد کە دوا شادی و دوا ئومێدی من بوو. سریەی تۆپخانە بە بۆنەی بە خاک سپاردنی فەرماندەکەی خۆیەوە، بە ناوی مالاوایییەوە چەندین گوللە تۆپی تەقاند و من هەستم کرد شتێک لە ناخما هەرەسی هێنا... وەختێ بۆ یەکەکەی خۆم گەڕامەوە، ئاسایی نەبووم. زۆر پەرێشان بووم. دوای ماوەیەک لە خزمەتی سوپایی مەعاف بووم. لێ نەمدەزانی بۆ کوێ و بۆ لای کێ بڕۆم. بۆ فورونیج؟ بۆچی بۆ ئەوێندەر بڕۆم؟! بیرم کەوتەوە کە هاوڕێیەکی دڵسۆز و باشم هەبوو، کە لە زستانا بە هۆی بریندار بوونەوە لە خزمەتی سەربازی مەعاف کرا، لە شاری ئوریوپینسک دەژیا، جارێک دەعوەتی کردبووم کە بڕۆم بۆ ئەویندەر، بە هەرحاڵ کە ئەمەم بیرکەوتەوە، کەمێک بیرم ڕەحەت بوو و یەکسەر چووم بۆ لای ئەو. هاوڕێکەم و ژنەکەی منداڵیان نەبوو. لە قەراخ شار و لە خانوویەکی بچکۆلەدا دەژیان. ئیدی هاوڕێکەم هەرچەند نوقستان بوو، بەلام لە گەراجێکدا کاری شوفێری دەکرد، بە ترێلە باری دەگواستەوە، منیش لەو گەراجە دامەزرام، بەهەر حاڵ لە ماڵی برادەرەکەما مامەوە و ژوورێکیان دامێ. لە سەرەتاوە بارمان بۆ ئاوایی و شارۆچکەکانی دەوروبەری شار دەگواستەوە. لە پاییزا کەوتمە گواستنەوەی دانەوێڵە. لەو سەرو بەندەدا کوڕی دووەمم دۆزییەوە، هەمان ئەو کوڕەی کە دەبینی لەوێ لەو لمەلانەدا، لمبازی دەکات.

هەندێجار، پیاو کە لە ڕێگایەکی دوورەوە دێتەوە، هیلاک دەبێ، برسی دەبێ، لە خوارنگەیەک لا دەدات و پاروویەک دەخوات و بۆ ئەوەی ماندوویەتی دەربچێت هەندێجار پێکێک ڤۆدگاشی بەسەرا دەکات. من ئەو کاتانە خووم بەو کارە خراپەوە گرتبوو.. و لەزەتم لێی دەبینی... ئیدی ڕۆژێک ئەم کوڕەم لەبەر خوارنگەیەکەدا

بینی، ئەوسا بۆ ڕۆژی دواییش هەر لەوێدا بینیم، جلێکی شڕ و شەپڕێوی لەبەر بوو، دەم و چاوی پیس، هەر تەپ و تۆز و شیلەی کاڵەک و شووتی بوو، چەپەڵی لە سەر و ڕووی دەباری، قژی لوول و ئاڵۆزکاو و ، لێ چاوەکانی وەکو ئەستێرەی ئاسمانێکی سافی پاش بارانێکی زۆر دەدرەوشانەوە! لە ڕادەبەدەر خۆشیم بەم منداڵە بەدبەختەدا چوو. هەموو ڕۆژێ بە پەلە دەچووم بۆ سەر کارەکەم، تا لەو سەرەوە زوو بگەڕێمەوەو ئەم منداڵە ببینم- ئەمە شتێکی سەیر نییە؟ ئەم بەستەزمانە لەبەر خوارنگەکەدا، بەو بەرماوانە سکی خۆی تێر دەکرد کە خەڵکی دەیاندایە.

ڕۆژی چوارەم لە مەزراکەوە هاتم، ترێلەکەم پڕ بوو لە گەنم. لە بەر خوارنگەکەدا ڕامگرت، ئەم کوڕەم بینی کەلە سەری سەرەوەی پلیکانەکە دانیشتبوو و لاقە چکۆلەکانی ڕادەژەند، شوێنەواری برسیەتی بە چاوانیەوە دیار بوو، لە جامی کامیۆنەکەوە سەرم دەرهێنا و بانگم کرد: " ئەهای ڤانیا خێرا سەرکەوە! دەڕۆین بۆ دەرێی شار، بارەکەم لە باراندازی دانەوێڵە دادەگرم و پاشان دەگەڕێینەوە و پێکەوە نان دەخۆین "

بە بانگەکەی من ڕاچڵەکی، بە غاردان لە پلیکانەکانەوە هاتە خوارەوە، بە پەیژەی کامیۆنەکەدا سەرکەوت و بە چپەوە گوتی: " هاپۆ، چۆنت زانی من ناوم ڤانیایە؟ " بەچاوە چکۆلە و گەشەکانی دەیڕوانییە من و چاوەڕوانی وەڵامی من بوو. وەڵامم دایەوە کە من لەو خەڵکە دنیا دیدە و بە ئەزموونانەم کە هەموو شت دەزانن.

کوڕەکە چوو بۆ لای دەرگای دەستە ڕاستی ئوتومبیلەکە، دەرگاکەم بۆ کردەوە و لە لای خۆمەوە دامنشاندوکەوتمەڕێ. کوڕەی تاین زۆر بزێو بوو، لێ هەندێجار لە ناکاوا بێدەنگ دەبوو، لە فکران ڕادەچوو و پاشان لە ژێر برژانگە درێژ و هەڵگەڕاوەکانیەوە لە منی دەڕوانی و ئاهێکی هەڵدەکێشا، ئەم چۆلەکە بچووکەش دەزانێ ئاهان هەڵکێشێت! ئەم تەمەنە هی ئاە هەڵکێشانە؟ لێم پرسی: " ڤانیا بابت لە کوێیە؟ " بە ئەسپایی گوتی: " لە شەڕا کوژراوە " . " ئەدی دایکت؟ " گوتی: " ڕۆژێک کە بە قیتار سەفەرمان دەکرد، قیتارەکەیان بۆردوومان کرد و ئەویش کوژرا ".

- لە کوێوە دەهاتن؟

- نازانم لە بیرم نەماوە...

- یانی تۆ کەست نییە؟

- نەخێر کەسم نییە.

- باشە شەوان لە کوێ دەنوویت؟

- هەر شوێنێک ڕێک بکەوێ.

کە گوێم لە قسەکانی بوو گریان ئەوکی گرتم، کزە لە جەرگمەوە هەستا. هەر لەوێیا قەراری خۆم دا. لە دڵی خۆدا گوتم: " ئێمە هەر دووکمان تەنیاین، تەنیا. بۆچی بە دەم تەنیاییەوە بتلێینەوە، لەگەڵ خۆما دەیبەم و دەیکەم بە کوڕی خۆم " . یەکسەر هەستم بە جۆرە ئارامیەکی دەروونی کرد و دنیا لە بەرچاوم ڕوناک بووەوە. بە سەریا دانەویمەوە و بە ئەسپایی گوتم:

- ڤانیا دەزانی من کێم؟

بە دەم حەپەسانەوە پرسی: - کێی؟

دیسان بە ئەسپایی گوتم: - من بابی تۆم.

هەنگێ، مەگەر خوا بزانێ چی ڕووی دا! لە ناکاوا ڕاپەڕی، باوەشی پێدا کردم، دەستی لە ملم وەرێنا. گۆنا، تەوێڵ و دەمی ماچ باران کردم، وەکو پەڕەسێلکە و کێشکان کەوتە چەهچەهە و جریوەجریو. ئیدی قەمەرەی ئوتومبیلەکە پڕ بوو لە دەنگی ئەو: " باوکە گیان، باوکە گیان، من دەمزانی، دەمزانی ئاقیبەت هەر دەم دۆزیتەوە! زۆر چاوەڕوانم کرد تا بمدۆزیتەوە! " تووند خۆی بە منەوە چەسپاند، وەکو گیایەک با لێی بدات، بەو ئاوایە سەراپای دەلەرزی. تەمێکی تاریک بەرچاوی گرتم، ئازای ئەندامم کەوتە لەرزین، دەستەکانم دەلەرزین... نازانم چۆن سوکانی کامیۆنەکەم پێ کۆنترۆڵ دەکرا! چونکە بەرچاوم تاریک بووبوو، لە ترسی وەی نەبا کەسێک وەژێرەوە بکەم، کامیونەکەم لادایە قەراخ ڕێگاکە و وەستام. بڕیارم دا تا ئەو تەمەی بەرچاوی گرتبووم نەڕەوێتەوە، نەکەومەوە ڕێ. بە درێژایی ئەو پێنج خولەکەی وەستابووین، منداڵەی داماو بە هەموو هێزی خۆیەوە باوەشی پێدا کردبووم، هیچی نەدەگوت، دەلەرزی. من دەستی ڕاستم لە قەدی ئالاند و بە ئەسپایی لە باوەشم گرت و بە دەستی چەپ کامیونەکەم هەڵکرد و بەرەو ئەو

کولبەیە بوومەوە کە تیایا دەژیام. نەمدەتوانی بەو حاڵەوە بەرەو باراندازەکە بڕۆم..

کامیونەکەم لە بەر دەرگا ڕاگرت، کوڕە تازەکەمم لە باوەش کرد و بۆ ماڵەوەم برد. خۆزگە دەتبینی چۆن، بە هەر دوو دەستە چکۆلەکانی باوەشی پێدا کردبووم: نەمدەتوانی خۆمی لەدەست دەربێنم، ڕوومەتە چکۆلەکەی نابوو بە ڕوومەتە نەتاشراوەکەمەوە، ئەگەر بتدیتبایىن دەتگوت مەحاڵە ئەم دووانە لێکدی جیا بکرێنەوە. بەو جۆرە بردمەوە. هاوڕێکەم و ژنەکەی لە ماڵەوە بوون. کاتێ کە وەژوور کەوتم، چاوێکم لێداگرتن و بە دەنگی بەرز گوتم: " بەڵێ، ئاخری ڤانیای کوڕم دۆزییەوە! سڵاوتان لێبێ خزمینە! " ئەوان کە منداڵیان نەبوو، یەکسەر لە مەسەلەکە حاڵی بوون و بە شادیەوە بەرەوپیرمان هاتن. کوڕە بە هیچ جۆرێ لە من نەدەبووەوە. بە هەرحاڵ هەرچۆنێ بوو دامنا، بە دەم قسانەوە خافڵاندم و ڕێگەی دام و بە سابوون هەر دوو دەستیم شۆرد و لە سەر خوانەکە دام نیشاند. ژنەی خاوەن ماڵ، شۆربای کەلەرمی بۆ تێکرد. ژنەی تاین کە کوڕەی بینی، بە چ تامەزرۆییەکەوە پەلاماری شۆرباکە دەداتو دەیخوات، گریان ئەوکی گرت و بەرەو ئاگردانەکەی ڕۆیی و بە بەر کۆشەکەی ڕوندکەکانی سڕی. ڤانیا کە بینی دەگری، بە ڕاکردن بۆ لای ئەو ڕۆیی و لە دواوە چمکی ڕۆبەکەی ڕاکێشا. پێی گوت: " بۆچی دەگری پورێ گیان؟ باوکە منی لە لای خوارنگەکە دۆزییەوە، دەبێ هەموومان خۆشحال بین، ئیدی بۆچی دەگریت؟ " بەڵام ژنەی میهرەبان کە گوێی لەو قسانە بوو، هێندەی دی دڵی پڕ بوو و وەکو ئەوەی دەمبێن لە گۆزەی سەرەونخون هەڵگرن، کونی ڕوندکانی بەرەڵڵا کرد و گریا ئەمما گریان!

دوای نانخواردن، کوڕەم بۆ لای دەلاک برد، قژیم کورت کردەوە و پاشان هێنامە ماڵەوە، تەشتێکم پڕ لە ئاو کرد، پاک شۆردم، بە خاولییەکی پاک وشکم کردەوە، چەرچەفێکم تێوە پێچا، مندالەی داماو دەستی لە ملم وەرێنا و بە باوەشمەوە خەوی لێکەوت. بە ئەسپایی نامە ناو جێگا. ئەوسا کامیونەکەم بۆ باراندازەکە برد، فەردە گەنمەکانم داگرت، پاشان بۆ گەراج گەڕامەوە. کامیونەکەم لە گەراج دانا و بلەز بەرەو بازاڕ چووم، بە سەر دووکان و موغازەکانا گەڕام، پانتۆڵێکی فاسۆن و کراسێک و جووتێک پێڵاو و شەپقەیەکی حەسیرم بۆی کڕی. ئەو شتانەی کڕیبوومن، هیچیان بە بەری ڤانیا نەبوون، ئەمە جگە لەوەی جۆری قوماشەکەشی هی ئەم

وەرزە نەبوو. ژنی هاوڕێکەم تووڕە بوو و گوتی: " توخوا ئەمە ئەقڵە، ئاخر ئەم گەرمایە و پانتۆڵی فاسونیان گوتووە! "

یەکسەر مەکینەی دروومانەکەی هێنا، لە سەر مێزەکەی دانا، لە سەندووقەکەیا گەڕا، قوماشی دۆزییەوە، لە زەرفی یەک سەعاتدا، پانتۆڵێکی کەتان و کراسێکی سپی بچووکی بۆ ڤانیا درووی. ئەوسا ڤانیام برد و لە گەڵ خۆما خەواندم، دوای ساڵانێکی زۆر ئەمشەو یەکەم شەوم بوو کە بە ئارامی و خەیاڵی ڕاحەتەوە خەوتم. وێڕای ئەمەش شەوێ چوار جار هەستام، سەیرم کرد وەکو چۆلەکەیەک چۆن لە هێلانەکەی خۆیا خۆی قانگڵە دەکات بەو ئاوایە خۆی لە باخەڵی مندا قانگڵە کردبوو و بە ئەسپایی هەناسەی دەدا. ئەوەندە دڵم خۆش بوو، کە ناتوانم خۆشی و شادمانی ئەو شەوەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە.

هەوڵمدەدا، جووڵەیەکی وەها نەکەم ئەو خەبەری ببێتەوە بەڵام ئەنجام خۆم پێنەگیرا و بە ئەسپایی هەستام، دەنکە شقارتەیەکم پێکرد و کەوتمە تەمەشاکردنی سەر و سیمای...

کاتێ بەر لە هەتاو کەوتن خەبەرم بووەوە، لە سەرەتاوە نەمدەزانی بۆچی هەناسەم سوار بووە و خەریکە دەخنکێم. کە تەمەشام کرد، دیتم کوڕەکەم چەرچەفەکەی لە خۆی کردووەتەوە و سەرەوخوار خەوتووە و ئەژنۆ چکۆلەکانی لە ملی من گیر کردووە و بە کەماڵی ئیسراحەت خەوتووە! هەرچەندە خەوتن لە گەڵ ئەودا خۆش نەبوو، بەڵام بەرەبەرە ڕمووەدەی بووم و بە بێ ئەو بە ئیسراحەت خەوم لێنەدەکەوت. شەوان کە لە خەوا تەمەشات دەکرد، بۆنی قژە لوولەکەیت دەکرد، دڵت وەکو ئەوەی لە جۆلانەدا بێ، بە کاوە خۆ، بێ خەم و خەیاڵ، ئارامی دەگرت، تەنانەت دڵێکی وەکو دڵی منیش کە خەم و پەژارە کردبووی بە بەرد، هەستی بە ئارامییەکی قووڵ دەکرد...

هەوەڵجار، کوڕەکەم لە گەڵ خۆدا بۆ کار دەبرد، بۆ هەر لایەک ڕۆیشتبام، لە ئۆتومبیلەکەم دەنا و لە گەڵ خۆمما دەبرد. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەمە کارێکی باش نییە، ئەم منداڵە بەرگەی ئەم شەڕە شەقە ناگرێت. من ئەگەر بە تەنیا بم وەکو سەربازێکی دێرین، ڕۆژ تا ئێوارێ بە نانێک و سەلکێ پیاز و تۆزقاڵێک خوێ ئیدارە دەکەم. بەڵام ئەو وانییە. دەبێ جارێ شیری بۆ دابین بکەم، جارێ هێلکەی بۆ بکوڵێنم و سەعاتێکی دی خواردنێکی گەرمی دەرخوارد بدەم... ئەمە جگە لەوەی

کە بە بێ کاڵەک ئیدارەی نەدەکرد. جا بەو حاڵەوە بە کارەکەم ڕا نەدەگەیشتم. ئیدی دەبوایە چارێک بدۆزمەوە، ڕووی خۆم نایە ژێر پێ و ڕووم لە ژنی هاوڕێکەم نا کە کوڕەکەم بۆ بگرێتەخۆ و ئاگای لێێ بێ. لێ منداڵەی داماو تا ئێوارێ هەر گریابوو، ئێوارەش بە دەم گریانەوە هاتبوو بۆ باراندازەکە و تا نیوە شەو چاوەڕوانی کردبووم.

لە سەرەتاوە هەڵکردن لە گەڵیا زۆر زەحمەت بوو. ڕۆژێک دوای ئەوەی لە کاری سەخت و قورس گەڕامەوە، زۆر ماندوو بووم. پێش ئەوەی خۆر ئاوابێ، بە دوو قۆڵی چووینە ناو جێگاوە، من زۆر شەکەت بووم، ئەویش کە عادەتی وابوو لە ناو جێگادا وەکو پەڕەسێلکە هەر چریکە چریک بکات، ئەو شەوە بێدەنگ بوو. لێم پرسی:

- بیر لەچی دەکەیەوە کوڕم؟

چاوی بڕییە بن میچەکە و پرسی:

- باوکە، چیت لە پاڵتۆ چەرمەکەت کردووە؟

من لە ژیانما پاڵتۆی چەرمم بە خۆوە نەبینی بوو. دەبوایە درۆ بکەم، کەمێک دەبیرەوە چووم و گوتم: - لە فورونیچ دامناوە.

پرسی: - باوکە بۆچی ئەو هەموو وەختە لە من دەگەڕایت؟

گوتم:

- کوڕی خۆم، من ماوەیەک لە ئەڵمانیا، مودەتێک لە پۆڵاندا، لە سەرانسەری بیلە ڕووسیادا بۆ تۆ دەگەڕام و ئەنجام بۆ ئوریوپینسک گەڕامەوە و تۆم لێرەدا دۆزییەوە.

پرسی:

- باشە ئورپوپینسک نزیکترە یان ئەڵمانیا؟ باشە ئێرە لە پۆڵانداوە زۆر دوورە؟.

بە هەرحاڵ بە دەم ئەو پرس و جۆیانەوە هەردووکمان خەومان لێکەوت.

برادەر تۆ پێت وایە هەر لە خۆڕایی پرسیاری پاڵتۆ چەرمەکەی کردبوو؟! نە بێگومان هۆیەکی هەبووە، مانای وایە بابە ڕاستەقینەکەی پاڵتۆیەکی لەو جۆرەی هەبووە و لەو ساتەدا بیری کەوتووەتەوە. دەزانی یادگەی منداڵان وەکو

چەخماخەیە، بۆ ساتێک دەدرەوشێتەوە و هەموو دنیا ڕوناک دەکاتەوە و ئەوسا دادەمرکێتەوە و دەکوژێتەوە. یادگەی ڤانیاش، وەکو چەخماخە بوو.

بە تەما بووم یەک ساڵی دیکەش لە ئوریوپینسک بمێنمەوە، لێ شتێکم لێ قەوما کردیە کارێک نەتوانم لەوەی پتر لەوێ بمێنمەوە. ڕۆژێک بە جادەیەکی گڵی لادێدا کامیونم دەڕانی، لە ناکاوا ئوتومبیل لە دەستی وەرگرتم، لە جادەکە دەرچووم و لە مانگایەکم دا، لە ئەرزەکە لوول بوو. دەزانی چی ڕوویدا؟ ژنانی گوند بە واوەیلا و شیوەن لێم خڕ بوونەوە، خەڵکی خڕ بوونەوە. یەکسەر ئەفسەرێکی هات و چۆ گەییە سەرم، چەند لێی پاڕامەوە کە یارمەتیم بدات و سەختگیریم لە گەڵدا نەکات، فایدەی نەبوو، مۆڵەتنامەکەی لێ سەندم، مانگاکە هەر هەستا و بەدەمکلک بادان و هەڵتیزانەوە بە ناو کۆڵانەکان کەوت و لەو ناوە دوور کەوتەوە. ئیدی لەو بەینەدا من مۆڵەتنامەکەم لە دەست دا.

بە درێژایی ئەو زستانە ملم بە کاری دارتاشییەوە نا. پاشان تەماسم لە گەڵ کۆنە هاوڕێیەکی عەسکەریما گرت کە خەڵکی دەڤەری ئەنگۆ بوو، ئەم هاوڕێیەم لە دەڤەری کاشاری شوفێر بوو. ئامۆژگاری کردم کە بچم بۆ لای ئەو، بۆی نووسیبووم کە شەش مانگێ لەوێندەر دارتاشی بکەم و پاشان لەوێ، لە دەڤەری وان، مۆڵەتنامەیەکی تازە دەربێنم. ئێستا من و کوڕەکەم پێوەین کە بۆ کاشاری، بۆ لای ئەو بڕۆین.

نازانم چۆنت بۆ بگێڕمەوە، بە هەرحاڵ ئەگەر لەو مانگایەشم نەدابا هەر دەبوا لە ئوریوپینسک بڕۆم. خەم و پەژارەی قووڵ حەوانەوەی لێ هەڵگرتبووم، نەمدەتوانی ماوەیەکی زۆر لە یەک شوێن بمێنمەوە. هەرکاتێ ڤانیا گەورە بوو و، کاتی ئەوەی هات بینێرمە بەر خوێندن ڕەنگە ئەو کاتە ناچار ببم لە یەک شوێنا بگیرسێمەوە و جێگیر ببم. بەڵام تا ئەو ڕۆژە دێت، خۆم و کوڕەکەم سەرانسەری ڕووسیا دەگەڕێین.

پرسیم: - باشە ئەو بەرگەی ئەم هەموو ڕێکردنە دەگرێ؟

وەڵامی دایەوە:

- خۆ هەموو کاتێ بە پێیان ناڕوات. زۆرجار دەیکەمە قەڵاندۆشکان. کە لاقەکانی سڕ دەبن، دادەبەزێت و وەکو کارژۆلە بە دەم هەڵبەز و دابەزەوەو بە قەراخ

ڕێگاکەدا دەڕوات. ئەمانە کێشە نین، هیچ نییە برادەر، دەگوزەرێ، بەڵام کێشە دڵی منە، دەبێ دەرکۆکەکانی بێتە گۆڕین. هەندێجار ئازارێکی وام دێتێ دەڵێی ڕمێکیان پێدا کردووە، ڕۆژی نیوەڕۆم لەبەر چاو تاریک دەبێت، دنیام لێدەبێت بە شەوە زەنگ. دەترسم شەوێک بە دەم خەوەوە بمرم و ئەم منداڵە بەستە زمانە سەرگەردان ببێت... جگە لەمە کێشەیەکی دیکەشم هەیە، هەموو شەوێک خەون بە ئازیزە مردووەکانمەوە دەبینم. بە زۆریش خەوەکەم بەم جۆرەیە: من لە ناو تەلبەندێکی دڕکینم و ئەوان لەو بەری تەلبەندەکەوە، ئازادن. زۆربەی کات بەو دەقەوە قسان لەگەڵ ئەرینا و منداڵەکاندا دەکەم. لێ هەرکە دەست دەبەم تەلە دڕکنەکان لاببەم، ئەوان دەڕۆن، لە چاو تروکانێکا مەحوو دەبنەوە... سەیر ئەوەیە کە بە ڕۆژەوە خۆم دەگرم و نایەڵم ڕوندک لە چاوانم بێنە خوار، لێ شەوان کاتێ لە خەو ڕادەپەڕم، دەبینم سەرینەکەم تەڕی تەڕە، لە ڕوندکا هەڵکشاوە..

لە نێو زەلکاو و جەنگەڵە چکۆلەکەوە، گوێم لە دەنگی هاوڕێکەم و شڵپ و هۆڕی سەوڵ لێدانەکەی بوو. ئەم پیاوە بێگانەیە کە بووبوو بە هاوڕێی گیانی بە گیانی من، دەستە گەورەکەی کە لە کۆتەرە دارێک دەچوو، بۆ ڕاکێشام و گوتی:

- بە دوعا هاوڕێم، خێر و خۆشی بێتەڕێت. سەفەر بەخێر، بە سەلامەتی بگەیە کاشاری.

- زۆر سوپاس، دەی کوڕەکەم وەرە با بڕۆین!

کوڕەی تاین بە پەلە بۆ لای بابی چوو، خۆی بە قەبرغەی ڕاستی بابیەوە گرت و چمکی چاکەتە بەردارەکەی گرت و بە هەڵبەز هەڵبەز بەگەڵ بابی کەوت کە بە هەنگاوی هەڕاو دەڕۆیی.

گەرداوی شەڕ، دوو بوونەوەری بێکەسی، وەکو دوو دەنکە زیخ هەڵدابووە دیار و دەڤەری غەریباتی. ئایندە چی بۆ حەشار دابوون؟ چەند حەزم دەکرد لەوە دڵنیا بم کە ئەم سەربازە ڕووسە، ئەم پیاوە بە ورەیە، دەمێنێ و ئەم کوڕە لە سایەی ئەودا گەورە دەبێت و دەتوانێت ببێت بە پیاوێکی شایستەی ئەوتۆ کە لە تەنگانەدا و لە پێناوی نیشتماندا، بەرگەی هەر دژواریەک بگرێ و بە سەر هەر کۆسپێکازاڵ بێت.

کە لە بەرچاوم دوور دەکەوتنەوە، بە دڵێکی خەمناکەوە تەمەشام دەکرد. ڕەنگە ئەگەر ڤانیا نەبوایە جیابوونەکەمان ئاسایی بوایە. وەختێ بەڕێکەوتن، ڤانیا بە

لاقە بچووکەکانی هەنگاوی دەنا و هێڵی خوار و خێچی لە دواوە، جێدەما. دوای ماوەیەکی کەم بە دەم ڕێکردنەوە، ئاوڕێکی دایەوە و دەستە چکۆلە سوورەکانیبۆم تەکان دا.

لە ناکاوا هەستم کرد دەستێکی ناسک بەڵام بە نینۆک، دڵی گوشیم. بلەز ڕووم وەرگێڕا. نەخێر پیاوانی گەورە، ئەوانەی شەڕ پیریان دەکات، تەنیا لە خەوا ناگرین، بەڵکو لە بێداریشا دەگرین. بەڵام گرینگ ئەوەیە لە کاتی خۆیدا ڕوو وەرگێڕێ و فرمێسکەکانی بشارێتەوە، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە نابێ دڵی منداڵێک ئازار بدات، نابێ ئەو منداڵە، ئەشکی وشک و سوێر و بە سوێ بە گۆنای پیاوەوە بدینێ..

تێبینی: ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٠، لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە بە شێوەیەکی بەراورد کاریانە لەم سەرچاوانەی خوارەوە کراوە بە کوردی. جا ئەگەر ئەمە کەم دابێژێک بووبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێ دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافی دەقە کوردییەکە، لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێک نەکاتەوە، ئەوا دەگەڵ دەقی دووەمدا تێک دەکاتەوە و پێچەوانەش پێچەوانەیە و بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەقە کوردییەکە ئەگەر لە هەر دوو دەقە فارسی و عەرببیەکە پوختەتر نەبێ، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەند وچوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

١ – میخائیل شولوخوف/ الجلد الرابع، دار " رادوغا " فرع طشقند- ١٩٨٧ – ترجمە/ شوکت موسی شردان.

٢ – سرنوشت یەک مرد/ میخائیل شولوخوف/ ترجمە ماە ملک بهار- نشر جوان.

نیشانە

( ١ )

کۆمەڵێک قەوانە فیشەکی خاڵی کە بۆنی بارووتی سوتاویان لێدەهات، پارچەیەک ئێسکی بەرخ، نەخشەیەکی مەیدانی، هەواڵنامەیەکی شەڕ، هەوسارێکی ڕازاوە کە بۆنی ناخۆشی ئارەقەی ئەسپی لێدەهات، لەگەڵ پارچەیەک کولێرەدا، لە سەر مێزەکە بڵاوبووبوونەوە. نیکولای کوشیفوی فەرماندەی سریەی سواران لە سەر تەختێکی زبر و ناهەموار کە یەکپارچە کەڕووی دیوارە نمسار و شێدارەکە بوو، دانیشتبوو، بە توندی پشتی دابوو بە قەراخ پەنجەرەکەوە. بە قامکە سارد و سڕەکانی قەڵەمێکی گرتبوو. چەند لاپەڕەیەکی بانگەشەیی کۆن لە سەر مێزەکە بڵاوبووبووەوە، لە پاڵ ئەو کاغەزانەدا، فۆرمێکی نیوە پڕکراوە هەبوو کە ئەمەی لە سەر نووسرابوو: " کوشیفوی، نیکولای، فەرماندەی سریەی سواران. وەرزێر. ئەندامی یەکێتی لاوانی کۆمۆنیست لە ڕووسیا. "

قەڵەمەکە لە خانەی " تەمەن " دا بە ئەسپایی نووسی؛ هەژدە ساڵ.

نیکولای کوڕێکی چوارشانەیە، بە ڕواڵەت لە تەمەنی خۆی گەورەتر دیارە. بە چرچ و لۆچەکانی دەوری چاوی و پشتە کووڕەکەیا وەکو کەسێکی پیر دەردەکەوێ. لە سریەی سوارەدا، بە گاڵتە و شۆخییەوە دەڵێن: " مندالە، کوڕیژگەیەکی کەم ئەزموونە، بەڵام وێڕای ئەوەش کێ هەیە بتوانێ وەکو ئەو، دوو دەستە یاخی و چەتە وڕێگر، بە جارێ لە ناو ببات و تاقەیەک خەسارەش بەر سریەکەی نەکەوێ،

و وەکو هەر جەنگاوەرێکی پیشەیی و کارامە، شەش مانگی تەواو ڕابەری سریەکەی لە شەڕ و پێکادانددا بکات. "

نیکولای شەرم لە تەمەنی هەژدە ساڵی خۆی دەکات. قەڵەمەکەی هەمیشە کە دەگاتە خانەی نەعلەتی " تەمەن " خاو دەبێتەوە، گۆناکانی لە شەرما سوور دەبنەوە. بابی نیکولای قوزاق بوو، ئەویش قوزاقیەتی لە بابیەوە بۆ مابووەوە، هەمان ڕێگای ئەوی گرتبوو. بە ئاستەم، وەکو خەو ئەوەی بە بیر دەهاتەوە. کە پێنج شەش ساڵان بوو، چۆن بابی بەرزی دەکردەوە و سواری ئەسپە سوپاییەکەی خۆی دەکرد و هاواری لێکرد: خۆت بە یاڵی ئەسپەکەوە بگرە، کوڕەکەم!

دایکی لە ئاستانەی دەرکی موبەقەکەوە بزەیەکی بە ڕوویدا دا، بە ڕوخساری زەرد و چاوە درشتەکانی ڕوانیە ئەو لاقە باریکانەی کە لە قەدی ئەسپەکەی توونند کردبوون و ڕوانیە بابی کە هەوساری ئەسپەکەی بۆ گرتبوو.

ئەمە یادگارێکی کۆن بوو. بابی نیکولای لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، لە شەڕی ئەڵمانانددا ، دیار نەما، وەکو ئەوە بوو عاردی قووتی دابێت، یا دەریا قووتی دابێ، هیچ سەر و سەدایەکی نەبوو، یەک وشەشی لە بارەوە نەبیسترابوو. داکیشی مرد. ئەوەی لە بابەوە بۆ نیکۆلای مابووەوە، خۆشەویستی ئەسپ و بوێری لە ڕادەبەدەر و نیشانەوخاڵێکی زگماک بوو، خاڵێک بە ئەندازەی هێلکە کۆترێک بە لاقی چەپییەوە بوو، ڕێک لە سەرووی گوزینگی پێیەوە. هەموو ئەمانەی بە میرات لە بابیەوە بۆ مابووەوە تا تەمەنی پازدە ساڵی، وەکو وەرزێر لێرە و لەوێ کاری دەکرد و لە ڕێگەی کاری وەرزێرییەوە بژێوی خۆی دابین دەکرد. پاشان، وەختایەک لیوایەکی سوپای سوور بە گوندەکەی واندا تێدەپەڕێت، خۆی ناونووس دەکات و پاڵتۆیەکی درێژی عەسکەری وەردەگرێت و پەیوەندی بە لیوای ناڤبریەوە دەکات و دەچێتە شەڕی فرانگڵ ( فرانگڵ١٨٧٨ – ١٩٢٨ ) جەنەڕاڵێکی ئەنتی شۆڕش بوو، دوای شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتوبەر، ڕابەڕایەتی و سەرکردایەتی، سوپای سپی، دژی شۆڕش ( ١٩١٨ – ١٩٢٠ ) دەکرد، سەرەنجام لە بەر سوپای سوور هەڵات و چوو بۆ هەندەران. )

ئەم هاوینە، کاتێ نیکۆلای لە گەڵ فەرماندەی سوپاییدا لە ڕووباری دۆندا، مەلەی دەکرد، فەرماندە، دەستی دابوو بە شانە کووڕ و تاوە سووتەکانی نیکولایا و بە دەم سەرە لەقێوە، کە لە شەڕا تووشی بووبوو، بە دەمە لاڵکێوە گوتبووی:

- دەزانی... دەزانی... تۆ بەخ... بەختەوەریت! بەلێ بەختەوەری. دەلێن خاڵ، نیشانەی بەخ... بەخ... تەوەرییە.

نیکولای، پێدەکەنێ، دانە درەخشانەکانی دەردەکەون. خۆی وەژێر ئاوەکەدا دەکات ئەوجا بە هانکە هانک لە ژێر ئاوەکەوە سەر دەردێنێ و بە تەوسەوە دەڵێت:

- واز لەم قسانە بێنە برادەر، هەمووی درۆیە! من لە منداڵییەوە هەتیو کەوتووم و لە ژیانما هەر بە ڕەنجبەری ژیاوم. ئەمیش باسی بەختەوەریم بۆ دەکات، بەختی چی و بەختەوەری چی!...

ئەوجا بە دەم مەلە کردنەوە، بەرەو لمەلانە زەرد باوەکەی کەناری ئەوبەری دۆن ڕۆیی.

( ٢ )

ماڵۆچکەکەی نیکۆلای، لە سەر تاوێرە بەردێکی ڕکدا بوو کە دەیڕاونیە ڕوباری دۆن. لە پەنجەرەکانەوە، ڕەخی بەسەوزەزار و پڕ پێچ و پەنای کەنارەکەی ئەو بەر و ئاوی قورقشم ڕەنگی ڕوبارەکە دیار بوو. لە شەوانی پڕ گەرداوا، شەپۆلان بە شڵپ و هۆڕ سەریان بە بناری تاوێرە ڕژدەکەدا دەکێشا و پەنجەرەکان جیڕەجیڕیان پێدەکەوت. نیکولای وای هەست دەکرد ئاوەکە لە درزی دەر و دیوارەکانەوە، دزە دەکاتە ژوورەوە و هەموو ماڵەکە دێنێتە لەرزە.

زۆرجار بیری لەوە کردبووەوە، لەوێ بار بکات و بۆ خانوویەکی دی بگوازێتەوە. لێ هەر جارە و بە بیانوویەک، ئەو بڕیارەی دوا دەخست. تاکو پاییز لەوێندەر مایەوە.

نیکۆلا بەیانیەکی زۆر سارد، لە بەر هەیوانەکەوە، داگەڕا، بە تەقەتەقی ناڵچەێن ژێر پێڵاوەکانییەوە، بێدەنگییە قووڵەکەی ئەوێندەری شڵەقاند. چوو بۆ ناو دار گێلاسەکان، کە باخێکی بچکۆلە بوو، لە سەر سەوزەزارە نمسارەکە، کە شەونم و خوناو وەکو ڕوندک بە سەریەوە دەدرەوشایەوە، ڕاکشا. گوێی لێبوو کابانی ماڵێ چۆن بە ئارامی چێڵەکەی دەلاواند تا بەکاوە خۆ بوەستێ، هەروەها گوێی لێبوو گوێرەکەکەی چۆن دەیبۆڕاند و خوشەخوشی شیرەکە بە چ ڕیتمێکەوە بەر دیواری سەتڵەکە دەکەوت.

دەنگی دەرگای حەوشە هات، سەگەکە دەستی بە وەڕین کرد. دەنگی سەردەستەکە بەرز بووەوە: - فەرماندە لەماڵە؟

نیکولای، خۆی لە سەر هەر دوو ئانیشکان بەرزکردەوە و بەرسڤی دایەوە:

- بەڵێ، لە ماڵە! چی بووە دیسان؟

- پەیکێک لە گوندەوە هاتووە، دەڵێت دەستەیەک چەتە و ڕێگر لە " سالسک " ەوە هاتوون و مەزرا و کێڵگەی دەوڵەتی " گروشینو "یان داگیر کردووە.

- کوا بیهێنە بۆ لای من.

پەیکەکە هەوڵیدا ئەسپەکەی بۆ تەویلەکە ببات، لێ ئەسپەکە کەلە ئارەقەی گەرما هەڵکشابوو، لە ناوەندی حەوشەکەدا، بەسەر دەستەکانیا کەوت، ئەوجا بە لادا کەوت. لە کاتێکا کە بە چاوانی بێ حاڵییەوە دەیڕوانییە سەگەکە، کە لە پەستا و بێ پسانەوە دەوەڕی. دوا هەناسەی دا و لێ بووەوە. ئەسپەکە بۆیە پسا بوو، چونکە ئەو نامەیەی کە کابرای پەیک ( تەتەر ) هێنابووی، سێ نیشانەی خاچی لێدرابوو، - کە ئەمە نیشانەی گرینگی و لەزی نامەکە بوو- ئیدی کابرای پەیک، پتر لە چل کیلۆمەتر ڕێگا، یەک سەلەف و بە بێ هیچ وەستانێک، بە چوار ناڵە هاتبوو.

نیکولای نامەکەی خوێندەوە. بەرپرسی گوندی ناڤبری داوای لێکردبوو، کە بلەز بە خۆی و سریە سوارەکەیەوە، فریای بکەوێ و بیگاتێ. بەدەم بەستنی شمشێرەکەیەوە چوو بۆ ژووری میوان، لە بن لێوانەوە گوتی: " وەرە دیسان بە گژ چەتە و ڕێگرانا بچۆوە... من بە تەما بووم بڕۆم لە شوێنێک دوو حەرف خوێنەواری فێر ببم... یارۆی فەرماندەی سوپایی گلەییم لێدەکات: " تۆ فەرماندەی سریەیەکی سوارەیت و ناتوانی یەک وشە بە دروستی بنووسیت... شەرم نییە بۆ تۆ! ئاخر من چیبکەم، گوناحی من چییە کە قەت دەرفەتم بۆ هەڵنەکەوتووە بچمە قوتابخانە، هەر نەبێ قۆناغی سەرەتایی تەواو بکەم؟ بەڕاستی پیاوێکی سەیرە... ئەوەتا دەستەیەک ڕێگر و شەقاوەی دی پەیدا بووە... دیسان نۆرەی خوێن ڕێژییە.... بە ڕاستی لەم ژیانە بێزار بووم... بەسە لەوەی پتر هەڵناکەم... "

لەو کاتەدا کە فیشەکی دەخستە بەر تفەنگەکەی و بەرەو قاڵدرمەکان دەڕۆیی، ئەم هزرو بیرانە وەکو ئەسپێک بە جادەیەکی هەموارا، غار بدات، بەو ئاوایە لە مێشکیا تەراتێنیان دەکرد: " بریا دەمتوانی بۆ شار بڕۆم... بڕۆم لەوێندەر دوو حەرف بخوێنم... ".

بە هەنگاوی هەڕاوەوە، بەلای ئەسپە تۆپیوەکەیا تێپەڕی و تەمەشایەکی ئەو دوو ڕچە خوێنە ڕەشەی کرد کە لە هەر دوو کونە لووتە تۆزاوییەکەی ئەسپە مردار بووەکەوە هاتبوونە دەرێ، ڕووی وەرگێڕا و چوو بۆ تەویلەکە.

( ٣ )

گیا و ڕوەکێن پێچۆلەکە و پێقەلەی لوول و تۆڵەکەی گەڵا پان، لەو قۆرتانەی کە پێچکە گالیسکان لە سەر ڕێگا سەختەکەدا دروستی کردبوو ڕوا بوون و بە دەم بایەکەوە سەمایان دەکرد. ئەم ڕێگایە کاتی خۆی بۆ گواستنەوەی پووشی گیا بۆ ئەو لۆدانە بە کار دەبرا کە لە دەشتە پان و بەرینەکەدا بڵاو بووبوونەوە. بەڵام ڕێگا سەرەکییەکە، بە تەنیشت دار تەلەکاندا تێدەپەڕی و هەوراز و نشێو دەبووەوە. دار تەلەکان، بە ناو تەم و مژی چڕ و تاریکی پاییزدا، ڕیز بووبوون و بە ناو دۆڵ و نشێوەکاندا دەڕۆیشتن. شان بە شانی ئەو دار تەلانە و بە شا ڕێگاکەدا ئەتامان ( ئەتامان: سەرۆک و فەرماندەی هەڵبژێردراوی قوزاقان لە شەڕ و ئاشتیدا ) ڕێبەرایەتی گروپە یاخیەکەی خۆی دەکرد، کە ژمارەیان پەنجا قوزاقی خەڵکی دەڤەری دون و کوبان بوو. ئەمانە دژی حکومەتی سۆڤیاتی بوون. ئەمانە سێ دانە ڕۆژ بوو، وەکو گەلە گورگێک لە مێگەلە پەزێکیان دابێ، بەو ئاوایە کەوتبوونە پاشەکشە، ئیدی ڕێگا و، کوێرە ڕێگایان گرتبووە بەر و بە ناو بیابانە بێ سنوورەکە کەوتبوون. بە درێژایی ئەو ماوەیە سریەکەی نیکولای کوشیفوی، لە تاقیبیاندا بوون، سەریان بە هەموو کون و کەلەبەرێکا دەکرد.

جا ئەم یاخی و ڕێگرانە، پیاوانی سەرسەخت و کۆنە سوپایی و کارامە و ئەزموودار بوون، بەڵام وێڕای ئەمەش، ئەتامان، هەمیشە گوێ قوڵاخ و حەواس جەم بوو، لە سەر ڕکێفەکەوە ( ڕکێف: ئاوزەنگی، زەنگۆ ) خۆی بەرز دەکردەوە، دەشتەکەی بەر زەین دەدا و لە دڵی خۆیدا ئەو مەسافە و مەودایەی نێوان خۆی و ئەو جەنگەڵە دوورەی ڕەخی ئەوبەری دۆنی دەقرساند کە لە دوورەوە بە ئاستەم سەوز دەچووەوە.

بەوجۆرە، لە کاتێکا کە سوارەکانی نیکولای کوشیفوی، زۆر بە جدی تاقیبیان دەکرد، ئەو درێژەی بە پاشەکشەی گورگ ئاسای خۆی دەدا. لە ڕۆژانی گەرمی هاویندا، لە دەشتەکانی کەناری دوندا، گوڵە گەنم لە ژێر ئاسمانی ساف و شیندا، وەکو زێڕی خالیسە، کەروێشکەی دەکرد و بە دەم باوە دەشنایەوە. ئەمە دیمەنی کەمێک پێش کاتی درەوە، ڕێک ئەو کاتەیە کە داسووی گوڵە گەنمی پڕ، وەکو ڕدێنی کوڕێکی حەڤدە ساڵان، بەرەبەرە ڕەش دەبێت و ساقەتەکەی بە جۆرێ باڵا دەکات و مل بەرز دەکاتەوە، لە تۆ وایە زۆری پێناچێ قەدی لە باڵا زەلامێکیش تێدەپەڕێ.

جووتیارە قوزاقە ڕیشنەکان، ئەو تیلماسک و لاتە زەویانەی کەناری دۆڵ و شیوە بەردەڵانەکانی قەراخ ڕوبارەکەیان بە جۆ و دانەوێڵە دادەچاند. ئەم زەویانە ، زەوی بە پیت و بە بڕشت نەبوون، قەت بەر وبومی باشیان نەدەدا، بەر و بوومی هەر هیکتارێک زەوی. قەت لە سی ڕبە تێنەدەپەڕی. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر دایان دەچاند، چونکە لە گەنم و جۆی ئەوێندەر عارەقێکیان دروست دەکرد، زوڵاڵتر لە ڕوندکی کیژان. ئەم عارەق دروستکردنە داب و نەریتی کۆنی خۆیان بوو، لە باب و باپیرانیانەوە بۆیان مابووەوە، ئاباد و ئەژدادیان ئەهلی بادە وبادەنۆشی بوون. هەر بۆیەش ئارمی گەورەی سوپای دۆن، بریتی بوو لە وێنەی قوزاقێکی مەست کە بە ڕووت و قووتی لە ناو بەرمیلێک شەراب دانیشتووە. ئەو شەراب و مەیەی کە لە پاییزا، لەدێهات و گوندەکاندا پێدەگەیی، شەرابێکی کێوی و زۆر بە قووەت بوو هەر بۆیە کڵاوی قووچی نووک سووری سەری قۆزاقانی مەست، لەو دیو پەرژینەکانەوە، بەم لاو بەولادا دەهاتن.

بەهۆی ئەم شەرابەوە بوو، کە ئەتامان هەمیشە خەیاڵ و مەست بوو، هەر بۆیەش، هەموو سوارەکان و تفەنگدارەکان، مەست و بێ حاڵ لە نێو عەرەبانەی ڕەشاشەکاند، پاڵ دەکەوتن.

ئەتامان، حەوت ساڵ بوو گوندەکەی زێدی خۆی نەبینی بوو. لە هەوەڵەوە کەوتە ئەسارەتی ئەڵمانەکانەوە، مودەتێک بە یەخسیری و دیلی مایەوە، پاشان پەیوەندی بە هێزەکانی فرانگلەوە کرد، پاشان لە هەتاوی گەرمی ئەستەموڵدا، ماوەیەکی لە ئوردوگا و کەمپێکی تەلبەند کراوی ئاوارەندا بەسەر برد، ماوەیەکیش کەشتیوانی، کەشتیەکی تورکی کرد، کەشتیەک بە چارۆکەێن سێ گۆشەی چڵکن و پڵکنەوە، بۆنی

خوێ و قەترانی لێ دەهات. پاشان لە هێرشی سەر کوبان دا بەشداری کرد، دوای ئەوە ئەم تاقمە یاخی و ڕێگرەی پێکەوە نا.

ئەمە بە کورتی ژیان و سەربووری ئەتامان بوو. دڵی، وەکو چۆن لە قرچەی گەرمای هاوینا سمی گاجووتانی ناو زەلکاوەکانی دەوری مەزراکانی ئەو دەشت و دەرە، ڕەق دەبێت، بەو ئاوایە ڕەق بووبوو، بووبوو بە بەرد.

ئازارێکی سەیر و پەنهان مۆریانە ئاسا ڕۆحی دەخوارد، هەموو ئازای ئازار دەدا. هەستی دەکرد مەحاڵە ئەم ئازارەی لە بیر بچێتەوە یان مەینۆشی بیری بباتەوە. وێڕای ئەوەش بەردەوام دەیخواردەوە، ڕۆژ نەبوو، خەیاڵ و مەست نەبێ. چونکە سێپەڕە کە لە دەشتی دۆندا، گوڵی دەکرد و ڕووی دەدایە بەر هەتاو، بۆن و بەرامەی دەشت و دەری دۆنی پڕ دەکرد و ژنانی گۆنا تاوە سووتی گوند کە مێردەکانیان لە بەرەی شەڕا بوون، لە دووری مێردەکانیان شەرابێکی نایابی ئەوتۆیان دروست دەکرد، کە ئاوی زوڵاڵی کانیانی نەدەگەیشتێ، کوڕی دەویست خۆی لە بەر بگرێت.

( ٤ )

لە بەرە بەیاندا، هەوەڵین شەونم نیشتە سەر زەوی، وەکو دڵۆپە زیو، بە سەر گەڵای درشتی نیلوفەرە شینباوەکانەوە نیشتەوە. لوکیچی ئاشەوان، تەنکە تۆژاڵێک زوقم و شەختەی لە سەر چەرخی ئاشەکەیەوە بەدی کرد.

لوکیچ، لە بەیانی زووەوە هەستی بە نەخۆشی و بێتاقەتی دەکرد، ئازارێک لە پشتیا هەبوو، هەر دوو لاقی کەمێک سڕ بوون، قورس بوون و بە ئاسانی لە دووی نەدەهاتن، دەتگوت بە ئەرزەوە نووساون. بە زەحمەت و بە پێ خشکان بەرەو ئاشەکە وەڕێکەوت. بەجۆرێ خۆی بکێش دەکرد، دەتگوت ماسولکەکانی لە ئێسکەکانی جیا بوونەتەوە. چەند بێچووە مشکێک، بە پەلە لە ژێر مەکینەی هەرزەنەکەوە وەدەر کەوتن و بە دەم غاردانەوە تەمەشای ئەویان کرد، کۆترێک لە ژێر جەمەلۆنەکەوە و بە بەرزییەوە دەیگماند... پیرەمێرد بە هەر دوو کونە لووتی، کە دەتگوت لە قوڕی دەشتی دۆن دروستکراوە، بۆنی توندی قوڕ و چڵپاوی ڕوبارەکە و بۆنی دانەوێڵەی هاڕدراوی پڕ بە سییەکانی هەڵمژی. گوێی بۆ شڵپە شڵپی

ئاوەکەکە پەیتا پەیتا خۆی بە تەوەری چەرخی ئاشەکەدا دەدا، شل کرد، دەستێکی بە ڕدێنە زبرەکەیدا هێناو لە فکران ڕاچوو.

لوکیچ، بە مەبەستی کەمێک ئیسراحەت، لە باخەکەدا، لە لای هەنگە ژاڵەکەوە ڕاکشا، پاڵتۆ فەروەکەی لابەلا بە خۆیدا دا، زۆری نەبرد دەمی داچەقی، لیکاوێکی لینج بەم لا و بەولای دەمیا و بە سەر ڕدێنیدا هاتە خوارێ و خەو بردییەوە، بولێڵ و تاریکی باڵی بە سەر کوختەکەی پیرەمێردا کێشا و، ئاشەکە لە تەم و مژا نقووم بوو و دیار نەما...

وەختایەک بێدار بووەوە، دوو سواری بینی کە لە لێرەکەوە وەدەر کەوتن، بە تاو بەرەو ئەو دەهاتن، یەکێکیان بانگی لە پیرەمێردەکە کە بە پێ خشکان بەرەو پلورە هەنگەکان دەڕۆیی، کرد: - ئەهای هاپۆ، وەرە بۆ ئێرە!

لوکیچ، نیگایەکی گومانامێزی کرد و لە جێی خۆی وەستا. لەم چەند ساڵە نالەبار و پڕ ئاژاوانەی ئەم دواییانەدا، زۆری لەو جۆرە چەکدارانە بینی بووکە بە تۆبزی و بێ هیچ پرسێک ئالیک و ئاردیان لە ئاشەکەی دەبرد، هەڵبەتە لە ناخی دڵەوە لە هەموو ئەوانە بێزار بوو.

- لەزێکە پیرە سابرێن!..

لوکیچ، بە بەینی هەنگەژاڵەکاندا کە لە قەدی دار دروستکرابوون، بەرەو لای ئەوان ڕۆیی، لە کاتێکا کە بە بێدەنگی لێوە زەردەکانی دەکرۆشت و بە پارێزەوە تەمەشای ئەوانی دەکرد، لە چەند هەنگاوی سوارەکانەوە وەستا.

ئەتامانەکە، بە دەنگێکی گڕ و نەرم گوتی:

- هاپۆ، ئێمە لە سوورەکانین... لێمان مەترسە. ئێمە لە تاقیبی دەستەیەک چەتەی یاخیدا بووین، لە هاوڕێکانی خۆمان دوا کەوتووین... هاتووین بپرسین، ئایا تۆ جەماعەتی ئێمەت نەدیتووە کە دوێنێ بە ئێرەدا ڕۆیی بن..

- چەند کەسێک بێرەدا تێپەڕین...

- بەرەو کوێچوون بابۆ؟

- خوا بمکوژێ ئەگەر بزانم...

-کەسیان لە ئاشەکەی تۆدا نەماوەتەوە؟

لوکیچ، بە کورتی گوتی: -کەس لێرە نییە.

و پشتی تێکردن .

-بوەستە هاپۆ.

ئەتامانەکە، لە ئەسپەکەی دابەزی، مەست و سەرخۆش لە سەر دوو لاقی خوار وەستا، بۆنی تووندی شەرابی خۆماڵی لە هەناسەی دەهات، بەو حاڵەوە گوتی:

- بابۆ، ئێمە سەرگەرمی پاکسازی کومونیستەکانین، تێدەگەی؟ ئیدی ئێمە کێین و لایەنگری کێین، ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە!

پێی خزی و هەوساری ئەسپەکەی لە دەست بەربوو و لە سەری ڕۆیی:

- ئەوەی پەیوەندی بە تۆوە هەیە، ئەمەیە، ئالیک و جۆی هەفتا ئەسپان فەراهەم بکەیت و هیچ نەڵێیت... دەی لەزێکە! حاڵی هەی! عەماری دانەوێڵەت لە کوێیە؟

لوکیچ، کە نیگای لەو دەدزییەوە گوتی: - هیچم نییە.

-ئەدی ئەو عەمارە چی تیایە؟

-وا بزانم شڕ و شاتاڵ و کۆنە شتانی تیایە... هیچ دانەوێڵەیەک شک نابەم.

-دەی باشە، پێشمان بکەوە.

یارۆی ئەتامان یەخەی کابرای پیرەمێردی گرت و بە ئەژنۆ بەرەو عەمارە داڕوخاوەکە دەڵەکی دا، دەرگاکەی بە تەق و هوڕ خستە سەر گازی پشت. تەشتەکان پڕ بوون لە گەنم و جۆی ڕەش...

-ئەمە چییە؟ بە ڕای تۆ ئەمە دانەوێڵە نییە، پیرەمێردی خوێڕی و هیچ و پووچ؟

- با، دانەوێڵەیە کوڕەکەم... ئەمانە هی بنی گونیە و جەوالانە، بە درێژایی ساڵ ئەوەندەم کۆ کردووەتەوە، ئەوە مزاشی خۆمە. ئێستا تۆ دەتەوێ بیدەیت بە ئەسپەکانت..

- یانی، بەڕای تۆ ئەسپەکانمان لە برسا بتۆپن، لە بەر ئەوەوەی گوایە جەنابت زەحمەتت کێشاوە، ها؟ تۆ لە گەڵ کیهەلایەنیت- لە گەڵ سوورەکانیت؟... وا دیارە دڵت گوللەی گەرەکە، وایە؟

- ئاه کوڕەکەم، بەزەییت لە دڵدا بێ، بۆ دەتەوێ بمکوژیت! ئاخر من چیم کردووە؟

لوکیچ کڵاوەکەی داگرت و کەوتە سەر چۆکان، دەستە تووکنەکانی ئەتامانی گرت، دەیویست ماچیان بکات.

- بڵێ بزانم تۆ سوورەکانت خۆشدەوێ؟

پیرەمێرد لە کاتێکا کەوتبووە خاک و پای ئەتامان، بە دەنگی لەرزۆکەوە دەپاڕایەوە:

- کوڕەکەم، بمبورە! ئەو قسە گەوجانانەم لێ مەگرە. ڕەحمم پێدا بکە و مەمکوژە!

- سوێند بخۆ لە گەڵ سوورەکاندا نیت و کار بۆ ئەوان ناکەیت... نا. پێویست ناکا خاچ بکێشیت!... ئادەی لەو خاک و خۆڵە بخۆ!

پیرەمێرد بە هەر دوو دەست چنگێ خاک و خۆڵی هەڵگرت، لە کاتێکا بە فرمێسکی چاو دەیخوساندەوە، لە دەمی نا و بە پووکە بێ ددانەکانی کەوتە جووینی.

- زۆر چاکە، پیرەمێرد ئێستا باوەڕم پێکردیت، هەستەوە!

یارۆی ئەتامان، لە کاتێکا کە تەمەشای کابرای پیرەمێردی دەکرد کە دەیویست هەستێتەوە و لە سەر لاقە لاوازەکانی بوەستێ، دەستی بە قاقای پێکەنین کرد. سوارەکانی دیکەش گەیینە ئەوێندەر، تەشتە گەنم و جۆیەکانیان لە ژوورەوە دەرهێنا و لە ناو حەوشەکەدا هەڵیان ڕشت و دانەوێڵەی زێڕ ئاسایان تۆوی ژێر دەست و پێی ئەسپەکانیان دا.

( ٥ )

هەوای بەرەبەیان بە تەم و مژ و شێدار بوو.

لوکیچ، بە ئارامی بەلای پاسەوان و ئێشکگرەکەیا ڕەت بوو، بە ناو دەوەنە جاڕەکەدا، کە تەمەڵ و خەواڵو چاوەڕوانی ئەنگاوتنی بەیان و هەڵهاتنی ڕۆژ بوو،

کەوتەڕێ. ڕاستە ڕێگاکەی نەگرت، کوێرە ڕێگایەکی گرت کە هەر ئەو شارەزای بوو، بەرەو گوند دەڕۆیی... دوای زەحمەتێکی زۆر گەییە ئاشە بایەکە، وەختایەک لە بێشە و دەوەنە جاڕەکە وەدەرکەوت، خۆی بە کۆڵانێکا کرد، لە ناکاوا تاپۆی چەند سوارێکی لێ بە دیارکەوت. دەنگێک لە ناو ئەو بێدەنگییە قووڵەوە دەنگی دایەوە: - زەلام کێی؟

لوکیچ، لە کاتێکا ئازایلە ترسا دەلەرزی، کەوتە مینگە مینگ : - منم ... من.

- تۆ کێی؟ بەرگەت پێیە؟ بۆچی لەم ناوە دەسوڕێیتەوە؟

- من ئاشەوانم... ئاشەوانی ئەو ئاشە ئاوەی ئەو سەرەوەم. بە کارێک بۆ گوندەکە دەڕۆم.

یەکێک لە سوارەکان، بە ئەسپەکەیەوە بەرەو لوکیچ ڕۆیی و گوتی:

- چ کارێکت لە گوندی هەیە؟ دەی پێشم بکەوە، با بڕۆین بۆ لای فەرماندە!...

هالاوی هەناسەی ئەسپەکە چوو بە پشت ملی یارۆی پیرەمێردا، تا هێز لە لاقیا بوو، بە هەنگاوی خوار و خێچ بەرەو گوندەکە دایکێشا. لە لای ماڵۆچکەکەی ناوەندی مەیدانەکەدا، کە سەرەکەی قرمید بوو، وەستان. ئەو سوارەی پیرەمێردەکەی دابووە پێش، لە ئەسپەکەی دابەزی، ئەسپەکەی بە تەیمانەکەوە بەستەوە. بە دەم تەقەتەقی شمشێرەکەیەوە، بە پلیکانەکاندا بەرەو بانیژەکە سەرکەوت.

- کوا دووی من بکەوە!..

سووکە ڕووناکییەک لە پەنجەرەکانەوە دیار بوو. وەژوور کەوتن. بۆنی دووکەڵی تووتن و جگەرە، لوکیچی خستە پژمین. کڵاوەکەی لە سەری داگرت و لەو سووچەدا کە بە زۆری ئیکونانی لێدادەنرێ بە پەلە نیشانەی خاچی کێشا.

- ئێمە ئێستا ئەم پیرەمێردەمان گرت... بەرەو گوندەکە دەڕۆیی.

نیکولای، شەکەت و ماندوو، سەرە قژنەکەیکە یەکپارچە پووش بوو هەڵبڕی و بە نیمچە خەواڵوویی گوتی: - بۆ کوێ دەڕۆیشتی؟

لوکیچ، شاد و شەنگوڵ، چووە پێشەوە و بە هانکە هانک گوتی:

- سەیرە، ئەمە تۆی کوڕەکە گیان؟... ئێوە لە خۆمانن... وام وێنا دەکرد، هەمان ئەو ئەهریمەنانە بن... ترسام... بە ڕادەیەک ترسابووم، زاتم بەکرد بپرسم... من هەمان ئەو ئاشەوانەم کە کاتێ بە لێرەواری میتروخادا ڕەت دەبوویت، لە بەر ئاشەکەی مندا وەستای. شایەد بەو شایەد تۆزێ شیرم دایتێ... لە بیرت ماوە؟

- دەی باشە چیت پێیە بیلێ. بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

- بۆ ئەوە هاتووم تا پێت بڵێم، دوێنێ ئێوارە کە دنیا تاریک بوو، یاخی و چەتەکان پەیدا بوون، لە بەر ئاشەکەدا دابەزین و هەموو دانەوێڵەکەمیان کردەبەر ئەسپەکانیان... زۆریان گاڵتە و قەشمەڕی پێکردم. دەیانویست بمکوژن. گەورەکەیان ناچاری کردم سوێندیان بۆ بخۆم کە لە گەڵ ئەوانم، ئەوسا ناچاری کردم، خاک و خۆڵ بخۆم.

- باشە، ئێستا ئەوانە لە کوێن؟

- هێشتا لەوێندەرن، ڤودکایان لەگەڵ خۆدا هێنابوو، هەنووکە بە ناخێریان لە باشترین ژووری منا، لە ژووری میوانا سەرگەرمی مەیگوسارین. من بە پەلە بۆ ئێرە هاتم تا خەبەر بە جەنابت بدەم، بەڵکو ئێوە بتوانن چاریان بکەن.

نیکولای هەستا، بزەیەکی بە ڕووی کابرای پیرەمێردا دا، هیلاک و ماندوو باسکی لە قۆڵی پاڵتۆکەی هەڵکێشا و گوتی:

- ئادەی کوڕینە ئەسپەکان زین بکەن...

( ٦ )

ڕۆژ بووەوە. نیکولای کە لە بێ خەویدا، گۆناکانی زەرد هەڵگەڕا بوون، بە چوار ناڵە بەرەو عەرەبانە دوو ئەسپییە، ڕەشاش هەڵگرەکە ڕۆیی.

- هەرکە هێرشمان کرد... تۆ سەمتی ڕاستی ئەوان دابگرەوە... دەبێ ئەو قۆڵەیان تێک بشکێنین...

ئەوسا بە سواری ئەسپەکەی، بەرەو لای دەستەی سوارەکان کە لە حاڵی پێشڕەویدا بوون گەڕایەوە.

لە سەر ڕێگا گشتیەکەوە و لەو دیودەوەنەجارە بەڕووەکانەوە تاقمە سوارێک بەدیار کەوتن کە بە چوار ڕیز دەڕۆیشتن. گالیسکەیەکی " تاتشانکا " یان لە ناوەڕاستەوە بوو. ( تاتشانکا: جۆرە عەرەبانەیەکی ڕەشاش لە سەرە ) .

نیکولای بە دەنگی بەرز فەرمانی دا: - هێرش!

هەرکە هەستی بە زیاد بوونی خرمەی سمی ئەسپان لە دوای خۆیەوە کرد، جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد و بە تاو بۆی دەرچوو.

ڕەشاشەکەی قەراخ دەوەنەجاڕ و بێشەکە شێتانە کەوتە دەسترێژ. ئەو سوارانەی کە بە سەر ڕێگا سەرەکییەکەوە بوون، وەکو ئەوەی لە مەیدانی مەشقا بن، بەو ئاوایە هەڵوێستی هێرشی پێچەوانەیان وەرگرت.

***

گورگێک، لە ناوەندی دار و دەوەنانی بناری گردەکەوە، دەرکەوت. دڕک و داڵی دنیای تێوە ئاڵابوو. ملی قوت کردەوە، گوێی هەڵخست. دەنگی گوللە و دەسترێژ دەهاتە گوێ، دەنگی تەقە و و دەسترێژەکان زۆر دوور نەبوو، دەنگی هاوار و فریاد، شەپۆل ئاسا لە گوێدا دەنگی دەدایەوە.

تەق! دەسترێژی گوللە لە نێو سپیدارەکانا دەنگی دایەوە. لەو بەری گردەکەوە و بە ئاراستەی زەوییە کێلاوەکانا وەڵام درایەوە: تەق!

دەسترێژێکی دیکە: تەق تەق تەق!.... دیسان لە پشت گردەکەوە وەڵام درایەوە: تەق تەق تەق! گورگەکە ماوەیەک وەستا، ئەوجا، بە کاوەخۆ، بە چەند هەنگاوێک خۆی گەیاندە سەوزەزاری نەدووراوەی ناو دۆڵێکا.

ئەتامان، لە سەر ڕکێفەکەوە خۆی بەرز کردەوەو هاواریکرد:

- ورە بەر مەدەن! ڕەشاشەکان بە جێ مەهێڵن، بەرەو بێشەکە پاشەکشە بکەن، خۆ بە بێشەکەا بکەن... نەعلەت لە شیرتان!...

لێ ڕەشاشچی و سوارەکان، چنگ لە سەر شان دوای یاخی و چەتەکان کەوتبوون، یاخیەکان، لە ژێر ئاگربارانی بەردەوامی ڕەشاشی سوارەکانی نیکولای دا، پاشەکشەیان دەکرد و ڕێگای هەڵاتنیان گرتبووەبەر. ئەتامان سەری ئەسپەکەی

وەرگێرا، تاقە سوارێکی بینی کە بە شمشێری ڕووتەوە بەرەو ئەم بە تاو دێت، داوێنی پاڵتۆ ڕەشەکەی وەکو دوو باڵی باڵندەیەک بە حەواوە دەبزوان. کابرای سوار دووربینێکی بە ملەوە بوو، پوستینێکی ڕەشی لەبەر بوو، ئەتامان کە سوارەکەی بەو دیمەنەوە بینی، وای بۆ چوو ئەمە سەربازێکی سادە و ئاسایی سوپای سوور نییە. جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا. لە دوورەوە ڕوخساری گەنجەکەی بینی. کە هێشتا سمێڵی نەهاتبوو، تووڕەیی لە ڕوخساری دەباری، چاوەکانی لە بەر بایەکە بچووک بووبوونەوە لە کاتێکا ئەسپەکەی ئەتامان لە جێی خۆی و بە دەم چەپۆکانەوە کەوتە سەر پاشۆ، ئەتامان هەڵیکێشایە دەمانچە ماوزەڕەکەی و هاواریکرد:

- وەرە پێشەوە هەی توڵە سەگی دەم ڕووت!... بجوڵێ... ئێستا پێتی نیشاندەدەم چۆنت دەجوڵێنم!

ئەتامان، هەرکە تاپۆی یارۆی پۆستین ڕەش لە بەرچاوی بەرجەستە و بەرجەستە تر بوو، تەقەی لێکرد. ئەسپەکە ماوەی پازدە – بیست مەترێکی دی بە تەکان هات و ئەوسا گلاو کەوت، لێ نیکولای پاڵتۆ ڕەشەکەی تووڕ دا و بە دەم تەقە کردنەوە، بەرەو یارۆی ئەتامان ڕۆییو لێی نزیک و نزیکتر بووەوە...

لە پشت درەختەکانەوە، هاوارێک بەرز بووەوە، زیاتر لە هاواری حەیوانات دەچوو، لە ناکاوا دەنگەکە کپ بوو و نەما. هەور بەری ڕۆژی گرت، ئیدی دەشتەکە و ڕێگاوبان و لێرەکان کە خەزانی پاییز و گژەبا بە تەواوەتی ڕووتاندبوویەوە، هەر هەمووی کەوتە بەر سێبەر.

یارۆی ئەتامان لە دڵی خۆیدا گوتی: " منداڵە، کەسێکی بێ پەروا و سەرگەرمە، وادیارە لێرەدا ئەجەلی هاتووە... " ئەو بیر وخەیاڵانە، بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بە مێشکی ئەتاماندا هاتن. چاوەڕوانی کرد، تا دەراغی چەکەکەی یارۆی گەنج خاڵی بوو. ئەوسا جڵەوی ئەسپەکەی شل کرد و وەکو داڵاش بۆی داهاتەوەو پەلاماری دا، لە سەر ڕکێفەکانەوە بەرز بووەوە، شمشێرەکەی بادا و دایوەشاند، هەستی کرد جەستەیەکی لاواز لە ژێر زەبری شمشێرەکەیدا، بێ کەمترین بەرگری و بەرخۆدان هەرەسی هێنا و لە سەر ئەرزەکە لوول بوو. ئەتامان، لە ئەسپەکەی دابەزی، دووربینەکەی ملی یارۆی کوژراوی کردەوە، ئەوجا چاوی بڕییە هەر دوو لاقی کە هێشتا بە دەم گیانەڵڵاوە، بە ئاستەم دەلەرزین، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، بە دیار جەندەکەکەوە دانیشت، کەوتە داکەندنی چەکمە چەرمینەکانی

قوربانییەکەی. لاقی نایە سەر ئەژنۆی مردووەکە و بە پەلە یەکێک لە چەکمەکانی داکەند. بەڵام تاکی دووەم، کە پێدەچوو لە گۆرەوییەکەی گیرابێ، بە ئاسانی دانەدەکەندرا. تووڕە بوو و بە دەم جنێوی پیسەوە کەوتە تەقەللا. چەکمەکە و گۆرەوییەکەی بەیەکەوە لە پێی داکەند، ڕێک لە سەرووی گوزینگی پێیەوە نیشانەو خاڵێکی درشتی بە دی کرد کە ڕێک بە قەد هێلکە کۆترێک دەبوو. بە ئەسپایی سەری کوڕە گەنجەکەی کە سارد بوو بووەوە بۆ لای خۆی وەرگێڕا، دەتگوت دەترسێت نەبادا خەبەری ببێتەوە، لە کاتێکا دەستی لەو خوێنە هەڵکشابوو، کە لە دەمی کوژراوەکەوە دەهاتە دەرێ، ماوەیەک لێی ڕاما و ئەوسا بە دەم ئازارێکی گورچکبڕەوە، باوەشی بە شانەکانیا کرد و بە دەم ناڵەیەکی گونگ و ئاڵۆزەوە هاواریکرد:

- کوڕەکەم!... نیکولای من!... ئازیزەکەم... جەرگەکەم!

دەم و چاوی تاریک بوو و هاواریکرد:

- قسە بکە! تەنیا قسەیەک بکە!... ئاخر چۆن ئەمە ڕوویدا؟.. پێم بڵێ چۆن!... ها؟

لە کاتێکا دەیڕوانییە چاوە کوژاوەکانی کوڕەکەی، بە دیارییەوە دانیشت، پێڵوە خوێناوییەکانی گەنجەکەی کردەوە، جەستە بێ گیان و بێ جووڵەکەی تەکان دا.... لێ نیکولای ددانەکانی لە لایەکی زمانە شینەوە بووەکەی توند کردبوو، وەکو ئەوەی لەوە بترسێت نەبا ڕازێکی زۆر گەورە بدرکێنێ.

ئەتامان، فرزەندەکەی لە باوەش کردو دەستە سارد و سڕەکانی غەرقی ماچ کرد، ئەوجا لوولەی دەمانچە ماوزەڕەکەی نایە ناو دەمی خۆی، هەرکە لوولە پۆڵایینەکەی بە لیکاوەکەی دەمی تەڕ بوو، ڕێک گوللەیەکی بە ناودەمی خۆیەوەنا.

***

دەمەو ئێوارێ، کە سەر وسەکوتی سوارەکان لەو دیو لێرەوارەکەوە دەرکەوت و بایەکەدەنگی زەلامەکان و حیلە و هانکە هانکی ئەسپەکان و زرینگ و هۆڕی ڕکێف و ئاوزەنگیەکانی گەیاندە ئەوێ، داڵاشیک، بە بێزاری و بە نەبەدڵی لە سەر سەرە بژ ولوولەکەی ئەتامان هەڵفڕی و لە ئاسمانی تاریک و لێڵی پاییزیدا ون بوو.

١٩٢٤

## گۆلکڤان

( ١ )

شازدە ڕۆژی تەواو بوو کە لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە پێدەشتە قاوەییە تاوەسووتەکەوە، لە دەشتە شۆراخە سپیواژ وشەقار شەقار بووەکانەوە، گڕە بایەکی دەهات هەر مەپرسە. زەوی بوو بە قەرە برووت، ڕەش هەڵگەڕا، بوو بە خەڵووز، گیا وشک بوو، زەرد بوو، کانیاوە زۆر زەبەندەکانی ئەم شان و ئەوشانی ڕێگا سەرەکییەکە وشکیان کرد، چۆڕبڕ بوون، گوڵە پێغەمبەرە ( گەنمەشامی ) کە تازە لە قەف و گوڵا بوو و هێشتا نە پشکوتوو بوو، تەواو ژاکا، زەرد هەڵگەڕا و تەواو چرمسی و لە ڕەنگ کەوت، وەکو پیرەمێردان سیس و ژاکاو بەرەو عاردی داهاتەوە.

کاتی نیوەڕۆیە، لە ناکاوا دەنگی زەنگە زەردەکەی کڵێسا بەرز بووەوەو لە سەرانسەری گوندا دەنگی دایەوە.

دنیا گڕە و گەرمایەکە مەپرسە. جگە لە دەنگی پێی ئەو کەسانەی کە بە لای تەیمانەکاندا، خۆ بکێش دەکەن و تەپۆتۆز لە دوای خۆیانەوە بەرز دەکەنەوە و، دارە تەقێی ئەو پیرەمێرانەی کە بە کوێرەکوێر، ڕێگای خۆ دەدۆزنەوە هیچ دەنگێکی دیکە نایەت.

زەنگەکە هەواڵی کۆبوونەوە بە خەڵکی گوند ڕادەگەیەنێ. کۆبوونەوەکەیان بۆ ئەوەیە کە گاوانێک بۆ ئاوایی هەڵبژێرن و دابنەن.

نووسینگە و بارەگای ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، یەکپارچە هەراو زەنا و گەنگەشە و دووکەڵە جگەرەیە. سەرۆکی ئەنجوومەن قوونی قەڵەم ڕەساسەکەی بە سەر مێزەکەدا کێشا.

- هاوشاریان، گاوانەکەمان دەڵێت چیتر گاوانی گوند ناکات، چونکە هەقەکەی کەمە. ئێمە لە ئەنجوومەنا، پێشنیاز دەکەین کە گریگۆری رولوف، لە جێی ئەو دابنرێ. خەڵکی لای خۆمانە، هەتیوە، داک و بابی نەماوە، ئەندامی لاوانیشە.. بە خۆتان دەزانن کە بابی پینەچی بوو. ئێستا لەگەڵ خوشکەکەیدا دەژین، دەستیان کورتە و هیچ دەرامەت و سەرچاوەیەکی بژێویان نییە. پێموایە ئێوەش بە حاڵیان دەزانن و بەوە قاییل دەبن کە بکرێ بە گاوانی گوندەکەمان.

نیستیروفی پیرەمێرد ئەو پێشنیازەی بە دڵ نەبوو، زۆری لەبەر گران بوو، لە جێی خۆیەوە، لە دوای داوەوە و لە سەر تەختە لەقەکەی کەوتە جوڵەجوڵ و بە نیگەرانییەوە گوتی:

- نا، ئەو کوڕە دادی مە نادات... گاگەلەکەمان ، گاگەلێکی زۆرە، ئەو نە دەرەقەتی دێت و نە شارەزای گاوانییە!... دەبێ گاگەلەکە بۆ شوێنی دوور ڕابدات، لەم دەوروبەر و نزیکانە لەوەڕ و لەوەڕگە نییە، ئەویش نابەڵەدە و هیچ پێشینەیەکی لەم بارەیەوە نییە، ئەگەر ئەو بە گاوانی بگرین، ناگاتە پاییز دەبینین نیوەی گوێرەکەکانمان مردار بوونەتەوە.

" ئیگنات "ی ئاشەوان کە پیرەمێردێکی موزیڕ و فیتنە و وەکو دەڵێن ئاگری ژێر کا بوو، بە زمانێکی شیرین، بەڵام بەدخوایانە، بە دەنگێکی نەرمی تەوسامێزەوە گوتی:

- ئێمە بە بێ ئەنجوومەنیش دەتوانین گاوانێک پەیدا بکەین. ئەم کارە، کاری ئێمەیە، پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە. ئەوەی بە کەڵکی مە بێت، پیرەمێردێکی باشی جێ متمانەیە، کە لە گەڵ ئاژەڵانا هەڵبکات و بە حەوسەڵە بێت.

- زۆر ڕاستە، هاپۆ...

سەرۆکی ئەنجوومەن، بە ڕژدی و، بە دەم چاوەڕوانی پشتیوانی ئامادەبووانەوەهەڵیدایە و گوتی:

- لێ، هاوشاریان، ئەگەر بە تەمای ئەوە بن پیرەمێردێک بە گاوانی ڕابگرن، لەوەیە گوێرەکەێن زیاتر لە دەست بدەن. چونکە دنیا گۆڕاوە، دزی و تالانی لە هەموو شوێنێک پەیدا بووە.

لەم کاتەدا دەنگی پشتیوانی بەرز بووەوە:

- نا، پیرەمێرد بە کەڵک نایەت. دەرەقەتی ئەم کارە نایەت، خۆ گاگەلەکە، چێل وگا نییە، هەمووی گوێرەکەی یەک ساڵە، پیاو دەبێ لە تاژی قۆچاختر بێ تا بە پێیاندا بگات. باشە ئەگەر ئەم گوێرەکانە ڕەوینەوە و هەریەکەیان بە لایەکا دەرپەڕی... هەنگێ ئەم پیرەمێرە چۆن کۆیان دەکاتەوە. خۆ ئەگەر بە غار دوویان بکەوێ هەناوی بەر دەبێتەوە...

دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە، ژوورەکەی هێنایە لەرزین. لێ ئیگناتی ئاشەوان، لەو سەری ژوورەکەوە هەڵیدایە و بە دەنگێکی نەوی گوتی:

- ئەم کارە، کاری کومونیستان نییە... ئەمە کاری خەڵکانی نوێژکەر و دەم بە وێردانە... نەک هەموو کەسێک.

ئەوسا پیرەمێردی بەدخوا، سەرە سافەکەی سڕی.

ئیدی سەرۆکی ئەنجوومەن، بە توونددی قسەکەی پێ بڕی وگوتی:

- هاوشاری تکایە ئێرە جێگەی ئەو قسانە نییە.. ئەو قسانە لە کەس قەبووڵ ناکەم... هەر کەسێک ئەو قسانە بکات، دەڵێم بیکەنە دەرەوە.

بەو جۆرە لە گەڵ تاریک و ڕوونی بەیاندا، لەو کاتەدا کە دووکەڵ وەک دەستپێچکەی لۆکەی پیس، لە دووکەڵکێشی ماڵانەوە بەرز دەبووەوە و بە نزمییەوە

بە ئاسمانی مەیدانەکەدا بڵاو دەبووەوە، گریگوری گاگەلێکی سەد و پەنجا سەری کۆکردەوەو، بە نێو گوندا بەرەو گردە بۆر و ڕووتەن و تاقانەکەی دەرێی گوندی ڕادان.

پێدەشتەکە یەکپارچە کونی جرج و خورماپێچان بوو، لێرە و لەوێ تۆپەڵە گڵ کەڵەکە بووبوو، لە تۆ وایە دەشتەکە ئاوڵە لێی داوە. ئەم خورماپێچانە، سەرگەرمی زیکەزیکیتیژ و دوور و درێژی خۆیان بوون، ناوبە ناو لە نێو دۆڵەکانەوەو، لە نێو گیایە کورتەکانەوە، چێرگێن پەڕ سپی هەڵدەفڕین. پەڕەکانیان بە دەم فڕینەوە زیوئاسا دەبریقانەوە.

گاگەلەکە هێور بوو، دەنگی سمی گوێرەکەکان، وەکو دەنگی داکردنی باران بوو بە سەر زەوی دا.

گریگوری، دونیاتکای خوشکی وەکو پاش گاوان بەگەل خۆی خستبوو. گۆنا ئاڵ و نمووسەکانی کیژێ خۆشی و شادیان لێدەباری. لێوەکانی، چاوەکانیشی پێدەکەنین. لە ڕاستیا کیژێکی خەنۆڵ و هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو، هەمووی هەفتەیەک بوو، دوای جەژنی پاک تازە پێی نابووە ناو هەڤدە ساڵییەوە. ئینسان لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا، هەموو شتێکی بە لاوە جوان و گەشە- تەنانەت ڕوخساری گرژ و مۆنی براکەی، گوێرەکە گوێ چکۆلەو شۆڕەکان، کە بە دەم ڕێگاوە گیای بەرزیان دەخوار- هەر هەموو ئەوانەی بەلاوە جوان و مایەی پێکەنین بوو، ئیدی ئەمڕۆ تێر بێ، خەمی نانی سبەینێ ی نییە. ئیدی بە حوکمی تەمەن هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو.

گریگوری پێنەدەکەنی. تەوێڵی لە ژێر کڵاوە کۆن و دڕاوەکەیەوە زەق دەچووەوە و یەکپارچە چرچی هاوتەریب بوو، چاوەکانی شەکەت و ماندوو بوون، زۆر لە تەمەنی نۆزدە ساڵی خۆی گەورەتر دیار بوو.

گاگەلەکە، بە کاوەخۆ بە قەراخ ڕێگاکەدا دەڕۆیی، کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەم لەوەڕەوە بڵاو بووەوە. گریگوری بە دەم فیکە کێشانەوە گوێرەکە دوا کەوتووەکانی هاندەدا کە بێن وەڕێوە. ئاوڕێکی لای دونیاتکای دایەوەو گوتی:

- دونیا گاین، لە پاییزا هەقەکەمان وەردەگرین، ئەوەندە دانەوێڵەمان دێتە دەست کە بتوانینبۆ شار بڕۆین، من لەوێ دەچمە فێرگەی کرێکاران، هەوڵدەدەم تۆش

بخەمە دەورەو فێربوونی خوێندەوارییەوە. دونیا لە شار کتێب زۆرە، هەر کتێبێکمان بوێ، دەستمان دەکەوێ، لەوێ خەڵکی نانی خالیسە دەخۆن، نەک وەک لای ئێمە کە پڕە لە پڵوپوش.

- باشە پارەی سەفەرمان لە کوێ بوو؟

- کە تۆش کەودەنی، ئەمانە بە لای کەمەوە بیست پووت ( هەر پووتێک شازدە کیلۆیە ) گەنممان دەدەنێ. ئەمە خۆی لە خۆیدا پارەیە... هەر پووتێکی بە ڕۆبلێک دەفرۆشین. پاشان هەرزن و تەپاڵەشمان بۆ فرۆتن دەبێت.

گریگوری لە ناوەندی ڕێگاکەدا وەستا، بە تەرکەکەی ( شول ) لە سەر خۆڵە پەتانییەکە کەوتە نووسینی چەند ژمارەیەک و کۆکردنەوەیان.

- بەڵام گریشا ( گریشا: سووکەڵە ناوی گریگورییە ) ئێستا چ بخۆین؟ خۆ نانمان نییە.

- هەندێک نانە ڕەق لە توورەکەکەما هەیە..

- ئەگەر ئێستا بیخۆین.. بۆ سبەی چ بکەین؟

- بۆ سبەینێ، یەکێک لە مەزراکەوە دێت و هەندێک ئاردمان بۆ دێنێ... سەرۆکی ئەنجوومەن بە خۆی بەڵێنی داومەتێ..

هەتاوی نیوەڕۆ زۆر گەرم بوو، پیاوی دەسووتاند. کراسە جاوەکەی گریگۆری لە ئارەقەدا هەڵکشابوو و بە دەفەی هەر دوو شانییەوە نووسابوو. گاگەلەکە، نیگەران و بێ ئۆقرە دەڕۆیی. مۆزەشینە بەربوونە گوێرەکەکان و گوێرەکە کەوتبوونە هەلوەلە، بۆڕەی گۆلک و چێلان و گیزەگیزی خەرەنگێز دنیای پڕ کردبوو.

دەمەوئێوارە، پێش خۆرئاوابوون، گاگەلەکەیان، بەرەو مۆڵگەیەکی دوورە دەست ڕادا. لە نزیکی مۆڵگەکەدا، ئەستێڵێک وکەپرێکی حەسیر هەبوو، کە بە هۆی بارانەوە تەواو خوسابووەوە و بۆگەنی کردبوو.

گریگوری، بە هەشتاو پێش گاگەلەکە کەوت، دەرگای مۆڵگەکەی کە لە شوول و تەرکە دروستکرابوو، کردەوە، بە دەم ژماردنەوە، گوێرەکەکانی یەک یەک لە چەپەرە چوار گۆشە ڕەشەکەوە کردنە ناو مۆڵگەکەوە.

بە دوو قۆڵی کەپرێکی تازەیان لە سەر بەرزاییەکەی ئەوبەری ئەستێڵەکە دروستکرد، لە دوورەوە دەتگوت دەنکە نۆکێکی درشتە و دەڕوانێتە ئەستێڵەکە، بە دوو قۆڵی دیوارەکانی کەپرەکەیان بە شیاکە سواخ دا. پاشان گریگوری سەرەکەی بە نەیجە و قامیش و هەژگ و بژاڵ گرت.

سەرۆکی ئەنجوومەن، بۆ ڕۆژی دوایی بە سواری ئەسپەکەی خۆی گەیاندنێ، نیزکەی هەشت کیلۆ ئاردی زوڕات و کیسەیەک برۆشی هەرزنی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەبەر سێبەری فێنکی کەپرەکە دانیشت و سیغارێکی پێکرد.

- گریگوری، تۆ گەنجێکی باشیت. وەختێ شەرتی گاوانیەکەت تەواو کرد پاییز پێکەوە دەچین بۆ ناوچە، بەڵکو هەلێکت بۆ بڕەخسێت و بۆ خوێندن بچیت بە لایەکا. من لە بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی گشتیدا، کوڕێک دەناسم کە دەتوانێ یارمەتیت بدات..

ڕوخساری گریگوری لە خۆشیا سوور بووەوە. کە بینی سەرۆکی ئەنجوومەن بە نیازە بڕوات، ڕکێفی ئەسپەکەی بۆ گرت و بە گەرمی دەستی گوشی، ماوەیەکی زۆر لە جێی خۆی وەستا، تەمەشای ئەو گەردەلوولەی دەکرد کە لە ژێر سمی ئەسپەکەوە بەرز دەبووەوە، لوولی دەخوارد و بە ئاسماندا دەچوو.

پێدەشتە وشک و پەژمردەکە، هەمیشە وەکو نەخۆشانی سیل و دیقان لە کاتی هەڵاتن و ئاوابوونی هەتاودا ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا. لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا جووڵەی لەبەر دەبڕا. گریگۆری لە سەر گازی پشت ڕاکشابوو، دەیڕوانیە ئەو گردەی کە تەنکە تەمێکی شینباوی گەرمی تێ ئاڵا بوو. وای هاتە بەر خەیاڵ کە دەشتەکە گیانی لەبەرە، بوونەوەرێکی بەگیان و زندووە، لە ژێر باری قورسی گوندان و ئاوایی و شاراندا دەناڵێنێ. وای وێنا دەکرد، کە خاک هەناسە دەدات و هەناسە هەڵدەمژێت و لە ژێر خاکا و لە ژێر چینە ئەستوورەکانی خاکا، ژیانێکی دیکە هەیە کە لە ژیانی سەر خاک ناچێت و لە سەرووی دەرک و تێگەیشتنی ئەودایە. بەم ڕۆژی ڕوناکە هەستی بە ترس کرد. ڕیزە گرد و بەرزاییەکانی باوەشی پێدەشتەکەی دایەبەر نیگا. دەیڕوانیە ئەو گاڕانەی کە بە ناو مێرگ و سەوزەزارە

قاوەییەکەدا وەر بووبوو. وای هەست دەکرد چۆن کەسێک لە قەوم و قیلەی خۆی دادەبڕێت، ئەویش بەو ئاوایە لە دنیا دابڕاوە.

گریگۆری ئێوارەی شەممەیەک، وەکو پیشەی هەر ڕۆژێک، گاگەلەکەی بۆ مۆڵگەکە بردەوە. دوناتیکا، لە نزیک کەپرەکەوە ئاگرێکی کردبووەوە وخەریک بوو شۆربای هەرزن بە ترشۆکەی بۆنخۆشی لێدەنا.

گریگۆری لای ئاگرەکەوە دانیشت، بە دار دەستەکەی کەوتە تێکدانی تەپاڵەکانی ناو ئاگرەکە و بە ئارامی گوتی:

-گوێرەکەکەی گریشاتکا نەخۆش کەوتووە. دەبێ خاوەنەکەی ئاگادار بکەینەوە.

دونیاتکا، بە بێ موبالاتیەکی ڕواڵەتیەوە گوتی:

-یانی دەبێ من بۆ ئاوایی بڕۆمەوە؟

-نا، نابێ تۆ بڕۆی، چونکە من بە تەنیا گاگەلەکەم پێ بەرهەق ناکرێ.

ئەوسا بزەیەکی بۆ کرد و درێژەی دایە:

- هەست بە تەنیایی دەکەی؟ ها؟ غەریبی خەڵکی دەکەی؟

- بەڵێ گریشا گیان، غەریبی خەڵکی دەکەم. یەک مانگی تەواوە لەم دەشت و دەرەداین، جگە لە یەک کەس، کەسی دیمان نەبینیوە. خۆ ئەگەر هەموو هاوینەکە لێرە بە سەر بەرین، لەگینە من قسە کردنیشم لە بیر بچێتەوە..

- دونیا، ئیدی ئاوایە، سەبرێ بگرە، ئێمەش پاییز بۆ شار دەڕۆینەوە. بۆ خۆمان فێری خوێنەواری دەبین و هەرکە لە خوێندن بووینەوە، بۆ ئێرە دەگەڕێینەوە. بۆ خۆمان زەوییەک بە شیوازی زانستی ڕەنێو دەهێنین... نەخوێنەواری ونەزانی لێرە زۆر بڵاوە، خەڵکی لە گوێی گادا نووستوون، ئاگایان لە هیچ نییە. کەس خوێندەواری نییە، چ خەبەرێک لە کتێبانەوە نییە..

- کەس لە خوێندن وەرمان ناگرێ. ئێمەش وەکو خەڵکەکەی دی بێ سیوات و نەزانین.

- نا، وەرمان دەگرن. زستان کە چووم بۆ گوند کتێبێکی لینینم خوێندبووەوە، کتێبەکە هی بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب بوو، لەو کتێبەدا نووسرابوو، دەسەڵات دەسەڵاتی پرولیتاریایە... سەبارەت بە خوێندنیش نووسرابوو، پێویستە ڕۆڵەی هەژارانیش بخوێنن.

گریگۆری کەوتە سەر چۆکان، گۆناکانی لە بەر زەردەپەڕی ئێوارێ سوور هەڵگەڕان و بە دڵێکی فراوانەوە لە سەری ڕۆیی:

- ئێمە دەبێ بخوێنین، فێری خوێنەواری ببین تا بتوانین کۆمارەکەمان بەڕێوە ببەین. لە شارەکانا، دەسەڵات بە دەست کرێکارانەوەیە، بەڵام کوێخای گوندەکەی مە، فیوداڵە، دەرەبەگە. لە گوندەکانی دیکەشا، دەسەڵات بە دەست دەوڵەمەندانەوەیە.

- منیش لەو ماوانەدا کە تۆ دەخوێنی، دەتوانم بە کارەکەری و قاپشۆری ماڵان، پارەیەک پەیدا بکەم.

تەپاڵەکان لە ناو ئاگردانەکە دەسووتان، هەندێجار دووکەڵی دەکرد و بڕێ جار بە بێ دووکەڵ دەسووتا و پریشکی بەم لاو بەولادا دەهاویشت. پێدەشتەکە مات و خەواڵوو، نقوومی بێدەنگی بوو.

( ٣ )

سەربازێک کە دەچوو بۆ مەرکەزی ناوچە، لە ڕێگای خۆیەوە، لای دایە لای گریگۆری و پێی ڕاگەیاند کە پولیتوڤی بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی، داوای کردووە کە بڕوات بۆ گوند و بیدینێ.

گریگۆری بەیانی سەحەری کەوتەڕێ، نیوەڕۆ گەییە سەر گردەکەی دەوروبەری ئاوایی، لە سەر گردەکەوە بورجی زەنگەکان و سەربانی خانوو و ماڵە پەڕپووتەکانی، کە بە چینکۆ و حەسیر سەریان گیرابوو، لێ بە دیار کەوت.

بە پێی تلۆق کردووەوە، خۆی بە مەیدانی ئاواییدا کرد. کۆڕ و مەجلیس لە ماڵی قەشەی گوندا بوو. گریگۆری خۆی بە ژوورێکی گەورەدا کرد، حەسیری تازەی تیا ڕاخرابوو. پەنجەرەکان داخرابوون و ژوورەکە نیمچە تاریک بوو. پولتیوڤ، لە

نزیکی پەنجەرەکە وەستا بوو و خەریکی دروستکردنی چوارچێوەیەکی دارین بوو. دەستە ئارەقاوییەکانی بۆ گریگۆری ڕاکێشا و بە زەردەخەنەوە گوتی:

- دەی براله، گرینگ نییە. من لە ناوچە تاقیبم کرد، لەوێ پێویستیان بە چەند گەنجێک هەبوو بۆ کۆمپانیای نەوت، بەڵام خەڵکانێکی زۆر لە پێویست زیاتر پەیدا بووبوون... بە هەرحاڵ تۆ دەبێ تازە لە سەر کاری خۆت بەردەوام بیت و شەرتی خۆت تەواو بکەی... کە شەرتی خۆت تەواو کرد، لە پاییزا دەتنێرین بۆ خوێندن.

- من خوشحاڵم کە ئەم کارەشم دەستکەوت، مکووڕم لە سەری. دەرەبەگەکانی گوندەکەمان زۆریان پێناخۆش بوو کە من کرام بە گاچێڕیان. ئەوانە دەڵێن ئەو لە لاوانی کومونیستە، کابرایەکی کافر و خوا نەناسە. نوێژ ناکات و بە دەم لەوەڕاندنی گاگەلەکەوە دوعا و نزا ناخوێنێ.

گریگۆری دوای ئەو قسانە، خەندەیەکی پڕ لە بێزاری و بێتاقەتی بۆ کرد.

پولیتوڤ، بە ئاسینی کراسەکەی ئاردە مشارەکانی لابرد. لە قەراخ پەنجەرەکەدا ڕۆنیشت، لە ژێر برۆ چڕ و نمسارەکانیەوە ڕوانییە گریگۆری.

-گریشا زۆر لاواز و باریک بووی. باشە لەوێ خواردنت دەستەکەوێ؟

-بەشی خۆماندەستەکەوێ.

هەردووکیان بۆ ساتێ بێدەنگ بوون.

- با بڕۆین بۆ ماڵی من، بڵاوکراوەی تازەت دەدەمێ، لەم ڕۆژانەدا، هەندێک ڕۆژنامە و کتێبی تازەمانلەناوچەوە بۆ هاتووە.

بەو کۆڵانەدا کە بۆ گۆڕستانەکە دەڕۆیی، کەوتنەڕێ، مریشکان لە سەر زبڵدانەکە چینەیان دەکرد و خۆیان لە خۆڵ وەردەدا. لەپڕ دەنگی چەرخی بیرێک بەرز بووەوە و گوێی پڕ کردن.

- بۆ ئەمرۆ نامێنیتەوە؟ کۆبوونەوەمان هەیە. کوڕەکان لێت دەپرسن: گریشکا لە کوێیە و ئەحواڵی چۆنە؟ چ دەکات؟ هەم کوڕەکان دەبینی و منیش کۆڕێک سەبارەت بە ڕەوشی ئێستا پێشکەش دەکەم... ئەمشەو لای من بمێنەوە و سبەی بڕۆرەوە، باشە؟

- ناتوانم بمێنمەوە. چونکە دونیاتکا بە تەنیا دەرەقەتی گاگەلەکە نایەت. بۆ کۆڕەکە دەمێنمەوە، بەڵام دوای کۆڕەکە، هەر شەوێ دەڕۆمەوە.

دالانی ماڵەکەی پولیتوڤ، سارد بوو. بۆنی خۆشی سێوی وشکەوە کراو، دەگەڵ بۆنی ئارەقەی ئەسپ، کە لەو سەر کەللە وهەوسار وقایش وقروشەی بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، هەڵدەستا، تێکەڵ بووبوو.

بەرمیلێکی پڕ لە شەرابی کەفاس ( کەفاس: جۆرە شەرابێکی ڕووسییە، لە نان یان لە میوە دروست دەکرێت) لە گۆشەیەکەوە دانرابوو، قەرەوێڵەیەکی شەق و شڕ لە تەنیشتیەوە دانرابوو.

- ئەمە شوێنی منە، لە هەموو شوێنێکی ماڵەکە گەرمترە...

پولیتوف دانەوییەوە، بە وریایی وکاوەخۆ، لێفە کۆن و چڵکنەکەی هەڵدایەوە، چەند ژمارەیەکی کۆنی ڕۆژنامەی پراڤدا و دوو کتێبی لە ژێرییەوە دەرهێنا. ئەوانەی دانەدەست گریگۆری، ئەوسا کیسەیەکی پینەکراوی هێنا و دەمەکەی کردەوە و گوتی:

- ئەمە بگرە...

گریگۆری بە دەم گرتنی کیسەکەوە، چاوێکی هەر لە سەر بڵاوکراوەکان بوو.

پولیتوف، بە چنگ نیوەی کیسەکەی پڕ لە ئارد کرد، ئەوسا چوو بۆ ژوورەکەی پێشەوە، دوو پارچە بەزی بەرازی لە گەڵا کەلەرمێکی ژاکاو و سیسەوە پێچا بوو و ئەوانیشی لە کیسەکە نا و گوتی:

- کە گەڕایتەوە ئەمانەش لە گەڵ خۆتا ببە.

گریگۆری سوور بووەوە و گوتی: - نەخێر، نایبەم..

- چۆن نایبەی؟

- هەر ئاوها، نایبەم و تەواو.

پولیتوف، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، چاوی لە دوڕ چاوانی گریشکا بڕی و هاواریکرد:

- کابرایەکی سەیری ها، ئاواش خۆت بە هاوڕێ دەزانی! لە برساش بمریت قسە ناکەی؟ بیانبە، دەنا زویر دەبم، بە هاوڕێی خۆمت نازانم.

- ئەدێ خۆت، خۆ ناکرێ گسک لە ماڵەکەت بدەم.

پولیتوف بەوپەڕی لوتفەوە گوتی:

- هەقی منت نەبێ، دۆشاو بۆ پاشا قاتی نییە!

ئەوسا ڕوانیە گریگۆری کە بە تووڕەیی دەمی کیسەکەی گرێ دەدا.

کۆبوونەوەکە بەرەبەیان تەواو بوو.

گریشکا بۆ دەشت گەڕایەوە، توورەکە ئاردەکە قورس بوو، هەستی کرد تلۆقەکانی پێی دەکزینەوە، لێ بەو پەڕی ئومێدەوە، لە سپێدەی ڕەخشانا هەنگاویدەنا.

( ٤ )

بەیانیەک کە دنیا ڕوناک بووەوە دونیاتکا لە کەپرەکە وەدەرکەوت تا هەندێک تەپاڵەی وشک کۆ بکاتەوەو ئاگر بکاتەوە. کە گریگۆری بینی بە هەشتاو لە مۆڵگەکەوە وەدەرکەوت، یەکسەر دڵی خەبەری دا، کە بوویەرێکی خراپ ڕوویداوە.

- چیە؟ هیچ قەوماوە؟

- گۆلکەکەی گریشاکا مردار بۆتەوە... سیانی دیکەش نەخۆش کەوتوون.

ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

- دونیا بڕۆ بۆ گوندی بە گریشاکا و ئەوانی دی بڵێ بە پەلە بۆ ئێرە بێن، چونکە گۆلکەکان( گوێرەکە ) نەخۆشن.

دونیاتکا بلەز لەچکەکەی لەسەر کرد و پشت لە هەتاو کە تازە سەری لە کەل دەرهێنابوو، بە دەشتەکەدا کەوتەڕێ. گریگۆری ماوەیەک لە دواوە تەمەشای کرد و ئەوسا بە بێتاقەتی بۆ ناو ئاغەڵ و مۆڵگەکە چوو.

گاگەلەکەی ڕادا، بەرەبەرە بە دۆڵ و لەوەڕگەکاندا بڵاو بوونەوە، سێ گوێرەکەی نەخۆشی لە پاڵ پەرژین و تامانەکە بەجێ هێشتبوو. دەوروبەری نیوەڕۆ هەرسێ

گۆلکەکە مردار بوونەوە. ئیدی گریگۆری کار و پیشەی بووە ئەوەی بە هەڵەداوان لە نێوان لەوەڕگەکە و مۆڵگەکەدا بێ و بچێ... دوو گۆلکی دیکەش نەخۆش کەوتن. یەکێکیان لە نزیکی ئەستێڵەکە و لە قوڕاوی قەراخ ئەستێڵەکەدا کەوتبوو، بە دەم لەقە فڕتێوە، سەری هەڵبڕی بوو و دەی بۆڕاند... تەمەشای گریگۆری دەکرد. چاوانی ئەبڵەق بووبوون و فرمێسکیان تیا قەتیس مابوون و وەکو شووشە دەبریسکانەوە، بەو حاڵەوە مردار بووەوە، لە هەمان کاتدا ڕوندک لە چاوانی گریگۆری هات و بە سەر گۆنا تاوە سووتەکانیا داخزی.

دونیاتکا، ئێوارە کە خۆر ئاوابوو، لەگەڵ خاوەن گۆلکەکاندا هاتەوە.

ئارتیمی پیر، بە دار عەساکەی ژەندی بە گوێرەکە مردار بووەکەوە و گوتی:

- ئەرێ، ئەمە تاعوونە. بەم حیسابە بێ، هەموو گایەلەکە مردار دەبێتەوە.

ئیدی پێستی گوێرەکەکانیان گروو و لاشەکانیان لە نزیکی ئەستێڵەکەوە تاقەت کرد و گردۆڵکەیەکی تازە لە گڵە ڕەشی وشک لەوێ قوت بووەوە.

ڕۆژی دواتر دونیاتکا دووبارە ڕێگای گوندی گرتەبەر، ئەمجارە حەوت گۆلکان بەجارێ نەخۆش کەوتبوون...

ئیدی ڕۆژانی خەمناک یەک بە دووی یەکدا هاتن. ئاغەڵ و مۆڵگەکە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر چۆڵ دەبوو، گریشکا زۆر بێتاقەت و بێزار بوو. لە کۆی سەد و پەنجا سەر گوێرەکە، تەنیا پەنجا سەر مابووەوە. خاوەنی گۆلکەکان بە خۆ و گالیسکەکانیانەوە دەهاتن، گۆلکە مردارەکانیان کەوڵ دەکرد، چەند قۆرتێکیان هەڵدەکەن و لاشەی گوێرەکەکانیان تێ دەنان و خۆڵ و گڵیان بە سەر لاشە خوێناویەکانیاندا دەکرد ودەگەڕانەوە، لێ گۆلکەکان بە نیگەرانی بۆ ناو ئاغەڵ ومۆڵگەکە دەگەڕانەوە، گوێرەکەکان کە بۆنی خوێن و مەرگی پەنهانیان دەکرد، لە ترسا دەیانبۆڕاند.

بەیانیانی زوو کە گریگۆری بە ڕەنگی زەردەوە، دەرگای مۆڵگەکەی بە جیڕ و هۆڕ دەکردەوە، گوێرەکەکانی بۆ دەشت ڕادەدا، دەبوایە گوێرەکەکان بە ناو گردۆلکە گڵە وشکەکانا، واتە گۆڕی هاوڕەگەزەکانیاندا تێ پەڕیبان، ئیدی بۆنی گەنینی بەردەوامی کەلاک، بۆنی تەپ وتۆزی ژێر پێی حەیواناتی خرۆشاو، بۆڕەی دوور و

درێژی پڕ لە نائومیدی و هەتاوی هەمیشە گەرم باڵی بە سەرانسەری پێدەشتەکەدا دەکێشا.

ئیدی ڕاوچیان بە هەڵەداوان لە گوندەوە هاتن، تەقەیان بە سەر ئاغەڵ و مۆڵگەکەدا کرد تا ئەو گاقڕانە لە گایەلەکە بڕەوێتەوە. لێ گوێرەکەکان هەر مردار دەبوونەوەو، گایەلەکە ڕۆژبەڕۆژ کەمتر دەبووەوە.

گریگۆری بینی هەندێک لە گۆڕەکان هەڵدراونەتەوە، پاشان هەندێک ئێسقانی کرێنراوی لەو نزیکانەدا بەدی کرد، گایەلەکە شەوان، ئارامی نەدەگرت، ، سرک وسلۆک بووبوو، لە هەر جوڵە و خشەیەک دەڕەوییەوە. شەوێک، لوورەیەکی ترسناک، بێدەنگیەکەی شڵەقاند، گاگەلەکە ڕەوییەوە، ملیان بە پەرژینەکەوە نا، دوای ئەوەی پەرژینەکەیان ڕوخاند، بەرەبەرە بۆ لای کەپرەکە هاتن و بە هانکە هانک و بە دەم کاوێژەوە لە نزیکی ئاگرەکە پاڵکەوتن.

گریگۆری تیا مابوو، نەیدەزانی مەسەلە چییە. تا شەوێک لە حەپەی سەگان بێدار بووەوە. بلەز پاڵتۆکەی لەبەر کرد، لە کەپرەکە وەدەرکەوت، خۆی لە ناوەندی گوێرەکەکاندا بینییەوە، گوێرەکەکان خۆیان لەو هەڵدەسوو و ئەویش هەستی بە نمناکی لاقەبرغەیان دەکرد، کە ئاونگی سەر گیاکان تەڕی کردبوون.

ماوەیەک لە بەر دەرگای کەپرەکەوەستا بە فیکە سەگەکانی بانگ کرد، لە دۆڵێکی نزیکەوە، کە بە دۆڵی ماران بە نێوبانگ بوو، لوورەیەکی دوور ودرێژی گورگێک بەرزبووەوە. لوورەیەکی دی، لە نێو ئەو دڕکەجاڕەوە کە گردەکەی داپۆشی بوو وەڵامی دایەوە. گریگۆری بۆ ناو کەپرەکە زڤڕییەوە و فانۆسەکەی داگیرساند.

- دونیا، تۆش گوێت لێیە؟

لوورەکان، هەرکە بەیان ئەنگوت، دەگەڵ ئاوابوونی ئەستێرەکاندا، کپ بوون.

( ٥ )

بەیانی ئەو ڕۆژە ئیگناتی ئاشەوان  ومیخی ئیستیروف هاتن. گریگۆری لە ناو کەپرەکەدا خەریکی  پینەکردن و دوورینەوەی پێڵاوەکانی بوو، کە جووتە پیرەمێر خۆیان بە ژوورا کرد. ئیگنات کڵاوەکەی داگرت، چاوەکانی لە بەر تیرۆژی هەتاوەکە، کە لە درزەکانەوە دەیدا لەناو کەپرەکە بچووک کردنەوە. لە هەنبەر

وێنەیەکی بچووکی لینین دا، کە لە سووچێکی کەپرەکەدا هەڵواسرابوو، دەستی بەرز کردەوە تا نیشانەی خاچ بکێشێت. لێ هەرکە زانی ئەمە وێنەیە، بە پەلە دەستی هێنایە خوارێ و بە تووڕەیی تفێکی کرد و گوتی:

- یانی تۆ ئیکونەی پیرۆزت نییە، ها؟

- نە.

- ئەدی ئەو وێنەیە، کە لە جێگای ئیکونەت داناوە، هی کێیە؟

- لینین.

- ئەمە سەرچاوەی هەموو بەڵا و مسیبەتەکانمانە... لە هەر شوێنێ خوا نەبێ، دەرد و بەڵا هەیە. بۆیە هەموو گوێرەکەکانمان مردار بوونەتەوە. ئاە، ئەی پەروەردگاری بەرز و باڵا، ئەی پارێزەری..

- با پیرە گۆلکەکان بۆیە مردار بوونەوە، چونکە بەیتاڵیان نەهێنرانە سەر.

- خۆ پێشتریش بە بێ بەیتاڵ ژیاوین و هیچ بەڵایەکمان نەبووە. وادیارە زۆر فاما بووی... خۆ ئەگەر جار و بارێک، نیشانەی خاچت بکێشایە و ئەو ناوچەوانە شوومەت پاک بکردایەتەوە، هەنگێ هیچ پێویستیەک بە دکتۆری بەیتاڵ نەدەما.

میخی نیستروڤ، کە گڕ لە چاوانی دەبووەوە، هاواری بەسەرا کرد و گوتی:

- ئەو گاورە خوا نەناسە، لەو سووچە پیرۆزە دابگرە! بە هۆی تۆی گاوری خوا نەناسەوە، قڕ کەوتە ماڵاتەکەمان و گایەلەکە لەناو چوو.

گریشکا، لە ناڕەحەتیا ڕەنگی هەڵبزرکا و گوتی:

- ئەو فرمانانە هەڵگرە بۆ ماڵی خۆت، بۆت نییە بۆڵەبۆڵ بە سەر مندا بکەی. ئەم وێنەیەش، وێنەی پێشەوای کرێکارانە.

میخی، وەکو کەڵەباب خۆی فش کردەوەو بەرخەبەبەی پڕ با کرد و خۆی شین و مۆر کردەوە وگوتی:

- تۆ ڕەنجبەری ئێمەیت، دەبێ لە خزمەتی مەدا بیت و بە دڵی ئێمە بکەیت... ئێمە خەڵکانی وەکو تۆ دەناسین، دەمارتان دەناسین، ئاگات لە دەم و فلْقت بێ، دەنا هاکا دەرمان کردیت.

ئەوسا هەر دووکیان، کڵاوەکانیان لە سەر ناو، بە بێ خواحافیزی ڕۆیشتن. دونیاتکا، بە ترس و نیگەرانییەوە چاوی بڕییە براکەی. ڕۆژی دوایی تیخونی ئاسنگەر لە گوندەوە هات تا سۆراغی گوێرەکەکەی بکات. لە لای کەپرەکەوە چینچکی دایەوە. جگەرەیەکی پێکرد و بە داخ و کەسەرەوە کەوتە دەردە دڵ.

- بەڕاستی ئەمە ژیان نییە کە ئێمە هەمانە... لە دەمی سەگ بەر بووین، کەوتینە دەمی گورگ، لە دەستی کوێخا دێی جاران ڕزگار بووین، ئێستا نۆرەی زاواکەی میخی نیستیروفمانە. بە دڵی خۆیان دەکەن. چییان پێخۆش بێ ئەوە دەکەن... دوێنێ زەویان دابەش کرد، هەرکە هەژارێک پارچە زەوییەکی باشی بەر بکەوتایە، دابەشکردنەکەیان دووبارە دەکردەوە. وا جارێکی دی سواری کۆڵمان دەبنەوە... گریشکا گیان، دەزانی هەرچی زەوی باش هەیە، بۆ خۆیان داگیریان کردووە. تەنیا زەوییە بێ کەڵک و لمەڵانەکانیان بۆ ئێمە مانان هێشتووەتەوە.. ئیدی ئەمە حاڵ و حیکایەتی ئەم ڕۆژانەیە..

گریگۆری تا نیوەشەو بە دیار ئاگردانەکەوە دانیشت، کلۆ ڕەژوویەکی ساردەوە بووی هەڵگرت. کەوتە نووسین لە سەر گەڵای زەردی زوڕات، نووسین بە خەتێکی ناخۆش. نووسی، دەربارەی دابەشکردنی ناڕەوایانەی زەوی نووسی، دەربارەی ئەوەی کە هاتبوون، بە تەقە کردن، گاقڕان لە گوێرەکەکانیان دوور بخەنەوە، نەک بەیتالیان بێننە سەر نووسی. پاشان، گەڵا زوڕاتە وشکە نووسراوەکانی دایە دەست تیخونی ئاسنگەر و گوتی:

- کە چووی بۆ ناوچە، لەوێ پرسیار بکە ڕۆژنامەی " کراسنا پراڤدا " لە کوێ دەردەچێت، ئەمەیان بدەیە و هەقت نەبێ. من شتەکانم بە ڕوونی نووسیون، بەڵام تۆش وریا بە گەڵاکان قەد نەکەی، دەنا نووسینەکە، چونکە بە ڕەژوو نووسراوە، دەکوژێتەوە..

یارۆی ئاسنگەر، بە سەری قامکە تلۆق کردووەکانی، کە بە هۆی زوخاڵەکەوە ڕەش بووبوون، گەڵاکانی وەرگرت و بە پارێزەوە نایە باخەڵی و لە لای دڵییەوە داینا، لە کاتی دوعاخوازیدا بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

- بە پێیان بۆ ناوچە دەڕۆم. بەڵکو لەوێ دەسەڵاتی سۆڤیاتی دەدۆزمەوە... سەد و پەنجا فرسەخ ( فرسەخ : ١٠٦٠ مەترە ) بە سێ ڕۆژان دەبڕم. یانی نزیکەی یەک هەفتەی دی، کە گەڕامەوە، دێمەلات و هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە.

( ٦ )

پاییز، بە خۆ و بارانوسەرما وتاریکیەوە هات. دونیاتکا، بەیانیەکی زوو، لە ماڵ وەدەرکەوت، بەرەو گوند ملی ڕێگای گرت، تا لەوێوە بڕێک ئازووقە و خواردەمەنی و خۆراکبێنێ.

گۆلکەکان، لە داوێنی گردەکەدا دەلەوەڕان. گریگۆری فەروەکەی دا بە شانیا و دوای گاگەلەکە کەوت، بە دەم ڕێکردنەوە لە فکران ڕاچوو، سەلکە شەکەرۆکێکی وشکی بە دەستەوە بوو، هێدی هێدی دەیولاوت. بەرلەوەی دنیا تاریک دابێ، دوو سوار لە سەر گردەکەوە بە دیار کەوتن. بە دەم یۆرغەوەبەرەو گریگۆری دەهاتن، دەنگی سمی ئەسپەکان زۆر قورس و ناخۆش بوو.

گریگۆری، لە دوورەوە یەکێکیانی ناسی، کوێخای تازە، زاواکەیمیخی نیستیروف بوو، ئەوی دیکەشیان کوڕەکەی ئیگناتی ئاشەوان دەرچوو.

ئەسپەکان، لە ئارەقەدا هەڵکشابوون، دەتگوت لە کەفاو هەڵکێشراون.

- سڵاو کاکی گۆلکڤان!...

- سڵاو...

- ئێمە بۆ دیدەنی تۆ هاتووین..

تازە کوێخا لە سەر زینەکەوە دانەوییەوە، ماوەیەک بە قامکە تەزیوەکانی خەریکی کردنەوەی دوگمەکانی پاڵتۆکەی بوو. ڕۆژنامەیەکی کاڵەوە بووی زەردی دەرهێنا و دایە بەر بایەکە تا بکرێتەوە.

- تۆ ئەمەت نووسیوە؟

ئەو وشە و ڕستانەی کە گریگۆری دەربارەی دابەشکردنی زەوی و گاقڕانەکە، لە سەر گەلا زوراتەکانی نووسی بوونی، لەبەرچاوی کەوتنە سەما.

- دەی پێشمان بکەوە..

- بۆ کوێ؟

- بۆ ناو ئەو شێوەڵەیە... گەرکمانە قسەت لەگەڵدا بکەین..

لێوە شینەکانی کوێخا تەتەڵەیان دەکرد، چاوە فێلاوییەکانی هەڕەشەیان لێدەباری.

گریگۆری بزەیەکی کرد و گوتی: - لێرە قسە بکە..

- ئەگەر حەزت لێیە دەتوانم لێرەش قسان بکەم...

دەمانچەیەکی لە بەرکی دەرهێنا... بە دەم ڕاکشانی هەوساری ئەسپە چەمووشەکەیەوە، بە دەنگێکی گڕ هاواری بە سەرا کرد:

- لە ڕۆژنامانیشا دەنوویست هەی بەراز باوک؟

- مەبەستت چییە؟..

- هەنووکە پێت دەڵێم مەبەستم چییە. بە هۆی تۆوە، من دەبێ دادگایی بکرێم! ڕاپۆرتیش دەنووسیت، هەی کۆمۆنیستی زۆڵ؟!

بێئەوەی چاوەڕوانی وەلام بکات، یەکسەر دەمی گریگۆری بێدەنگی پڕ لە گوللە کرد.

گریگۆری کەوتە ژێر دەست و پێی ئەسپەکانەوە کە ڕەوانەوە، هەناسەیەکی قووڵ و دژواری هەڵکێشا، چنگی نایە بنجە گیایەکی زەردی ئاونگاوی و ئەوسا سارد بووەوە و جووڵەی لەبەر بڕا.

کوڕەکەی ئیگناتی ئاشەوان، بە گورجی خۆی لە ئەسپەکە هەڵدایە خوارەوە، چنگێ خۆڵی ڕەشی هەڵگرت و پەستایە دەمی گریگۆرەوە کە بە کفەکف خوێنی لەبەر دەڕۆیی...

***

پێدەشتەکە زۆر بەرینە، سنووری نییە. یەک دنیا ڕێگا و تولە ڕێگای تیایە. شەوی پاییز زۆر تاریکە، چاوچاو نابینێ، ڕێژنەی باران جێ سمی ئەسپان بە تەواوەتی دەشواتەوە.

( ٧ )

دنیا ساردە، باران نم نم دەبارێ. دنیا تاریکە. ڕێگایەک سەرانسەری پێدەشتەکە دەبڕێ.

ڕێکردن بۆ کەسێک کە توورەکەیەکی بە کۆڵیا دابێ و تەنیا یەک نانی جۆی تیابێ و دار عاسایەکی باشی بە دەستەوە بێ، کارێکی زۆر زەحمەت و دژوار نییە.

دونیاتکا، بە هەنگاوی هەراوەوە بەو ڕێگایەدا دەڕوا، گژەبایە توندەکە لە دواوە خۆی بە داوێنی کراسە شڕ وشەپڕێوەکەی دا دەکرد و لوولی دەدا و ناوبە ناو خۆیشی بۆ پێشەوە دەڵەک دەدا. دەشتێکی کاکی بە کاکی، چۆڵ و هۆڵ، کڕ وکپ، گرژ و مۆن، تاریک و نوتەک لە بەردەمیاپان بووەتەوە. تاریکی بەرەبەرە باڵی بەسەر هەموو شوێنێکا دەکێشا. لە دوورەوە تارمایی و تاپۆی گردولکەیەک دەرکەوت، کەپرێکی بە سەرەوە قوت کرابووەوە. کە هەژگ بژاڵەکانی سەرەکەی، بە قەدیا شۆڕ بووبووەوە و بایەکە یاری پێدەکردن.

دونیاتکا، لێی نزیک دەبێتەوە، ئاوڕێکی پاشەوە دەداتەوە، بە لارەلار، بە دەما دەڕمێ و دەکەوێت بە سەر قەبرێکی ڕۆچوودا.

شەو داهات..

دونیاتکا گەییە ئەو ڕاستە ڕێگایەی کە بۆ وێستگەی قیتار دەڕوات. خۆش دەڕوات، باری سووکە، توورەکەیەکی بە کۆڵەوەیە کە جگە لە نانێکی جۆ و کتێبێکی کۆن و دڕاو کە لاپەڕەکانی بۆنی کەسکونی تەپوتۆزی دەشتە بەرینەکەیان لێدێت، و کراسێکی جاوی گریگۆری برای هیچی تری تیا نییە.

لێ هەرکاتێ غەمی مەرگی براکەی سەرو دڵی دەگرێت وڕوندکی فیراق چاوانی دەسووتێنێتەوە، پەنایەکی دوور لە دیدی خەڵکی دەدۆزێتەوە. کراسە جاوە زبرو نەشۆردراوەکەی لە توورەکەکە دەردێنێ، دەم و چاوی تێدەنێت و بۆنی ئارەقەی براکەی هەڵدەمژێ. پاشان تا ماوەیەک بە بێ جووڵە ڕادەکشێت..

فرسەخەکان، یەک لە دوای یەک تەی دەکرێن. گورگان لە نێو لێر و بێشەکانەوە دەلوورێنن و تووک و نەفرین لە ژیانی چەپەڵی خۆیان دەکەن. بەڵام دونیاتکا، بە قەراخی ڕێگاکەدا دەڕوات، بۆ شار دەڕوات، بۆ ئەو جێیەی کە دەسەڵاتی سۆڤیاتی تیادا بەرقەرارە، بۆ ئەو شوێنەی کە پرۆلیتاریا دەرس و وانەی تیا دەخوێنن، تا بتوانن لە ئایندەدا، کۆمارەکەی خۆیان بەڕێوە بەرن.

کتێبەکەی لینین ئەوە دەڵێت.

١٩٢٥

بیژوو ( زۆڵ )

# ( ١ )

میشکا، خەوی بینی، لە خەویا باپیرەی لە باخی گیلاسەکە، تەرکەیەکی(شوول) درێژی بڕی، بە تووڕەیی تەرکەکەی با دەدا و بەرەو ئەم دەهات و بە دەم هەڕەشەوە هاواری لەم دەکرد.

- میخایلو فوبیچ وەرە، وەرە بۆ ئێرە، با حەسیر مەیدانێکی باشی ئەو سمت و پاشەڵەت بکەم.

-لەسەر چی بابە گەورە!

- چونکە هەموو هێلکەکانی مریشکە کاکۆڵدارەکەت دزیوەو پارەکەیت داوە بە سواری جۆلانە و چەرخ و فەلەک.

میشا، بە ترسەوە کەوتە بەرگری لە خۆی و گوتی:

- باپیرە، من ئەمساڵ، بە درێژایی ئەم هاوینە سواری چەرخ و فەلەک نەبووم، نەچووم بەلای جۆلانەوە.

لێ باپیرە، بە کاوەخۆ دەستی بە ڕدێنی خۆیا هێنا ولە ناکاوا پێی بە عاردیدا کوتاو هاواریکرد: - وەرە بەدجنس وەرە، دەی بە دەما وەرکەوە و پانتۆڵەکەت دابکەنە!

میشکا لە خەوەکەیا هاواریکرد، لە هاواری خۆی خەبەری بووەوە. دڵی بە جۆرێ لێی دەدا، لە تۆ وایە بەڕاستی حەسیر مەیدان کرابوو. چاوێکی بە ئاستەم هەڵێنا، بینی ماڵەکە لە هەتاوا نقووم بووە.ڕوناکی ڕۆژ ئەودیوی پەنجەرەکەی زێڕ وەشان کردبوو. میشکا سەری هەڵبڕی. لە دالانەکەوە دەنگ دەهات. دایکی بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد. ناوبەناو بە دەم قسەکانیەوە پێدەکەنی و خەریک بوو لە پێکەنینا بخنکێ. لێ باپیرە، بەردەوام دەکۆکی و، دەنگێکی غەریب، لە بن لێوانەوە هەر گرمەگرمی بوو.

میشا، چاوەکانی هەڵگلۆفت وخەو بەریدا . بینی چۆن دەرگاکە کرایەوەو پاشان شریق داخرایەوە و باپیری بە هەشتاو خۆی بە ژوورەکەدا کرد، عەینەکەکەی چاوی بەدەم ڕێکردنەوە بەرز و نزم دەبووەوە. میشکا لە سەرەتاوە وای قرساند کە ڕەنگە

جەنابی قەشە بە خۆی و تیپی کۆڕاڵی کلێساوە هاتبێ ( چونکە باپیرە عادەتی وابوو لە جەژنی پاک دا کە ئەوان بۆ لای دەهاتن بە هەمان شێوە خۆی شپرزە دەکرد.) بەڵام ئەمجارە لە دوای باپیرەوە، سەربازێکی کەتەی بێگانە، کە پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەر و کلاوێکی قەیتانداری بێ قەراخی لەسەر بوو، بە هەشتاو خۆی بە ژوورا کرد. دایکی بە دەم هەڵچوونەوە خۆی بە ملیا هەڵواسی بوو.

پیاوە بێگانەکە، لە ناوەندی ژوورەکەیا، بە توندی ژنەی لە خۆی دوور خستەوەو بە دەنگی بەرز هاواریکرد: - کوڕەکەم کوا، لە کوێیە؟

میشکا ترسا و خۆی بە ژێر لێفەکەدا کرد. دایکی گازی کرد:

- مینوشکا، کوڕەکەم، بۆچی دەنووی؟ ڕابە بابت لە سەربازی هاتووەتەوە.

میشکا، هێشتا لە نێو جێگاکە نەهاتبووە دەرێ، کە کابرای سەرباز پڕی دایە، لە جێگاکە دەری هێنا، بۆ بن میچەکەی هەڵدا وگرتیەوە، توونر بە سینگی خۆیەوە گوشی، بە سمێڵە سوورە زبرەکانییەوە، تامەزرۆیانە کەوتە ماچی لێوی، گۆنای، چاوەکانی، سمێڵەکانی نمسارێکی سوێر ئامێز بوون. میشکا خۆی لە باوەشی ڕادەپسکاند ودەیویست خۆی لێ ڕزگاربکات، بەڵام بێهودە.

بابی هاواریکرد:

- تەمەشاکەن.. چ بولشەفیکێک لە ماڵەکەما هەڵکەوتووە!... بەو زووانە باڵا دەڕفێنێ و لە بابی بڵندتر دەردەچێ! ها...ها...ها...!

هەرچی دەکرد نەیدەتوانی دەستبەرداری میشکا بێ، گەمەی دەگەڵ دەکرد، جارێ لە سەر هەر دوو دەستی دایدەنا، جارێ بۆ بن میچەکەی هەڵدەدا و دەیگرتەوە.

میشکا، ماوەیەکی زۆر تەحەمولی کرد، پاشان ڕووی گرژ کرد وەکو باپیری برۆکانی وێک هێنایەوە و بە توندی هەر دوو سمێڵی بابی گرت و هاواریکرد:

- وازم لێ بێنە... بابە...

- نا، وازت لێنایەنم، بەرت نادەم.

- دامگرە، وازم لێبێنە، من گەورە بووم، خۆ منداڵ نیم تا بە دەورما بێی و گەمەم لەگەڵدا بکەی!..

بابەکە ڕۆنیشت، میشکای لە باوەشی دانا و بە دەم زەردە خەنەوە لێی پرسی:

- باشە تەمەنت چەندە مام پیاو؟

میشکا تەمەشایەکی کرد، برۆی وێکهێنانەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

- پێم ناوەتە ناو هەشت ساڵی.

- باشە، کوڕی باش لە بیرتە کە پێرار بەلەمم بۆ دروست دەکردی؟ لە بیرتە چۆن دەمانخستە ئەستێڵەکەوە؟

میشکا هاواری کرد، بە شەرمەوە دەستەکانی بەرز کردنەوە ولە ملی بابی وەرێنان.

- ئەرێ، لە بیرمە.

ئەوسا خۆشی و شادی باڵی بە سەردا کێشان. بابەکە، میشکای کردە قەڵاندۆشکانی، هەر دوو لاقی توند گرتن، بە ناو ژوورەکەدا دەخولایەوە. ئەوسا وەکو ئەسپ حیلاندی. میشکا ئەم گەمەیەی هێندە پێخۆش بوو، خەریک بوو لە پێکەنینا بخنکێ. سەرەنجام دایکەکە بە دەم ڕاکێشانی ئاسینی میشکاوە هاواریکرد:

- بڕۆ بۆ نێو حەوشە، بۆ خۆت یاری بکە. دەی لاسار بڕۆ!

ئەوجا تکای لە بابەکە کرد و گوتی:

- فوما ئاکیمیچ وازی  لێبێنە... با تێر تەمەشای بکەم. تکایە وازی لێبێنە باچاوم بە دیدارت ڕوون ببێتەوە هەڵۆ ئازیزەکەم! دوو دانەساڵە یەکمان نەدیتووەو، کەچی تۆ خۆت بەوەوە مژووڵ دەکەیت!

بابەکە، میشکای لە سەر ئەرزەکە دانا و گوتی:

- دەی بڕۆ... بچۆ لە گەڵ منداڵەکاندا وازی ( گەمە، یاری، کایە ) بکە، کە هاتیتەوە دیاریت دەدەمێ.

میشکا، دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، لە سەرەتادا بەنیاز بوو هەر لە دالانەکەدا خۆی مات بدات و گوێ هەڵخات تا بزانێ ئەوان چ دەڵێن و باسی چ دەکەن. بەڵام کە بیری کەوتەوە کە هیچ یەکێک لە منداڵەکان نازانن کە بابی

هاتووەتەوە، بە هەشتاو، بە ناو حەوشەکەدا و پێی وە غارێوە نا و، بە دەم پلیشانەوەی برکە پەتاتەکانەوە بەرەو ئەستێڵ و گۆلاوەکە ڕۆیی.

میشکا، ماوەیەک لە ئاوە وەستاو و بۆگەنەکەدا مەلەی کرد. پاشان تاوێک خۆی لە لمەکان دا گەوزاند، سەراپای لە لم و لیتەدا نقووم بوو، بۆ دواجار خۆی لە ئاوەکە هەڵکێشا، ئەوسا بە هەنگڵەشەلێ خۆی گەیاندە کەلوپەلەکانی، جلەکانی لەبەر کردنەوە. لێبڕابوو بۆ ماڵ بڕواتەوە، ڤیتیای کوڕی قەشەکە پەیدا بوو، گوتی:

- میشکا، مەڕۆ، با یەک دوو بنگۆمی دی لێبدەین، ئەوسا بۆ ماڵی خۆمان دەچینەوە و گەمان دەکەین. دایکە بۆ تۆ قسان ناکات دەڵێت قەیدی نییە با لە گەڵت بێ.

میشا، بە دەستی چەپ پانتۆڵەکەی هەڵکێشا، شەیالەکەی لە شانی توندکرد و بە بێ مەیلییەوە گوتی:

- من نامەوێ گەمە لە گەڵ تۆدا بکەم، بۆنی گوێچکەکانت زۆر ناخۆشە.

فیتکا، کە بە دەم داکەندنی بلوزە دەست چنەکەیەوە شانە لاوازەکانی دەرکەوتن، بە تەوەسەوە چاوەکانی چکۆلە کردنەوە و گوتی:

- گوێم چڵکی کردووە. ئەمە هی گوێ یەشەیە.

ئەوسا لە سەری ڕۆیی و گوتی:

- خۆ تۆش قوزاق نیت، دایکت لە کۆڵان هەڵیگرتوویتیەوە.

- تۆ چوزانی؟

- کە ئاشپەزەکەمان بۆ دایکمی دەگێڕایەوە، گوێم لێبوو.

میشکا بە نووکی پێیە خاوسەکەی کەوتە هەڵکۆڵینی لمەکە، سەراپای فیتکای بە نیگا دابێژت و بە توندی گوتی:

- دایکت درۆ دەکات! هەر نەبێ بابی من لە جەنگدا بەشداری کردووە، بەلام بابی تۆ بابایەکی مێملە، خوێن مژە، نانی خەڵکی دەخوات!

کوڕەکەی قەشە کە گریان لە ئەوکی گیرابوو و لێوەکانی کەوتنە تەتەڵە بە تووڕەییەوە هاواریکرد: - تۆش زۆڵیت!

میشکا، خڕکە بەردێکی ساف و لووسی لە عاردی هەڵگرت. لێ کوڕی قەشە، کە جڵەوی ڕوندکەکانی گرتبوو، دایە نەرمکێشی، بزەیەکی شیرینی بە ڕوویا دا و گوتی:

- میشکا خۆت شێت مەکە، شەڕ کارێکی خراپە.. خەنجەرێکی ئاسنم دروستکردووە، ئەگەر دەتەوێ، دەتدەمێ بۆ خۆت.

چاوانی میشکا پرشنگی خۆشییان لێ بووەوە، بەردەکەی تووڕ دا، لێ کە بابی بیر کەوتەوە، بە شانازییەوە گوتی:

- بابم خەنجەرێکی بۆ هێنام زۆر لەوەی تۆ باشترە.

فیتکا بە ناباوەڕییەوە گوتی: - درۆ ناکەی؟

- تۆ درۆ دەکەی! کە گوتم هێناویەتی، تەواو مانای وایەهێناویەتی!... تفەنگێکی ڕاستەقینەشی هێناوە..

ڤیتکا، بە دەم تەوس خەنێکی بەغیلی ئامێزەوە گوتی:

- پیف، وا دیارە دەوڵەمەند بووە!

- کڵاوێکی ڕیشوداریشی هەیە، ڕیشوەکانی بە حەرفێن زێڕین نووسراون، ڕێک وەکو نەخش و نیگارە زێڕینەکانی ناو کتێبەکانی تۆ.

فیتکا، لە فکران ڕاچوو، بیری لەوە دەکردەوە بە چی و چۆن میشکا بجوڵێنێ. ڕووی گرژ کرد و لە ناکاوا کەوتە خوراندنی زگە سپیەکەی و گوتی:

- بابم بەمزووانە دەبێت بە قەشە باشی ( اسقف ، مەتران ) بەڵام بابی تۆ هیچ نییە، شوانە، دەزانی؟

میشکا، لە ڕاوەستان بێزار بوو، ڕووی وەرگێڕا و بەرەو باخچەکە ڕۆیی، کوڕە قەشە لە دواوە بانگی کرد و گوتی:

- میشا! میشا، ڕاوەستە با قسەیەکت پێ بڵێم.

- بیڵێ...

- وەرە نزیکترەوە.

میشکا کە لە بەد گومانیا چاوانی هاتبوونەوە یەک، هاتە پێشترەوە و گوتی:

- دەی، دەتەوێ چ بڵێیت؟

کوڕی قەشە، کە بە لاقە باریک و خوارەکانی لە سەر لمەلانەکە دەڕەقسی هاواریکرد:

- بابی تۆ کۆمۆنیستە، کاتێ کە بمریت و ڕۆحت بۆ ئاسمان بڕوات، خوا پێت دەڵێت: " تۆ بەچکە کۆمۆنیستی، بۆیە دەبێ یەکڕاست بۆ دۆزەخ بڕۆیت " ئیدی ئەهریمەنانی ئەوێندەر دەتبەن و لە تاوەدا سوورت دەکەنەوە.

- ئەدی تۆ... یانی تۆ نابرژێنن؟!

- من کوڕە قەشەم! تۆ کەری، نەخوێندەوارێکی هیچ نەزانی، قسە ناچێت بە گوێتا...

میشکا، کە گوێی لەو قسەیە بوو ترسا، ڕووی وەرگێڕا و بە هەڵەداوان بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە. لە لای تەیمانی باخچەکەوەوەستا، کۆڵە مستی لە کوڕە قەشە گوشی و بە هەڕەشەوە گوتی:

- هەنکە لە بابە گەورە دەپرسم، ئەگەر درۆت کردبێ، نەخەڵەتابی جارێکی دی بە بەر ماڵی ئێمەدا بڕۆی، ها..

بە پەرژینەکەدا هەڵگەڕا، بە غاردان بەرەو ماڵ بووەوە. ڕێک لەو دەمەدا تاوەیەکی لە بەرچاو بەرجەستە بوو کە ئەمیان، میشکایان تیا سوور دەکردەوە... تاوەکە زۆر گەرمە، کەس ناتوانێ لە سەری دانیشێت، ڕۆنە کەرە قرچەقرچ بە چوار دەوریا دەهاتە خوارەوە... تەزوویەکی بە پشتدا هات... واچاکە بەپەلە بچێت بۆ لای بابە گەورە و پرسیاری لێبکات..

بۆ نەگبەتی مالۆسەکە لە ناو دەرگاکەدا گیر بووبوو. سەری لە ژوورەوە بوو، جەستەی لە دەرەوە بوو. لاقەکانی لە عاردی گیر کردبوو، کلکە کورتەکەی بادەدا و یەک بەخۆی دەی بۆڕاند. میشکا لێی چووە پێشەوە تا یارمەتیبدات و لەو حاڵەی ڕزگار بکات. لەو کاتەدا کە میشکا دەیویست دەرگاکە بکاتەوە، مالۆسەکە دەستی بە مڕاندن کرد. چووە سەر پشتی، مالۆسەکە تا هێزی تیا بوو تەکانێکیدا، دەرگاکە

لە پاژنەوە دەرچوو و کەوتە سەر گازی پشت، پیرە مالۆس بە ناو حەوشەکەدا بۆی دەرپەڕی. میشکا بە سەرییەوە بوو، بە هەر دوو پاژنەی پێی دەیژەند بە قەبرغەیا. مالۆسەکە بە جۆرێ غاری دەدا، کە بایەکە قژی میشکای بۆ دواوە دەبرد. کە گەییە ئاستی جێ خەرمانەکان، خۆی لە مالۆسەکە هەڵدایە خوارەوە. تەمەشایەکی دەوروبەری کرد، بابە گەورە لە بەر هەیوانەکەدا وەستابوو، و بە قامکان ئاماژەی بۆ ئەم دەکرد.

- وەرە بۆ ئێرە، کوڕەکەم!

میشکا، بە هیچ جۆرێ سەری لەم بانگکردنەی باپیری دەرنەدەکرد. دووبارە، دیمەنی تاوەکەی لە زەینا بەرجەستە بووەوە. بە هەشتاو بۆلای باپیری ڕۆیی.

- باپیرە... باپیرە... شەیتان و ئەهریمەنان لە ئاسمانا هەن؟

- هەر ئێستا پێتی نیشاندەدەم کە شەیتان لە کوێ هەیە. سەبرێکم لێبکە، با تەرکەیەکی باش بدۆزمەوە. ئەمەتا، تۆ ئەمەت دەوێ. هەی نەگریسی ناجسن. بڵێ بۆچی سواری ئەو مالۆسە بووبوویت، ها؟

بابە گەورە کاکۆڵەکەی میشکای تووند گرتتا نەتوانێ ڕابکات ئەوسا بانگی دایکی کرد کە لە ژوورەوە بوو:

- وەرە... تەمەشای ئەم منداڵە موزیڕەت بکە، بزانە چۆن پەروەردەت کردووە..

دایکەکە هاتە دەرێ و گوتی:

- دیسان چی کردووە؟

- هیچ، سواری مالۆسەکە بووە و بەناو حەوشەکەدا غارغارێنی پێدەکات و هەموو دنیای کردووە بە تەپ و تۆز!

دایکەکە ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- ئەیەڕۆ، سواری مالۆسە ئاوسەکە بووبوو؟

بەرلەوەی میشکا دەم هەڵێنێ و پاکانەیەک بۆ ئەو کارەی خۆی بکات، باپیرە کەمەربەندەکەی کردبووەوە. بە دەستی چەپ پانتۆڵەکەی گرت تا نەکەوێتە

خوارەوە، بە دەستی ڕاست سەری میشکای گرت و لە نێو هەر دوو ئەژنۆیدا تووندی کرد. ئەوسا بە جدی و بە دەم هەڕ و گیڤەوە کەوتە لێدانی:

- جارێکی دی سواری ئەو مالۆسە نەبیت.. سواری نەبیت..

میشکا دەستی بە داد و بێداد کرد، لێ بابە گەورە بلەز بێدەنگی کرد:

- یانی، سەگ دایک تۆ هەر ئەوەندە بابی خۆت خۆشدەوێ؟

ئەو ئێستا هاتووەتەوە، شەکەت و ماندووە، دەیەوێ بخەوێ، تۆش بەم شین و شەپۆڕەت نایەڵی بخەوێت؟

میشکا، بە ناچاری بێدەنگ بوو، لەقەیەکی بۆ بابای ( باپیرە، باوەگەورە ) داوەشاند، بەڵام لاقی نەیگەیشتێ. هەنگێ دایکی میشکا لە پەلی نەوی و بە پاڵ بردییە ژوورەوە.

- لێرە دانیشە... هەی شەیتانی لە سەد شەیتان بوو! واز بێنە با دەست لێنەکەمەوە، من وەکو بابا نیم، کە لێم دایت خراپت لێدەدەم.

بابە گەورە، لە موبەقەکەدا، لە سەر تەختێک دانیشت، ناوبەناو دەیڕوانیە پشتی میشکا کە ڕوو لە دیوارەکە ڕاوەستا بوو. میشکا ئاوڕی لای بابای دایەوە، دوا فرمێسکی چاوی سڕی، پشتی بە لاشیپانەی دەرگاکەوە دا و گوتی:

- باپیرە... باپیرە... ڕاوەستە بۆم، خۆت دەبینییەوە...

- چییە خوێڕی هەڕەشە لە باپیرەت دەکەی؟

میشکا، کە بینی باپیرەی بە تەمایە دیسان کەمەربەندەکە دەربێنێ، خێرا و پێشوەختە درزێکی خستە دەرگاکە.

بابای دیسان پرسی: - یانی هەڕەشە لە بابات دەکەی؟

میشکا، خۆی دایە پشت دەرگاکە، ناو بە ناو لە درزی دەرگاکەوە تەمەشای دەکرد تا بزانێ بابای چ دەکات، ئەوسا گوتی:

- باپیرە ڕاوەستە... با هەموو ددانەکانت بکەون... ئەوسا پێم نەڵێی پاروم بۆ بجووە، چونکە بۆتی ناجووم ها.

باپیره، بۆی دەرچوو، کە گەییە دالانەکە، بینی میشکا چۆن خۆی دەرباز کردووە و سەری لە ناو گژ و گیا و شادانەی باخچەکەدا دەجولێتەوەو پانتۆڵەکەی لە دوورەوە شین دەچێتەوە. باپیرە ماوەیەکی زۆر بە دار عاساکەی هەڕەشەی لێکرد، بەڵام ژێراوژێر و لە پەنا ڕدێنە چڕەکەیەوە، بزەیەکی پەنهان نیشتبووە سەر لێوی..

***

بابی بە مینکا بانگی دەکرد. دایکی بە مینوشکا، بابای هەر کاتێ دڵی خۆشبا، لە خۆشەویستیا بە " مەلعوون " گازی دەکرد، بەڵام لە وەختەکانی دیکەدا، کاتێ ڕووی گرژ دەبوو و برۆ بۆز و چڕ و پڕەکانی وێک دەهاتنەوە، ڕەوشەکە دەگۆڕدرا، دەیگوت: " ئەهای میخایلوفومیچ، وەرە با گوێچکەکانت دەر بێنم.. "

بەڵام خەڵکی دی، دراوسێ دوو زمانەکان، منداڵان، گشت خەڵکی گوند، لە کاتی ئاساییدا بە میشکا و لە کاتی نا ئاساییدا بە زۆڵ ( بیژی، بیژوو ) بانگیان دەکرد.

دایکی، پێش ئەوەی مارە بکرێ و بگوازرێتەوە ئەوی بووبوو. ئەوەی ڕاستی بێ، یەک مانگ دوای لە دایک بوونی ئەو، لە بابی ڕاستەقینەی میشکا، واتە لە فومای شوان مارە کرابوو و بە فەرمی زەماوەندیان کردبوو. بەڵام، داغی ئەم " نەنگە " بە درێژایی تەمەن لە ناو چەوانی میشکا، نەبووەوە.

میشکا کوڕێکی لاواز و ڕیوەڵە بوو. قژی لە بەهارا وەکو گەڵای گوڵەبەڕۆژە بوو، لە بەر هەتاوی حوزەیرانا، کاڵ دەبووەوە و، لوول دەبوو و زەرد هەڵدەگەڕا. گۆناکانی وەکو هێلکە پاساری یەکپارچە نمووس بوون. کەپووی، لەبەر تیشکی هەتاو و بەهۆی مەلەکردنی زۆرەوە، بەردەوام تۆکی هەڵدابوو. ئەم میشکا لاق خوارە تەنیا یەک شتی جوانی هەبوو، ئەویش چاوەکانی بوو. چاوەکانی لە درزیپێڵوە تەنگەکانیەوە، وەکو دوو پارچە سەهۆڵی نەتواوەی ناو ڕووبارێک دەبریسکانەوە و شین دەچوونەوە.

بابی لە بەر ئەو چاوانە و بزێوییەکەی خۆشی دەویست. بابیلە عەسکەرییەوە " کێک بە هەنگوینێکی " بۆ هێنابوو، کە لە کۆنیا ڕەق بووبوو، هەروەها جووتێ پووتی نیوداشتی بۆ هێنابوو. دایکی پووتەکانی لە پارچەیەکەوە پێچاو ولە سەندووقی نا. بەڵام سەبارەت بە کێکەکە، میشا هەر ئەو شەوە بە چەکوش تێی بەربوبوو، و پارچە پارچەی کرد و هەر هەمووی خوارد.

ڕۆژی دوایی میشکا، لە گەڵ خۆرهەڵاتا، لە خەو ڕابوو. کترییەکەی هەڵگرت، کەمێک ئاوی شیرتێنی لە دەستی کرد و دای بە دەم وچاویا و دەم و چاوە پیسەکەی پاک کردەوە و بە هەشتاو چووە دەرەوە، تا وشک بێتەوە. دایکی لە حەوشەدا خجڵی چێڵەکە بوو. بابای کە لای دیوارەکەوە لە سەر کورسیەک دانیشتبوو، بە ئاماژەی دەست میشکای بانگکرد.

- خێرا خۆت بە عەمارەکەدا بکە، گوێم لە قدقدی مریشکەکە بوو، وا دیارە هێلکەی کردووە.

میشکا، هەمیشە ئامادەی خزمەتی بابای بوو، بە چوار چنگۆڵە خۆی کرد بە ژێر کۆڵێک چڕبی و دارەوە و بە سینگە خشکێ لەو دیوەوە دەرچوو! بە هەشتاو بە ناو باخچەکە کەوت و بەرەو ئەستێڵەکە دایکێشا. ناو بە ناویش ئاوڕی دەدایەوە تا بزانێ بابای دەیبینێ یان نا، کە گەییە لای پەرژینەکە پێکوڵە و دڕووان لاق و لەتەریان کۆڵەوار کردبوو، لێ بابای هەر چاوەڕوانی دەکرد، سەبری سوا، میشکا هەر دیار نەبوو. ئیدی تاقەتی چوو، هەستا و بە کوێرەکوێر خۆی بە عەمارە تاریکەکەدا کرد و بەناو هەژگ و بژاڵان کەوت. عەمارو ژێر زەمینەکە زۆر تاریک بوو، ئازای لە ڕیقنە مریشکان هەڵکشا.

عەمارەکە تاریک بوو، هیچی بە باشی نەدەبینی بۆیە تا گەییە ئەو سەری عەمارەکە، سەری بەر یەک بەیەکی دارەڕا و دەستەکەکان کەوت، هاواری لێ هەستا.

- ئاخ میشکا، چەند کەری! لەوساوە بە دوای هێلکەیەکی بچکۆلەدا دەگەڕێیت و نایدۆزیتەوە! ئاخر مریشک چۆن لەوێ هێلکە دەکات، ئەگەر هێلکەی کردبێت، لێرە، لە تەنیشت ئەم بەردەوە کردوویەتی. کوا کێوەچووی هەی شەیتان!؟

باوە گەورە هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە. لە ژێر زەمینەکە هاتە دەرەوە. بەدەم تەکاندنی پانتۆڵەکەیەوە، چاوەکانی چکۆلە کردنەوە ومودەتێکی تەواو ڕوانیە کەرخی ئەستێڵ و گۆلاوەکە. میشکای بەدی کرد بە نائومێدییەوە دەستێکی هەڵتەکاند..

منداڵی گوند، لە دەوروبەری ئەستێڵەکە دەوری میشکایان دابوو و بە پرسیار دایان گرتبووەوە: - بابت لە جەنگ بوو؟

- بەڵێ

- لەوێ، لە جەنگ چیدەکرد؟

- جەنگی کردووە، ئەمە ئاشکرایە ئیدی!...

- دە فشە مەکە... بە درێژایی شەڕەکە دانیشتووە و خۆی دۆزیوە و، لە موبەقا دانیشتووە و ئێسقانی کڕاندووەتەوە.

منداڵەکان لە قاقای پێکەنینیان دا، بە قامکان ئاماژەیان بۆ میشکا دەکرد و بە دەوریا هەڵدەقوونانەوە. میشکا خەریک بوو لە داخا شەقی دەبرد، ڕوندک لە چاوانیا قەتیس مان، گریان ئەوکی گرت. فیتکای کوڕی قەشەش هێندەی دی سەر و دڵی گرت و هەڵیدایە و پرسی:

- بابت کۆمۆنیستە، وا نییە؟

- نازانم...

- با، من دەزانم کە کۆمۆنیستە. ئەم بەیانییە باوکم گوتی ئەو ڕۆحی بە شەیتان فرۆشتووە. هەروەها گوتی بەم زووانە هەموو کۆمۆنیستەکان لە سێدارە دەدەن!..

بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو منداڵەکاندا کێشا. بەڵام میشکا دڵی گوشرا. بابی لە سێدارە دەدەن، بۆچی، لە سەر چی؟ لێوەکانی هەڵقورتاند و بە توندی گوتی:

- باوکم تفەنگێکی گەورەی لە گەڵ خۆیدا هێناوە و هەموو بورژواکان دەکوژێت.

ڤیتیا، لاقی هێنایە پێشەوە و بە پۆزێکی سەرکەوتوانەوە گوتی:

- نا، ناتوانێ، بابم دوعای خێری بۆ ناکات، بە بێ دوعای خێر ناتوانێ هیچ بکات.

پروشکا کوڕی یارۆی دوکانداری گوند، پاڵێکی بە سینگی میشکاوە نا و بە کەپووی فشەوە هاواری بە سەریا کرد:

- ئەوەندە بە باوکتەوە مەنازە، واز لەو قسە زلانە بێنە!... کە شۆڕش هەڵگیرسا، لایەک لە دووکانەکەی بابمی تاڵانکرد. بابم دەڵێت: ئەگەر دەسەڵاتی پێشوو بگەڕێتەوە، یەکەم کارم ئەوە دەبێ کە فومای شوان بکوژم!

ناتاشکای خوشکی پروشکا، لاقی بە عاردیدا دا و هاواریکرد:

- ئادەی کوڕینە، تێی هەڵدەن، چاوەڕوانی چین؟

- ئەم بەچکە کۆمۆنیستە بەر شەپان بدەن!..

- بیژووی زۆڵ!..

- دەی پروشکا، یەکێکی تێ بسرەوێنە.

پروشکا، شولێکی تەڕی سرەواندە شانی میشکا. فیتکای کوڕی قەشەش، لە دواوە لاقی دایە بەر لاقی ومیشکا بە پشتا و بە تووندی کەوتە سەر لمەلانەکە.

مندالەکان، بە دەم هەرا و هەنگامەوە پەلاماریان دا. ناتاشکا بە دەنگە زیقاوڵەکەیەوە پەلاماری میشکای دا و بە نینۆکە تیژەکانی ملی ڕووشاند. یەکێکی دی تا توانی لەقەیەکی بە ورگیا کێشا.

میشکا، پاڵێکی بە پروشکاوە نا و لە خۆی دوور خستەوەو وەکو چۆن کەروێشکێک لە ڕاوچیان هەڵدێت، بەو ئاوایە بە زیکزاک و بە پێچ و دەورەوە بە سەر لمەلانەکەدا، بەرەو ماڵ هەڵات. مندالەکان لە دوایەوە کەوتنە هۆیها و فیکەکێشان، تەنانەت بەردێکیانش خێواندێ، بەڵام دوای نەکەوتن.

میشکا تا ناو برکە بێستان و دڕک و داڵی باخچەکەیان نەوەستایەوە. لەوێ خۆی دایە پاڵ بنچکەکان، لە سەر ئەرزە شێدار و بۆنخۆشەکە هەڵتووتا. خوێنی ڕووشاویەکەی ملی سڕی و دەستی بە گریان کرد. تیشکی هەتاو لە بەینی گەڵا مێوە چرکانەوە بە دزییەوە دەیدا لە چاوی میشکا و ڕوندکەکانی سەر گۆنای هیشک دەکردەوە و وەکو چۆن هەندێجاردایکی نەوازشی دەکرد، بەو ئاوایە دەیدا لە قژەزەرد و گڤەکەی، وەک بلێی ماچی بکات.

میشکا ماوەیەکی زۆر لە نێو شادانەکاندا دانیشت تا ڕوندکەکانی هیشک بوونەوە، ئەوسا هەستا، بە هێمنی خۆی بە حەوشەدا کرد. بابی لەوێ، لە ژێر کەپرەکەدا، خەریکی گریسکردنی پێچکەی گالیسکەکە بوو. کڵاوەکەی بە پشتا چوو بوو و قەیتان و ڕیشوەکانی ئازادانە سەمایان دەکرد. کراسێکی مقەلەمی شین وسپی لەبەر بوو.

میشکا لە لاوە چووە پێشی، لای عەرەبانەکەوە وەستا. ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، زاتی وەبەر خۆی نا، دەستی بابی ڕاکێشا و لە بن لێوانەوە پرسی:

- باوکە، تۆ لە شەڕگەچیت دەکرد؟

بزەیەک نیشتە سەر سمێڵە زەردەکانی بابی و گوتی:

- شەڕم دەکرد ڕۆڵە.

- منداڵەکان... منداڵەکان دەڵێن تۆ لەوێ هەر ئەسپێت لە خۆت دۆزیوە، هەرئەسپێیانت کوشتووە!..

دیسان، گریان ئەوکی میشکای گرت، دڵی پڕ بوو... لێ بابی پێکەنی و میشکای لە باوەش گرت و گوتی:

- درۆ دەکەن کوڕی خۆم. من بە سواری کەشتییەک ڕۆیشتم، کەشتیەک لەوانەی کە حەوت دەریا دەبڕن و پاشان لە شەڕێکی زۆرا بەشداریم کرد.

- لە گەڵ کێدا شەڕت دەکرد؟

- دەگەڵ ئاغایاندا، لە گەڵ دەسەڵاتدارانا، تۆ هێشتا زۆر بچووکی، بۆیە دەبوا لە جیاتی تۆ بچمە جەنگ، ئەمە گۆرانییەکیشی لە سەرە.

باوکەکە پێکەنی، بە پێی ڕیتمی گۆرانیەکەی لێدا و ئەوسا کەوتە گوتنی گۆرانییەکە: ئای میخائیلا... میخائیل، میخایلاتکو...

تۆ بۆ جەنگ مەڕۆ، با بابە بڕوات

بابە پیرە، تەمەنی خۆی بە سەر بردووە

تۆ هێشتا زۆر گەنجیت

تەنانەت کاتی ژن هێنانیشت نەهاتووە!

میشکا، خەفەتی شەڕی منداڵەکانی لە بیر چووەوە، بە دەنگی بەرز پێکەنی، بە سمێڵە زەردەکانی بابی پێدەکەنی کە، بە سەر لێویەوە لەو گەزنکە ( گیا گەسک )

که دایکی گەسکی لێدروست دەکرد، بەو لێوانە پێدەکەنی کە لە ژێر سمێڵەکانیەوە دەجووڵان و زاری بابی وەکو چاڵێکی ڕەش و قووڵ دەکرایەوەو دادەخرا.

- مینکا، بەسە، مژوولم مەکە، با عەرەبانەکە چاک بکەمەوە، شەوێ کاتی خەوێ، هەموو شتێکت دەربارەی شەڕ بۆ دەگێڕمەوە.

***

ڕۆژ، ئەوەندە درێژ بوو، لە تۆ وایە تاقە ڕێگایەکی دوور و درێژی ناوەڕاستی پێدەشتە بێ پایانەکەیە. ئەنجام ڕۆژ ئاوا بوو. ڕەوەئەسپەکە بۆ گوند گەڕایەوە. تەپ و تۆزەکە نیشتەوە. یەکەم ئەستێرە بە شەرمێکی زۆرەوە، لە ئاسمانی تاریکەوە دەرکەوت.

میشکا، لە چاوەڕوانی بێزار بوو، سەبری سوا، دایکی ماوەیەکی زۆر بە دۆشینی چێڵەکە و پاشان پاڵاوتنی شیرەکەوە خجڵ بوو! ئەوسا خۆی بە عەمار و ژێر زەمینەکەدا کرد، نزیکەی یەک سەعات لەوێ مایەوە! میشاش، نیگەران و بێ ئۆقرە بە دەوریا دەسووڕایەوە.

- دایکە کەی شێڤ دەخۆین؟

- برسیتە؟ سەبرکە، کەمێکی دی شێڤ پێدەگات!

لێ میشکا، یەک هەنگاویش لێی دوور نەکەوتەوە... بۆ هەموو شوێنێ بە دوایەوە بوو: کە بۆ ژێر زەمینەکە بچووبایە، یا بهاتبایە سەرەوە میشکا دووی دەکەوت و لێی نەدەبووەوە، وەکو زەروو پێوەی لکابوو، چمکی کراسەکەی بەر نەدەدا.

- دا... یکە! شێڤەکە پێنەگەیی؟

- وازم لێ بێنە، بووی بە لەزگە و لێم نابیتەوە! ئەگەر زۆر برسیتە بڕۆ پارچەیەک نان هەڵگرە و بیخۆ.

بەڵام میشکا بە هیچ شتێک هێور نەدەبووەوە، تەنانەت ئەو چەپۆکەش کە داکی کێشای بە پشتیا فایدەی نەبوو.

کە شێڤ دانرا، میشکا خواردنەکەی هەڵمەقووت کرد و هەستا و بۆ ژوورەکەی دی چوو. پانتۆڵەکەی داکەند، هەڵیدایە پشت سەندووقەکەوە. یەکسەر خۆی بەناو

جیگادا کرد و خۆی پەستایە ژێر لێفە دیجامەکەی دایکییەوەو لەوێ ڕاکشا و چاوەڕوانی بابی دەکرد کە بێت باسی جەنگی بۆ بکات.

باپیرە، لە هەنبەر ئیکۆنەکاندا چۆکی دادا، بە دەم دوعا و نزاوە سەری بردە سوجدە و سەری گەیاندە سەر ئەرزەکە. میشکا سەری هەڵبڕی تا تەمەشای بکات، بابای خۆی دابوو بە سەر دەستی چەپیا و بە زەحمەتێکی زۆر ئەوسا توانی نێو چەوانی بگەیەنێتە سەر ئەرزەکە. میشکا لەم کاتەدا قونانسکی ( ئانیشکی ) کێشا بە دیوارەکەدا بم!

باوە گەورە، مودەتێکی دیکەی بە وێرد خوێندنەوە بە سەر برد، دووبارە ناو چەوانی گەیاندە ئەرزەکە- تەپ! میشکا دووبارە ئانیشکی بە دیوارەکەدا کێشا - بم! باوەگەورە تووڕە بوو. ئاوڕی لە مێشکا دایەوە و هاواری بەسەرا کرد:

- پەنا بە خوا، ڕاوەستە بۆم هەی مەلعوون! ئەگەر ئازای جارێکی دی بە دیوارەکەدا بکێشە، بزانە چتۆ حەسیر مەیدانێکت دەکەم!

چیوای نەمابوو، شەڕەکەیان دەست پێبکات. ڕیک لەو کاتەدا بابەکەی خۆی بە ژووردا کرد و پرسی:

- مینکا، ئەوە چ دەکەی لێرە؟

- من هەموو کاتێ لە گەڵ دایکەدا دەنووم.

بابی، لە قەراخ جێگاکە ڕۆنیشت، مودەتێک بە بێدەنگی دانیشت و سمێڵەکانی بادا، کەمێک لە فکران ڕاچوو و ئەوسا گوتی:

- لەو ژوورەی دی، لای باپیرە جێگام بۆ ڕاخستوویت.

- من لە گەڵ باوە گەورەدا نانووم.

- بۆچی؟

- لەبەر سمێڵی، بۆگەنە جگەرەی لێدێت.

بابی دووبارە کەوتەوە بادانی سمێڵەکانی، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

- نا کوڕی خۆم، باشتر وایە لای باوە گەورە بخەوی.

میشکا، سەری وەژێر لێفەکە نا. ئەوسا لە ژێر لێفەکەوە بە تاکە چاوێک تەمەشای کرد و بە پەستی گوتی:

- باوکە دوێشەو لە جێگاکەی من نووستیت، ئەمڕۆش دەتەوێ...، نا تۆ لای باپیرە بنوو.

لە ناکاوا، هەستا، هەر بە دانیشتنەوە باوەشی بە سەری بابیا کرد و دەمی لە پەنا گوێی نا و بە چپەوە گوتی:

- تۆ بڕۆ لە گەڵ باپیرەدا بنوو، چونکە دایکم ناتوانێ لە گەڵ تۆدا بنووێت، تۆش بۆنی بۆگەنە جگەرەت لێدێت.

- زۆر چاکە... من لە گەڵ باپیرەدا دەنووم. بەڵام هەنگێ باسی شەڕ و شەڕگەت بۆ ناگێڕمەوە.

ئەوسا باوکە هەستا و بۆ مووبەقەکە ڕۆیی.

- باوکە!

- چییە؟

میشکا، لە ناچاریا هەستا و گوتی:

- ئەگەر حەز دەکەی قەیدی ناکا لێرە بنوو، باسی شەڕم بۆ دەکەیت؟

- ئەرێ بۆتی باس دەکەم.

باوە گەورە لە لای دیوارەکەوەڕاکشا، لەم دیوی جێگاکەوە شوێنێکی بۆ میشکا هێشتەوە. دوای ماوەیەکی کەم بابی هات، کورسییەکەی لە جێگاکە نزیک کردەوە، دانیشت، جگەرەیەکی بۆن ناخۆشی پێکرد و دەستی بە گێڕانەوە کرد:

- بەڵێ ئەوسا ڕەوشەکان بەم جۆرە بوون... بیرت دێ لەولای خەرمانگەکەی خۆمانەوە، مەزرا و کێڵگەیەک هەبوو کە هی دووکاندارەکەی گوند بوو؟

بەڵێ میشکا ئەوەی لە بیر بوو کە چەند حەزی لەوە بوو خۆی بەناو تەبارە گەنمە بەرز و بۆن خۆشەکەدا بکات، بە دیوارە کەڵەکە چنەکەی دەوری خەرمانگەکەدا سەردەکەوت و خۆی بە کێڵگە و مەزراکەدا دەکرد. گەنمەکە بە قەد

باڵای ئەو هەستابوو، داسووی گوڵە گەنمە پڕ و قورسەکان، ختووکەی دەم و چاویان دەدا. بۆنی خاک و گوڵە بەیبوون و شنەبای دەشت و دەر مەستی دەکرد. لەبیری بوو کە دایکی هەندێجار لێی دووپات دەکردەوە:

- مینوشکا دوور نەکەویتەوە ها، دەنا ڕێت لێ دەگۆڕێت و گوم دەبیت.

باوکی کەمێک بێدەنگ بوو، ئەوسا بە میهرەوە دەستی بە سەری میشکادا هێنا و گوتی:

- ئەدی ئەوەت لە بیرە من و تۆ بە سواری ئەسپەوە بە ڕێگاکەی پشت " گردۆلکە لمینەکەدا " چووین بۆ ناو کێڵگە درێژکۆڵەکەی خۆمان، ئەوەی بە گەنم دامان چاندبوو؟

میشکا ئەوەشی لەبیر بوو. کاتێ لە گەڵ بابیا گەیی بوونە ئەوێندەر سەیریان کردبوو، وڵاخ چووبوونە ناو دەغڵەکەیانەوە و هەر هەموو کێڵگەکەیان پێشێل کردبوو. هەموو گوڵە گەنمەکان کەوتبوونە سەر ئەرزەکە و لە خاک و خۆڵا نقووم بووبوون و ساقەتەی بێ گوڵی دەغڵەکە بە دەم باوە کەروێشکەیان دەکرد. میشکا ئەوەشی بیر کەوتەوە کە چۆن بابی بە کەلەشی زل و زەلامییەوە، ڕووی گرژ بوو، چارەی درا بە یەکا و، ڕوندک بە خوڕ بە گۆنا تۆزاویەکانیەوە هاتەخوارێ. میشکاش، کە بابی بەو حاڵەوە بینی دەستی بە گریان کرد.

لە گەڕانەوەدا، بابی لە فیدوتی بێستانەوانی پرسی:

- فیدوت، ئەرێ کێ وای لە دەغڵەکەم کردووە؟

فیدوت، تفێکی ڕۆکردە ئەرزەکە و گوتی:

- دوکاندارەکە... لێرەوە تێپەڕی، مێگەلێکی دابووە پێش کە بۆ بازاڕی بەرێت، ئیدی بە ئانقەست، بە ناو کێڵگەکەی تۆیدای ڕانین..

... باوکە، کەمێکی تر کورسییەکەی لە میشکا بردە پێشەوە و گوتی:

- ئیدی کابرای دووکاندار و دەوڵەمەندەکانی دی هەموو زەوی و زارەکانیان بۆ خۆ زەوت کرد، بستە زەوییەک بۆ هەژاران و نەداران نەمایەوە تا ڕەعەمەلی بێنن و دای بچێنن، ئیدی ئەمە وەزع و حاڵەکە بوو. نەک هەر لە گوندەکەی ئێمەدا وابوو،

بەڵکو لە هەموو شوێنەکان هەر وابوو. سەرباری ئەوەش دەیان چەوساندینەوە و غەدریان لێدەکردین.ژیانمان لێ تاڵ بووبوو، بە ناچاری بە کرێ بووم بە شوان، ڕەنجبەری خەڵکیم دەکرد. پاشان بۆ خزمەتی عەسکەری برام. لەوێش هەمان تاس و هەمان حەمام بوو، ئەفسەرەکان لە سەر بچووکترین هەڵە لێیان دەداین. پاشان بوڵشەفیکەکان هاتن، ڕێبەرێکیان هەبوو بە نێوی لینین. لە دەوڵەمەند و ئەرستوکراتان نەدەچوو، هەرچەندە لە چینی هەژاران و ڕەش و ڕووتان بوو، بەڵام زۆر زیرەک و زانا بوو. ئیدی بوڵشەفیکەکان باسی شتی وایان دەکرد، پیاو ئەقڵی دەوەستا. بۆ نموونە دەیانگوت: "کرێکاران و جووتیاران، ئێوە چاوەڕوانی چین؟ دەی دەست بدەنە گسکان و هەموو ئەم ئاغا و دەرەبەگ و دەوڵەمەندانە ڕاماڵن و خۆتان ڕزگار بکەن... هەموو شتێک موڵکی ئێوەیە!..."

بەم قسانە جۆشیان داین، زۆرمان بیر کردەوە، قەناعەتمان بە قسەکانیان کرد. بەوجۆرە زەوی و زارەکانمان لە چنگی دەرەبەگ و فیوداڵیان دەرهێنا. لێ دەرەبەگەکان ئەمەیان پێ قووت نەدەچوو. شێت و هار بوون، خرۆشان. ئیعلانی شەڕیان لە گەڵ ئێمەی جووتیار و کرێکاراندا کرد... تێگەیشتی کوڕم؟

بەڵام لینین، گەورەی بوڵشەفیکەکان، مێشکی خەڵکەکەی هەڵگێڕایەوە، وەکو چۆن گاسن زەوی دەکێڵێ و ژێر و بانی دەکات بەو ئاوایە هزر و بیری خەڵکەکەی هەڵگێڕایەوە. سەرباز و کرێکارانی کۆ کردەوەو دەستی بە شەڕی فیوداڵ و دەرەبەگان کرد، لینین سەربازان و کرێکارانی کۆ کردەوەو ناوی " سوپای سوور " ی لێنان، منیش یەکێک بووم لەم سوپایە. ئیدی هەموو لە کۆشکێکی زۆر گەورەدا دەژیاین، پێیان دەگوت کۆشکی " سمولنی " دالانەکانی زۆر دوور و درێژ بوون، ئەوەندەی ژوور تیا بوو، پیاو تیایا ون دەبوو.

شەوێک من لە بەر دەرگای دەرەوە ئێشکم دەگرت، دنیا زۆر سارد بوو، تەنیا چاکەتێکی عەسکەریم لەبەر بوو. ڕەشەبا و باهۆزێک بوو پیاوی دەبرد... دوو کەس لە ژوورەوە هاتنە دەرەوە، بەرەولای من دەهاتن، کە تەواو نزیک بوونەوە، یەکێکیانم ناسییەوە، لینین بوو، لێم هاتە پێشەوە و بە لۆتفەوە پرسی:

- هاوڕێ سەرمات نییە؟

پێمگوت:

- نەخێر هاوڕێ لینین، سەرما کارمان تێناکات. هەروەها دژمنیش پێمان ناوەستێ. خۆ ئێمە بۆ ئەوە دەسەڵاتمان نەگرتووەتە دەست کە ڕادەستی بورژوایانی بکەین.

پێکەنی و بە توندی دەستی گوشیم. ئەوسا بە کاوەخۆ بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیی.

باوکەکە، بێدەنگ بوو، کیسە تووتنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، بەخشەخش پەڕە سیغارێکی دەرهێنا و پێچایەوە. کە دەنکە شقارتەیەکی داگیرساند و سیغارەکەی پێکرد، میشکا بە سەر سمێڵە زەرد و گڤەکەی بابیەوە، ڕوندکێکی زولاڵی بینی، ڕێک لەو دلۆپە ئاونگانە دەچوو کە لە دڕکەزی دەنیشن.

- ئیدی ئەو ئاوا بوو... خەمی هەمووانی دەخوارد، لە ناخی ناخەوە خەمی یەک بە یەکی سەربازەکانی دەخوارد... دوای ئەوە زۆرجار دەمبینی، بەلاما ڕەت دەبوو... لە دوورەوە دەیناسیمەوە، بزەیەکی بە ڕووما دەدا و دەیگوت:

- بورژواکان، پێمان ناوەستن، ها؟

پێمدەگوت: - نا، پێمان ناوەستن هاوڕێ لینین.

ئیدی ڕەوشەکە کەمێک وەکو ئەو پێشبینی دەکرد، وا دەرچوو. ئیدی دەستمان بە سەر زەوی و زار و کارخانەکانا گرت، دەوڵەمەندە خوێنمژەکانمان تڕۆ کرد. وەختایەک گەورە بوویت ئەوەت لە بیر نەچێت کە باوکت، دەریاوان بوو، بە درێژایی چوار ساڵی ڕەبەق لە پێناوی کومۆنەدا جەنگیوە. تا تۆ گەورە دەبی من دەمرم، هەروەها لینینیش دەمرێت، بەڵام دۆزەکەمان هەتاهەتایە دەمێنێ!...باشە کە گەورە بوویت، تۆش وەکو بابت لە پێناوی دەسەڵاتی سوڤیاتیدا، وەکو بابت دەجەنگی؟

میشکا هاواریکرد:

- بەڵێ، دەجەنگم. یەکسەر لە ناو جێگاکە دەرپەڕی و هەستایەسەر پێیان، ویستی دەست لە ملی بابی وەرێنێ، لەبیری چوو بوو کە باپیرەی لە لایەوە خەوتبوو. پێی بە ورگی باپیریا نا.

باپیرەی هاوارێکی توندی کرد، ویستی دەست بنێتە کاکۆڵەکەی بەڵام بابی بە هەشتاو خۆی گەیاندێ و لە هەمێزی گرت و بۆ ژوورەکەی دیکەی برد.

میشکا، زووبەزوو بە باوەشی بابییەوە خەو بردییەوە. لە سەرەتاوە زۆر بیری لەو پیاوە سەیرە- لینین و بولشەفیکەکان و جەنگ و کەشتی و پاپۆڕان کردەوە. لە هەوەڵەوە کە تازە چاوی چووبووە خەو گوێی لە هەندێ چپە دووان بوو، هەستی بە بۆنی خۆشی عارەق و تووتن کرد- پاشان چاوەکانی نوقان، لە تۆ وایە کەسێک بە دەست توند نووقاندوونی، هەر کە خەوی لێکەوت، خەوی بینی لە خەوەکەیا لە شارێکی گەورەدا بوو، جادە و بانەکانی پان و ڕێک و پێک، مریشک و جووجەڵان، خۆیان لە خاک و خۆڵان وەردەدا. ڕاستە مریشک و جووجەڵان لە گوندەکەی خۆیانا زۆر بوون، بەڵام لێرە، لە شار یەجگار زۆرتر بوون. ماڵەکان ڕێک بەوجۆرە بوون کە بابی بۆی باسکردبوو. خانوویەکی زۆر گەورە هەبوو کەبە زەل و حەسیری تازە سەرەکەی گیرابوو، لە سەرووی ئەم خانووەوە خانوویەکی دیکە هەبوو، لە سەرووی دووکەڵکێشی خانووی دووەمەوە، خانووی سێیەم هەبوو، کە دووکەڵکێشەکەی گەیی بووە حەوێقی ئاسمان.

میشکا، سەری بەرز گرتبوو، بە یەکێک لە شەقامەکانا ڕێی دەکرد بە چوار دەوری خۆیا دەیڕاونی، لە ناکاو چاوی بە پیاوێکی باڵا بەرز کەوت، کراسێکی سووری لە بەرا بوو و بە هەنگاوی هەڕاوەوە بەرەولای ئەم دەهات. پیاوە بەوپەڕی میهرەوە لێی پرسی:

- میشکا بۆچی بە بێکار لەم ناوە دەسووڕێیتەوە؟

میشکا وەڵامی دایەوە:

- باوە گەورە گوتی، دەتوانم بچمە دەرێ و یاری بکەم.

- باشە، تۆ دەزانی من کێم؟

- نەخێر... نازانم...

- من هاوڕێ لینینم..

میشکا، بە جۆرێ ترسی لێنیشت، کە ئەژنۆکانی سست بوون و کەوتنە لەرزین. چیوای نەمابوو پێ وە غارەوە بنێ و هەڵێت، کە پیاوە کراس سوورەکە قۆڵی گرت و گوتی:

- میشکا، تۆ زەڕەیەک ویژدانت نییە. تۆ سووردەزانی من لە پێناوی هەژاراندا دەجەنگم، بۆ پەیوەندی بە سوپاکەمەوە ناکەی؟..

میشکا، بۆ ئەوەی خۆی بپەڕێنێتەوە گوتی:

- بابام... ڕێگەم نادات.

هاوڕێ لینین گوتی:

- کەیفی خۆتە... بەڵام ئەوەندە هەیە کە بە بێ ئێوەی گەنجان، کارەکان بە جوانی ڕایی نابن. دەبێ لە ئێستا زووتر نییە، پەیوەندی بە هێزەکانی منەوە بکەیت و تەواو!..

میشکا توووند دەستی گرت و لێبڕاوانە گوتی:

- دەی چاکە... من بە بێ پرسی بابام پەیوەندی بە هێزەکانی تۆوە دەکەم و لە پێناوی هەژاراندا دەجەنگم. بەڵام ئەگەر بابام ویستی لە سەر ئەمە دارکاری و حەسیر مەیدانم بکات، دەبێ تۆ بەرگریم لێبکەی و نەیەڵیت.

هاوڕێ لینین گوتی: - بێگومان نایەڵم لێت بدات.

هاوڕێ لینین دوای ئەو قسەیە بە شەقامەکەدا نشێو بووەوە و دوور کەوتەوە. بەڵام میشکا، لە خۆشیا هەناسەی سوار بوو. ویستی هاوار بکات، لێ زمانی گیرا و بە مەلاشویەوە نووسا.

میشکا، لە ناو جێگاکەدا ڕاچڵەکی و هەر دوو لاقی بە بابایدا کێشا و بابای خەبەری بووەوە.

باپیرە، بە دەم خەوەوە، لێوی دەجوڵاند و ورتەورتی دەکرد.

میشکا، لەو دیو پەنجەرە چکۆلەکەوە ئاسمانی دەبینی کە لەو دیو ئەستێڵەکەوە شین دەچووەوە و لەو لاشەوە ئەو پەڵە هەورە سووربەوە خوێنا ئاسایانەی دەبینی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە شەپۆلیان دەدا.

***

ئیدی لەو شەوە بەدواوە، باوکە هەموو شەوێک چیرۆکێکی دیکەی سەبارەت بە شەڕ، لینین و، هەموو ئەو شوێنانەی کە دیتبوونی بۆ میشکا دەگێڕایەوە.

ئێوارەی شەممە بوو کە پاسەوانەکەی ئەنجوومەنی گوند، پیاوێکی بێگانەی لە گەڵ خۆیا بۆ ماڵی ئەوان هێنا، کابرایەکی کورتە باڵای خڕکەلانە بوو، پاڵتۆیەکی سوپایی لەبەر بوو، جانتایەکی چەرمی لە بن هەنگڵ نابوو. پاسەوانەکە بە باوە گەورەی گوت:

- ئەم هاوڕێیە، بەرپرسێکی سۆڤیەتە لە شارەوە هاتووە، شەوێ لە ماڵی ئێوە دەمێنێتەوە، تکایە شێوی بدەنێ باپیرە.

باوەگەورە گوتی:

- بە سەر چاو، ئێمە لاریمان نییە. بەڵام جەنابی هاوڕێ، تۆ ناسنامەیە، بەڵگەیە، شتێکت پێیە؟

میشکا کە سەری لە زیرەکی و هۆشیاری باوە گەورە سوڕمابوو، قامکی لە زاری نا، گوێی بۆ گفتوگۆیەکان هەڵخست. کابرای جانتا بە دەست، بە دەم زەردە خەنە و ڕوویەکی خۆشەوە، بەرسڤی دایەوە:

- خەمت نەبێ باپیرە، هەرچیت دەوێ پێمە.

دوای ئەو قسەیە وەژوور کەوت، باپیرەش دووی کەوت، میشکاش لە دووی باپیرەوە وەژوور کەوت. باپیرە پرسی:

- خێرە وا ڕێت کەوتووەتە گوندی ئێمە؟

- سەبارەت بە هەڵبژاردنی تازە هاتووم. هاتووم چاودێری و سەرپەرشتی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی گوندەکەتان بکەم.

دوای ماوەیەکی کەم بابۆ لە خەرمانگاکانەوە هاتەوە. خێر هانینی میوانەکەی کرد و بە دایکەی گوت کە شێو ئامادە بکات. دوای شێو خواردن، باوکە و میوانەکە لە سەر تەختەکە و لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن. یارۆیمیوان جانتا چەرمەکەی کردەوە، سەفتەیەک کاغەزی دەرهێنا و پیشانی باوکەکەی دا. میشکا، نیگەران و

بێ ئۆقره هەر بە دەوریانا دەخولایەوە و دەیویست سەیرێکی کاغەزەکان بکات. باوکە یەکێک لە کاغەزەکانی هەڵگرت و بە میشکای نیشاندا:

- تەمەشاکە مینکا گیان... ئەوە لینینە!

میشکا، وێنەکەی لە دەست بابی ڕاپسکاند، تەواو لێی ورد بووەوە. لە سەر سامیا دەمی داچەقاند. لە وێنەکەدا فەقیر دیار بوو، نە بالآی بەرز بوو و نە کراسی سووری لەبەر بوو، بەڵکو چاکەتێکی ئاسایی لە بەر بوو. دەستێکی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی نابوو و دەستەکەی تری بۆ پێشەوە درێژ کردبوو، وەک بڵێی ڕێگا نیشانبدات. میشکا بە دیقەت لە وێنەکە ورد بووەوە، ورد ورد سەنجی دا، لە چاو تروکانێکا ورد و درشتی وێنەکە لە مێشکیا چەسپی، برۆ کەوانیەکانی، بزە پرشنگدارەکەی سەر لێوی و چاوە گەشەکانی، سیما و ڕوخساری بۆ هەتاهەتایە لە یادگەیدا چەسپی.

یارۆی میوان، وێنەکەی لە دەست میشکا وەرگرتەوە. لە جانتاکەی نا و دایخست وچوو بۆ ژوورەکەی دی تا ئیسراحەت بکات وبخەوێت. خۆی گۆڕی، ڕاکشاو چاکەتە عەسکەرییەکەی لە جیاتی پەتۆ بە خۆیدا دا. تازە خەریک بووچاوی دەچووە خەو، کە لە ناکاوا جیڕەی کردنەوەی دەرگاکە بەرز بووەوە، سەری هەڵبڕی و پرسی:

- کێیە؟

دەنگی پێی پەتی لە ژوورەکە دەهات. یارۆی میوان دووبارە پرسی:

- کێیە؟

لە ناکاوا میشکای بە دیار قەرەوێڵەکەوە بینی:

- چیت دەوێ بچکۆل گیان؟

میشکا، ماوەیەکی کەم بێدەنگ بوو، پاشان زاتی ( جورئەت ) وەبەر خۆی نا و لە بن لێوانەوە گوتی:

- گوێ بگرە هاپۆ.. تۆ... هین... ئەو وێنەیەی لینین بدە بە من.

یارۆی میوان، بێئەوەی هیچ بڵێت، ماوەیەکی زۆر هەر لە ناو جێگاکەوە چاوانی بڕینە میشکا.

میشکا، تەواو ترسی لێنیشت: " باشە تەقو کابرایەکی ڕژد دەرچوو و وێنەکەی نەدامێ؟ "

میشکا، کە هەوڵی دەدا لەرزینی دەنگی کۆنترۆڵ بکات و لە تاسەمەندی و تامەزرۆیی خۆیدا، قسەی بۆ نە دەهات، بە هانکە هانک و لە بن لێوانەوە گوتی:

- بمدەیە، ئەوەم بدەیە بۆ خۆم... منیش قووتوویەکی زۆر چاکت دەدەمێ، هەموو میچەکانیشت ( جگ، قاپ، جک، چو ) دەدەمێ و..

دوای ئەوە میشکا، بەوپەڕی نائومێدییەوە، دەستەکانی کردنەوە و لە سەری ڕۆیی:

- پۆتینەکانیشت دەدەمێ، ئەو پۆتینانەی باوکە بۆی هێناوم.

کابرای بێگانە بزەیەکی بۆ کرد و پرسی:

- باشە تۆ لینینت بۆ چیە؟

میشکا، لە دڵی خۆیدا گوتی: " وادیارە وێنەکەم ناداتێ! " ئەوسا سەری دانەواند تا کابرا فرمێسکەکانی نەبینێ. بە دەنگی لەرزۆکەوە گوتی:

- دەمەوێ، هەروا دەمەوێ!

کابرای میوان پێکەنی. ئەوسا جانتاکەی لە ژێر سەرینەکەی دەرهێنا و وێنەکەی دایە میشکا. میشکا وێنەکەی خستە ژێر کراسەکەیەوە، تووند توونـد نووسانی بە سینگییەوە، بە دڵییەوە و، بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت. باپیرە خەبەری بووەوە و پرسی:

- چ گلاراوێکتە، بەم نیوەشەوە لە چ دەگەڕێی؟ چەند جارم پێ گوتی بەر لە خەوتن شیر مەخۆوە. تەنگاوی؟ ئەگەر تەنگاوی میزەکەت بکە تەنەکەی خۆڵەکەوە. تاقەتم نییە هەستم بتبەمە دەرەوە.

میشکا، بە بێدەنگی پاڵکەوت. بە هەر دوو دەستان وێنەکەی گرتبوو، نەدەوێرا ئەم دیو وئەو دیو بکات نەبا وێنەکە چرچ و لۆچ ببێت. ئیدی بەو حاڵەوە خەوی لێکەوت.

سپێدە زوو، لە گەڵ بەرەبەیانا لە خەو ڕابوو. داکی تازە لە دۆشینی چێڵەکە بووبووەوە و خەریک بوو دەیکردە گاگەل، کە میشکای بینی بە دەست بانگی کرد و گوتی:

- ها خێرە؟ بۆ بەم بەیانیە زووە ڕابوویت؟

میشکا، وێنەکەی نابووە ژێر کراسەکەی و توونی دەستی نابووە سەری، بەلای دایکیا ڕەت بوو و بە هەشتاو خەرمانگاکەی تەی کرد و خۆی بە عەمارێکا کرد. بنجە ڕێواسە کێوی دنیا لە دەوری عەمارەکە ڕوابوو، چڕە دیوارێکی سەوزی دڕووان دەوری دابوو. میشکا خۆی بە ژێر زەمین و کولانەکەدا کرد، بە دەست لمەکەی هەڵکۆڵی، و گەڵا ڕێواسێکی زەردی کردەوە، وێنەکەی تێوە پێچا، لە چاڵەکەی ناو بەردێکی نایە سەری تا با نەیبات.

باران لە بەیانیەوە تا ئێوارە خۆشی نەکردەوە. گەواڵە هەوری بۆرەقنە و شینی تۆخ بەری ئاسمانی گرت. سووکە چاڵەکانی ناو حەوشە پڕپڕ بوون لە باراناو. ئاو لە کۆڵان و جادەکانا ڕێچکەی بەست.

میشکا ناچار بوو، لە ماڵەوە دانیشێت و نەچێتە دەرەوە. کاتێ بابی و باپیری لە ماڵ دەرکەوتن، تا بڕۆن بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گوند، دنیا تاریک بووبوو. میشکا، کڵاوەکەی بابای لە سەر کرد و دوایان کەوت. بارەگای ئەنجوومەنی گوند لە ژوورێکی کڵێسای گوندا بوو. میشکا، بە زەحمەت بە پلیکانە پێچاوپێچ و پیسەکاندا سەرکەوت، بە هانکەهانک خۆی بە ژووردا کرد. دووکەڵی جگەرە تا میچەکەی تەنی بوو. ژوورەکە پڕ بوو لە خەڵکی. کابرای میوان، لە پشت مێزەکەوەو لای پەنجەرەکەوە، دانیشتبوو، قسەی بۆ ئامادەبووان، بۆ قوزاقەکان دەکرد.

میشکا، بە خشکەیی خۆی گەیاندە ئەوسەری ژوورەکە، لە سەر دوا کورسی ئەوێندەر دانیشت.

- کێ دەیەوێ فوماکورشونوف بە سەرۆکی ئەنجوومەنهەڵبژێردرێ، تکایە دەست بەرز بکاتەوە!

پروخور لیسنکوف زاوای یارۆی دووکاندار، کە لە بەردەم میشکا دانیشتبوو، لە جێگای خۆیەوە هاواریکرد:

- هاوڵاتیان... من ڕازی نیم! کابرایەکی شەریف و پاک نییە! ئێمە دەمێکە، ئەو کاتەی شوانی گوندەکەمان بوو، تاقیمان کردووەتەوە. دەزانین بایی چەندە.

ئەوسا میشکا، بینی کە چۆن فیدوتی پینەدۆز، کەلە سەر قەراخی پەنجەرەکە دانیشتبوو، هەستا و بە دەم دەست ڕاوەشاندنەوە هاواریکرد:

- هاوڕێیان... دەوڵەمەندەکان نایانەوێ فومای شوان ببێ بە سەرۆکی ئەنجوومەن، چونکە بابایەکی پرۆلیتار و داشداری دەسەڵاتی سۆڤیاتیە..

ئەو قوزاقە دەوڵەمەندانەی کە لە بەر دەرگا خڕ بووبوونەوە، کەوتنە فیکەکێشان و پێ کوتان بە عاردیدا. هەرا و هەنگامە لە ژووری ئەنجوومەن بەرز بووەوە.

- شوانمان ناوی!

- مادام لە عەسکەری هاتووەتەوە، با بگەڕێتەوە سەر شوانییەکەی خۆی!

- بمرێ فوما کورشونوف!

میشکا، چاوی بۆ بابی گێڕا، لەو نزیکانە وەستابوو. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو. میشکاش لە سووی بابی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

کابرای غەریب، بە مست کێشای بە سەر مێزەکەدا و هاواریکرد:

- هاوڕێیان، تکایە بێدەنگ بن!.. ئەوەی ئاژاوە بنێتەوە دەیکەمە دەرەوە.

- ئێمە گەرەکمانە یەکێک لە خۆمان هەڵبژێرین، یەکێک کە قوزاق بێ.

- فومامان ناوێ!...

- بە هیچ جۆرێ فومامان ناوێ!

هەموو قوزاقە دەوڵەمەندەکان، بە یەک دەنگ ئەوەیان دەگووتەوە، لە هەمووان ڕژدتر پروخوری زاوای کابرای دووکاندار بوو، کە تا هێز لە گەروویا بوو هاواری دەکرد.

کابرایەکی قوزاقی کەتەی چوارشانەی ڕدێن سوور، کە گوارەیەک بە گوێیەکیەوە بوو و چاکەتێکیشڕۆڵەی پینەکراوی لەبەر بوو، چووە سەر تەپڵەکێک و گوتی:

- براینۆ! مانگی چوارده ئەنگوستی ناوێ!... ئەمانە، ئەم دەوڵەمەندانە دەیانەوێ بە تۆبزی یەکێک لە خۆیان بکەن بە سەرۆکی ئەنجوومەن، تا لەو ڕێگایەوە، کاروباری خۆیان وەکو جاری جاران بەڕێوەبەرن... هەموو شتێک بە کەیفی دڵی وان بێ..

کابرای قوزاقی گوێ بە گوارە، کردبووی بە هەرا و هەنگامەیەک ئەوسەری دیار نەبوو. میشکا، لەو ژاوەژاوەدا، لە هیچ حاڵی نەدەبوو، تاک وتەرا وشەیەکی لێرەیان لەوێ بەر گوێ دەکەوت:

- زەوی و زار... زەوییەکان دووبارە دابەش دەکرێنەوە... زەوییە لمەلان و ڕەقەنەکان دەدەن بە هەژاران، زەوییە باش و بە پیت و بڕشتەکان بۆ خۆیان هەڵدەگرن.

ئەو جەماعەتەی لە بەر دەرگا خڕ بووبوونەوە کەوتنە هورا کێشان.

- پروخور! بۆ سەرۆکایەتی. پروخور!

دوای ماوەیەکی زۆر، هەرا و زەناکە دامرکایەوە. کابرای بێگانە پەست و بێزار، گرژ و مۆن، بە دەنگی بەرز و بە دەم کەف چڕینەوە کەوتە هاوار. بە جۆرێ دەیشیڕاند، میشکا لە دڵی خۆیدا وای وێنا دەکرد کە جنێو دەدات. کە ژوورەکە هێور بووەوە کابرای بێگانە بە دەنگی بەرز پرسی:

- کێ لە گەڵ هەڵبژاردنی فوماکورشونوفە؟

دەستێکی زۆر بەرزکرانەوە، میشکاش دەستی هەڵبڕی. یەکێک بە دەنگی بەرز کەوتە ژماردنی ئەو دەستانەی بەرز کرابوونەوە و لەم کورسییەوە دەچووە سەر ئەو کورسی.

- شەست و سێ... شەست و چوار...

بەبێ ئەوەی تەمەشای میشکا بکات، ئاماژەی بۆ دەستی ئەویش کرد و گوتی:

- شەست و پێنج!...

پیاوە غەریبەکە، شتێکی لە سەر کاگەزەکەی بەردەمی تۆمار کرد و ئەوسا گوتی:

-کێ دەنگ بە پروخورلیسنکوف دەدات، تکایە دەست هەڵبڕێ!

بیست و حەوت قوزاق و ئیگۆری ئاشەوان پێکەوە دەستیان بەرز کردەوە. میشکاش دەستی هەڵبڕی. لێ ئەو پیاوەی کە دەستەکانی دەژمارد، کاتێ گەییە ئاستی میشکا، سەراپای بە نیگا دابێژت و گوێی ڕاکێشا و هاواری بەسەرا کرد:

- هەی گلاراو! ئەوە چ دەکەی لێرە، هەستە بڕۆ دەرێ تا تێم هەڵنەداوی! ئاخر تۆ چیت داوە لە دەنگدان!..

ئەوانەی دەوروبەری هەموو لە قاقای پێکەنینان دا. پیاوەکە میشکای تا بەر دەرگاکە برد و بە پاڵ وەدەری نا. میشکا، کە چووە دەرەوە، ئەو قسەیەی بابی بیر کەوتەوە، کە جارێک لە مشت و مڕێکا بە باپیرەی گوتبوو، کاتێ بە پلیکانە خز و پیسەکاندا دا دەگەڕا، هاواریکرد:

-کێ ئەم هەقەی بە تۆ داوە؟

-دوایی پێت دەڵێم کێ ئەو هەقەیداومەتێ!

ئەم ڕووشکێنییەشی وەکو هەموو ڕووشکێنییەکانی دی لا ناخۆش بوو.میشکا، کاتێ گەییەوە ماڵەوە، کەمێک گریا و لەلای داکی گلەیی کرد، لێ دایکی تووڕە بوو و گوتی:

- مەچۆ شوێنێ، کە دەعوەت نەکرابی. سەر بە هەموو کونێکا دەکەیت... بەڕاستی بووی بە مایەی سەر یەشە بۆ من.

بەیانی ڕۆژی دوایی، کە لە سەر سفرە و خوانی نانخواردنی بەیانی دانیشتبوون و هێشتا بە تەواوەتی لە نانخواردن نەبووبوونەوە، دەنگی موزیک لە دووری دوورەوە هاتەگوێ. باوکە، کەوچکەکەی دانا، سمێڵەکانی سڕی و گوتی:

-دەنگی موزیقای عەسکەرییە.

میشکا، لە سەر کورسییەکە هەستا، وەکو با هەڵی گرتبێ بەو ئاوایە دەرپەڕی. دەرگاکەی لە دووی خۆیەوە، شریق دا بە یەکا، لە پەنجەرەکانەوە، تەپەتەپی پێیەکانی لە ناو حەوشەکەوە دەهاتە ژوورەوە.

باوک و باپیریشی هاتنە ناو حەوشەکە. دایکیشی لە پەنجەرەکەوە سەری کێشایە دەرەوە.

سەربازانی سوور، لە شێوەی شەپۆلی کەسکا، بە ڕیز و دەستەدەستە لەوپەڕی شەقامەکەوە خۆیان بە ناو گوندا دەکرد،سازڤانەکان لە ڕیزی پێشەوە فوویان بە کەڕەنا گەورەکانیاندا دەکرد، دەنگی دەهۆڵ، سەرانسەری گوندی هێنایە لەرزین.

میشکا چاوانی ئەبڵەق بوون، حایر و سەرسام بە دەوری خۆیا دەسووڕایەوە و چوارچاو تەمەشای دەکرد. ئەوجا بە هەشتاو بەرەولای سازڤانەکان ڕۆیی. ئۆخژنێکی خۆش لە دڵ و دەروونی گەڕا و تا ئەوکی هات... لە ڕوخساری شاد و تەپ و تۆزاوی سەربازانی سوپای سوور و لە ئەندامانی تیپی موزیک کە گۆنا خرپنەکانیان سوور هەڵگەڕابوو، ورد بووەوە و یەکسەر بڕیاری خۆی دا: " لە گەڵیانا دەچمە شەڕێ!..."

خەونە دێرینەکەی خۆی وەبیر هاتەوە، بە خۆیشی نەیزانی چۆن جورئەتی پەیدا کرد، دەستی گەیاندە فیشەکدانی دوا سەربازی سووری ڕیزەکە و پرسی:

- ئێوە کێوە دەچن؟ دەچنە شەڕ؟

- هەڵبەتە بۆ شەڕ دەچین، خۆ بۆ شایی ناچین!

- لە پێناوی کێدا دەجەنگن؟

- لە پێناوی دەسەڵاتی سۆڤیاتیدا، ئادەی وەرە ڕیزەوە گەوجە گیان.

میشکای ڕاکێشایە ناو ڕیزەکەوە. سەربازێکی دی بە دەم پێکەنینەوە پەلە پیتکەیەکی بە سەرە گڤەکەیا کێشا، یەکێکی دیکە، کلۆ شەکرێکی چڵکنی لە بەرکی دەرهێنا و تەپاندیە دەمی میشکاوە.

کە گەیینە ناوەندی مەیدانەکە یەکێک لە ڕیزەکانی پێشەوە فرمانی دا:

- ئیست!..

سەربازانی سوپای سوور، هەموو وەستان و پاشان بە مەیدانەکەدا بڵاو بوونەوە، لە سایەی سێبەری فێنکی دیواری قوتابخانەکەدا، بە پاڵ یەکترەوە دانیشتن. یەکێک لە سەربازەکان، کە کوڕێکی باڵابەرزی ڕدێن تاشراوبوو و شمشێرێکی بە قەدا

هاتبووه خوارەوە، لە کاتێکا بزەیەک نیشتبووە سەر لێوەکانی، بە ئەسپایی هاتەلای میشکاوە و بە میهرەوە لێی پرسی:

- تۆ کوێندەریت و لە کوێوە خۆت بە ئێمەوە هەڵواسیوە؟

میشکا، سینگی دەرپەڕاند و بە دەم هەڵکێشانەوەی پانتۆڵە داخراوەکەیەوە گوتی:

- دەمەوێ لە گەڵتان بێم بۆ شەڕ!

یەکێک لە سەربازەکان هاواریکرد:

- هاورێ فەرماندەی فەوج، بیکە بە یاوەری خۆت!

ئەوانەی دوەوروبەری لە قاقای پێکەنینیان دا. میشکا چیوای نەمابوو، لە هۆڕژنی گریان بدات، بەڵام ئەو پیاوەی کە بەو ناوە عەجیبەوە (فەرماندەی فەوج ) بانگیان کرد، برۆکانی وێکهێنایەوە و بە دەنگێکی بنجبڕ هاواریکرد:

- ئەو حیلکەحیلکەتان لە چییە گەوجینە؟ هەڵبەتە لەگەڵ خۆمانی دەبەین بەڵام بە مەرجێ..

فەرماندەی فەوجەکە ڕوویکردە میشکا و لە سەری ڕۆیی:

- پانتۆڵەکەت یەک شەیالەی هەیە، شتی وا نابێ، چونکە ئەو دیمەنە جوان نییە، حەیامان دەچێت!... تۆ تەمەشای من بکە، بزانە دوو شەیالەم هەن، هەموو سەربازەکانی دیکەش دووانیان هەیە، بڕۆوە بۆ ماڵێ با دایکە شەیالەکەی دیکەت بۆ بدوورێتەوە. تا تۆ دێیتەوە، ئێمە لێرە چاوەڕێت دەکەین.

ئەوسا ئاوڕی لای دیوارەکەی دایەوە، چاوێکی لەو سەربازانە داگرت کە لە سێبەری دیوارەکە پشوویان دەدا، بە دەنگی بەرز گوتی:

- ئەهای تریشنکو، تفەنگێک و پاڵتۆیەک بۆ ئەم جەنگاوەرە تازەیە بێنە.

سەربازێک لەوانەی کە لە سێبەری دیوارەکەیا پاڵکەوتبوو، هەستا و، دەستی بۆ قەراخ کڵاوەکەی بەرز کردەوەو بەرسقی دایەوە:

- بە سەر سەر و سەرچاوان.

ئەوسا بلەز بە پاڵ دیوارەکەدا دوور کەوتەوە.

فەرماندەی فەوجەکە، ڕووی وەرگێڕا و بە میشکای گوت:

- دەی خێرا هەڕە، بە دایکت بڵێ با شەیالەکەت بۆ بدورێتەوە.

میشکا، نیگایەکی جدی فەرماندەکەی کرد و گوتی:

- ئاخر هەڵم نەخەڵەتێنی ها!

- خەمت نەبێ..

ماڵیان لە مەیدانەکەوە دوور بوو. میشکا کە گەییەوە بەر ماڵ، هانکەهانکی پێکەوتبوو. هەر بەو دەقەوەو بە دەم ڕاکردنەوەو لە بەر دەرگای ماڵەوە پانتۆڵەکەی داکەند و بە هەشتاو و بە لاقە ڕووتەکانیەوە کە دەبریسکانەوە خۆی بە ژووردا کرد و هاواریکرد:

- دایکە!... پانتۆڵەکەم!... یەکێک لە شەیالەکانی...

لێ ماڵ کرِوکپ، چۆڵ و هۆڵ بوو. مێش و مەگەزان وەکو پەڵە هەورێکی ڕەش بە سەر ئاگردانەکەدا، بە گیزەگیز دەسووڕانەوە. میشکا هەموو شوێنەکان: خەرمانگاکە، باخچەکە، چیمەنەکە گەڕا، نە داکی، نە بابی و نە باپیری نەبینی. بە هەشتاو خۆی بە ژوورا کرد، گونیەک لە ئەرزەکە دانرابوو، بە چەقۆیەک تیلماسکێکی لێ بڕی، کاتی ئەوەی نەبوو بە پانتۆڵەکەیەوەی بدوورێ خۆ ئەگەر کاتیشی هەبوایە خەیاتی نەدەزانی، بە پەلەپەل تیلماسکەکەی بە پانتۆڵەکەیەوە بەست و هەڵدایە سەر شانی و دووبارە و لە پێشەوە بە پانتۆڵەکەیەوەی گرێ دا. لە ناکاوا خۆی بە عەمار و ژێر زەمینەکەدا کرد، بەردەکەی لابرد و تەمەشایەکی خێرای دەست و وێنەکەی لینینی کرد کە بۆ لای ئەمی، واتە میشکای درێژ کردبوو. میشکا هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە بن لێوانەوە گوتی:

- چاوت لێیە؟.. منیش پەیوەندیم بە سوپاکەتەوە کرد!..

وێنەکەی جوان لە گەڵاکەوە پێچا و خستیە ژێر کراسەکەیەوە، بە هەشتاو و بە ناو شەقامەکە کەوت، بە دەستێک وێنەکەی توند بە سینگیەوە نووساندبوو و بە

دەستەکەی تری پانتۆڵەکەی گرتبوو کە لێی نەکەوێ. وەختایەک بە هەشتاو بەبەر پەرژینی ماڵە دراوسێکەیاندا تێ دەپەڕی بانگی لە دراوسێکەیان کرد:

- ئەنیسیموفنا!

- چییە؟

- بە کەسوکاری من بڵێ فراقینی خۆیان بخۆن و چاوەڕوانی من نەکەن.

- بۆ کوێ دەڕۆی چەمووشی بچکۆلە؟

میشکا، دەستێکی بۆ هەڵبڕی و گوتی:

- دەچمە خزمەتی سوپایی!..

لێ وەختێ گەییە مەیدانەکە، لە جێی خۆی چەقی. مەیدانەکە چۆڵ و هۆڵ و کەسی لێنەبوو. لە بن دیوارەکە هەندێک ئاغزە جگەرە وقووتووی بەتاڵی خواردنان و بەلەک پێچی دڕاو کەوتبوون، بەڵام لەو پەڕی گوندەوە، دەنگی کەڕەنا و هەنگاونانی سەربازان دەهاتە گوێ. میشکا، بە دەنگی بەرز لە هۆڕژنی گریانی دا. پاشان میشکا لە نائومێدیا هاوارێکی کرد و تا هێز لە لاقیا بوو پێی وە غارەوە نا تا بیانگاتێ. خۆ ئەگەر ئەو سەگە زەردە کلک درێژەی کەلە بەر ماڵی سەراجەکەدا وەستابوو و دانی گڕ کردبوونەوە، دەیمراند نەبوایە، میشکا بەو گوڕەوە کە بەستبوویەوە بێگومان فریایان دەکەوت. بەڵام وەختایەک کە میشکا لە سەگەکە دەرباز بوو و ڕەت بوو، ئیدی دەنگی کەڕەنا و ڕەوتی ڕێکردنی سوپایی لە حەوت کێوان ئاوا بووبوو.

***

دوای دوو ڕۆژ، دەستەیەکی چل کەسی بۆ گوند هاتن. ئەمانە جلکی سوپاییان لەبەر نەبوو، هەموویان جلکی کاریان لەبەر و پووتی لبادینی قاوەییان لە پێ و چاکەتی کاری چەوریان لەبەر بوو.

باوکە، نیوەڕۆ، بۆ نانخواردن لە ئەنجوومەن هاتەوە بە باپیرەی گوت:

- باوکە دەرگای عەماری دانەوێڵەکان بکەوە، مەفرەزی کۆکردنەوەی دانەوێڵە و ئازووقە هاتوون، تا هەر ئازووقە و دانەوێڵەیەکی زیادە هەیە کۆی بکەنەوە و ببیەن.

سەربازان، ماڵ بە ماڵ دەگەڕان، بە سەرە نێزان زەمینەی عەمار و ژێرخانەکانیان دەپشکنی و دانەوێڵە و ئازووقەی شاراوەیان دەدۆزییەوەو لە عەرەبانەیان باردەکرد وبۆ سایلۆی گشتیان دەگواستەوە.

هاتن بۆ ماڵی سەرۆکی ئەنجوومەن. یەکێک لە سەربازەکان کە پایپێکی بە دەمەوە بوو، مژێکی لێدا و ڕوویکردە باپیرە و گوتی:

- باپیرە، ڕاستمان پێ بڵێ چەندت گەنم و دانەوێڵە شاردووەتەوە؟

لێ باپیرە، دەستی بە ڕدێنیا هێنا و بە شانازییەوە گوتی:

- کوڕەکەم کۆمۆنیستە.

سەربازەکان، خۆیان بە عەمار و ژێر خانەکەدا کرد. ئەو سەربازەی پایپی دەکێشا، نیگایەکی فەردە گەنمەکانی کرد و زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

- هاپۆ، بەشی نان و بنەتۆ بۆ خۆت هەڵبگرە و ئەویتری ببە بۆ سایلۆی گشتی.

باپیرە، پیرە ئەسپەکەی، واتە " سافراسکا "ی لە عەرەبانەکە بەستو بە دەم ئاه هەڵکێشانەوە، هەشت فەردە گەنمی جیا کردەوە، لە عەرەبانەکەی بار کردن، دەستێکی نائومێدانەی هەڵتەکاند و بۆ سایلۆی گشتی برد. دایکە کەمێک بۆ گەنمەکە گریا. لێ میشکا فەردەکانی لە گەڵ بابایدا پڕ کرد و پاشان بۆ یاریکردن چوو بۆ لای فیتکای کوڕی قەشە. هەرکە بە دوو قۆڵی لە مووبەقەکەی ماڵی فیتکادا دانیشت و ئەسپە کاغەزینەکانیان لە ژوورەوە بڵاوکردەوە، هەمان ئەو سەربازانەی کە چووبوونە ماڵی میشکا، خۆیان بە مووبەقەکەی ماڵی فیتکادا کرد. یارۆی قەشە بلەز بە بیریانەوە چوو. لە پەلەپەلی خۆیدا لاقی لە داوێنی جبەکەی دەگیرا، تکای لێکردن، تەشریف بەرنە ژوورەوە. بەڵام سەربازە پایپ دارەکە، لێبڕاوانە گوتی:

- نا، با بچین بۆ عەمارەکە، دانەوێڵە و ئازووقەتان لە کوێ هەڵدەگرن؟

ژنەکەی قەشە، بە سەر و قژی بژەوە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت و بە دەم بزەیەکی ڕیاکارانەوە، ڕوو لە سەربازەکان گوتی:

- بەڕێزینە باوەڕ بکەن، هیچ جۆرە دانەوێڵەیەک شک نابەین. مێردەکەم هێشتا نەچووە بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە و....

- ئەدی ژێر زەمینتان هەیە؟

- نەخێر، ژێرزەمینمان لە بنی نییە. جاران دانەوێڵە و ئازووقەمان لە گەنجینەکەماندا هەڵدەگرت.

میشکا، یەکسەر بیری کەوتەوە، کە چۆن جارێکیان لە گەڵ فیتکادا بۆ یاری و گەمە چووبوونە ژێرزەمینێکی گەورەوە. ئاوڕی لە ژنەکەی قەشە دایەوە و گوتی:

- ئەدی ئەو ژێر زەمینەی ژێر مووبەقەکە؟ ئەوەی کە ئەو ڕۆژە من و فیتکا چووین یاریمان تیاکرد... بیرت چووە؟

ژنەکەی قەشە ڕەنگی تێکچوو، پێکەنی و گوتی:

- نا، کوڕەکەم شتی وا نییە. فیتیا، بڕۆنە دەرەوە بۆ خۆتان لە باخچەکەدا یاری بکەن.

سەربازە پایپ دارەکە، چاوی بچووک کردنەوە، بزەیەکی بە ڕووی میشکادا کرد و گوتی:

- دەرگای ژێرزەمینەکە لە کوێوەیە کوڕی باش؟

ژنی یارۆی قەشە، بە دەم تەقاندنی قامکەکانیەوە گوتی:

- ماقووڵە باوەڕ بە قسەی منداڵێکی نەفام بکەی، باوەڕ بە من نەکەیت؟ بەڕێزینە باوەڕم پێ بکەن ژێرزەمینمان نییە.

قەشە، بە دەم هەڵکردنی داوێنی جبەکەیەوە گوتی:

-وا دیارە هاوڕێیان برسییانە، فەرموون با بچینە ژوورەوە! پاروە نانێک بخۆن!

ژنەکەی قەشە، کە بە لای منداڵەکاندا ڕۆیی، نوقورچێکی توندی لە میشکا گرت. بزەیەکی نەرمی کرد و گوتی:

-کوڕینە بڕۆن لە باخچەکەدا گەمە بکەن، لاکەون بەردەستمان مەگرن.

سەربازەکان، ژێراوژێر تەمەشایەکی یەکدییان کرد و چوون بۆ ناو مووبەقەکە. بە قۆناغە تفەنگان کەوتنە لێدانی زەمینەی مووبەقەکە. مێزی لای دیوارەکەیان لادا، کومبارە چکۆلەکەی ژێریان هەڵگرت. سەربازە پایپ دارەکە، یەکێک لە تەختەکانی هەڵدایەوەو چاوی بە ژێر زەمینەکە کەوت. سەرێکی لەقاند و گوتی:

- باشە ئێوە شەرم لە خۆتان ناکەن؟ ئێوە گوتتان هیچ جۆرە دانەوێڵە و ئازووقەیەکتان نییە، کەچی ژێرزەمینەکەتان پڕە لە گەنم!

ژنەکەی کابرای قەشە خێسەیەکی ئەوتۆی لە میشکا کرد، میشکا خەریک بوو زراوی بتۆقێ. لێبڕا، یەکسەر بۆ ماڵ بڕواتەوە. هەستا و بەرەو ناو حەوشە ڕۆیی. ژنەی کابرای قەشە تا بەر دەرگا دووی کەوت، لەوێ بە دەم پەڵمە گریان و هەنسک هەڵدانەوە، چنگی نایە کاکۆڵەکەی میشکا و گێرەی ئەرزەکەی پێکرد.

میشکا بە هەزار زەحمەت خۆی لە چنگی دەرباز کرد و بێ ئەوەی ئاوڕی پاشی بداتەوە، بە غار بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوە. بە دەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە، حاڵ و حیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ داکی گێڕایەوە. دایکی نەیدەزانی لە داخا چ بکات، سەری خۆی لە نێو هەر دوو دەستی نا و هاواریکرد:

-نازانم، چ بکەم لە دەستی تۆ؟ لاکەوە لە بەرچاوم تا مار هەنجنم نەکردوویت!..

لەو کاتە بە دواوە، میشکا هەرجارێ سەرزەنشت بکرابا و دڵیان بشکاندبا یەکسەر خۆی بە ژێر زەمینەکەدا دەکرد، بەردەکەی لادەبرد، وێنەکەی " لینین " ی دەردێنا، بە دیارییەوە دادەنیشت، بە دەم فرمێسک بارانەوە، کە دەڕژایە سەر وێنەکە، دەردی دڵی بۆ ئەو هەڵدەڕشت و گلەیی لەو کەسە دەکرد کە شکاندبووی.

هەفتەیەک بووری. میشکا هەستی بە تەنیایی دەکرد، کەس نەبوو کایەی لەگەڵدا بکات. منداڵانی گەڕەک حەزیان نەدەکرد گەمەی لەگەڵدا بکەن. هاوتەمەنەکانی خۆی هەر بە ناو و ناتۆرەی " زۆڵ "ەوە نەدەوەستان، بەڵکو چەند ناو و ناتۆرەیەکی

دیکەی وەکو : " جووجە کۆمۆنیست " و " کۆمی چەپەڵ " شیان دواخستبوو کە لە گەورەکانەوە هەڵیان گرتبووەوە... لە دوورەوە بانگیان دەکرد:

- هێی... تۆتۆ... جووجە کۆمۆنیست، کۆمی چەپەڵ، ئاوڕی پاشەوە بدەوە!

ڕۆژێک میشکا، دەمەو عەسرانێکی درەنگ، لە ئەستێڵەکەوە دەگەڕایەوە. هێشتا وەژوور نەکەوتبوو، گوێی لە بابی بوو بە توندی قسانی دەکرد و دایکیشی وەکو بە دیار مردووەوە شین بکات، دەگریا، ئەمما گریان. میشکا لە دەرگاکەوە وەژوورکەوت، بینی بابی پاڵتۆکەی لوول کردووە و دانیشتووە و پووتەکانی لە پێ دەکات.

- باوکە، بۆ کوێ دەڕۆیت؟

بابەکە پێکەنی و گوتی:

- کوڕەکەم، ئەگەر دەتوانی دایکت ژیر بکەوە. بەم گریانەی ئەو خەریکە بەندی دڵم دەبڕێت. من دەبێ جارێکی دیبۆ جەنگ بڕۆم و ئەو حەز ناکات!...

- باوکە، منیش لە گەڵتا دێم. بمبە لە گەڵ خۆتا!

بابەکە، نیتاقەکەی لە پشت بەست، کڵاوە ڕیشودارەکەی لە سەر نا.

- بە ڕاستی تۆ گەوجی ها! چۆن دەبێ هەردووکمان پێکەوە بڕۆین، ئەدی ئەم ماڵە بە سەر کێدا بەجێ بێڵین؟ کەنگێ من هاتمەوە، ئەوجا تۆ بڕۆ. سبەی گەنم پێدەگا و وەختی دروێنە دێت، کێ گەنمەکەمان بدروێتەوە؟ دایکت خەریکی ئیشی ناو ماڵە، باپیرەش پیر و بێ تاقەتە..

میشکا، بە خورتی جڵەوی گریانی خۆی گرت، تەنانەت لە کاتی خواحافیزیدا بە ڕووی باوکیا پێکەنی. بەڵام داکی وەکو جارەکەی پێشوو، دەستی لە ملی بابی وەرێنا. بابی بە تۆبزی لە خۆی دوور خستەوە. بەڵام باپیری بە دەم کۆکەکۆکەوە بابی ماچ کرد و بە گوێیدا چپاند:

- فوموشکا... کوڕەکەم، ناکرێ نەڕۆیت؟ ناکرێ چاوپۆشی لە تۆ بکەن؟ ئەگەر تۆ بکوژرێی ئێمە چی بکەین؟ تیا دەچین.

- بەسە باوکە ئەم قسانە باش نین. ئەگەر قەرار بێ هەموو پیاوێک خۆی بخزێنێتە باخەڵی ژنەکەیەوە، ئیدی کێ داکۆکی لە ئاخی وڵات بکات؟

- دەیسا باشە... ئەگەر لە سەر هەقی برۆ.

بابە گەورە ڕووی وەرگێڕا، بە دزییەوە ئەو فرمێسکەی لە چاویا قەتیس مابوو سڕی.

باوکەیان، تا بەر بارەگای ئەنجوومەن بەڕێکرد. نزیکەی بیست کەسێک، چەک بە شان لەوێ چاوەڕێیان دەکرد. باوکەش تفەنگەکەی خۆی هەڵگرت، دووبارەی میشکای ماچ کرد و دەگەڵ چەکدارەکانی دیدا، بەرەو ڕێگاکەی دەرێی گوند، کەوتنەڕێ.

میشکا لەگەڵ بابایدا بۆ ماڵ زڤڕییەوە. دایکەش بە لارەلار لە دووی وانەوە دەهات. لێرەولەوێ حەپەی پچڕپچڕی سەگەلی گوند دەهاتە گوێ. پەنجەرەی ماڵان تاک و تەرا ڕوناک دەچوونەوە.

گوند، چەشنی پیرەژنێکی ڕەشپۆش لە تاریکی شەوا نقووم بوو. نەرمە باران دەستی پێکرد. لە دووری دوورەوە، لە قووڵایی پێدەشتەکەدا، چەخماخە بۆ ساتێ ئاسمانی ڕوناک دەکردەوە و هەورە گرمەیەکی گەورەو ترسناکی بە دوادا دەهات و دەنگی دەدایەوە و دەشت و دەرەکەی دێنایە لەرزین.

لە ماڵ نزیک بوونەوە. میشکا کە بە درێژایی ڕێگا هەر بێدەنگ بوو لە بەر دەرگادا پرسی:

- باپیرە، بابم دژی کێ شەڕ دەکات؟

- وازم لێ بێنە!...

- باپیرە!...

- چییە؟

- باوکم دژی کێدەجەنگێ؟

باپیرە، بە دەم داخستنی دەرگاکەوە بەرسڤی دایەوە:

- کۆمەڵێک چەتە و ئەشقیا، لە دەوروبەری گوند پەیدا بوون، خەڵکی پێیان دەلێن باند و یاخی، بەڵام بە قەناعەتی من تەنیا چەتە و ڕێگری ئاساییین... باوکت چووتە شەڕی ئەوانە.

- باپیرە، ژمارەیان زۆرە؟

- بە قسەی خەڵکی نزیکەی دووسەد کەسێکن... دەی بڕۆ کوڕەکە، درەنگە، وەختی نووستنت تێپەڕیوە.

میشکا، لە نیوەشەوا، لە دەنگی هەرا و زەنا خەبەری بووەوە. لە خەو هەستا، دەستی بۆ باپیرەی گێڕا، لەناو جێگاکەیدا نەبوو.

- باپیرە لە کوێی؟

- وس! پاڵکەوە، لە جێی خۆت بنوو گلاراو!

میشکا هەستا، بە تاریکیەکەدا، بە کوێرە کوێر خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە. باپیرە لەوێ، بە تویێی دەرپێیەکی ژێرەوە، لە سەر کورسییەکە ڕۆنیشتبوو و لە پەنجەرە کراوەکەوە سەری کێشابووە دەرەوەو گوێی هەڵخستبوو. میشکاش گوێی هەڵخست. دنیا کڕ و بێدەنگ بوو، دەنگی تەقە بە ئاشکرا لە شوێنێکی دەرەوەی گوندەوە دەهاتە گوێ، لە هەوەڵەوە تاک تیر بوو، پاشان بوو بە دەستڕێژ.

- تاق... تا... تا... تا... ق!

لە تۆ وایە بزمار دادەکوتن.

میشکا، ترسی لێنیشت، خۆی بە بابایەوە نووساند و پرسی:

- ئەوە باوکەیە تەقە دەکات؟

باپیرە، بێدەنگ بوو. دایکە دووبارە دەستی بە گریان و زاری کردەوە. تەقە تا بەرە بەیان بەردەوام بوو. پاشان بێدەنگی باڵی بە سەر هەموو شوێنێکا کێشا. میشکا لە سەر تەختەکە خۆی قانگڵە کرد، خەوێکی قورس و ناخۆشی لێکەوت. بەرەبەیان دەستەیەک سوار، بە چوار ناڵە خۆیان کرد بەو کۆڵانەدا کە بۆ ئەنجوومەنی گوند دەڕۆیی. باپیرە میشکای بێدار کردەوە و بەخۆی بە هەشتاو بۆ ناو حەوشە چوو.

لوولەیەک دووکەڵی ڕەش، لە سەر بانی بارەگای ئەنجوومەنەوە بەرز بووەوە. بڵێسەی ئاگر بۆ بیناکانی دەوروبەریش تەشەنەی کرد. سوارەکان، بە کۆڵان و شەقامەکانا دەهاتن و دەچوون. یەکێکیان لە حەوشە نزیک بووەوەو بانگی لە باپیرە کرد:

- پیرەمێرد، ئەسپت هەیە؟

- بەڵێ...

- لە عەرەبانەی ببەستە و بڕۆ بۆ دەرێی گوند، کۆمەڵێک جەندەکی کۆمۆنیستەکانتان لەو بێشە و هەردانە کەوتوون، بیان هێنەوەو بە کەس و کاریان بڵێ با بیاننێژن.

بابیرە، بلەز " سافراسکا "ی لە عەرەبانەکە بەست، بە دەستە لەرزۆکەکانی جڵەوەکەی گرت و بە یۆرغە بە ڕێکەوت.

دەنگی هاوار وشین وشەپۆڕ لە هەر چوار نکاڵی گوندەوە بەرز بووەوە. دز و جەردەکان، سەرگەرمی تاڵانکردنی عەمارەکان و کوشتاری مەڕ و ماڵاتی گوندەکە بوون. یەکێکیان لای ماڵی ئانیسیموفنا لە ئەسپەکەی دابەزی، بە هەشتاو خۆی بە ماڵەکەی ئەوا کرد. میشکا گوێی لە ئانیسیموفنای پیرەژن بوو کە چۆن بە دەنگێکی گڕ هاواری دەکرد.

کابرای جەردە، بە دەم تەق وهۆڕی شمشێرەکەیەوە وەژوورکەوت. لەبەر هەیوانەکە ڕۆنیشت، پووتەکانی داکەند، بەلەک پێچە دڕا وپیسەکانی داکەند و فڕێی دان. ئیدی شاڵە جوان و تازەکەی ئانیسیموفنای بە شمشێر کرد بە دوو لەتەوەو لە جیاتی پوزەوانە، هەر لەتێکیانی لە لاقێکی پێچا.

میشکا، چووە ژوورەوە، لە سەر تەختەکە ڕاکشا، سەری لە بن بالیفەکە نا، خەوی لێکەوت، لە جیرەی دەرگای حەوشە بێدار بووەوە. بە غاردان وەدەرکەوت، باپیرەی بینی کە بە ڕدێنی لە فرمێسکا هەڵکشاوەوە، ئەسپەکەی بۆ ناو حەوشە ڕادەکێشا. لە دواوە و لە ناو عەرەبانەکەدا، پیاوێک بە پێی پەتی ڕاکشابوو، هەر دوو دەستی بەم لاوبەولادا، تەکەتەک شۆڕ بووبوونەوە و سەری بە هەڵبەز و دابەز دەکەوتبە کۆتایی عەرەبانەکەدا و پەڵە خوێنی گەورە و ڕەش بە ناو عەرەبانەکەدا بڵاو بووبووەوە.

میشکا، کە کەمێک حەپەسا بوو، بە لارەلار لە عەرەبانەکە نزیک بووەوە. چاوی بڕییە ڕوخساری پیاوەکە کە بە شمشێر لەت لەت کرابوو. ددانەکانی دەرکەوتبوون. لایەکی ڕوومەتی هاتبووە خوارەوەو تەکەتەک بە ئاستەم بە ئێسقانی دەم و

چاوییەوە بەند بوو. مێشێکی کەسکی گەورە، بە سەر یەکێک لە چاوە دەرپۆقیوە خوێناوییەکەیەوە نیشتبووەوە و بە ئاستەم باڵەکانی دەجووڵاند.

میشکا، لە هەوەڵەوە نەیدەزانی مەسەلە چییە، بەڵام کە چاوی گێرا و کراسە موقەلەمە شین و سپیە دەریاوانیەکی بینی کە لە خوێنا هەڵکشابوو، بە جۆرێ دڵی داخورپا و ڕاچڵەکی لە تۆ وایە یەکێک لە دواوەو لە ناکاوا جەزرەبەیەکی کوشندەی پێگەیاند. ئەمجارەیان، بە دوو چاوی ئەبڵەقەوە ڕوانییە ڕوخسارە ڕەش داگەڕاوە بێ جووڵەکە. لە ناکاوا خۆی هەڵدایە سەر عەرەبانەکە و هاواری کرد:

- بابۆ!... بابۆ! ڕابە، بابە گیان هەستەوە!

لە عەرەبانەکە کەوتە خوارەوە. هەوڵیدا ڕابکات، لێ لاقی لە دووی نەدەهات، بە چوار چنگۆڵە تا نزیکی بەر هەیوانەکە ڕۆیی. لەوێندەر کەوت، سەر و ڕوخساری لە خاک و خۆڵەکە، لە قوم و لمەکە چەقی.

***

چاوانی باپیرە بە قوڵا چووبوون. سەری دەلەرزی، لێوەکانی بە بێدەنگی دەجووڵان. ماوەیەکی زۆر بە دیار میشکاوە دانیشت، دەستی بە سەریا دێنا ونەوازشی دەکرد، ئەوجا تەمەشایەکی دایکەکەی کرد کە لە سەر جێگاکە کەوتبوو و ڕوخساری لە بالیفەکەدا نقووم بووبوو. بە ئەسپایی گوتی:

- ڕابە کوڕە ئازیزەکەم، ڕابە با بڕۆینە نێو حەوشەکە..

باپیرە دەستی میشکای گرت و بۆ هەیوانەکەی برد. کە بەبەر دەرگای ژووری دووەما تێپەڕین، میشکا ڕاچڵەکی، چاوەکانی توونـد نوقاندن. بابی لە ژوورەوە، لە سەر مێزەکە، کڕ و کپ، بە جەلال و ویقارەوە ڕاکشابوو. خوێنەکەیان پاک شۆردبوو.

بەڵام میشکا هەرچی دەکرد، دیمەنی ئەو مێشە کەسکە گەورەیەی کە بە سەر چاوە دەرپۆقیو و خوێناویەکەی بابیەوە نیشتبووەوە، لە بەر چاوی خۆی بسڕێتەوە، نە دەسڕایەوەو نەدەسڕایەوە.

باپیرە، ماوەیەیکی زۆر بە دیار بیرەکەوە، خەریکی کردنەوەی حەبلی سەتڵی ئاو هەڵکێشانەکە بوو. ئەوجا خۆی بە تەویلەکەدا کرد و " ساڤراسکا "ی لە تەویلەکە

هێنایە دەرەوە. بە ئاسینی کراسەکەی کەفی لالغاوەی ئەسپەکەی سڕی، ئەوسا لغاوەکەی لە دەمی کرد، گوێی هەڵخست. دەنگی هاوار و زەنا وقاقا لە ناو گوندەکەدا دەنگی دەدایەوە. دوو کەس لە جەردەکان بە سواری بە نێو گوندەکەدا دەسووڕانەوە و ئاگری جگەرەکانیان، لە تاریکیەکەدا دەتروسکایەوە. یەکێکیان دەیگوت:

- پێمان نیشاندان کە کۆکردنەوەی دانەوێڵە و ئازووقە یانی چی، لەو دنیا باشتر تێدەگەن کە دانەوێڵە سەندن لە خەڵکی چ دەگەیەنێ.

کە دەنگی سمی ئەسپەکان بڕا، باپیرە دانەوییەوە و بە گوێی میشکایدا چپاند و گوتی:

- من پیرم، تاقەتی ئەسپ سواریم نییە... کوڕی خۆم، سواری ئەسپەکەت دەکەم، تەوەکەل بە خوا یەکڕاست بڕۆ بۆ مەزرای " بونین " ڕێگاکەت پێ دەڵێم. ڕەنگە ئەو سەربازانەی کە بە تەپڵ و کەڕەناوە بێرەدا تێپەڕین لەوێ بن... پێیان بڵێ بابۆ ئێرە بێن، چونکە جەردەکانی لێیە!... حاڵی بوویت کوڕەکەم؟

میشکا بە بێدەنگی سەری لەقاند. باپیرە سواری ئەسپەکەی کرد، هەردوو لاقی بە حەبلی بیرەکە، بە زینەکەوە بەست تا نەکەوێت. ئەسپەکەی لە خەرمانگاکەوە، بە لای ئەستێڵەکەدا برد، بە پشت پاسەوانانی جەردەکانا بای دایەوە و گەیاندییە سەرەتای پێدەشتەکە و گوتی:

- کەندێک هەیە بە ناوەندی گردەکەدا دەڕوات، بە قەراخ ئەو کەندەدا بڕۆ، بە هیچ سەمتێکا لامەدە، ڕێک دەگەیتە مەزراکە، دەی بڕۆ گیانەکەم!..

بابە گەورە هەنیەی میشکای ماچ کرد، ئەوسا بە ئەسپایی لەپێکی بە کەفەڵی ئەسپەکەدا کێشا.

هەیڤە شەو بوو، دنیا ڕوناک بوو... ساڤروسکا، کە ناو بە ناو پرمەیەکی دەکرد، کە هەستی دەکرد بارەکەی سووکە، جار لە دووی جار هێواشتر دەڕۆیی. میشکا هەوسارەکەی تەکان دەدا و بە دەست دەیکێشا بە لاملی ئەسپەکەدا. ئیدی ئەسپەکە دەکەوتە لۆقە و میشکا بەم لاو و بەولادا دەهات و دەچوو.

گەنم لە دەشتەکەدا لە قەف و گوڵدا بوو، لە ناو تەبارە گەنمی سەوز و چڕا، هەوێردە شاد و سەرخۆش دەیانخوێند. لە قوڵایی خەرەندەکەدا، جۆگەلە ئاوێکی زوڵاڵ دەبریقایەوە، شنە بایەکی سارد هەڵی کردبوو.

میشکا، کە خۆی بە تەنیا لەم دەشتە پان و بەرینەدا بینییەوە ترسی لێنیشت. باوەشی بە ملی گەرمی ئەسپەکەدا کرد، وەکو تۆپەڵە گۆشتێکی زیندووی سەرما بردەڵە خۆی بە ملی سافروسکاوە نووساند.

باریکە ڕێگاکەی قەراخکەندەکە جارێ بەرز و جارێ نشێو دەبووەوە. میشکا نەیدەوێرا ئاوڕی پاشی بداتەوە. لەبەر خۆیەوە قسانی دەکرد تا بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە. چاوانی نوقاندن، بەڵام بێدەنگی پێدەشتەکە لە گوێیادەزرینگایەوە.

سافروسکا، لە ناکاوا، سەری هەڵبڕی، پرمەیەکی کرد. پێی هەڵگرت. میشکا کەمێک چاوەکانی کردنەوە، لە خوارەوە، لە پایینی گردەکەدا، هەندێک تروسکەی ڕەنگ زەردی بینی. بایەکە دەنگی حەپەی کسۆکانی دەگەڵ خۆیدا دێنا.

شادی بۆ ماوەیەکی کەم، دڵی میشکای خۆشکرد. پاژنەکانی پێی، بە قەبرغەی" ساڤراسکا " دا ژەند و هاواریکرد:

- ئەها.. ی...!

حەپەی سەگەکان تا دەهات نزیکتر دەبووەوە. لە سەر گردەکەوە و لە تاریکییەکەدا، تاپۆ و تارمایی ئاشەبایەک بە دیار کەوت.

ئاشەوانەکە هاواریکرد: - زەلام کێی؟

میشکا، بێئەوەی وەڵام بداتەوە، ئەسپەکەی بەرەو پێش تاو دا. کەڵەبابان تازە کەوتبوونە خوێندن. دیسان دەنگی تێ خوڕێن بەرز بووەوە:

- بوەستە... زەلام کێی... لە جێی خۆت نەجوڵێی،... دەنا تەقەت لێدەکەم!...

میشکا ترسا، جڵەوی ئەسپەکەی توند ڕاکێشا. بەڵام ساڤراسکا، کە هەستی بە نزیکی ئەسپێکی دی کردبوو، حیلکەیەکی بەرزی بۆ کرد، جڵەوەکەی ڕاپسکاند و بەرەوپێش تاوی دا.

- ئیست!...

چەند فیشەکێک لە نزیکی ئاشەکەوە تەقێنران. هاوارەکەی میشکا لە ناو هەرا و زەنا و خرمەخرمی سمی ئەسپەکاندا خەفە بوو. ساڤراسکا پرمەیەکی کرد، هەستایە سەر هەر دووپاشوو، بە هەموو قورسایی خۆی بە سەر لادا کەوت.میشکا، هەستی بە ئازاری لاقی کرد. ئازارێکی لە ڕادەبەدەر، ئازارێکی هێندە بە سوو کە توانای هاوار و گریانی لێ بڕی بوو. سەرباری ئەو ئازارە توندەش، کەلەشی قورسی ساڤراسکاش سات بە سات لە سەر لاقی زیاتر دەبوو و گوشاری دەخستە سەری.

خرمەخرمی سمی ئەسپان، نزیک و نزیکتر دەبووەوە. دوو ئەسپ سوار دەرکەوتن. بە دەم تەقەتەقی شمشێرانەوە دابەزین و بە سەر میشکادا دانەوینەوە.

- پەنا بە خوا... خۆ منداڵێکی بچووکە!..

- خۆ نەمان کوشتووە؟!

یەکێکیان دەستی خستە ژێر کراسەکەی میشکاوە. میشکا هەستی بە بۆنی تووتن و جگەرە کرد کە چوو بە دەم و کەپوویدا. دەنگێک بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

- شوکر ماوە!... وا دیارە کە ئەسپەکە بە سەر لاقیا ڕماوە و ئەزیەتی پێگەیاندووە.

میشکا، کە خەریک بوو، دەبوورایەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

- چەتە و ئەشقیاکان لە گوندیدان... باوکەیان کوشت... بارەگای ئەنجوومەنیان سووتاند.. بابام ئەمری پێ فەرمووم بە زووترین کات بگەمە لاتان و ئاگادارتان بکەمەوە!..

چاوانی میشکا کەوتنە ڕێشکە و پێشکە. بازنەێن ڕەنگین بە بەر چاویەوە دەخولانەوە، بەرچاوانی لێڵ بوون... بابی بە دەم بادانی سمێڵە سوورەکانیەوە بە پێکەنینەوە بە بەر دەمیا ڕەت بوو. مێشێکی گەورەی کەسک، بە سەر چاویەوە نیشتبووەوە و هەر باڵەلەرەی بوو. پاشان باپیرەی بینی کە بە گلەییەوە سەری با دەدا، ئەوجا دایکی بینی. پاش ئەو پیاوێکی کورتە باڵای هەنیە پان بە بەردەمیا هات، دەستی ڕاستەوخۆ بۆ لای ئەم، بۆ لای میشکا درێژ کردبوو.

میشکا، کە هەوڵی دا سەر هەڵێنێ، بە دەنگێکی لەرزۆک هاواری کرد:

- هاوڕێ لینین!..

و بە دەم زەردەخەنەیەکەوە، دەستی بۆ پێشەوە ڕاکێشا. ١٩٢٥

## دەشتی کەوەڕەنگ

من وباپیرە زاخار، لە نێو دڕکە جاڕەکەی سەر ئەو گردەی کە دەیڕوانیە دۆن، لە ژێر دەوەنە هەڵوژەیەکی کێویدا کە لەبەر تیشکی بە تینی هەتاودا دەدرەوشایەوە، ڕاکشابووین. دالاشێکی قاوەیی بە قەراخ پەڵە هەوڕێکی پەراگەندەدا دەسوڕایەوە.

دەوەنە کێوییەکە، کە یەکپارچە ڕێقنە تەیر وتو بوو، سێبەرێکی ئەوتۆی نەبوو کە فێنکمان بکاتەوە. گوێچکەکانم لە گەرمادا دەزرینگانەوە. کە تەمەشای خوارەوەم دەکرد و دەمڕوانیە ئاوە بە شەپۆلەکەی دۆن، یان دەمڕوانیە ئەو توێکڵە گوندۆرانەی بەرپێم، دەمم پڕ دەبوو لە لیکاوێکی خەست و لینجی ئەوتۆ کە بە ئاسایی بۆم تف نەدەکرایەوە.

پەزەکان، لە لەوەڕگەیەکی دەوروبەری ئەستێڵێکی نیوە وشکا خڕ بوونەتەوە و شەکەت و ماندوو بە دەم دووگ بادانەوە، دەسووڕێنەوەو بە هۆی تەپ و تۆزەوە، بە تووندی دەپژمن. لە پای بەر بەستێک کە لە سەر ئەستێڵەکە ڕۆنرابوو، کاوڕە نێرێکی قەڵەو پاشووەکانی لە عاردی چەقاندوون و خەریکە مەڕێکی زەردی چڵکن دەمژێ. ناو بە ناو تەکانی دەدا و بە تووندی سەری دەژەنێتە ژێر دایکی وگوانی دەمژێ. مەڕی داماو دەناڵێنێ وزیاتر خۆی کووڕ دەکاتەوە تا شیری زیاتری بداتێ، وام هەست دەکرد چاوەکانی گوزارشت لە دەرد و ئازار دەکەن.

باپیرە زاخار، تەکانێک دەداتە خۆی و لە لاوە دادەنیشێت. کراسە خوریە دەستچنەکەی دادەکەنێ، بە چاوە نزیکبینەکانی، لێی ورد دەبێتەوە، درز و تەقەڵ و دروومانەکانی دەدۆزێ. باپیرە زاخار دوای سالێک تەمەنی دەگاتە حەفتا ساڵ. پشتە ڕووتەکەی یەکپارچە چرچ و لۆچە. سەری شانەکانی لە ژێر پێستەکەیەوە قوت بوونەتەوە. بەلام چاوەکانی هێشتا شین و جوانن و پرشنگی جەوانیان لێ دەبێتەوە. نیگای لە ژێر برۆ بۆزەکانیەوە زیت و تیژە.

ئەو ئەسپێیەی کە بە زەحمەتێکی زۆر گرتی، لە نێو دوو قامکی لەرزۆکی قلێشاودا ڕادەگرێت، بە وردی تەمەشای دەکات. پاشان تا توانی دوور لە خۆی لە ئەرزەکە

داینا. بە قامکان بە حەواوە نیشانەیەکی بچووکی خاچ دەکێشێت و بە دەنگێکی گڕ دەڵێت:

- دەی زۆرچاکە، هەی نارەسەنی نانەجیب، تۆ دەتەوێ بژیت، نەمریت، وانیە؟ منیش وامۆینا دەکرد... لێ دەبێ ئەوە بڵێم کە خوێنێکی زۆری منت مژیوە، هەی دەرەبەگ!

باپیرە، بە هانکەهانک کراسەکەی لە بەر کردەوە. بە دەم ناڵینەوە سەری بەرز دەکاتەوە، زەمزەمیە دارینەکەی هەڵگرت، چەند قومێک ئاوی فێنکی خواردەوە. قورتمی لە گەڵ خواردنەوەی هەر قومە ئاوێکا بەرز و نزم دەبێتەوە. دوو چینی ژێر چەناگەی لەبەر گەرویدا بەرز و نزم دەبنەوە. دڵۆپە ئاو بە ڕدێنیدا دێتە خوارەوە. پێڵوە زەردەکانی لە ژێر تیشکی گەرمی هەتاوەکەدا سوور دەچنەوە.

سەری زەمزمیە دارینەکەی نایەوە، تەمەشایەکی لابەلای من دەکات، کە نیگای لە نیگای من هەڵەنگوت، لێوە وشکەکانی جووڵاند و چاو دەبڕێتە پانتایی بێ سنووری دەشتەکە.

لەوەڕگاکە، لە دووری دوورەوە، لە تەم و تراویلکەیەکی ڕەخشاندا دەلەرییەوە. ئەو بایەی بە سەر ئەرز و خاکە سۆتیەکەدا دەهات بۆنی خۆشی پونگەی کێوی لە گەڵ خۆیدا دێنا. پیرەمێرد، مودەتێک بێدەنگ بوو، ئەوجا گۆچانەکەی لە خۆی دوور خستەوە. ئەوسا بە قامکی کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بووبوو، ئاماژەی بۆ خاڵێک کرد و گوتی:

- ترۆیکی ئەو سپیدارانەی ئەوبەری دۆڵەکە دەبینی؟ ئەوێ " توپولیڤکا "یە، جاران موڵکی ماڵباتی " تومیلین " بوو. بە گوندەکەی تەنیشتی دەڵێن توپولیڤگا. کاتی خۆی هەموو خەڵکەکەی کۆیلەی زەوی بوون. بابی منیش یەکێک بوو لەو کۆیلە و مسکێنانە، تاکو مردیش عەرەبانچی " پوڤگروف تومیلین " ی خاوەن مەزراکە بوو.کاتی من منداڵ بووم، بابم بۆی گێڕامەوە کە چۆن ئاغای، بە بازێکی ماڵی، لە یەکێک لە خاوەن موڵکە دراوسێکانی کڕی بووی، دوای مردنی بابم ئیدی من لە جێگای ئەو بووم بە عەرەبانچی ئاغا. لەو سەر و بەندەدا تەمەنی ئاغا نزیکەی شەست ساڵ دەبوو. کابرایەکی کەتەی زەلام بوو. لە گەنجیا، لە سەردەمی حوکمڕانی تزاریدا، ئەفسەری گاردی تایبەتی بوو و پاش ئەوەی خزمەتی سوپایی

تەواو کرد، هات بۆ ئێرە و باقی تەمەنی لە دۆن بە سەر برد. ئیدی قوزاقەکان زەوی و زاری ماڵباتەکەیان لە دۆن داگیر کردبوو. حکومەت لە جیاتی ئەوە سێ هەزار هیکتار زەوی لە ساراتۆف بە ئاغا دابوو. ئەمیش بە ئیجار دەیدا بە جووتیارەکان. بەڵام بە خۆی لە توپولیڤکا دەژیا. ئیدی خۆی لە کاروباری خەڵکی ساراتوف هەڵنەدەقورتاند.

پیاوێکی سەیربوو. بەردەوام جلێکی چەرکەسیانەی فاسۆنی تەنکی لەبەر دەکردو خەنجەرێکی بە بەر پشتێنەکەیەوە دەکرد. کە نیازی سەردانی کەسێکی هەبوایە وەختایەک لە توپولیڤکا وەدەر دەکەوتین، ئەمری بەمن دەکرد:

-کەمێک لەزێکە هەی نارەسەن!

منیش، بە قامچی بەر دەبوومە ئەسپەکان. ئەسپەکان وەکو با بۆی دەردەچوون، هێندە خێرا دەڕۆیشتن چاومان ئاوی دەکرد، بایەکە فریا نەدەکەوت ڕوندکی چاوانمان وشک بکاتەوە. کە دەگەیینە چاڵاو یان جۆگەلەیەک، کە لە وەرزی بەهارا بەفران دەتوانەوە، لەو جۆرە چاڵاو و جۆگایانە زۆر دەبوون. هیچ دەنگێک لە چەرخەکانی ( پێچکە ) پێشەوە نەدەهات. بەڵام دەنگێکی ڕەق و وشک لە چەرخەکانی دواوە بەرز دەبووەوە. نزیکەی نیو کیلۆمەترێکمان دەبڕی، ئاغا هاواری لێ بەرز دەبووەوە: " بگەڕێوە! " ئیدی بە خێرایی بۆ لای هەمان جۆگەلە و چاڵاو دەزقڕیمەوە. سێ جاران لە جۆگاکەمان دەدا، تا سەرەنجام سپرینگەکان دەشکان یان یەکێک لە چەرخەکان دەردەچوو. ئەوسا ئاغا بە دەم خوتەخوت و بۆڵەبۆڵەوە دادەبەزی و بە پێیان دەکەوتە ڕێ و منیش بە پێیان، ئەسپەکانم لە دووی ئەوەوە ڕادەکێشا.

ئاغا، سەرگەرمی و ڕابواردن و عادەتێکی دیکەشی هەبوو: دوای ئەوەی بە گالیسکە لە گوندی وەدەردەکەوتین، ئەو سەردەکەوت، دەهات لە پێشەوە و لە سەر سەندووقەکەی تەنیشت منەوە دادەنیشت و قامچیەکەی لە دەستم وەر دەگرت و هاواری دەکرد: " ئەسپەکەی ناوەڕاست تاو بدە!... " من بە هەموو توانای خۆمەوە ئەسپەکەی ناوەڕاستم هاندەدا، بە ڕادەیەک تاوم دەدا، کە لە تۆ وایە نیرومژانەکە ناجووڵێت. ئەویش بە قامچیەکە دوو ئەسپەکەی ئەملا و ئەولای دەڕانی. ئێمە بە گالیسکەیەکی سێ ئەسپە سەفەرمان دەکرد.

ئەسپەکانمان، بە تایبەتی دووانەکەی پەڕەوە، ئەسپی ڕەسەنی دۆن بوون. لە ڕێکردنا، وەکو مار، بە جۆرێ سەریان دادەنەواند لە تۆ وایە دەیانەوێ قەپ بە ئەرزەکەدا بکەن. ئاغا لە سەرەتاوە بە قامچی بەردەبووە یەکێک لە ئەسپەکان، دەستبەرداری نەدەبوو، تا ئەسپەی داماو لە ئارەقەدا هەڵدەکشا و ئازای دەنیشتە سەر کەف... پاشان خەنجەرەکەی هەڵدەکێشا، بە پێشا دادەنەوییەوەو لە ناکاوا و بە کەڕەتێ هەموو قامیش و قروشەکانی دەبڕی، وەکو چۆن گوێزان تاڵە موویەک دەبڕێ،بەو ئاوایە قایش وقروشەکانی دەبڕی، ئیدی ئەسپی بەستە زمان، دەردەپەڕی و غل دەبووەوەو نزیکەی چوار مەترێک بە تەقڵە دەڕۆیی و ئەوجا بە سەرا دەکەوت بە عاردیدا و خوێن لە هەر دوو کونە کەپوویەوە فیچقەی دەکرد و بەو جۆرە یەکێک لە ئەسپەکان لێدەبووەوە! هەنگێ بەر دەبووە گیان ئەسپەکەی دی. هەمان ڕەفتاری لە گەڵ ئەویشدا دەکرد... ئەوسا ئەسپی سێیەم، واتە ئەوەی ناوەڕاست، بە ڕادەیەک تاوی دەدا، تا هەناسەی لەبەر دەبڕا و دەتۆپی. هەڵبەتە ئەو کاتەش ئاغا خۆی شلوێ نەدەکرد و هەر بە خەیاڵیشیا نەدەهات. هەموو مەبەستێکی ئەوە بوو خۆی سەرگەرم بکات و خوێن بزێتە گوناکانی و سوور هەڵگەڕێن.

قەت بە سەلامەتی نەدەگەییە مەزڵ. یا گالیسکەکەی دەشکا و پەکی دەکەوت یا ئەسپەکەی دەپسا و دەتۆپی. ئەوسا باقی ڕێگاکەی بە پێیان تەی دەکرد... ئاغا پیاوێکی زەوقلی بوو. جگە لەمانە، خوا لێمانی بە گوناح نەگرێ، ئەمە چیرۆکێکی زۆر کۆنە، چاوی تەماحی بڕی بووە ژنەکەم کە یەکێک بوو لە کارەکەرەکانی ماڵی ئەوان. هەندێجار بە سەر و قژی شێواوەوە، بە کراسی دڕاوەوە، بە دەم گریە و زارییەوە بۆ ژووری کارەکەرەکان دەهات. من بە ئاشکرا شوێنەواری مژین و گازم بە سینگ و مەمکەکانیەوە دەبینی..

شەوێکیان ئاغا منی بە دووی یاریدەدەری دوکتۆرا نارد. من دەمزانی کە بە هیچ جۆرێ پێویستی بە دکتۆر نییە، دەمزانی چ ئوینێکی لە ژێر سەردایە. بۆیە ماوەیەک بەدەم چاوەڕوانیەوە لە دەشتەکەدا وەستام، پاشان ڕێ و ڕێ گەڕامەوە. لە شوێن خەرمانەکانەوە خۆم بە مەزراکەدا کرد، ئەسپەکانم لە باخەکەدا بە جێهێشت، قامچیەکەم هەڵگرت و چووم بۆ ژوورە چکۆلەکەی خۆم لە حەوشی خزمەتکارەکان، دەرگاکەم کردەوە، بە ئانقەست مۆمم پێنەکرد. دەنگی مشت و مڕ و

جوڵەجوڵ لە لای قەرەوێڵەکەوە دەهات... هەرکە ئاغا هەستا، تا هێز لە بازووما بوو قامچییەکم بە ئاغادا کێشا. پارچەیەک قوڕقوشمم بە سەری قامچییەکەوە کردبوو... دیم خەریک بوو خۆی بگەیەنێتە لای پەنجەرەکە، دنیا تاریک بوو، دەرفەتم لێی هێنا، تا توانیم قامچیەکم کێشا بە نێو چەوانیا. لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە. تۆزێکم لە ژنەکەشم داو خۆم بە ناو جێگاکەدا کرد. نزیکەی پێنج ڕۆژێک لەوە دوا، سەفەرێکی گوندمان هەبوو. لە کاتێکا کە من سەرقاڵی قایمکردنی چادری گالیسکەکە بووم، ئاغا دەستی دایە قامچییەکەم و کەوتە دەست پێدا هێنانی، ماوەیەک سەری قامچیەکەی سەح کردەوە، هەستی بە قورقوشمەکەی سەری قامچیەکە کرد و پرسی:

- هەی توڵەباب، هەی ناکەس بەچە، بۆچی قوڕقوشمت بە سەری قامچیەکەوە ناوە؟

بەرسڤم دایەوە: - تۆ بە خۆت فەرمووت ئەم کارە بکەم!

لێرەوە تا جۆگا وچاڵاوەکە، ئەو دەمەی لێکینا، هەڵینەهێنا، ورتەی لێوەنەهات. لە شوێنی خۆی دانیشتبوو و فیکەی لێدەدا.

ژێراوژێر، دزە نیگایەکی خێرام کرد. دیتم قژی بە سەر هەنیەیدا رژاوەو کڵاوەکەی بە تەواوەتی هێنابووە سەر چاوی...

دوای دوو ساڵ شەپڵە لێی دا و فەلەج بوو. بە پەلە بۆ ناوچەی " ئوست مید ڤیدتسا " مان برد، دکتۆرانمان بانگ کرد، کاتێ دکتۆران گەیینە سەری ئەو لە ئەرزەکەدا کەوتبوو، ڕوخسار و سیمای بە تەواوەتی ڕەش داگەڕابوو. هەموو هەوڵێکی هاتە سەر ئەوەی کە سەفتەیەک ئەسکەناسی سەد ڕۆبڵی لە گیرفانی دەرهێنا، بۆ ئێمەی فڕێ دا و بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

- بەرازینە فریام کەون! هەرچی سەروەت و ماڵی دنیام هەیە دەتاندەمێ بەو شەرتەی چاکم بکەنەوە!

بەڵام، بەستەزمانە بەخۆی و سەروەت و سامانەکەیەوە مرد- خوا لێی خۆشبێ. موڵکەکەی بۆ کوڕەکەی، کە ئەفسەر بوو، بەجێهێشت. ئەم ئەفسەرە گەنجە، کاتێ کە منداڵ بوو، خولیای ئەوە بوو کە توڵە کسۆکان بە زندوویەتی کەوڵ بکات و بەرەڵلایان بکات. بەڕاستی کوڕی بابی خۆی بوو. لێ کە گەورە بوو، دەستبەرداری

ئەو گەوجێتیانە بوو. ئەم پیاوە کەسێکی لاوازی باڵابەرز بوو، هەمیشە وەکو ژنان، ژێر چاوەکانی لە شێوەی بازنەییدا ڕەش دەچوونەوە... وەکو ژنان، لووتەوانەی زێڕی، ئەوانەی بە زنجیر هەڵدەواسران، لە لووت دەکرد. لە ماوەی جەنگی یەکەما، بەرپرسی زیندانیانی دەڤەری سیبریا بوو.

دوای شۆڕش دووبارە بۆ ئەم دیار ودەڤەرە هاتەوە. لەو سەروبەندەدا نەوەکانم گەورە بووبوون و، بابیان واتە کوڕەکەم مردبوو. ژنم بۆ گەورەکەیان، واتە سیمون هێنابوو، لێ بچووکەکەیان، نیکوشکاهێشتا سەڵت بوو منیش وەکو هەمیشە لەگەڵ ئەواندا دەژیام و دوا ساڵەکانی تەمەنم بەڕێ دەکرد... لە بەهارا شۆڕشێکی دیکە ڕوویدا، جووتیار و مسکینەکان، ئاغای گەنجیان لە مەزرا و ئاواییەکە وەدەرنا. هەر هەمان ڕۆژ سیمون لە کۆبوونەوەیەکدا قەناعەتی بە جووتیارەکان کرد، زەوی و زارەکانی ئاغا دابەش بکەن و دەست بە سەر موڵک وماڵەکەیدا بگرن. هەڵبەتە بە گوێیان کرد و هەمان کاریان کرد. هەرکەسە و بەشی خۆی لە سەروەت و سامانەکەی وی برد. زەوی و زارەکەیان بە سەر خۆیاندا دابەشکرد و کەوتنە کێڵانی. دوای هەفتەیەک مقومقو و دەنگۆ بڵاوبووەوە کە ئاغا بە خۆ و کۆمەڵێک قوزاقەوە، بەرێوەیە بۆ ئێرە و بە نیازە هەموو خەڵکی مەزراکە بکوژێ. ئیدی کۆبوونەوەیەکی گشتیمان ئەنجام دا، بڕیارمان دا دوو گالیسکە بۆ وێستگەی قیتار ڤڕێ بکەین تا چەکمان بۆ بێنن. لە ڕۆژانی جەژنی پاکدا، لە ڕێگای گاردی سوورەوە چەکی پێویستمان بە دەست گەیی. ئیدی لە دەوروبەری توبولیڤکادا، لە نزیکی ئەستێڵەکەی ئاغادا سەنگەرمان لێدا.

- ئا ئەوێ دەبینی، ئەو پونگەجاڕە دەبینی، ڕێک لەوبەری کەند و خەرەندەکەوە، جووتیارەکان سەنگەریان گرتبوو. هەر دوو نەوەکەی منیشیان، " سیمون و ئانیکی " یان لە گەڵدا بوون. بەیانی، ژنان نان و خواردنیان بۆ بردن. کاتێ هەتاو گەییە ناوەندی ئاسمان، ئەسپ سواران لە سەر گردەکە پەیدا بوون. بە شمشێری ڕووتەوە، کە لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکانەوە، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێنا. لە ناو حەوشەکەوە بینیم کە چۆن یەکەم کەسیان بە سواری ئەسپێکی سپییەوە، شمشێرە پان و درێژکەی بە دەوری سەری خۆیا بادەدا. هەنگێ سوارەکان، وەکو چۆن دەمی گونیەک نۆک دەکرێتەوە، نۆکەکە هەڵدەڕژێ، بەو ئاوایە لە بناری گردەکەوە

داگەڕان. ئەسپەکەی ئاغام بە ڕەنگە سپییەکەی و بە شێوەی هەنگاونانەکەیدا ناسییەوە، بەمەدا سوارەکەشم ناسییەوە..

بە هەرحاڵ جووتیارەکان، دووجار پاشەکشەیان پێکردن، لێ جاری سێیەم قوزاقەکان تاکتیکیان گۆڕی، لە پشتەوە هێرشیان هێنا و ئیدی شەڕی تووند لە نێوان هەر دوولادا دەستی پێکرد.. کە خۆر ئاوا بوو، شەڕەکە کۆتایی پێهات. من لە مال وەدەرکەوتم، چوومە کۆڵان سەیرم کرد قوزاقەکان، کۆمەڵێک خەڵکیان داوەتە پێش و بۆ کۆشکەکەی ئاغای مەزراکەیان دەبەن. منیش دار عاساکەم هەڵگرت و دوویان کەوتم.

جووتیارەکانمان، لەوێ، لە حەوشەدا، وەکو ئەم پەزانە خڕبوونەوەو سەریان بەیەکدا کرد. قوزاقان، چوار دەوریان گرتبوون... لێیان نزیک بوومەوە و پرسیم:

- براینۆ، پێم بڵێن، کوا نەوەکانی من لە کوێن؟

هەر دووکیان، لە نێو ئاپۆڕای دیلەکانەوە وەڵامیان دایەوە. یەک دوو قسەمان کرد. ڕێک لەو کاتەدا ئاغا هاتە بەر هەیوانەکە. هەرکە منی بینی هاواریکرد:

- هاپۆ زاخار ئەمە تۆی؟

- بەڵێ، قوربان.

- ئەدی چیدەکەی لێرە؟

لە بەر هەیوانەکە نزیک بوومەوەو لە هەنبەریا کەوتمە سەر چۆکان:

- قوربان، هاتووم شەفاعەت بۆ نەوەکانم بکەم و لەم مەینەتە ڕزگاریان بکەم. قوربان ڕەحمێکمان پێدا بکە! من خزمەتی باوکتم کردووە. خودا ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، هەموو تەمەنم لە خزمەتی ئەودا بەسەر برد. قوربان خزمەتگوزارییەکانی منت لە بیر بێ، بەزەییەکت بە تەمەنی پیریما بێتەوە!..

گوتی:

- گوێ بگرە هاپۆ زاخار، من ئەوەم لە بەر چاوە کە تۆ زۆر خزمەتی بابت کردووم، دڵسۆز بوویت، لێ ناتوانم نەوەکانت ئازاد بکەم. چونکە، دوو یاغی تەواو عەیارن. ئیدی هەدارت بێ هاپۆ!

بە چوار چنگۆڵە سەر کەوتمە بەر هەیوانەکە، خۆم هاوێشتە سەر پێی، پێیەکانیم ماچ کرد:

- بەزەییت پێمانا بێتەوە! ئەوە بیری خۆت بێنەوە کە چۆن هاپۆ زاخار تۆی سەرگەرم دەکرد. مەیانکوژە، سیمونی کوڕەزام، منداڵێکی شیرە خۆری هەیە!

بەڵێ، ئاغا جگەرەیەکی بۆنداری پێکرد، دووکەڵەکەی کرد بە ئاسمانا و گوتی:

- بڕۆ بەو خوێڕیانە بڵێ با بێن بۆ ژوورەکەی منئەگەر داوای بوردنیان لێکردم، ئەوا لە بەرخاتری ڕوحانیەتی بابم لێیان خۆش دەبم، ئەمر دەکەم، سەروچەند جەڵدەیەکیان لێبدەن و پاشان بە گەڵ چەکدارەکانی خۆمیان دەخەم، بەڵکو عار بنەن و بتوانن لە ڕێگەی خزمەگوزاری زۆرەوە، قەرەبووی ئەم کارە نەنگینەیان بکەن.

بە هەشتاو بۆ حەوشەکە ڕۆیشتمتا قسە دەگەڵ نەوەکانم بکەم. تووند قۆڵی کراسەکانم گرتن و پێمگوتن:

- گەوجینە بڕۆن، خۆ باوێژنە بەر پێی ئاغا، داوای بوردن بکەن، ئەرزەکەی بەر پێی ماچ بکەن، تا لێتان ببورێ!

لێ سیمون، هەر سەریشی هەڵنەبڕی، بە چینچکانەوە دانیشتبوو، چیلکەیەکی بە دەستەوە بوو و شتێکی لە سەر ئەرزەکە دەنەخشاند. نەوەکەی دیکەم، ئانیکی، تەمەشایەکی قووڵی منی کرد، ئەوسا لە ناکاوا قیژاندی و گوتی:

- بڕۆ بۆ لای ئاغات و پێی بڵێ: کە باپیرە زاخار عومرێکی دوور و درێژی لە خزمەتی ئێوەدا بەسەر برد، کوڕەکەشی هەمان کاری کرد، لێ نەوەکانی نایانەوێ ئەو خزمەتکاری و ملکەچیە بکەن. بڕۆ ئەمەی پێ بڵێ!

- یانی تۆ ناڕۆیسەگ دایک!

- نەخێر ناڕۆم!

- سەبارەت بە تۆ فەرق ناکات، چ بژی و چ بمریت! بەڵام بۆچی سیمۆن دوای خۆت دەخەی؟ ژن و منداڵەکەی بە سەر کێدا بە جێ بێڵێ؟

تەمەشای دەستی سیمونم کرد، هێشتا هەر چیلکەکەی بە ئەرزەکەدا دێنا، دەستی دەلەرزی. مات و بێدەنگ وەکو گاجووت دانیشتبوو.

ئانیکی، بە ڕجا و تکاوە گوتی:

- باپیرە، لێرە بڕۆ. ورەمان مەڕوخێنە! ساردمان مەکەوە!

- نا، ناڕۆم، هەی نەگریسی ناجسن، ئەگەر سیمون شتێکی لێبێ، ئەنیسیای ژنی خۆی دەکوژێت!..

ئەو چیلکەیەی بە دەست سیمونەوە بوو، تەق شکا و کەوتە سەر ئەرزەکە.

من بە دەم چاوەنواڕییەوە وەستام. ئەو هێشتا هیچی نەدەگوت، خۆم دەستم بە قسان کرد:

- سیمون، کوڕە ئازیزەکەم، تاقە پشت و پەناکەم! کەمێ بیربکەوە، هۆش وەبەر خۆت بێنە! بڕۆ بۆ لای ئاغا.

ئانیکی، وەکو چۆن بڵێسەیەک لە ناکاوا کڵپە دەکات، بەو ئاوایە هاواریکرد:

- ئێمە وەهۆش هاتووین! ناچین بۆ لای، تۆ بڕۆ بۆ لای و بکەوە خاک و پای.

ڕووم کردە هەر دووکیان و گوتم:

- تۆ لۆمەی ئەوەم دەکەی کە لە هەنبەر خاوەن مەزراکەدا کڕنۆشم بردووە، کەوتوومەتە سەر چۆکان، وانییە؟ بەڵام چارم چییە، من بابایەکم پیرەمێرد، من لە جیاتی مەمکی دایکم بە شەلاخ و قامچی ئاغا گۆش کراوم... ئەوەندەش بوغرا نیم پێم نەنگ بێ کڕنۆش بۆ نەوەو کەس و کاری خۆم بەرم.

ئەوسا لە بەر دەمیانا کەوتمە سەر چۆکان، سەرم بەرەو ئەرزەکە دانەواندەوەو کەوتمە پاڕانەوە وگریان. ئەو پیاوانەی لەوێ بوون ڕوویان وەرگێڕا، خۆیان لە گێلی دا و وایان نواند کە منیان نەدیتووە.

ئانیکی، کە کەفی چەڕی بوو و چاوانی وەکو گورگێک کەوتبێتە داوەوە ئەبڵەق بووبوون هاواری بە سەرما کرد:

- باپیرە، بڕۆ، لێرە بڕۆ با نەتکوژم!

دووباره بۆ لای ئاغا زڤرپیمەوە ( گەڕامەوە ) . بە جۆرێ باوەشم بە لاقەکانیا کرد، کە نەیدەتوانی بە لەقە لە خۆیم دوور بخاتەوە. دەستەکانم بەرەبەرە بە لاقەکانیەوە سڕ بوو. بەڵام نەمدەتوانی تاقە یەک قسە بکەم. لێی پرسیم:

- نەوەکانت کوان؟

- قوربان... دەترسن...

- ئاوها... یانی ترساون...

لەوە زیاتری نەوت. بە چەکمەکانی یەکێکی بە دەم و فلْقما کێشا و بەرەو بانێژەکە ڕۆیی.

باپیرە زاخار، کە لە قسە کرنا گەبیە ئێرە، هەناسەی زۆر تەنگ و خێرا بوو، ڕوخساری گرژ و ڕەنگی زەرد بوو. گریان لە ئەوکی گیرا، بە تۆبزی گریانەکەی قووت دایەوە. بە ناو لەپ لێوە وشکەکانی سڕی، و ڕووی وەرگێڕا. لەو لای ئەستێڵەکەوە دالاشێک باڵەکانی خوار کردەوە و بە پڕ تاو داکشا، خۆی بە نێو گیا و مێرگەکەدا کرد، پڕی دایە چرگێکی سینە سپی و هەستایەوە وبردی بە ئاسمانا، پەڕە سپییەکانی وەکو کلو بەفران پرش وبڵاوبوونەوە. بریسکەی پەڕە سپییەکان بەسەر سەوزە گیای مێرگەکەوە ئاوی چاویان دەبرد.

باپیرە زاخار، فنگێکی کرد، دوای ئەوەی سەری قامکەکانی بە کراسە دەستچنەکەی سڕی، لە سەر قسەکانی ڕۆیی:

- بەڵێ، لە دوای ئەوەوە بەرەو بانێژەکە سەر کەوتم. ئانیسکام بینی کە منداڵەکەی لە ئامێز گرتبوو و لۆقەلۆق دەهات. ڕێک وەکو ئەو دالاشەی کە تۆزێ لەوە پێش بینیم، لە پڕ خۆی بە سەر مێردەکەیدا دا و لە باوەشیا وشک بوو..

ئاغا، عەریفی سریەکەی سوارەی بانگ کرد. ئاماژەی بۆ لای سیمون و ئانیکی کرد. عەریفەکە و شەش قوزاق، هەر دووکیانیان بەرەو مۆڵگە و تەویلەکەی ئاغا، ڕاپێچ کرد. من دوویان کەوتم، لێ ئانیسکا، منداڵەکەی لە ناوەندی حەوشەکە دانا و ودوای ئاغا کەوت. سیمون، لە پێشی هەمووانەوە بە هەشتاو دەڕۆیی، گەبیە حەوشی مۆڵگە و تەویلەکە و لەوێندەر لە سەر ئەرزەکە دانیشت. ئاغا لێی پرسی:

- دەی، حاڵت چۆنە؟

سیمون، بزەیەکی کرد و گوتی:

- پووتەکانم، بە پێم تەنگن، ناتوانم پێیانەوە بڕۆم...

هەنگێ پووتەکانی داکەندن و دانی بە من و گوتی:

- باپیرە، بۆ خۆت لە پێیان بکە. پیرۆزت بن، بە خۆشی، جووتێ بنی چاکیان پێوەیە.

پووتەکانم لێی وەرگرت، ئەوجا کەوتینەوە ڕێ. کە گەییینە تامانەکە، لە بەردەم چەپەر و پەرژینەکەدا ڕایان گرتن، قوزاقەکان تفەنگەکانیان سوارکرد، ئاغا لە لایەکەوە وەستا، مقەستێکی چکۆلەی دەرهێنا وکەوتە بڕینی نینۆکەکانی. دەستەکانی زۆر سپی بوون.

چوومە پێشەوە و گوتم:

- ئاغا، بە یارمەتیت، با جلەکانیان دابکەنن. جلەکانیان جلی باشن، ئێمە بەم هەژاری و نەدارییەی خۆمانەوە، سوودیان لێدەبینین، حەیفە با خەسار نەبن.

- با جلەکانیان دابکەنن.

ئانیکوشکا، پانتۆڵەکەی داکەند، هەڵیگێڕایەوەو بە پەرژینەکەوەی هەڵواسی. ئەوسا کیسە تووتنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، جگەرەیەکی پێکرد، هەر دوو لاقی لێک بڵاوکردنەوە. کەوتە دەردانەوەی دووکەڵی جگەرەکەی و تف کردن رووەو پەرژینەکە.... لێ سیمون هەموو جلەکانی داکەند، تەنانەت دەرپێکەی ژێرەوەشی داکەند، لێ بیری چوو کڵاوەکەی داکەنێت. بە ئەقڵی من ئاگای لە خۆ نەبوو کە چی دەکات.. لێ من، لەرز و تام لێهاتبوو، دەمێ خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبوومەوە و دەمێ خەریک بوو لە گەرما دەمردم.

دەستێکم بە هەنیەمدا هێنا، ئارەقەیەکی سارد نیشتبووە سەر تەوێڵم، ئەوەندە سارد بوو لە ئاوی کانی دەچوو. هەر دووکیان لە تەنیشت یەکەوە وەستابوون..سینگی سیمون یەکپارچە تووک بوو، کڵاوەکەی لە سەر بوو و بە ڕووت و قووتی ڕاوەستابوو، ئانیسیا کە مێردەکەی بە ڕووت و قووتی و بە کڵاوەوە بینی

تەکانی دا و خۆی لە هەمێزی هاویشت، هەر دوو دەستی لە ملی وەرێنا، وەکو چۆنرِوەکێکی خۆ هەڵواس، لە قەدی دار بەرِوویەک دەئاڵێ، بەو ئاوایە خۆی لە قەدی سیمون ئالاّن. سیمون بە شپرزەیی، لە خۆی دوور دەخستەوە:

- لاکەوە ئافرەت، حەیامان چوو! تۆزێ هۆشت بە خۆ بێتەوە! خەڵکی چاویان لێمانە... چاو بکەوە، شەرم ناکەی. ئاخر من هیچم لەبەر نییە، رِووت و قووتم...

لێ ئەو، کە قژەکەی بەر بووبووەوەو، گڤ بووبووەوە، بە دەم گریە و زارییەوە هەمان قسەی دووبارە دەکردەوە:

- هەردووکمان پێکەوە بکوژن!..

ئاغا مقەستە چکۆلەکەی نایە گیرفانی و پرسی:

- دەتەوێ تەقە بکەین؟

- تەقە بکە، منەتت نەبێ، گەندەڵی چەپەڵ.

- ئاوا، قسە لە گەڵ ئاغادا دەکەی!

فرمانی دا: - ئەویش لە گەڵ مێردەکەیا ببەستنەوە.

ئانیسیا، وەخۆ هاتەوە، ویستی دوور بکەوێتەوە، لێ تازە کار لە کار ترازابوو. قوزاقەکان بە دەم پێکەنینەوە، بە پەتێک بە مێردەکەیانەوە بەست... ژنەی گەوج خۆی بە عاردیدا دا، مێردەکەشی لە گەڵ خۆیدا رِاکێشا... ئاغا چووە دیاریان، لە بن لێوانەوە پرسی:

- دەتەوێ لە بەر ئەو منداڵەی خستووتەوە، داوای بوردن بکەی؟

سیمون ناڵەیەکی بۆ کرد و گوتی: - ئەرێ، داوا دەکەم.

- زۆرچاکە، بەلاّم داوای بوردن لە خوا بکە، چونکە تازە وەختی ئەوە بە سەر چووە کە داوای بوردن لە من بکەی...

ئەوسا، هەر بەو دەقەوە کەلە سەر ئەرزەکە کەوتبوون، هەر دووکیانیان بەر دەسترِێژی گوللە دا..

بەڵام سەبارەت بە ئانیکوشکا، کە دەستڕێژی لێکرا، لە هەوەڵەوە یەک دوو لەتری دا، بەڵام یەکسەر تەختی زەوی نەبوو. یەکەمجار بە چۆکا هات، ئەوسا لە ناکاوا وەرچەرخا، ڕوو لە ئاسمان، بە پشتا کەوتە سەر ئەرزەکە.

ئاغا لێی چووە پێشەوە، بە لوتفێکی زۆرەوە گوتی:

- دەتەوێ بمێنی؟ ئەگەر دەتەوێ، داوای بوردن بکە. بە پەنجا شەلاخ وازت لێدێنم و بۆ شەرگەت قڕێ دەکەم.

ئانیکی، دەمی لە تف پڕ کرد، بەڵام ئەوەندەی توانا نەبوو کە بیکات بە سەر و چاوی ئاغادا. لە داخا ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، بەڵام بێهودە – سێ گوللەی پێوە بوو.

ئاغا فرمانی دا:

- فڕێی بدەنە ئەو سەر جادەیە!

قوزاقەکان، ڕایانکێشا و لە سەر تامانەکەوە توڕیان دایە ناوەندی جادەکە. ڕێک لەو کاتەدا دەستەیەک قوزاق، بە دوو تۆپەوە لە توپولیڤکاوە بەرەو مەزرا و گوندەکە دەهاتن. ئاغا وەکو کەڵەباب بە سەر پەرژینەکەدا بازی دا و، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- کوڕینە، بە غار بۆی دەرچن... ئەهای گالیسکەچی خێرا باژۆ، لەزێکە، لاڕێ بگرە، ئاوڕ نەدەیەوە.

مووی سەرم وا گرژ بووبوو دەتگوت دەرزیە، جلک و پووتەکانی سیمونم بە دەستەوە گرتبوو، لێ لاقەکانم توانای هەڵگرتنی جەستەیان نەبووم. سەرەنجام لە ژێرما نووشتانەوە... ئەسپەکان دەتگوت ڕەحمی خواییان کەوتبووە دڵ، شتاقیان پێیان بە ئانیکوشادا نەنا، بە سەریا بازیان دا... من خۆم بە سەر پەرژینەکەدا دا، نەمدەتوانی چاوەکانم بنووقێنم. گەرووم وشک بووبوو..

چەرخی تۆپەکان بە سەر لاقی ئانیکی دا ڕۆیشتن... لاقەکانی لە هەوەڵەوە وەکو جوینی نانەڕەق قرچەقرچیان پێکەوت، پاشان وەکو جووتێ قامیشی ناو بەتاڵ پلیشانەوەو بە ئەرزەکەوەپان بوونەوە... لە دڵی خۆدا وام دانابوو کە ئانیکی بەو ئازارە دەمرێت، لێ نەناڵەیەکی کرد نە هاوارێ... بەڵام بە چنگ خاکی سەر

ڕێگاکەی هەڵدەگرت و لە دەمی خۆی دەتەپاند... بەڵێ گڵەکەی دەجوو بێ ئەوەی چاو بتروکێنێ، تەمەشای ئاغای دەکرد. چاوەکانی وەکو ئاسمان ساف و ڕوناک بوون...

ئەو ڕۆژە تومیلین ئاغا سی و دوو کەسی گوللەباران کرد. تاقە کەسێک کە بە زیندوویەتی لەو قەسابخانەیە دەرباز بوو، ئانیکی بوو، ئەویش لە سۆنگەی بە غیرەتی و کبریای خۆیەوە...

باپیرە زاخار، زەمزەمیە دارینەکەی نا بە سەرەوەو ئاوێکی زۆری خواردەوە، پاشان لێوە زەردەکانی سڕی و بە نە بە دڵی درێژەی بە گێڕانەوەی پاشماوەی چیرۆکەکەی دا.

- ئیدی ئەوەی چووچوو. ئەمانە هەمووی لە بیر چوونەوە. ئەوەی لەو ڕووداوانە ماوەتەوە، هەر ئەو سەنگەرانەن کە جووتیارەکانی ئێمە، لە پێناوی وە دەست هێنانی زەویدا، گرتبوویان، کە ئێستا گژ و گیا دایان پۆشیون... ئانیکی، هەر دوو لاقیان بڕییەوە. ئێستا، لە سەر هەر دوو دەستان دەڕوات. وێڕای هەموو ئەمەش شاد و شەنگوڵ دێتە بەرچاو. هەموو ڕۆژێک لە گەڵ کوڕەکەی سیموندا، باڵای خۆیان بە قەد یەک دەگرن. کوڕەکەی سیمون گەورە بووە، خەریکە باڵای لە باڵای ئەو بەرزتر دەبێت.. زستانان ئەو کاتانەی خەڵکی گاگەلیان بۆ ئاودان، بۆ گوێ ڕوبار دەبرد، ناو بە ناو لە ماڵ وەدەردەکەوت و دەهاتە سەر ڕێگاکە. لە قەراخ ڕێگاکە دادەنیشت و دەستەکانی بەرز دەکردنەوە و گایەلەکە لە ترسا دەڕوینەوە و لە سەر سەهۆڵەکە دەخزین و لنگەو قوچ دەبوونەوە و ئەمیش قاقای لێدەدا. تەنیا یەکجار دیتم کە... بەلێ ئەم ڕووداوە لە بەهارا ڕوویدا. تراکتۆرە شەریکیەکەمان دەیویست زەوییەکانی ئەوبەری زەوی قوزاقەکان بکێڵێ، ئانیکی خۆی پێوە هەڵواسی و تا ئەویندەر هات. من لەو نزیکانەدا خەریکی پەز لەوەڕاندن بووم. لە ناکاوا " ئانیکی " م بینی خۆی بە سەر ئەرزە کێڵراوەکەدا بکێش دەکرد. لە دڵی خۆدا گوتم: ئەوە چ دەکات، بە تەمای چییە؟ بینیم، تەمەشای دەوروبەری دەکات، کە بینی کەس لەو ناوە دیار نییە، دەمو چاوی خستە سەر ئەرزەکە، سندەگڵێک لەو کەستەکانەی کە خڕماشەیتراکتۆرەکە هەڵیکەندبوو، هەڵگرت، تووند لە هەمێزی نا، کەوتە ماچکردن و نەوازش کردنی... تەمەنی بیست و پێنج دانە ساڵ بوو. بەڵام بۆ هەتاهەتایە لە

زەوی کێڵان مەحرووم بووبوو. ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو، زۆری خەفەت پێ دەخوارد...

دەشتە لاجوەردیەکە ( شینی ئاسمانی، شینباو ) لە باوەشی تاریکیە نیلییە بە تەمتومانەکەدا ئارامی گرتبوو. مێش هەنگان، بە سەر گوڵێن کاڵی پونگە کێویەکانەوە دەنیشتنەوەو دوا شیلەی ئەو ڕۆژەیان لێ دەمژی. گیا ڕیشاڵۆک و ڕیزەڵە پەلکە لوول و تاجدارەکانیان لار کردبووەوە.

مێگەلەکە بەرەبەرە لە گردەکەوە بەرەو توپولیفکا نشێو دەبووەوە. باپیرە زاخار خۆی دابوو بە سەر دار عاساکەیدا و بە بێدەنگی دوای مێگەلەکە کەوتبوو. دوو شوێنەواری زەق بە سەر خاک وخۆڵی نەرمی ڕێگاکەوە نەخش بووبوون: یەکێکیان شوێن پێی گورگێک بوو، کە هەنگاوەکانی بەرەبەرە هەڕاوتر بووبوون. ئەویتریان، جێگای تایەی تراکتۆرەکەی توپولیفکا بوو، کە بە خوار و خێچی لە سەر ڕێگاکەنەخش بووبوو.

ئیدی ئەو جووتە شوێنەوارە، لەو جێیەدا کە ڕێگا هاوینەکە، دەچووەوە سەر کوێرە ڕێگا تەرک کراوە پڕ گژ و گیاکەی " هیتمان " لێکدی جیا دەبوونەوە. شوێن پێی گورگەکە، بەرەو دۆڵێک دادەگەڕا، هێندەچڕ و چغوورد و پڕ دڕک و داڵ و گژ و گیا و دەوەنێن کێوی بوو، کوڕ نەبوو لێی دەربچێ. یەک شوێنەوار بە سەر ڕێگاکەوە مایەوە، شوێنەوارێکی ڕێک و پێک و یەک دەست، کە بۆنی کیروسینی سووتاوی لێدەهات.

١٩٢٦

جوانوو

بە ڕۆژی ڕوناک، لە کاتێکا ملی بۆ پێشەوە و هەر دوو دەستی بۆ دواوەوە ڕاکێشابوو، لە دایکی بەر بووەوە، لە پاڵ کۆمەڵێک تەرس دا ( گوی یەک سم ) کە مێشە سەوزەی دنیا تێی دابوو، پێی نایە دنیای ڕۆشن و ڕوناکەوە. یەکەمین ئەزموونی ئەم دنیایەی ترس بوو. گوللە تۆپێک بە دووکەڵێکی بچووکی تیژتێپەڕی شینباوەوە بە سەر سەریەوە هات و بە دەم ناڵەیەکی ترسناکەوە تەقییەوە، ناڵەکەی ناڵە

نەبوو، ئەو بوونەوەرە تەڕە نۆزاوە، لە ترسا خۆی دایە ژێر پێی دایکی. ئیدی پارچە تۆپی نەفرەت ئەنگیز و بۆن ناخۆش بە تەق و هوڕ لە سەر سەربانە قرمیدیەکەی تەویلەکەدا دەکەوتنەوە. هەندێک لە پارچە تۆپەکان دەکەوتنە ناو حەوشەی تەویلەکەوە. دایکی جوانووەکە، مایینە " کوێت " ی تروفیم بە ناچاری تەکانێکی دەدایە خۆ، سووکە حیلکەیەکی دەکرد و دەگەڕایەوە دۆخی جارانی و دووبارە لە سەر لایە ئارەقاویەکەی، دەکەوتە سەر کۆما تەرسەکە. دوای تەقینەوەکە بێدەنگیەکی قورس باڵی بە سەر دنیادا کێشا. گیزەگیزی مێش و مەگەزەکان لە جاران ئاشکراتر دەهاتە گوێ. ئەو کەڵەبابەی لە ترسی تۆپ بارانەکە، نەدەوێرا بچێتە سەر پەرژینەکە، خۆی وەبن گەڵا بابا ئامادەکانا ( جۆرە ڕووەکێکە ) کرد، یەک دوو جار بای باڵی دا و بە دەنگێکی نووساو بانگی دا. دەنگی ئاه و ناڵەی تۆپچی یەکی بریندار لە ژوورەوە بەرز بووەوە. ئەم پیاوە ناوبەناو بە دەنگێکی گڕ و نووساو هاواری دەکرد، دەنگەکەی تێکەڵ بە ڕیزێک جنێوی پیس دەبوو. مێش هەنگەکان، بە گیزەگیز، بە سەر گوڵە خەشخاشە مەخمەڵیە سوورەکانی ناو باخچە چکۆلەکەی پێشەوە دەسووڕانەوە. لە دوورەوە، لە شوێنێکی دەرەوەی گوندا، دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشێک: تەتە... تەتە تتت. دەهاتە گوێ. مایینە کوێت بە دەم ڕیتمی دەستڕێژی ڕەشاشەکەوە و لەو ماوە ئارامەدا کە کەوتە نێوان تەقاندنی دوو تۆپەوە، هەستا و بەو پەڕی دڵسۆزی و میهرەوە کەوتە لستنەوەی بێچووە تازەکەیەوە. بێچووەکەش، هەر کە دەمی گەییە گوانە ئاوسا و پەنماوەکانی دایکی، بۆ یەکەمجار خۆشاوی بێگەردی ژیانی مژی و تامی شیرینی میهر و خۆشەویستی بێ سنووری دایکی کرد.

کە دووەمین گوللە تۆپ لە دەوروبەری خەرمانگاکان کەوتەوەو تەقییەوە، تروفیم، لە کوختەکەی وەدەرکەوت و دەرگاکەی بە توندی لە دوای خۆیەوە بە یەکدادا و بەرەو تەویلەکە ڕۆیی. بە دەوری کۆما تەپاڵەکەدا سووڕایەوە، دەستێکی بەرزکردەوە، تا بیکات بە سێبەر بۆ چاوەکانی و چاوی لە تیشکی هەتاوەکە بپارێزێ. لەم کاتەدا چاوی بە جوانووەکە کەوت کە بە تاسە و تامەزرۆییەکی ئەوتۆوە گوانی مایینە کوێتی دەمژی کە ئازای گیانی کەوتبوونە لەرزین. حایر و حەپەساو، دەستی بە بەرکیا کرد، کیسە توتنەکەی دەرهێنا، پەڕە سیغارێکیدەرهێنا، بە زمان قەراخەکەی تەڕ کرد و بە قامکێن لەرزۆکەوە سیغارێکی پێچایەوە.

کە وەخۆ هاتەوە، لە بەر خۆوە گوتی:

- ئاوها... کەواتە بووی بە دایک، زای؟ وەختت نەدۆزییەوە ئێستا نەبێ!

دەنگی، جۆرە گلەیی و ناڕەزاییەکی پێوە دیار بوو.

ماینەکە، زۆر لەڕ ولاواز دەهاتە بەرچاو، ئەوەندەی ئارەقە کردبووەوە، کا و کۆت و پووش وپەڵاش و وردەکە تەرسان بەم لاو بەولایەوە نووسابوو. زۆر بێزەوەر دیار بوو. بەڵام چاوەکانی هەرچەندە ماندوو بوون، لە شادیا دەدرەوشانەوە. تروفیم، وای دەهاتە بەر خەیاڵ کە بزەیەک نیشتبووە، سەر لێوە مەخمەڵیەکانی. تروفیم توورەکەیەک کا و جۆی کردە سەر ماینەکە، ماینەکە سەری بەرز کردەوە، پرمەیەکی بۆ کرد و کەوتە لەوەڕ. تروفیم، شانی دا بە لاشیپانەی دەرگاکەوە، بە ساردییەکەوە، نیگایەکی جوانووەکەی کرد، ڕوویکردە ماینەکە و گوتی:

- ئا ئەمە، زادەی داوێن تەڕی و هەوەسبازییەکانتە؟

ماینەکە وەڵامی نەدایەوە. تروفیم لە سەری ڕۆیی:

- تۆ هەر کردت کردت، خۆ خۆت بدایەتە بەر ئەسپەکەی ئیگنات، لەوت بگرتایە، زۆر باشتر بوو لەم ئەسپەی کە کەس نازانێ ئەسڵ و فەسڵی چییە... دەتەوێ چی لەم جوانووە بکەم کە تۆ بۆت هێناوم؟ پێم ناڵێی چی لێبکەم؟!

لە سایەی ئەو بێدەنگیەدا کە باڵی بە سەر تەویلەکەدا کێشابوو، دەنگی خرمەخرمی جووینی جۆ دەهات. تیشکی خۆر لە درزی دەرگاکەوە، هاتە ژوورەوە. تیشکە لارەکە دای لە گۆنای چەپی تروفیم. سمێڵە سوور و ڕدێنە بزنیەکەی ڕوناک کردەوە. چرچ و لۆچەکانی دەوری دەم و پلی قووڵتر دەرخست. جوانووەکە، هەر لەوێدا وەکو ئەسپە دارینەیەکی گەمەی دەستی منداڵان، لە سەر لاقە باریک و درێژ و تووک نەرمەکانی وەستابوو.

تروفیم، بە قامکە ئەستوورەکەی کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بووبوو، ئاماژەی بۆ لای جوانووەکە کرد و لە بەر خۆیەوە گوتی:

- چی لێبکەم، بیکوژم، سەری ببڕم؟

ماینەکە، چاوە سوورەکانی کە خوێنیان تێ زابوو گێژ دان، چاوێکی داگرت و نیگایەکی تەوسامێزی کرد.

***

هەر ئەو شەوە، تروفیم، ئەم گفتوگۆیەی لە گەڵ فەرماندەی سریەی سواران دا، لە ژوورەکەی خۆیدا کرد:

- هەستم کرد ماینەکەم زۆر سڵ و بە پارێزە. هەڵناکاتە چوار ناڵە، ڕەوتە و یورغە ناکات، زوو هەناسەی سوار دەبێت. معایەنەیەکی وردم کرد، بۆم دەرکەوت کە ئاوسە... جا چەندم ئاگاداری دەکرد، خەمیم دەخوارد. حەیفێ بەو هەموو خزمەت و چاودێریەشەوە! جوانووەکەی کوێت دەرچوو... بەڵێ ئەوە هەموو چیرۆکەکە بوو..

فەرماندەی سریەی سواران، وەکو چۆن بەر لە دەستپێکی هێرش، توند دەسکی شمشێر دەگریت، بەو ئاوایە پەرداخە مسینە پڕ لە چایەکەی گرت. چاوە خەواڵوەکانی بڕییە چرا نەوتیەکە، کە پەپولان شێت ئاسا بە دەوری گڕی زەردباوی پڵیتەکەیا دەسووڕانەوە. پەپوولەکان لە پەنجەرە وازەکەوە وەژوور دەکەوتن، هەرکە یەکێکیان خۆی بە شووشەی گەرمی چراکەدا دەکێشا، یەکسەر دەسووتا و یەکێکی دی خۆی بە ژووردا دەکرد و جێی ئەوی دەگرتەوە.

فەرماندەکە گوتی:

- کوێت یان ڕەش چ فەرقێ دەکات؟ تۆ ناچاری بیکوژیت. بیکە بە قوربانی فیشەکێک و تەواو. خۆ ئێمە قەرەج و دۆمان نین، جوانوویەک دووی خۆمان بدەین؟ ها؟ وەکو پێم گوتی خۆ ئێمە قەرەج و کێوەلی نین؟ تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت ئەگەر فەرماندەی گشتی بێت بۆ سەردان و تەفتیشی سریە و فەوجەکەمان و ئەم جوانووە بە کلک بادان بە بەردەم ڕیزەکانا بێت و بچێت هەنگێ چ بکەین؟ لە بەردەم سەرانسەری سوپای سوورا ئابڕوومان دەچێت. من تێناگەم تروفیم تۆ بۆ ڕێگای ئەمەت داوە؟ شەرم لە خۆت ناکەی؟ ئەمرە نابێ مەیتەر و ئەسپەوانەکان بێڵێن ئەسپ و ماینەکان تێکەڵ ببن و دەبێ بە جیا دابکرێن... ئاخر شتی وا لەم گەرمەی شەڕی ناوخۆیەدا چۆن دەبێ!

سارەزی تروفیم، لە کوخەکە وەدەرکەوت. هێشتا خۆر گزنگی نەدابوو. دڵۆپە شەونم بە سەر سەوزە گیا وڕووەکانەوە دەدرەوشانەوەو پەمەیی دەردەکەوتن. ئەو مێرگەی پێپەستی پۆستاڵی هێزی پیادە بووبوو و لێرە ولەوێ سەنگەری تیا لێدرابوو، لە ڕوخساری کیژێک دەچوو، گریانی بە کوڵ و و فرمێسکی گەرم و خەمێکی گەورە چرچ و لۆچی تێ خستبێ. ئاشپەزەکان، لە نزیکی مووبەقە مەیدانیەکەدا سەرگەرمی ئامادەکردنی خواردن بوون. فەرماندەکەی سوارەکان، بە تۆیی فانیلەیەکەوە کە ئارەقەی کۆنی پێوە وشک بووبووەوە، لە بانیژەکەدا دانیشتبوو. پەنجەکانی کە ئێستا زیاتر ڕموودەی دەسکی سارد و فێنکی دەمانچە بوو، تا کاری دیکە، سەرگەرمی هەندێ کاری لە بیر چووی کۆن و ئازیز بوو، کە کاتی خۆیکاری هەمیشەیی بوو خەریکی چنینی سەبەتەیەکی تەرکەیی بوو. تروفیم کە بە لایا دەڕۆیی، پرسی:

- خەریکی چیت؟ سەبەتە دروستدەکەیت؟

فەرماندەکە، کە خەریک بوو شولێی بە دەوری سبەبەتەکەدا با دەدایەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

- ژنی ئەم ماڵە وازم لێ نایەنێ، داوای لێکردووم سەبەتەیەکی بۆ دروست بکەم. من جاران لەم کارەدا مەعلان بووم، بەڵام ئێستا ئەو کارامەییەی جارانم نەماوە!

تروفیم وەڵامی دایەوە:

- نا، نا ئێستاش باشی، عەیبی نییە!

فەرماندەکە ، شوولەکانی ( تەرکە ) لە سەر ئەژنۆکانی ساف کرد و پرسی:

- دەچی جوانووەکە بکوژی؟

تروفیم، بە بێدەنگی شانی هەڵتەکاند و خۆی بە تەویلەکەدا کرد.

فەرماندەکە سەری لە بەرخۆنا، گوێی هەڵخست کە گویی لە تەقە بێ. بەڵام چەند خولەکێک بوورین و دەنگی دەستڕێژی گوللە هەر نەهات. تروفیم کە نیگەرانی پێوە دیار بوو، لەو دیو تەویلەکەوەدەرکەوت.

- ها چییە؟

- پێدەچێ دەرزی تفەنگەکە شکابێ، هەرچیم کرد و کۆشا تەقەی نەکرد!

- کوا تفەنگەکەت بێنە با تەمەشایەکی بکەم!

تروفیم، بە نە بەدڵییەوە تفەنگەکەی دایە دەستی. فەرماندەکە میلی تفەنگەکەی هێنایەوە و گوتی:

- کوا، خەشابەکەی فیشەکی تیا نییە!

تروفیم، بە جددی گوتی: - شتی وانیە، گاڵتە دەکەی!

- پێت دەڵێم، بەتاڵە، فیشەکی تیا نییە!

- ئاە!... ڕاستت دەوێ، خۆم بەتاڵم کردەوە. فیشەکەکانم لەوێندەر... لە پشت تەویلەکەوە دانا..

فەرماندەی سوارەکان، تفەنگەکەی لە لایەکەوە دانا، ماوەیەک بێ دەنگ بوو. مودەتێک بێ هیچ مەبەستێک دەستی بە سەبەتەکەدا، کە تەواوی کردبوو، هێنا. تەرکەکان تازەو بۆندار و چەسپناک بوو، عەتری دار بی شکۆفە کردوو، بۆنی خاکی تازە کێڵراو کە دەمێک بوو لە ئاگری شەڕی بێ کۆتاییا لە بیرکرابوو، ختووکەی کەپوویان دەدا..

سەرەنجام هاتە قسان و گوتی:

- گوێ بگرە!... قیر و سیا وازی لێبێنە! با جارێ لە گەڵ دایکیا بژی. ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان کە شەر تەواو بوو، بشێ بۆ جووت کردن سوودی لێ ببینی. سەبارەت بە فەرماندەی گشتیش؟ هەڵبەتە ئەوە دەزانێ کە بێچووی تازە زاو، بێ شیر خواردن هەڵناکات... هەموومان ئەم کارەمان کردووە، تەنانەت خودی فەرماندەش بە شیر گۆش کراوە و بە شیر پەروەردە بووە. مادام مەسەلەکە وایە با ببڕێتەوە و تەواو. بەڵام تفەنگەکەت عەیبی نییە.

***

دوای نزیکەی یەک مانگ، سوارەکانی تروفیم لە دەوروبەری گوندی ئوست خورپسکایا، لە گەڵ دەستەیەک قوزاقدا تێک گیران و لێیان بوو بە شەڕ. شەڕەکە لە ئاخر و ئۆخری ڕۆژا، بەر لە خۆر ئاوا دەستی پێکرد، ئیدی دنیا بەرەو تاریکی

دەچوو کە سوارەکان دەستیان بە هێرش کرد. زۆری پێنەچوو کە تروفیم نائومێد و دەسەوەستان لە یەکەکەی خۆی دوا کەوت. نە زەبری قامچی و نە ڕاکێشانی هەوسار، کە دەم و لالغاوەی پیرە ماینیان شەلاڵی خوێن کرد، نەیانتوانی کارێکی وەها بکەن ماینەکەی تروفیم، بگاتەوە بە سوارەکانی دی. ماینەکە بەردەوام سەری بەرز دەکردەوە، بە دەنگێکی گیراو دەی حیلاند، جەنەی دەبەست، لە جێی خۆی سمکۆڵانی دەکرد تا جوانووەکەی بە کلک بادان پێی دەگەییەوە. تروفیم کە لە داخا چارەی گرژ بووبوو، لە ماینەکە دابەزی. شمشێرەکەی لە کێلان نا و، تفەنگەکەی لە شانی هێنایە خوارەوە. قۆڵی ڕاستی سوارەکان، لە سەر هەڵدێرێکی ڕژدا، تەواو لە دژمن، لە سپییەکان نزیک بووبوونەوە. ئاپۆڕای سوارەکان، وەکو ئەوەی با ڕایان ماڵێت، بە پێش و بە پاشدا شەپۆلیان دەدا. تروفیم، لەو بێدەنگیە شوومەدا کە تەنیا خرمەخرمی سمی ئەسپان دەیشڵەقاند، بۆ ساتێکڕوانیە ئەو سوارانەی کە لە جەنگدا بوون، ئەوسا ڕووی وەرگێڕا و بە هەشتاو سێرەی لە سەر و یاڵی بژی جوانووەکە گرتەوە. بەڵام نیشانەکەی نەپێکا. بە خۆیشی نەیزانیلە کاتی تەقە کردنەکەدا دەستی لەرزی یان شتێکی دیکە هاتە پێشێ. بەهەر حاڵ، جوانووەکە دوای تەقەکە، بە نازێکەوە جووتەیەکی وەشاند وحیلەیەکی باریکی کرد، بە شێوەیەکی بازنەیی کەوتە غاردان و تەپ و تۆزێکی کەوەیی لە دوای خۆیەوە هەستاند. پاشان لەو نزیکانەوە وەستا. تروفیم، یەک شریتی تەواوی نا بە بێچوە شەیتانە سوورەوە، فیشەکەکانیشی فیشەکی ئاسایی نەبوون بەڵکو هەر هەموویان فیشەکی گڕداری تانکی بڕ بوون ( ئەو فیشەکانە بوو کە بە ڕێکەوت لە جانتای فیشەکەکانەوە هات بە دەستیەوە.) بەڵام فیشەکەکان هیچ ئاسیوێکیان بە جوانووەکە نەگەیاند. تروفیم بە دەم جوێندانەوە دووبارە سواری ماینەکە بووەوە. بەر مامێزانی دا و بە تووندییەکی ئەوتۆ تاوی دا کە بتوانێ بە زووترین کات فریای فەرماندەی سوارەکان و سێ سواری دیکە بکەوێت، کە کۆمەڵێک قوزاقی بە ڕدێنی ڕوخسار سووری تووندڕەوی کۆنەپەرست زۆریان بۆ هێنابوون.

ئەو شەوە، سوارەکان، لە دەوروبەری شیوەڵەیەکدا ئوردوبەزیان کرد. سەربازەکان، دووکەڵێکی کەمیان کرد، لێ  زینەکانیان لە ئەسپەکانیان نەگرتەوە. ئەو مەفرەزەیەی کە بە بەلەم بە نیازی شناسایی چووبوون بۆ ڕوباری دۆن، هاتنەوە و ڕایان گەیاند، کە دژمن هێزێکی گەورەی لە ئاستی بواری ڕوبارەکەدا مۆڵ داوە.

تروفیم، کە پێیە خاوسەکانی لە داوێنی بارانیەکەیەوە (پاڵتۆی مشەما) ئاڵاندبوو، نیوە خەواڵوو ڕاکشابوو و بە دەم هزرینەوە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی دێنایەوە بەرچاوی خۆی. تاپۆی فەرماندەی سریەکەی هاتەوە بەرچاو کە چۆن خۆی هەڵدایە دۆڵەکەوە، هەروەها دیمەنی ئەو قوزاقە کۆنە پارێزە ڕوخسار نموسەی هاتە بەرچاو کە چۆن شمشێرەکەی بۆ ڕابەری سیاسی سریەکە دادەهێنایەوە. هەر وەها ئەو قوزاقە باریک و بنێسەشی هاتەوە بەر چاو کە یەکێک پارچەپارچەی کردبوو، ئەو زینەی هاتەوە بەر چاو کە لە خوێنا هەڵکشابوو، بەڵێ ئەنجام جوانووەکەی هاتەوە بەرچاو..

دەوروبەری سپێدە، فەرماندەی سریەکە، هات بۆ لای تروفیم، بە بێدەنگی لە تەنیشتیەوە هەڵکوڕما.

- تروفیم، خەوتوویت؟

- نە، ویستم چاوێ گەرم بکەم.

فەرماندەکە، سەری هەڵبڕی، ڕوانیە ئەو ستیرانەی خەریک بوون ڕەنگیان دەبوارد و گوتی:

- جوانووەکەت بکوژە! بە ڕاستی ورەی جەنگاوەرەکان دەڕوخێنێ. من بەش بە حاڵی خۆم کە دەیبینم، دەستم دەلەرزێ، بە جۆرێ دڵم نەرم دەبێ و دێتە بەزەیی شمشێرم پێ ناگیرێ. دیمەنی ئەم جوانووە، وا لە پیاو دەکات بیری ماڵ و منداڵ و کەس و کار بکات. ئەمەش لە شەڕا باش نییە... دڵت لە بەردیش بێ، هەر نەرم دەبێ. خۆ بە چاوی خۆت دیتت، ئەم بێچوە شەیتانە لە ناوجەرگەی گوللە بارانەکەدا بوو، کەچی لە کاتی هێرشەکەدا، نە ئەسپێک خۆی پێدا کێشا و نە گوللەیەکی بەرکەوت.

کاتێ فەرماندەکە بێدەنگ بوو، بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر ڕوخساری، لێ تروفیم، ئەو بزەیەی نەبینی. لە سەری ڕۆیی:

- کلکی، کلکی، تروفیم، تۆ دیقەتت داوە چۆن بەرزی دەکاتەوە. کلکی دەخاتە سەر پشتی، جرت و فرت جووتە دەوەشێنێ و کلکی هێندە جوانە دەڵیی کلکی ڕێویە!..

تروفیم، هیچ قسەیەکی نەکرد، پاڵتۆکەی دا بە سەریا، شێی ئاونگەکە لەرزی لێ هانی و، بلەز خەو بردییەوە.

***

لەوبەری ڕوباری دۆنەوە، ڕێک لە بەرانبەر کۆنە دێرێک تەپە و گردێک لە کەناری ڕاستەوە، بەستێنی ڕوبارەکەی تەواو تەسک کردووەتەوەو دۆن توورە و لەزگین، بە دەم شەپۆل دانەوە، بەو بەرتەنگەدا بەرەو پێش تەکان دەدات، شەپۆلە سەوزباوەکان، بە توندی خۆ بەو تاوێرە گەچینانەی نزیکی ئاوەکەدا دەکێشن، کە سێڵاوی بەهار ڕای ماڵی بوون. هەڵبەتە فەرماندەی سوارەکان، لە هەل و مەرجی ئاساییدا، هەرگیز ڕازی نەدەبوو، جەنگاوەرەکانی، لەو خاڵەی هەنبەر کۆنە دێرەکەوە، لە ڕوبارەکە بپەڕێنێتەوە. بەڵام ئەو شوێنەی کە ڕوبارەکە تیایا پانتر و هێورتر بوو، ڕەوتی ئاوەکە هێواشتر بوو، بە دەستی قوزاقەکانەوە بوو، لەوێندەرەوە، بەردەوام گردەکەیان تۆپباران دەکرد، بۆیە فەرماندەی سوارەکان ناچار بوو خاڵی هەنبەری کۆنە دێرەکە هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی سریەکەی لەوێندەرەوە بپەڕێنێتەوە.

لە نیوەڕۆدا، پەڕینەوەکە دەستی پێکرد، یەکێک لە تۆپە قورسەکان لە گەڵ تاقمەکەی و هەر سێ ئەسپەکەیا خرانە سەر کەڵەکێک کە لە هەمان جێگادا دروست کرابوو. لە ناوەندی ڕێگاکەدا، کەڵەکەکە تووشی گێژەنگێکی توند بوو، لە پێچ کردنەوەدا، بەلادا خوار بووەوە. ئەسپەکەی دەستە چەپ، کە پێشتر ئاوی نەبینی بوو، خراپ ڕەویەوە، گیرۆدەی ترسێکی زۆر بوو. سوارەکان، کە گەینە بناری گردەکە، زینەکانیان لە ئەسپەکان گرتەوە، گوێیان لێبوو کە ئەو ئەسپە چۆن لە ترسا دەی پرماندا و بە چەپۆک دەیکێشا بە زەمینەی دارینی کەڵەکەکەدا.

تروفیم، خەمین و خەمبار لە بن لێوانەوە گوتی:

- ئەم حەیوانە، کەڵەکەکە نقووم دەکات.

هێشتا، دەستی نەگەیاندبووە سەر پشتی ماینەکەی، کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، ئەو ئەسپەی کە لە سەر کەڵەکەکە بوو بە توندی پڕماندی، حیلکەیەکی بۆ کرد، سڵەمیەوە و هەستایە سەر هەر دوو پاشووی.

فەرماندەی سوارەکان، قامچیەکەی بادا و هاواریکرد:

- فیشەکێکی پێوە بنە!

ڕەشاشچیەک، بە بەرچاوی تروفیمەوە، خۆی هەڵدایە سەر گەردنی ئەسپەکە، لوولەی دەمانچەکەی کرد بە ناو گوێی ئەسپەکەدا. دەنگی گوللەیەک وەکو دەمانچە درۆینەی منداڵان، بە ئاستەم گەییە کەنارەکە. دوو ئەسپەکەی دی کە بە سەر کەڵەکەوە بوون لە ترسا خۆیان پێکەوە چەسپاند. تۆپچی و ڕەشاشچیەکان بۆ ئەوەی هاوسەنگی کەڵەکەکە ڕابگرن و نەیەڵن نقووم ببێت، ئەسپە کۆژراوەکەیان هەڵدایە دوای عەرەبانەی تۆپەکەوە. دەستەکانی بەرەبەرە نووشتانەوەو سەری بۆ ناو ئاوەکە شۆڕ بووەوە... دوای نزیکەی دە خولەکێک، فەرماندەی سوارەکان، بە سواری ئەسپە کوێتیەکەی هات، یەکەم کەس بوو بە خۆ و ئەسپەکەیەوە خۆی بە ئاوەکەدا دا، ئیدی هەموو سریەکە، بە شڵپەشڵپ دوای کەوتن. سەد و هەشت سواری نیمچە ڕووت، بە سەد و هەشت ئەسپی هەمە ڕەنگەوە، بە شڵپ و هۆڕ خۆیان بە ئاوەکەدا دا. زینەکان لە سێ بەلەمی بچووک بار کرابوون، تروفیم یەکێک لەو بەلەمانەی داژۆت. ماینەکەی بە فەرماندەی دەستە، " نیچە پورینکۆ " سپاردبوو.

تروفیم، لە ناوەندی دۆندا ئاوڕی پاشی دایەوە، بینی ئەسپەکانی پێشەوە تا ئەژنۆیان لە ئاودایە و سەریان دانەواندبوو و بە نەبەدڵی ئاویان دەخواردەوە. سەربازەکان، بە دەنگی نزم ئەسپەکانیان بە چوونە پێش وادار دەکرد. زۆری پێنەچوو، کە ڕوبارەکە، لە فاسیڵەی چەند مەتری ڕەخەکەوە، پڕ بوو لە سەر و کەللەی ئەو ئەسپانەی بە پرمەپرم دەچوونە پێشەوە، سەربازانی سوپای سوور، بە دەمپامەلەوە، بە تەنیشت ئەسپەکانیانەوە، دەستێکیان بە یاڵی ئەسپەکانەوە گرتبوو و بە دەستەکەی تریان تفەنگەکانیان بەرز کردبووەوە و جل و جانتا و فیشەکدانەکانیان لە لوولەی تفەنگەکان بەستبوو، بەو ئاوایە پێشڕەوییان دەکرد.

تروفیم، سەوڵەکەی فڕێ دایە ناو بەلەمەکە، هەستایە سەر پێیان، چاوەکانی لە بەر تیشکی هەتاوەکە بچووک کردنەوە، پەشێو و پەرێشان لە نێو ئەسپەکانی ناو ڕوبارەکەدا، کە بە مەلە دەهاتن، چاوی بۆ یاڵ و بژی ماینە کوێتی خۆی دەگێڕا. سوارەکان لە پۆلێک قازی کێوی دەچوون کە ڕاوچیان تەقەیان لێکردبن و بە ئاسمانا بڵاوبووبنەوە. ئەسپە خورماییەکەی فەرماندەی سریە لە پێشی پێشەوە بوو، پشتی تەواو کووڕ کردبووەوە، لاقەبرغەکانی، لە ئاوەکەدا دەبریقانەوە. لە

دوای ئەوەوە، ڕێک لە دوای کلکی ئەوەوە، گوێیەکانی ئەسپەکەی ڕابەری سیاسی وەکو دوو پارچە زیو، سپی دەچوونەوە. هەموو ئەسپەکانی دی لە دوای ئەوانەوە، بۆر دەچوونەوە. سەر و کەللەی گڤ و لوولی " نیچە پورنیکو " سەردەستە، لە دوای هەمووانەوە دیار بوو، گوێچکە قوتەکانی ماینەکەی تروفیملە دەستە چەپی ئەوەوە بەرز و نزم دەبووەوە کە سات بە سات پتر دوا دەکەوت. تروفیم، لەوان دوورتر، بە زەحمەت جوانووەکەی بە دی دەکرد، بە شێوەیەکی نا هاوسەنگ مەلەی دەکرد، جارێ سەر ئاوەکە دەکەوت و جارێ نقووم دەبوو و بە ئاستەم کونە کەپووەکانی بە دەرەوە دەمان.

دوای ئەوە، ئەو بایەی کە بە سەر دۆندا دەهات، هاوار و هانکە هانکی ئەو حەیوانە بەستە زمانەی، کە داوای کۆمەکی دەکرد، گەیاندە گوێی تروفیم: " هە هە، هووا ... "

هاوار و حیلاندنەکەی بە سەر ئاوەکەوە پچڕپچڕ و تیژ وەکو دەنگی شێر وابوو، تروفیم دڵی گوشرا. حاڵێکی سەیری لێهات. پێنج دانە ساڵ بوو لە شەڕا بوو، چەندین جار ڕووبەڕووی مردن بووبووەوە. بەڵام هەرگیز کۆنترۆڵی خۆی لە دەست نەدابوو. کەچی ئێستا ڕەنگی ڕوخساری لە ژێر ڕدێنە زبر و سوورەکەیەوە بە جۆرێ سپی هەڵگەڕا لە تۆ وایە خۆڵەکەوەیە. دەستی دایە سەوڵەکە، بەلەمەکەی بە پێچەوانەی ڕەوتی شەپۆلەکانەوە بەرەو ئەو گێژەنگە ئاژوت کە جوانووەکە لە ناویا گیرۆدە بووبوو و خەریک بوو هێزی لە بەر دەبڕا. ماینەکەش، لە دووری چەند مەترێکی ئەوەوە، بە دەم حیلکەیەکی خەفەوە، بە مەلە دەچووە کۆمەکی جوانووەکە، نیچە پورینکو، چەندی هەوڵدا ماینەکە بگرێتەوە فایدەی نەبوو و نەبوو.

ستیشکا یفریموفی، هاوڕێی تروفیم، لەو بەلەمەدا بوو کە زینەکانی لێ بار کرابوو، هاواریکرد:

- گەوج مەبە، بەلەمەکە بەرەو کەنارەکە با بدەوە، نابینی قوزاقەکان چەند نزیکن!...

تروفیم، تفەنگەکەی لە شانی داگرت و گوتی:

- دەیکوژم!

شەپۆلەکان، جوانووەکەیان، تەواو لەو بوارە دوور خستبووەوە کە سریەکە لێی دەپەڕییەوە. لەنێو گێژاوێکی چکۆلە، کە وردە شەپۆلانی کەسک خۆیان لە کەنارەکانی هەڵدەسوو، شەکەت و ماندوو و بێ توانا کەوتبووە خولانەوە. تروفیم، بە شپرزەیی و نیگەرانی سەوڵی لێدەدا، بەلەمەکە بەردەوام بە ڕاست و بە چەپدا، لار دەبووەوە. لە کەناری ڕاستی دۆنەوە سەر و کەللەی قوزاقەکان لە پشت کەند و هەڵدێرەکەوە دەرکەوت. دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشی (ماکسیم ) بەرز بووەوە. کە گوللەکان دەکەوتنە ئاوەکەوە چزەیان لێ هەڵدەستا. ئەفسەرێک کە کراسێکی کۆنی جاوی لەبەر بوو، دەمانچەکەی تەکان دەدا و بە دەم هاوارەوە شتێکی دەگوت:

حیلە و هاواری جوانووەکە، بەرەبەرە کز و کزتر دەبوو. ڕێک لە گریە و هاواری منداڵێک دەچوو. بەڵام " نیچە پورینکو " وازی لە ماینەکە هێنا و بلەز بە مەلە بەرەو کەناری چەپ ڕۆیی. تروفیم کە ئازای وەک بی ناو ئاو دەلەرزی، تفەنگەکەی بەرز کردەوە، نیشانەی لە بەشی خوارەوەی سەری جوانووەکە گرتەوەو ڕیزێکی بە ناو گێژەنگەکەدا کرد. ئەوجا بەدەم ناڵەیەکی خەفەوە، پووتەکانی داکەند و خۆی بە ئاوەکەدا دا.

ئەو ئەفسەرەی کە کراسە جاوەکەی لە بەر بوو، لە کەنارەکەی سەمتی ڕاستەوە هاواریکرد:

- تەقە ڕاگرن!

تروفیم، لە ماوەی پێنج خولەکێکا خۆی گەیاندە جوانووەکە. دەستی چەپی نایە ژێر سکە ساردەکەی و بە هانکە هانک کە خەریک بوو دەخنکا، بەرەو کەناری چەپی برد. لە کەناری ڕاستەوە، لە سەنگەرەکانی دژمنەوە، تاقە یەک فیشەکیشنەتەقێنرا.

ئاسمان، بێشە، کەنارە لمەڵانەکە، هەر هەمووی لە بەرچاوی سەوز دیار بوو... تروفیم بەوپەڕی هەوڵ و تواناوە، هەوڵێک کە لە سەرووی توانای بەشەرەوە بوو خۆی گەیاندە کەنارەکە، هەرکە پێیەکانی گەیینە سەر ئەرزەکە، جوانووە لووس و تەڕەکەی لە ئاوەکە هێنایە دەرەوە، تا ماوەیەک لە هەمان شوێنا کەوت، بە دەم لەرزینەوە چنگی لە لمی کەنارەکە گیر دەکرد و ئەو ئاوە سەوزەی ڕوبارەکە کە چووبووە ورگیەوە، هەمووی هەڵهێنایەوە. دەنگی ئەو هاوڕێیانەی کە لە ڕوبارەکە

پەڕی بوونەوە، لە بێشەکەوە دەهاتە گوێی. کەمێک دوورتر لە پێچی ڕوبارەکەوە دەنگی تۆپباران بەرز بووەوە. ماینە کوێت نزیک بووەوە، بە دیار تروفیمەوە وەستا، خۆی تەکاندا، ئاوەکەی لە خۆی کردەوە، کەوتە لستنەوەی جوانووەکەی. دڵۆپە ئاوی ڕەخشان لە کلکە نەرم و شۆڕەکەی دەچۆڕایەوە و لە لمەکەدا نقووم دەبوو..

تروفیم، بە لەرزە لەرز هەستایە سەر پێیان و یەکدوو هەنگاوی بە سەر لمەکەدا نا و لە ناکاوا بە لادا کەوت. هەستیکرد ، باریکە ژانێک ، وەکو دەرزییەکی گەرم چزەی لە سینگی هەستان. بە دەم کەوتنەوە گوێی لە دەنگی گوللەیەک بوو. تاقە یەک گوللە لە کەنارەکەی دەستە ڕاستەوە هات و پشتی پێکا.

لەوێ لە کەنارەکەی دەستە ڕاستەوە، ئەو ئەفسەرەی کە کراسە جاوەکەی لە بەر بوو، بەو پەڕی خوێنساردی و بی موبالاتی میلی تفەنگەکەی هێنایەوەو ئەو قەوانەی لێ فڕێ دا کە هێشتا دووکەڵی لێ هەڵدەستا. تروفیم بەدەم گیانەڵڵاوە، یەک دوو هەنگاو لەولای جوانووەکەوە کەوتە سەر ئەرزەکە. بزەیەک کەوتە سەر لێوە وشک و شین هەڵگەڕاوەکانی، ئەو لێوانەی کە پێنج دانەساڵ بوو منداڵەکانی ماچ نەکردبوو، و کەف و خوێن بە لالغاوەیدا فیچقەی کرد.

١٩٢٦

## خوێنی بێگانە

یەکەمین بەفری ساڵ، لە جەژنی سەری ساڵا، پاش جەژنی سنت فیلیپ دەستی پێکرد. ئەو شەوە بایەکی توند لە لای دۆنەوە هەڵیکرد، هەرچی هەژگ و بژاڵ و، پوش و پەڵاش و قەڵناشکی وشکی دەشتەکە هەبوو، هێنابوویە خشەش، بەفری کەنارەکانی ڕادەماڵی و لە سەر یەکی کەڵەکە دەکرد، زینۆ و ملەی ڕێگا بەستگ و بەستەڵەکانی پاک دەکردەوە و بەفری پێوە نەدەهێشتن.

شەو، گوندی لە بێدەنگیەکی سەوزباوا پێچایەوە. لە دەرێی ماڵەکاندا، لەولای مەزراکانەوە، دەشتە نەکێڵراوەکە، لە ژێر گیاکەڵە و ڕوەکێن کێویدا وەنەوزی دەدا.

لە نیوەشەوا، گورگێک لە دۆڵێکی ئەو نزیکانەوە، بە دەنگێکی خەفە کەوتە لوراندن، سەگەلی گوند بە حەپەحەپ وەڵامیان دایەوە.

گافریلای پیرەمێرد، لە خەو ڕاپەڕی. لە سەر موغەیرییەکەوە لاقەکانی شۆڕ کردنەوە، دەستی بە لوولەی دووکەڵکێشەکەوە گرت، ماوەیەکی زۆر کۆکی، کە لە کۆکەکۆک بووەوە، تفێکی کرد و دەستی بۆ کیسە توتنەکەی گێڕا.

پیرەمێرد، هەموو شەوێک لە گەڵ یەکەم بانگی کەڵەبابانداا، لە خەو ڕادەبێ و دادەنیشێت، دەست بە جگەرەکێشان دەکات، دەکۆکێ سینگی لە بەڵغەمان پاک دەکاتەوە. ئیدی لەم بەینەدا، جۆرەها هزر و بیر، بە مێشکیا دێن. هەموو ئەو بیرانەش بە دەوری کوڕەکەیدا دەسووڕێنەوە. ئەو کوڕەی کە بۆ شەڕ چوو بوو و هیچ سەر و سەدایەکی نەبوو. کوڕەکەی تاقانە بوو، یەکەم کوڕ و دوا کوڕی بوو، گافریلا، ڕەنجی دنیای لە پێناوی ئەو کوڕەیدا دابوو، ژیانی خۆی وەقفی ئەو کردبوو. وەختایەک کاتی ئەوە هات کە بۆ شەڕگە، بۆ شەڕی سوورەکانی ڕەوانە بکات، ، جووتێ گاجووتی بۆ بازاڕ بردبوو، بە پارەکەیان ئەسپێکی ڕەسەنی لە کابرایەکی خەڵکی کالمیک ( ناوچەیەکی دراوسێی کوبانی سوڤیاتیە ) بۆ کڕی بوو. ئەسپ ئەسپ نەبوو، ڕێگا و بان بەرگەی نەدەگرت، وەکو گەردەلوول دەشت و دەری تەی دەکرد، لە کۆنە سەندوقێکی خۆیاندا، زینێک و هەوسارێکی بە تەرەقەی زیوی

دەرهێنابوو. ئەم تاقمەی لە بابایەوە بە میرات بۆ مابووەوە. هەوسارەکەی لە سەری ئەسپەکە و زینەکەی لێ کردبوو و لە کاتی بە ڕێکردنی کوڕەکەیدا گوتبووی:

- دەی پیترۆ، چیم لە دەست هاتبێ بۆم کردوویت... ئەسپێکی وام بۆ ڕازاندوویتەوە، ئەفسەریش خۆزیات پێ دەخوازێ. مەمنوون دەبێ ئەگەر سواری ئەسپێکی وەها ببێت. وچاغی بابت ڕۆشن بکە، وەکو ئەو بجەنگە، هێزی قوزاقان و دۆنی ئارام خەجاڵەت و شەرمەزار نەکەی. باب و باپیرت، باب و باپیرانی ئەوانیش هەر خزمەتی تزاریان کردووە، دەبێ تۆش وەکو ئەوان بی، هەمان ڕێگای ئەوان بگریتەبەر!...

گاڤریلای پیر، لە پەنجەرەکەوە، کەلە بەر تریفەی هەیڤە شەوەکەدا سەوز دەچووەوە، ڕوانیە دەرەوە. گوێی بۆ گڤ و هۆڕی ئەو بایە دەگرت کە بە ناو حەوشەکەدا لوولی دەخوارد و لە شتێک دەگەڕا کە لە گەڵ خۆیدا بیبات. بە دەم گوێگرتنەوە، ئەو ڕۆژانەی وەبیر دێنایەوە کە بووری بوون و جارێکی دی هەرگیز نەدەگەڕانەوە...

قوزاقەکان، لە ڕێ و ڕەسمی بە ڕێکردنی کوڕەکەی گاڤریلادا، بۆ خزمەتی سوپایی، لە ماڵی گاڤریلادا خڕ بوونەوە، بە دەم ستران و گۆرانی کۆنی قوزاقیەوە، میچی بە قامیش و حەسیر گیراوی ژوورەکانی خانووەکەی گاڤریلایان هێنایە لەرزین:

ئێمە دەجەنگین، هەرگیز ڕیز بەر نادەین

گوێڕایەڵی فەرمانی گەورەکانمانین

کە گەورەکانمان، فەرمانیان پێ داین

سوار دەبین، بە ڕم و شیری ڕووتەوە

پەلامار دەدەین، دەکوژین، دەبڕین

دەجەنگین.

پترو، لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، مەستی مەست بوو، ڕەنگی بە ڕادەیەک هەڵبزرکابوو، ڕوخساری شین دەهاتە بەرچاو. ئەوجا بەرلەوەی سوار ئەسپەکە بێت، دوا پێکی هەڵدا. لە شەکەتیا چاوانی هەڵنەدەهاتن، بەڵام بەو حاڵەشەوە، بە

ڕێک و پێکی سواری ئەسپەکە بوو، قوت لە سەر زینەکە دانیشت، شمشێرەکەی لە قەدی قایمکرد، لە سەر زینەکەوە دانەوییەوەو چنگێ گڵی ناو حەوشەکەی هەڵگرتبووتا لەو سەفەرەیدا پێی بێت. ئاخۆ ئێستا لە کوێ ڕاکشابوو و، لە وڵاتی غەریباتیدا چ خاکێک سینگی گەرم دەکردەوە؟

پیرەمێرد، دەستی بە کۆکە کۆک کرد، کۆکەیەکی دوور ودرێژ و وشک، خیزەخیزی سینگی سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی، قرخەقرخی گەرووی هەر مەپرسە. کە کۆکەکەی مەودای دەدا، پشتە کووڕەکەی بە دووکەڵکێشی موغەیرییەکەوە دەدا و هەمان ئەو بیر و خەیاڵانە، مێشکیان تەی دەکرد.

***

گاڤریلا کوڕەکەی بەڕێکرد، دوای مانگێک سوورەکان هاتن داب و نەریت و خوو خدەی ڕیشەداری قوزاقەکانیان، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار قودسیەت و پیرۆزییان وەرگرتبوو، وەکو دژمن بن پێ نا و شێواندیان. شێوازی ژیانی گاڤریلای پیرەمێردیان وەکو گیرفانێکی بەتاڵ هەڵگێڕایەوە. لە کاتێکا پیترۆ، لەو بەری دۆنەوە، ئازایانە شەڕی دەکرد. میدال و نیشانانی وەردەگرت، پلەی بەرز دەبووەوە، گەییە پلەی عەریفی، کە چی گاڤریلا لەمبەری دۆنەوە، لە گوندیدا، وەکو چۆن کاتی خۆی پیترۆی چکۆلە و قژ سووری بە خودان و پەروەردە دەکرد، بەو ئاوایە ڕق و نەفرەتێکی توندی دەرهەق بە بێگانان، بەو سوورە تازە بە دەسەڵات گەیوانەی لە بەری مۆسکۆوە هاتبوون، لە دڵ و دەروونی خۆیا پەروەردە دەکرد. هەر بە ئانقەست و لە ڕقی ئەوان شەرواڵی قوزاقیانەی لە بەر دەکرد، کە لەم لاوئەولاوە تیلماسکێکی سووری بە تەقەڵی ڕەش پێوە دوورابوو و ڕەمز و نیشانەی ئازادی قوزاقان بوو. هەروەها قەمسەڵەی قوزاقیانی لەبەر دەکرد. ئەو قەمسەڵەیەی بە جۆرەها گولاڤدون (گوڵابەتون) ی نارنجی گوڵدۆزی کرابوو و نەخشێنرابوو، جلکی تایبەتی گاردی تزاری بوو و کەتافیە و قەیتان و گوڵینگی نیشانەی ڕەیس عورەفای سەردەمی گاردی تزاری لەبەر دەکرد و خۆی پێوە دەنواند کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە گاردی تزاریدا خزمەتی کردووە. ڕۆژانی یەک شەممان دەچوو بۆ کڵێسا، هەرچی میداڵ و نیشانە و خاچی، بە هۆی خزمەتکردنی ڕاستگۆیانە و وەفاداریەوە بۆ تزار، وەرگرتبوو دەیکرد بە سینگ و بەرۆکی خۆیەوە، دوگمەکانی دەکردەوە و یەخەی قەمسەڵەکەی دەکردەوە و سینگی دەردەپەڕاند تا هەموو خەڵکی بیدینن.

ڕۆژێک سەرۆکی ئەنجوومەنی گوند، کە ئێستا ئەوان فەرمانڕەوایی ئەم گوندە قوزاق نشینەیان دەکرد تووشی بوو و گوتی:

- هاپۆ، ئەم تەتکە و پەتکانە فڕێ بدە، باوی نەماوە، ڕۆژگار گۆڕاوە، نابێ بە خۆتیا هەڵواسی!

پیرەمێرد زۆر تووڕە بوو، بەڕوویا هەڵشاخی:

- چما تۆ ئەمانەت داومنێ، تا ئەمرم پێ بکەی فڕێیان بدەم؟ تۆ چیت، چ کارەیت؟!

- ئەو کەسەی ئەمانەی پێ داوی لە مێژەلە ژێر گڵایە و بووە بە خوراکی کرمان.

- با کرمیش خواردبێتی، بەڵام من هەر لایان نابەم، تۆش ناتوانی پێمی لابەری، مەگەر بمرم ئەوسا بتوانی لە بەرۆکمیان بکەیەوە؟

- من بۆ تۆمە، تۆ بۆ کێتە!... من بەزەییم پێتا دێتەوە، بۆیە ئەوەت پێ دەڵێم. دەنا بۆ من هیچ فەرقێک ناکات، خوای دەکرد پێیانەوە دەنووستی. بەڵام دەترسم سەگەلی ئاوایی پەلامارت بدەن!... بەستە زمانانە نەهەقیان نییە، دەمێکە ئەم دیمەنەیان نەدیوە، بە غەریب و بێگانەت دەزانن، بە خەڵکی گوندت نازانن..

ئەم تانە و تەشەرە زۆری کار تێکرد، لە تاڵ تاڵتر بوو، میدال و نیشانەکانی لابرد، بەڵام ئەو تانە و تەشەرەی لە دڵدا مایەوە، گەشەی کرد و تێکەڵ بە بوغز و کینەکەی بوو، هێندەی دی ڕقی ئەستوورتر کرد.

ئێستا کە کوڕەکەی لە دەست دابوو، کەسی تری نەمابوو کاسبی بۆ بکات. عەمار و کۆگاکانی داڕوخاون، ولاخەکان ئاغەڵ و گەوڕەکانیان ڕوخاندووە، حەسیری سەر سابات و کەپری گوێرەکەکان ڕزیون و بەهۆی با و بۆرانەوە درزیان تێکەوتووە. مشکان لە ئاخوڕی بەتاڵی تەویلەکەدا تەراتێنیان دەکرد. کەمپاینەکە لە ژێر کەپرەکەدا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو بە خۆراکی ژەنگ.

قوزاقەکان زۆربەی ئەسپەکانیان لە گەڵ خۆدا بردبوو، ئەوەی لە گوندی مابووەوە، سوورەکان بە بێگار بردبوویان. تاقە ئەسپێک کە مابووەوە، یابوویەکی قەڵەوی چوارپەل تووکنی گوێ گەورە بوو کە سوورەکان بە ئەسپێکی دی لە گەڵیان گۆڕی بووەوە. چەتەکانی ماخنو، لە پاییزی ڕابردووا، بێئەوەی تەمەشای بکەن، بە نیمچە

خۆڕایی لە دەستیان دەرهێنابوو. جووتێ بەلەک پێچی دەستکردی ئینگلیزییان دابوویە و تەواو.

یەکێک لە ڕەشاشچیەکانی چەتەکانی ماخنو چاوێکی لە پیرەمێرد داگرتبوو و گوتبووی:

- قەیدی نییە، با ماڵی ئێمە بێت بە لای تۆدا، بە بەلاش لە سەر حیسابی مە خۆت دەوڵەمەند بکە!

ئەوەی بە درێژایی دەیان ساڵ کۆی کردبووەوە، هەر هەمووی لە ناکاوا بە با ڕۆیی. توانای کار کردنی نەبوو، لێ کە بەهار هات، سەیری کرد دەشتە بەیار و نەکێڵراوەکە، مات و خەمبار، لە بەر پێیا کەوتووە، داوای خاوەندارێتی لێدەکات، ڕۆحی هاتەجۆش، هەستی دەکرد، دەشتەکە شەوانە بە بێدەنگی گازی دەکات، بۆ لای خۆی گازی دەکات، ئیدی لەوەی پتر خۆی پێنەگیرا، ناچار هەستا پیرە هەوجاڕی لە جووتێک گا بەست و کەوتە کێڵانی دەشتەکە و، ئەو خاکە ڕەش و بە پیتەی بە باشترین گەنم داچاند.

قوزاقان، لە دەریا و لەو دیوی دەریاوە بۆ ماڵی خۆ هاتنەوە، بەڵام شتاقیان پیترۆیان نەبینی بوو. ئەم قوزاقانە لە یەکە وهێزێن جیاوازا خزمەتیان کردبوو، لە دەڤەر و ئاقارێن جیاوازا بەشداری شەڕیان کردبوو- ئیدی ڕووسیا وڵاتێکی زۆر پان و بەرینە – دەنگوباس وا بڵاو بوو کە ئەو هێزەی پیترۆ خزمەتی تیا دەکرد، لە ناوچەیەکی سەر بە هەرێمی کوبان، لە گەڵ هێزێکی سوورەکاندا بە شەڕ هاتبوو و هەر هەموویان کوژرابوون، کەسیان لێدەرنەچووبوو.

گاڤریلا، بە دەگمەن لەگەڵ ژنەکەیا، باسی کوڕەکەی دەکرد. شەوان کە گوێی لە گریان و هەنسک هەڵدانی ژنەکەی دەبوو، بە داخ و کەسەرەوە دەیپرسی:

- چیتە پیرەژن؟

پیرەژن کەمێک بێدەنگ دەبوو و ئەوسا دەیگوت:

- وا دیارە سۆپاکە دووکەڵ دەکات، سەرم دێشێت

پیرەمێرد، وای دەنواند کە نازانێ هۆی گریانەکەی پیرەژن چییە و دەیگوت:

- بۆ تۆزێ ئاوی خەیار شۆر ناخۆیتەوە؟ بچم لە ژێر زەمینەکەیا بۆتی بێنم.

- بڕۆ بنوو پیاوەکە... خەمت نەبێ، خۆی چاک دەبێت.

جارێکی دی بێدەنگی وەکو جۆلاتەنەیەکی نەدیار باڵی بە سەر ماڵەکەداکێشا. هەیڤۆکی لە خۆبایی لە پەنجەرەکەوە، بێ خەم و خەیاڵ، دەیڕوانییە نیسبەت و بەلای کەسێکی دی، دەیڕاونییە خەم و کول و کۆڤانی دایکێکی جەرگ سووتاو.

وێڕای ئەوەش، ئەو جووتە، بە ئومێدوارییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەکەیان دەکرد. گاڤریلا پێوەبوو، پێستە بەرخێک خۆشە بکات و پۆستینێک بۆ پیترۆ دروستبکات. بە پیرەژنی گوت:

- من و تۆ هەرچۆنێ بێ، بەم حاڵەوە هەڵدەکەین... بەلام پیترۆ کە بێتەوە چی لە بەر بکات؟ زستان بەڕێوە، خۆ دەبێ پوستینێکی بۆ چێبکەین.

بەوجۆرە پوستینێکی پڕ بە بەری پیترۆیان چێکردو لە سەندوقیان نا و بۆیان هەڵگرت. جووتێ پووتی کار کردنیشیان بۆ دروستکرد، تا بۆ پاک کردنەوەی گەوڕەکان و ڕادانی حەیوانەکان لە پێی بکات. پیرەمێرد، زۆر لە خەمی جل و بەرگە فاسۆنە شینەکەیا بوو، بۆ ئەوەی مۆرانە نەیان خوات، هەندێک تووتن و ئاردە تووتنی پێوە کردن. کە بەرخێکیان سەربڕی، پیرەمێرد کلاوێکی لە فەروەکەی دروستکرد و بە بزمارێکیەوە هەڵواسی. هەرجارێ کە لە دەرگای حەوشەوە وەژوور دەکەوت، دیمەنی کلاوەکە هەڵوەستەیەکی پێدەکرد، وای خەیاڵدەکرد، هەر ئێستا پیترۆ، لە ژوورەکە وەدەر دەکەوێ و بە دەم بزەیەکەوە دەپرسێت:

- باوکە، کەش و هەوای دەرەوە چۆنە، ساردە؟

پیرەمێرد، دوای دوو ڕۆژ ،بەر لە خۆرئاوا چوو گەوڕی ولاخەکان پاک بکاتەوە، ئالیکی کردە ئاخوڕەکانەوە، ویستی ئاو لە بیرەکە هەڵگوێزێ، هەنگێ بیری کەوتەوە کە دەستکێشەکانی لە ماڵەوە لە بیر چوون. بۆ ماڵ زڤڕییەوە، دەرگای کردەوە، سەیری کرد پیرەژنەکەی هاوسەری لە بەردەم تەختەکەدا بە چۆکا هاتووە، ئەو کلاوەی کە پیترۆ هەرگیز لە سەری نەکردبوو، ناوە سینگ و بەرۆکییەوە و وەکو منداڵێکی شیرەخۆرە دەیلاواندەوە و نەوازشی دەکرد...

دنیای لەبەرچاو تاریک بوو، وەکو حەیوانێکی دڕندە پڕی دایە و بە عاریدا دا، کەف بە لا لغاوەیا هاتبووە خوارەوە، بە زمان کەفەکەی پاک کردەوە، بە دەنگێکی لەرزۆک هاواری بە سەر پیرەژندا کرد:

- بەسە، هەی شێتی پەتەڕی! ئەوە چ دەکەی؟

کڵاوەکەی لە دەستیڕاپسکاند و خستیە ناو سەندووقەکەوە و قفڵی دا، دوای ئەوە سەیری کرد چاوی چەپی پیرەژن دەفرێ و دەمی کەمێک خوار بووە. ڕۆژان و هەفتە، وەکو چۆن ئاوی دۆن لە پاییزاندا سەوز و ڕوون و زۆر ڕەوان دەڕوات، بەو ئاوایە بە خێرایی دەبوورین. ڕۆژێک دنیا سارد بوو، ئاوی کەنارەکانی دۆن بەستبووی، پۆلە قوڵەنگێکی لە کۆچ دێر کەوتەبە سەر گوندەکەدا تێپەڕی، دەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کوڕژگەیەکی هاوسێیان، بە هەشتاو هات بۆ ماڵی گاڤریلا. کوڕیژگەکە بلەز لە هەنبەر ئیکۆنەکاندا، نیشانەی خاچی کێشا و گوتی:

- سڵاوتان لێبێ، حاڵتان چۆنە؟

- سڵاو، بە خێر هاتی!

- هاپۆ، بیستووتە، پروخور لیخوفیدوف، لە تورکیاوە هاتووەتەوە. لە هەمان فەوجی پیترۆی کوڕی ئێوەدابووە...

گاڤریلا، هەموو کۆڵانەکەی بە هەشتاو بڕی. لە پەلەپەلیدا کۆکەکۆک و هانکەهانکی پێکەوتبوو، کە گەییە ئەوێندەر هەناسەی تەنگ بووبوو. بەڵام پروخور لە ماڵ نەبوو، چوو بوو بۆ گوندێکینزیکی خۆیان تا سەری براکەی بدات، بەڵێنی دابوو کە سبەی دەگەڕێتەوە.

گاڤریلا ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوانی. نیگەران و خەوزڕاو تا بەیانی لە بەردەم ئاگردانەکەدا گینگڵی دابوو.

بەر لە سپێدە، چرایەکی داگیرساند، کەوتە دورینی پاژنەی پووتە لبادەکانی.

بەیانی، کز و ڕەنگ زەرد، خەریک بوو سەری دەردێنا و ڕوناکی سپێدە خەریک بوو تاریکی دنیای دەڕەواندەوە. مانگ لە ناوەندەی ئاسمانا، گەییە سپێدە. مانگ

ئەوەندەی توانا نەمابوو، کەمێک هەڵکشێ و بگاتە پەڵە هەورەکان و بە درێژایی ڕۆژ خۆی لە پەنایاندا وەشێرێ.

***

گاڤریلا، پێش نانخواردنی بەیانی لە پەنجەرەکەوە ڕوانیە دەرەوە، لە بن لێوانەوە گوتی:

- پروخور، خەریکە بۆ ئێرە دێت.

وەژوور کەوت، سەر و سیمای لە قوزاقان نەدەچوو، ڕواڵەتی زۆر نامۆ بوو. جووتێ پووتی ئینگلیزی لە پێدا بوو، کە بنی پاژنەکانیان بزمار ڕێژ کرابوون، پاڵتۆیەکی سەیری لەبەر بوو، دیار بوو بە بەری ئەو نەدوورابوو.

- سڵاو گاڤریلا ڤاسیلیچ، حاڵت چۆنە!

- سوپاس بۆ خوا جەنابی سەرباز، فەرموو وەرە ژوورێ دانیشە.

پروخور، کڵاوەکەی داگرت. سڵاوی لە پیرەژن کرد، لە سەر کورسییەکی سووچێکی پێشەوە دانیشت.

- چ کەش و هەوایەکە! بەفر هەموو ڕێگا و بانەکانی گرتووە!...

- وایە، ئەمساڵ بەفر زۆر باری... ساڵان ئەم وەختانە پەز و گا وگۆتاڵ دەکرانە دەشت و دەر.

دوای بێدەنگیەکی کەم، گاڤریلا کە بە ڕواڵەت هێور و بێ خەم دیار بوو، هاتە قسان و لێبڕاوانە گوتی:

- کوڕۆ، لە وڵاتی غەریباتیا پیر بووی.

پروخور، بزەیەکی کرد و گوتی:

- گاڤریلا ڤاسیلیچ، لەوێندەر شتێک نەبوو دڵ خۆش بکات، تا پیر نەبیت!

پیرەژن، ویستی باسی کوڕەکەیان بێنێتە پێشێ و گوتی:

- ئەدی پیوتەری کوڕی مە... ئایا...

لێ گاڤریلا، قسەکەی پێ بڕی:

- وس بە ژنەکە! واز لە پیاوەکە بێنە، با تۆزێ گەرمی بێتەوە! پشوویەک بدات، ئەوسا هەر پرسیارێکت هەیە بیکە!..

ئەوسا ئاوڕی لە میوانەکە دایەوە و پرسی:

- ئێ پروخور ئیگناتیچ، ژیانت چۆن گوزەرا؟

- بە ڕاستی مایەی شانازی نەبوو، سەگە مەرگی بوو، هەمیشە وەکو سەگی پێ سووتاو لە خەمی ئەوەدا بووم بگەمەوە ناو کەس و کاری خۆم، زۆر سوپاس بۆ خوا هەرچۆنێ بوو بە سەلامەتی گەییمەوە وڵات.

- تێدەگەم، واتە ژیانت لەوێ، لە نێو تورکاندا زۆر ناخۆش بوو، وایە؟

- هەر ناخۆش. بە هەزار فەلاکەت پارووییەک نانی بژی و مەمرمان دەست دەکەوت!

پروخور، بە سەری قامکەکانی دەیکێشا بە مێزەکەی بەردەمیا و گوتی:

- بەڵام گاڤریلا ڤاسیلیچ تۆش زۆر پیر بوویت. سەرت تەواو بۆز بووە... ئێ وەزع و حاڵتان لە سایەی دەسەڵاتی سۆڤیاتیدا چۆنە؟

بزەیەکی نیوەچڵ، نیشتە سەر لێوانی گاڤریلا و گوتی:

- من چاوەڕوانی کوڕەکەمان دەکەم کە بێتەوەو ئێمەی پیر بە خودان بکات!

پروخور، بە پەلە ڕووی وەرگێڕا. گاڤریلا، هەستی بەمە کرد. بە توندی و ڕاستەوخۆ پرسی:

- قسە بکە... پیترۆ لە کوێیە؟

- یانی هێشتا نەتان بیستووە؟

گاڤریلا بە کورتی گوتی:

- ئێمە جۆرەها هەواڵمان بیستووە.

پروخور، ڕیشوی، پەردە چڵکنەکەی سەر مێزەکەی لە قامکەکانیەوە دەئاڵاند و ماوەیەک بێدەنگ بوو، ئەوسا گوتی:

- وا بزانم هەیڤی کانوونی دووەم بوو... ئا، کانوونی دووەم بوو، هێزەکەمان، لە نزیکی شاری نوڤوروسیسک ئۆردوبەزی کرد، شارێک بوو لە قەراخ دەریا... بە شیوەیەکی ئاسایی...

گاڤریلا، دانەوییەوە، سەری لە پەنا گوێی ناو بە دەنگێکی نەوی گوتی:

- کوژراوە؟

پروخور، بێدەنگ بوو، سەری لەبەر خۆ نا وەکو ئەوەی گوێی لە پرسیارەکە نەبووبێ، لەسەری ڕۆیی:

- بەڵێ، لەوێ ئوردوبەزمان کردبوو... بەڵام سوورەکان هەوڵیاندەدا، ڕیزەکانمان تێک بشکێنن و بگەنە کێوەکان و لێرەوار و بێشەکان بگرن. ئەوە بوو پیترۆی کوڕی تۆ کرا بە فەرماندەی دەستەیەکی شناسایی و پاسەوانی... فەرماندەکەمان کاپتن سینین بوو... بەڵێ ئیدی ئەو بویەرە ڕوویدا... مەسەلەکە...

دەنگی وشک و ڕەقی بەربوونەوەی مەنجەڵێک لە سەر سۆپاکە بەرز بووەوە. پیرەژن، هەر دوو دەستی بەرزکردەوە و بەرەو لای سیسەمەکە ڕۆیی... بە جۆرێ هاواریدەکرد خەریک بوو گەرووی بدڕێت.

گاڤریلا، بە هەڕەشەوە تێی خوڕی: - لورەلور!!

ئەوسا شانی دادایە سەر مێزەکە، ڕاستەوڕاست ڕوانییە ڕوخساری پروخور. بە دەنگێکی هێدی و ماندوو لە سەری ڕۆیی:

- ئێ... دەی قسەکەت تەواو بکە...

پروخور، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، هەستا و گوتی:

- کوشتیان!...

کەوتە دەست گێڕان بۆ کڵاوەکەی کە لە سەر مێزەکە بوو. ئەوجا لە سەری ڕۆیی:

- بەڵێ بیوتەریان کوشت.. لە نزیکی بێشەکەدا وەستابوون، تا پشوویەک بە ئەسپەکانیان بدەن. لێ پیترۆ تەنگ و پاڵوی ئەسپەکەی شل کردبووەوە، سوورەکان، لە ناکاوا لە ناو بێشەکەوە دەرکەوتبوون.

پروخور، وشەکانی دەجووەوە و کڵاوەکەی لە نێو دەستیا هەڵدەگلۆفت، لە سەری ڕۆیی:

- ... پیترۆ، دەستی بە قەڵپووسی زینەکەوە گرت، زینەکە داخزی و بە ژێر سکی ئەسپەکەیا شۆڕ بووەوە... ئەسپەکەی چەمووش بوو، دەرپەڕی، پیترۆ نەیتوانی بیوەستێنێتەوە... ئیدی بە تەنیا مایەوە... ئەمە حاڵ و حیکایەتەکە بوو!...

گاڤریلا، بە دەنگێکی پچڕپچڕ گوتی:

- باشە ئەگەر من باوەڕ بەم چیرۆکە نەکەم؟

پروخور، بە هەنگاوی هەڕاو بەرەو دەرگا ڕۆیی.

- کەیفی خۆتە گاڤریلا ڤاسیلیچ... بەڵام من ڕاستیم پێگوتوویت... درۆت لەگەڵ ناکەم. ئەوەم پێ گوتوویت کە بە چاوی خۆم دیتوومە..

گاڤریلا، سوور بووەوە، بە دەنگێکی پچڕپچڕ و گڕ گوتی:

- باشە، ئەگەر من نەمەوێ باوەڕ بەم حیکایەتە بکەم؟!

چاوەکانی سوور بوو، ڕوندکیان تیا قەتیس ما. یەخەی کراسەکەی دادڕی، سینگە ڕووتە تووکنەکەی لە پروخوربردە پێشەوە. ناڵەیەکی کرد و سەری بەرز کردەوە، دەست دەست ئارەقەی لێ دەچۆڕا.

- کوڕە تاقانەکەم... کوژراوە؟! تاقە یار و یاوەرەکەم!! پیتکای ( پیتکا : سووکەڵە ناوی پیوتەرە ) من؟ تۆ درۆ دەکەی سەگ دایک! گوێت لێمە؟! تۆ درۆ دەکەی... من باوەڕت پێ ناکەم!..

شەوێ پۆستینەکەی دا بە شانیا و چوو بۆ نێو حەوشە، کە هەنگاوی دەنا، شەختە و بەفر لە ژێر پووتە لبادینەکانیا قرچەقرچ دەشکا، بەرەو خەرمانگا و کادێنەکان وەڕێکەوت...

با لە قۆڵی دەشتەکەوە هەڵیکرد، بەفر دایکرد. تاریکیەکی ئەنگوستە چاو، باڵی بە سەر دار گیلاسە گەڵا ڕژاوەکانا کێشا.

گاڤریلا، بە دەنگێکی نەوی هاواریکرد:

- کوڕەکەم...

هەڵوەستەیەکی کرد، بێئەوەی بجووڵێت یان سەر وەرگێڕێت، دووبارە هاواریکرد:

- پیترۆ!... کوڕەکەم!..

ئەوسا بە دەما کەوتە سەر بەفرە پەستاوتەکەی نزیکی خەرمانە کایەکە و چاوەکانی بە قورسی لێک نان.

***

لە گوندا، مقۆمقۆی کۆکردنەوەی ئازووقە ودانەوێڵە بڵاوبووەوە. هەروەها باسی ئەو چەتانەش دەکرا، کە لە دەڤەرەکانی باشووری دۆنا دەسووڕانەوە. ئەم دەنگ و باسە، لە کۆبوونەوەکانی گوندا، لە بارەگای ئەنجوومەندا، بە پارێزەوە دەگێڕدرایەوەو دەماودەمی دەکرد. بەڵام گاڤریلا کە بۆ تاقە جارێکیش پێی نەنابووە سەر پلیکانە داڕوخاوەکانی بارەگای ئەنجوومەن و هەرگیز پێویستی بەو کارە نەبووبوو، لە بەر ئەوە لە زۆر هەواڵ و دەنگ و باسان بێئاگا بوو. بۆیە پێی سەیر بوو کە ڕۆژێک دوای نانی بەیانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی گوند، بە خۆ و سێ چەکدارەوە هاتبوو بۆ سەردانی ئەو، چەکدارەکان پۆسینی کورتی ئاماڵ زەردیان لەبەر و تفەنگیان لە شان بوو.

سەرۆکی ئەنجوومەن تەوقەی دەگەڵ گاڤریلادا کرد، ئەوسا پرسیار پێچی کرد:

- دەی باپیرە.. بڵێ بزانم دانەوێڵەت هەیە؟

- ئەدی مەعنای چی... خۆ بە بای خوا ناژین... خۆ دوعا و نوێژ ناخۆین؟

- پێویست بە تەوس و توانج ناکات... کوا پێمان بڵێ دانەوێڵەکەت لە کوێیە؟

- هەڵبەتە لە عەماردایە.

- کوا بمانبە بۆ سەر عەمارەکە.

- ئەرێ بێ زەحمەت، پێم نالێن ئێوە چ کارێکتان بە دانەوێڵەی من هەیە؟

پیاوێکی درێژ داهۆڵی قژ زەردیان، کە وا دیار بوو گەورەیانە، بە دەم ئەم پێ و ئەو پێ کردنەوە گوتی:

- ئێمە هاتووین هەرچی دانەوێڵە و ئازووقەی زیادە هەیە بۆ حکوومەتی کۆ دەکەینەوە... ئێمە کۆمیتەی کۆکردنەوەی دانەوێڵەین. کۆکردنەوەی ئازووقەت نەبیستووە پیرەمێر؟

گاڤریلا، پەست و توورە، بە دەنگێکی توند و لەرزۆک گوتی:

- ئەدی ئەگەر نەتاندەمێ؟!

- نایدەی... بە تۆبزی دەیبەین!

سەرۆکی ئەنجوومەن و هاورێکانی، لە بەینی خۆیانداچپەچپێکیان کرد و کەوتنە گەڕان بە شوێنی عەمارێن دانەوێڵەکاندا. بەفری قەد و بنی پووتەکانیان، بە سەر گەنمە پاک و زێرینەکاندا تەکاند، کابرا کەتە قژ زەردەکەیان بە دەم جگەرە کێشانەوە گوتی:

- بەشی نان و بنەتۆوی بۆ دابنەن و ئەویتری بەرن..

وەکو کەسێکی شارەزا، تەمەشایەکی گەنمەکەی کرد و لە دڵی خۆدا خەملاندی. ڕوویکردە گاڤریلا و گوتی:

- چەند دۆنم زەوی دەکێڵیت؟

- هیچ، دەنکە گەنمێکیش داناچێنم!

گاڤریلا بە دەنگێکی گڕ ئەو قسەیەی کرد، کۆکەکۆکی پێکەوت، ڕووی گرژ بوو و لە سەری ڕۆیی:

- هەمووی بەرن و بە قوزەڵقورتی بکەن! هەرچیمان هەیە تالانی بکەن!... بیبەن، بۆ خۆتانی بەرن!..

سەرۆکی ئەنجوومەن، بە دەستکێشەکەی ئاماژەی بۆ لای گاڤریلا کرد و گوتی:

- ئەوە چیتە. شێت بووی. وەخۆ وەرەوە، هاپۆ گاڤریلا!..

- بیخۆن،ماڵی خەڵکی بخۆن، بە دەردتان بێ! پێی بتۆپن!...

کابرای قژ زەرد، ئەو چکە ئاوەی بە لا سمێڵیەوە بەستبووی، بە دەست سڕی و نیگایەکی توونـد و تەوسامێزی گاڤریلای کرد و بە دەم بزەیەکی نەرمەوە گوتی:

- بەسە پیرەمێرد، ئەم هەرا و زەنایەت لە چییە. هەرا و هەنگامە دادت نادات، چیتە، کەس پێی لە کلکت ناوە؟

ئەوسا برۆکانی وێکهێنایەوە، لە ناکاوا دەنگی هەڵبڕی:

- زماندرێژی مەکە... زمانی خۆت بگرە!... زمان بوەستێ سەر سەلامەت دەبێ، دەنا خراپ...

بێئەوەی قسەکەی تەواو بکات، بەناو لەپ کێشای بە کیفی دەمانچەکەی لاقەدیا. بە شێوەیەکی نەرم گوتی:

- پێویستە لە ئەمڕۆ زووتر نییە، گەنمەکە بەری بۆ مەڵبەندی کۆکردنەوەی دانەوێڵە!

پیرەمێرد نەترسا، بەڵام لە هەنبەر ئەو قسە توونـد وجدیانەدا کەمێک دایە باریکان و نەرمکێشی. هەستیکرد هەرا وزەنا دادی نادات. لە ڕووی نائومێدی و بێ دەسەڵاتیەوە دەستێکی هەڵتەکاند و بەرەو دالانی ماڵەوە گەڕایەوە. بەر لەوەی بگاتە ناوەندی حەوشەکە، گوێی بە دەنگی نەعرەتە و هاوارێکی گڕ زرینگایەوە:

- کوان، ئەوانەی گەنم و دانەوێڵە لە خەڵکی دەسەنن کوان؟

گاڤریلا، ئاوڕێکی دایەوە، سوارێکی بە دی کرد، ئەسپەکەی بەدەم سەماوە هەستایە سەر هەر دوو پاشوو. ئەژنۆکانی سست بوون، کەوتنە لەرزین. هەستیکرد، بویەرێکی نائاسایی بەڕێوەیە. هێشتا دەمی هەڵنەهێنابوو کە سوارەکە هەرکە زەلامەکانی بە دیار عەمارە گەنمەکەوە بەدی کرد، بە خورتی ئەسپەکەی هێور کردەوە و خستیە سەر هەر چوار پەلی. بە پەلە دەستی برد و تفەنگەکەی لە شانی داگرت.

دەنگی شریخەی گوللەیەک بەرز بووەوە. لە ماوەی ئەو بێدەنگیە کورتەی پاش تەقەی یەکەم باڵی بە سەر حەوشەکەدا کێشا، دوو جار دەنگی میل هێنانەوەی تفەنگهات، قەوانە فیشەکێک لە پڕ دەرپەڕی و کەوتە سەر ئەرزەکە.

دوای کەمێک حەپەسان و حایرمانەکە ڕەوییەوە. کابرای قژ زەرد بە هەڵەداوان خۆی دایە ئاستانەی دەرگای عەمارەکە، دەستە لەرزۆکەکانی برد بۆ کیفی دەمانچەکەی، بە زەحمەت و خاوەخاوێکی زۆر دەمانچەکەی دەرهێنا. سەرۆکی ئەنجوومەن کە وەکو کەروێشک قەڵەمبازی دەدا، بە هەشتاو بە نێو حەوشەکەدا بەرەو کادێنەکە چوو. یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی کۆ کردنەوەی دانەوێڵە، ئەژنۆیەکی لە عاردی نا و یەک یەدەکی نا بەو کڵاوە فەرووەوە کە لە پشت پەرژینەکەوە دیار بوو. ئیدی دەستڕێژی گوللە بە سەر حەوشەکەدا داباری. گاڤریلا، بە تۆبزی لاقی لە بەفرەکە، کە لە تۆ وایە تیایا چەقیبوون، دەرهێنا و بەخاوەخاو بەرەو هەیوانەکەڕۆیی. کاتێ ئاوڕی دایەوە سێ زەلامە پوستین لەبەرەکەی بینی کە بە پەلەپڕوزێ بەرەو خەرمانگا و کادێنەکە دەڕۆیشتن، بە دەم ڕاکردنەوە، لە بەفرە کەڵەکە بووەکە دەچەقین، دەکەوتن و هەڵدەستانەوە. لە ناکاوا پۆلە سوارێک لە دەروازەی حەوشەوە، کە لە سەر گازی پشت بوو، خۆیان بە ماڵا کرد.

سەرکردەکەیان، کڵاوێکی کوبانیانەی لە سەر بوو، ئەسپێکی کوێتی لە ژێردا بوو، بە هەشتاو خۆی بە حەوشەدا کرد، خۆی بە سەر قەڵپووسی زینەکەدا دانەواندبووەوە شمشێرەکەی بە سەر سەری خۆیا بادەدا. چمکی عەبا سپییەکەی، بە دەم بایەکەوە دەشەکایەوە و لە بەرچاوی گاڤریلا وەکو باڵی قوو دەدرەوشایەوە. بەفری ژێر سمی ئەسپەکەی بە سەر و چاوی گاڤریلادا دەپژرا.

گاڤریلا، بێ هێز و بێتاقەت خۆی بە ئەستوونە نەخشینەکەی هەیوانەکەوە گرتبوو، بەچاوی خۆی ئەسپە کوێتەکەی بینی کە چۆن گوڕی بەستەوە و بەسەر پەرژینەکەدا بازی دا و، لە سەر هەردوو پاشووان، بە دەوری کادێنەکەدا کە تا نیوەی پڕ بوو، دەسووڕایەوە. سوارەکەی سەری ئەو پیاوەی کە کڵاو کوبانیەکەی لەسەر بوو، لە سەر ئەسپە کوێتەوە دانەوییەوەو بە شمشێرەکەی بەربووە یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی دانەوێڵە کە بە سکە خشکێ و لەرزە لەرز دەڕۆیی و، هەر لەوێدا پارچە پارچەی کرد..

بەڵام لە خەرمانگا وکادێنەکەوە، دەنگی ناڵەناڵ و هەرا و زەنایەکی نا زەلاڵ دەهات. پاشان دەنگی هاوارێکی دوور و درێژ بەرز بووەوە. دوای تۆزێک دەنگی تەقینی یەک فیشەک هات. ئەو کۆترانەی کە دوای تەقینی یەکەم فیشەک، تارابوون، تازە پەنایان بۆ ژێر گوێسەبانەی عەمارەکە هێنابوو، دووبارە وەکو پریشکی وەنەوشەیی فیشەکە شێتە، بە ئاسمانا بڵاو بوونەوە.

ئەوسا سوارەکان، لە خەرمانگاکەدا، لە ئەسپەکانیان دابەزین.

لەم کاتەدا زرینگە زرینگی زەنگەکانی کلێسا لە سەرانسەری گوندا دەنگی دایەوە. پاشا، کە زەلامێکی سائەقڵی گوند بوو، بە بورجی کلێساکەدا سەرکەوتبوو، لە جیاتی زەنگی خەتەر لێبدات، هەموو زەنگەکانی، وەکو ئەوەی جەژنی پاک بێ، بە جارێ لێدابوو.

سەرکردەی قوزاقەکان، بە خۆی و کڵاوە کوبانیانەکەی و کەوا سپیەکەیەوە لە گاڤریلا هاتە پێشەوە، دەم و چاوی دابوو بە یەکا و ئارەقەی لێدەچۆڕا. لیکاو بە لا لێویەوە دەهاتە خوارەوە

- ئەرێ شوڤانت هەیە؟

گاڤریلا، بە زەحمەت لە بەر هەیوانەکە دوور کەوتەوە. دوای ئەوەی ئەو دیمەنانەی بینی بوو، بە جارێ هەترەشی چوو بوو، زراوی تۆقی بوو، زمانی نەدەگەڕا.

- کەڕی، هەی شەیتانی پیر؟ گوتم شوڤانت هەیە؟ خێرا گونیەکمان بۆ پڕ بکە!

پێش ئەوەی فریا بکەون، ئەسپەکانیان بەرنە سەر ئاخوڕەکە، سوارێک بە هەشتاو لە ڕێگاوە هات و هاواریکرد:

- خێرا سوار بن!... هێزیکی سەربازی پیادە لە گردەکەوە دادەگەڕێن و بۆ ئێرە دێن...

سەرکردە کوبانیەکە، بە دەم نەفرەت و جنێودانەوە، ئەسپەکەی کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوو و هەڵمی لێ بەرز دەبووەوە، لغاو کرد. تەنیا ئەوەندە سەبری کرد تا چنگێ بەفری هەڵگرت و ئاسینی ڕاستی چاکەتەکەی، کە شتێکی سووری تۆخی پێوە

بوو، بسڕێت. وەختێ پێنج سوارەکە بە هەشتاو لە حەوشەکە وەدەرکەوتن، گاڤریلا، پوستینەکەی کابرای قژ زەردی بە تەرکی ئەسپەکەی دوای دواوە بینی.

***

دەنگی دەستڕێژی گوللە لە دۆڵ و دڕکەجاڕەکەی تەنیشت گردەکەوە تا ئێوارە بەردەوام بوو، بێدەنگیەکی وەکو بێدەنگی سەگێکی کوتەک خواردوو بەرەبەرە باڵی بە سەر گوندەکەدا کێشا. تاریکی شینباوی شەوێ تازە خەریک بوو باڵی بە سەر هەموو لایەکدا دەکێشا کە گاڤریلا بەرەبەرە وەخۆ هاتەوە. زاتی وەبەر خۆ نا و لێبڕا بۆ خەرمانجاڕ و کادێنەکە بڕوات، هەر کە لە دەروازە کراوەکەی حەوشە وەدەرکەوت، سەرۆکی ئەنجوومەنی بینی کە دوو لا بە سەر یەکێک لە چەپەرەکاندا کەوتبوو، تاقە گوللەیەکی پێوە بوو، هەر دوو دەستی بۆ خوارەوە شۆڕ بووبوونەوە. لە تۆ وایە دانەویبووەوە تا کڵاوەکەی کە کەوتبووە ئەودیوی چەپەرو پەرژینەکەوە، هەڵبگرێتەوە.

لە نزیکی کادێنەکەوە، لە سەر ئەو بەفرەی کە کا داپۆشی بوو، جەندەکی، هەر سێ ئەو پیاوەی کە بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە هاتبوون، بە ڕێزی یەکەوە کەوتبوو و ڕووت کرابوونەوە و تەنیا جلی ژێرەوەیان لەبەر بوو.

گاڤریلا کە تەمەشای کردن و بەو حاڵەوە دیتیانی، ئەو ڕق و کینەیەی لای بەیانی دەرهەق بەوانە لە دڵا ڕەوییەوە. ئەم دیمەنەی خەرمانگا و کادێنەکەی کە هەمیشە مەیدانی تەراتێنی بزنێن دەرودراوسێکانی بوو کەبۆ خواردنی وردەکا دەگەڕان، ئەم جەندەکانە لەو گۆڕە کەوتبوون و بۆنی مەرگ و بۆگەنییان لێ هەڵدەستا و خڵتانی خوێن بووبوون و خوێنەکە مەیی بوو. ئیدی ئەم دیمەنەی وەکو ڕمووزن و مۆتەکە دەهاتە بەرچاو.

پیاوە قژ زەردەکە لەو گۆڕە کەوتبوو، سەری بە شێوەیەکی نائاسایی وەرسووڕابوو، ئەگەر دیمەنی سەری نەبوایە، کە بە تەواوەتی لە بەفرەکە ڕۆ چووبوو، پیاو وای هەستدەکرد بۆیە پاڵکەوتووە تا تاوێک ئیسراحەت بکات- بەکاوەخۆ لاق لە سەر لاق ڕاکشابوو.

دووەمیان کە کابرایەکی سمێڵ ڕەش بوو، ددانێکی پێشەوەی کەوتبوو و، گرمۆڵە بووبوو و سەری بردبووە نێوان هەر دوو شانییەوە، بە تووڕەیی دانی ڕیچ

کردبووەوە. سێیەمیان کە بە سەرا کەوتبووە ناو کایەکەوە، و بە بێ جوڵە لە سەر بەفرەکە کەوتبوو، بە دەستەکانیا دیار بوو، کە بەر لەوەی مەرگ لە جووڵەی بخات هەوڵ و تەقالایەکی زۆری دابوو.

گاڤریلا، بە سەر جەندەکی کابرای سمێڵ زەردا دانەوییەوە. ڕوانیە سەر و سیمای ڕەش داگەڕاوی، لە سووانددا ڕاجفری: ئەوەی لە بەردەمیا کەوتبوو، ئەفسەرە تووڕە و تڕۆ و چاو زیتەکەی ماوەیەک لەمەوبەر نەبوو، کە بۆ کۆکردنەوەی دانەوێڵە هاتبوو، بەڵکو گەنجێکی نۆزدە ساڵانی باڵا بەرز بوو، مووە نەرمەکانی ژێر سمێڵە زەردەکەی تۆژاڵە بەفرێکی لە خۆ گرتبوو، لە دوورەوە سپی دەچووەوە، تاقە نیشانەیەکی سەختگیری بە سیمایەوە نەدەبینرا جگە لەو گرژییەی کەبە سەر هەنیەیەوە بوو.

گاڤریلا، هەروا، بە بێهیچ مەبەستێک دەستی خستە سەر سینگی ڕووتی ئەم گەنجە، حەپەسا، غافڵگیر بوو، لەو سەرما و سەهۆڵبەندانەدا هەستیکرد، گەرمیەکی خەفە لەناو لەپی گەڕا...

پیرەژن، کە بینی گاڤریلا جەنازەیەکی خڵتانی خوێنی، تەختە ئاسایی داوە بە کۆڵا و بە هانکە هانک دەیهێنێ، لە ترسا هاوارێکی کرد و پاشەوپاش بۆ لای موغەیرییەکە ڕۆیی و نیشانەی خاچی کێشا.

پیرەمێرد، جەنازەکەی لە سەر تەختێک ڕاکشاند، ئاوێکی ساردی پێدا کرد، ئەوجا بە لفکەیەکی زبر کەوتە مەسحی هەر دوو لاق و دەست و سینگی، ئەوەندەی مەسح کردن تا ماندوو بوو، ئازای نیشتە سەر ئارەقە. ئەوسا بە قێزوبێزەوە گوێی نا بە سینگە سارد و سڕەکەیەوە، بە ئاستەم گوێی لە دڵی بوو، کە بە ئاستەم و ناوبەناو لێی دەدا.

***

سێ ڕۆژ و چوار شەو، ڕەنگ زەرد و زەعیف وەکو مردوو، لە ژوورە گەورەکەدا یەک تەختە ڕاکشا. شوێنەواری زامێکی قەتماغە بەستوو، لە هەنیەیەوە تا خوار گۆنای داکشابوو. سینگی توند بە سارغی پێچرابوو، کە هەناسەی دەدا قرخەقرخی پێدەکەوت و بە ئاستەم پەتۆکەی بەرز ونزم دەکردەوە.

گاڤریلا، هەموو ڕۆژێک، بە قامکە زبر و قڵیشاوەکانی لێوەکانی لێکدی دەکردنەوە و بە نووکی چەقۆیەک زۆر بە پارێزەوە، ددانە ڕیچ بووەکانی لێکدی دەترازاندن. پیرەژنیشبە قامیشێک شیری گەرم و گۆشتاوی بە دەمەوە دەکرد.

بەیانی ڕۆژی چوارەم، گۆناکانیکابرای قژ زەردا، کەمێک ئاڵییان تێگەڕا، دەوروبەری نیوەڕۆ، ڕوخساری، وەکو لقی ناسکی گۆیژە کێویلەی پاش سەرما و سەهۆڵبەندان، سوور هەڵگەڕا. ئازای کەوتە لەرزین، لە ژێر کراسەکەیەوە، ئارەقەیەکی سارد و لینجی کردەوە.

لەو ساتە بە دواوە، بەرەبەرە کەوتە وڕینەیەکی خاو و پچڕپچڕ، هەوڵی دەدا، لە جێگا هەستێت. گاڤریلا و پیرەژنەکەی خێزانی شەو و ڕۆژ بە نۆرە ئێشکیان دەگرت، بە دیاریەوە دادەنیشتن و چاودێریان دەکرد.

لە سەرانسەری شەوانی درێژی زستاندا، کاتێ کەبای ڕۆژهەڵات لە قۆڵی دۆنەوە هەڵیدەکرد، ئاسمانی تار و تاریکی دەدا بە یەکا و هەورێنساردی، بە نزمی بە سەر گوندا بڵاو دەکردەوە، گاڤریلا بە لای پیاوە بریندارەکەوە دادەنیشت، سەری لە نێو هەر دوو دەستی دەنا، گوێی لەو چیرۆک و وڕینە بێ سەر و بەرانە دەگرت کە بە زمانێکی ئاڵۆز و نەفامکری شتێکی دەگێڕایەوە کە پیتی ( واو )ی زۆر تیابوو. لەو پەڵە سێ گۆشە بۆرباوە ڕادەما کە تیشکی هەتاوەکە لە سەر سینگی دروستی کردبوو. لەو پێڵوە نووقاوانە ڕادەما کە شین هەڵگەڕابوون و خەرمانەیەکی کەوەیی دەوری دابوون، هەرکاتێ کە ئاه و ناڵەیەکی سەخت، یان فرمانێکی وشک و خەفە، یان جنێوێکی پیس لە لێوانی زەردی ئەوەوە دەردەچوو، و ڕوخساری لە تووڕەیی و قاردا گرژ دەبوو، لەو کاتانەدا، وەک دەمبێن لە گۆزەی سەرەونخون هەڵگرن کونی فرمێسکانی گاڤریلا بەر دەبوو، ڕوندک بە بەرۆکیا دەڕژا، لەو ساتانەدا بەزەیی دەوروژا.

گاڤریلا سەیری کرد پیرەژنەکەی خێزانی، بە دیار ئەم کوڕە بریندارەوە ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێ، ڕەنگی هەڵدەبزرکێ و زەرد دەبێت، ڕوندک بە چرچ و لۆچی ڕوومەت و گۆناکانیەوە دێتە خوارەوە. زانی، یا بە دڵ هەستی کرد، کە خۆشەویستی پیرەژن بۆ کوڕە جوانە مەرگەکەی، بۆ پیترۆ، کە بە کامی دڵ بۆی نەگریابوو، چووەتە سەر ئەم کوڕە غەریب و بێگانەیە، کە مەرگ بە دەوریا دەخولێتەوە... بۆنی کوڕەکەی خۆی بەم کوڕە بێگانەیەوە ناوە...

ڕۆژێک فەوجێک بەم گوندەدا تێدەپەڕی، فەرماندەی فەوجەکە دێت بۆ ماڵی گافریلا، ئەسپەکەی لە بەر دەرگای حەوشە بە موراسیلەکەی دەسپێرێ، بە ڕینگ و هۆڕی شمشێرەکەی و بە تەق و تۆقی مامێزەکانیەوە خۆی دەگەیەنێتە بەر دەرگای هەیوانەکە. کڵاوەکەی دادەگرێت و خۆی بە ژووری دانیشتنا دەکات، ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی بە دیار برینداراەکەوە دەوەستێ. ڕەنگی ڕوخساری برینداراەکە زەرد بوو، داوێکی باریکی خوێن، بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمای لەشی، لە نێوان هەر دوو لێوییەوە داچۆڕا. کابرای فەرماندە، کە داوی پیرییەکی زووڕەس کەوتبووە سەری، سەرێکی بادا، خەم نیشتە سەر ڕوخساری، چاوی لە چاوانی گاڤریلا گواستەوە و ڕوانییە شوێنێکی دوور و گوتی:

- پیرەمێرد، ئاگات لەم هاوڕێیەمان بێت.

گاڤریلا، لێبڕاوانە بەرسڤی دایەوە: - بێگومان ئاگامان لێی دەبێت!

ڕۆژان بوون بە هەفتە و هەفتە تێپەڕین، جەژنی کریسمیس هات و تێپەڕی، کابرای قژ زەرد بۆ یەکەمجار، لە ڕۆژی شازدەمیندا چاوی هەڵێنان. گاڤریلا گوێی بە دەنگێکی کز و زەعیف، زەعیف وەکو جۆڵاتەنە زرینگایەوە:

- پیرەمێرد ئەمە تۆی؟

- بەڵێ منم.

- خراپیان پێ کردووم وا نییە؟

- مەسیح فریامان کەوت.

گاڤریلا، سووکە تەوس و توانجێکی سادەی دوور لە هەر بەدخواییەکی لە سووکە نیگا شەفافەکەیدا خوێندەوە.

- ئەدی هاوڕێکانیدی چییان بەسەر هات؟

- ئەوان... لە مەیدانەکەدا ناشتمانن.

برینداراەکە، بە بێدەنگی، بە قامکەکانی پەتۆکەی جوڵاند و چاوی بڕییە، دەستەکە بۆیە نەکراوەکانی میچەکە.

گاڤریلا لێی پرسی: - ناوت چییە؟

بە بێ تاقەتی پێڵوە شینەوە بووە دەماراویەکانی داخست.

- نیکولای.

گاڤریلا گوتی:

- دەی باشە... ئێمە ناوت دەنەین پیترۆ... کوڕێکمان هەبوو نێوی پیترۆ بوو..

گاڤریلا، بۆ ساتێک لە فکران ڕاچوو، دەیویست شتێکی دیکە بپرسێت، کە گوێی لە دەنگی هەناسەی ڕێک و پێکی ئەو بوو وکە بینی بۆ ئەوەی هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت، هەر دوو دەستی بەم لاو بەولای قەرەوێڵەکەدا کردنەوە، ئەم بە ئەسپایی و لەسەر نووکی پا لە قەرەوێڵەکە دوور کەوتەوە.

***

ژیانی، بە خاوی و بە نەبەدڵی بۆ گەڕایەوە. هەیڤی دوایی بە زەحمەتێکی زۆر سەری لە سەر سەرینەکەی بەرز کردەوە، پشتی یەکپارچە برین و قورحەی سەر جێگا بوو.

هەر ڕوژێ دەبووری گاڤریلا، بە ترسێکی ئاشکراوە هەستی دەکرد لە ناخی دڵەوە بۆن دەنێ بە پیترۆی تازەوە، سۆزی دەچێتە سەری و زیاتر ڕمووده و هۆگری دەبێت. کەچی وێنەی پیترۆی یەکەمی، واتە کوڕەکەی خۆی، لە بەرچاو و لە زەینا کاڵ دەبێتەوە، ڕێک وەکو ئەو پرتەوە مردەلۆخەی، زەردەپەڕی ئێواران کە لە شووشەی پەنجەرەی کولبەکەیانی دەدا، سات بە سات لێڵ و لێڵتر دەبوو. زۆری هەوڵدا خەم و پەژارەکانی ڕابردووی بە سەر بکاتەوە و دووبارە وەکو جاران زندوویان بکاتەوە، بەڵام بێفایدە بوو، ڕابردوو سات بە سات دوورتر دەکەوتەوە. لە دڵی خۆیدا هەستی بە جۆرە شەرمەزاری و پەشێوییەک دەکرد، بۆیە... لە ژوورەکە وەدەردەکەوت، دەچوو بۆ گەوڕی حەیوانەکان بە سەعاتان لەوێندەر کاری دەکرد. لێ کە بیری دەکەوتەوە بە درێژایی ئەو ماوەیە ژنەکەی بە دیار پیترۆوە دانیشتووە و بە نیونەخت بە جێی نەهێشتووە، هەستی بە جۆرە ئیرەییەک دەکرد. بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، بە تەپەتەپ دەچووە ژوورەوە، بە بێدەنگی لە ژوور سەری پیترۆ ڕادەوەستا. بە قامکە زبرەکانی پەردەی سەر سەرینەکەی ڕێک دەخست، کە نیگای

لە نیگای تووڕەی پیرەژن هەڵدەنگوت، بە بێ دەنگی و بێ جووڵە لە سەر کورسییەک ڕۆدەنیشت.

پیرەژن، گۆشتاوی خورما چەچانی کێوی و جۆشانەی ئەو گیا و ڕووەکانەی، کە لە وەرزی بەهارا، لە مانگی ئایارا گوڵدەکەن و پێدەگەن، دەرخواردی پیترۆ دەدا. ئیدی چ بە هۆی ئەو خۆراکانەوە و چ بە هۆی گوڕ و تینی لاویەوە بووبێ، کوڕە بەرەبەرە بوژایەوە، بە سەر نەخۆشیەکەیا زاڵ بوو. زامەکانی سارێژ بوونەوە، گۆنا ناسکەکانی ئاڵ بوونەوە، خوێنیان تێ زایەوە. بەڵام باسکی ڕاستی بە باشی نەگیرسایەوە، ئێسکەکەی لە ژێر دەفەی شانیەوە شکابوو و پێدەچوو چاکیش نەبێتەوە.

بەڵام پیترۆ، وێڕای ئەوەش، بۆ یەکەمجار و بەبێ کۆمەکی هیچ کەسێک، لە هەفتەی دووەمی ڕۆژووی گەورەدا، لە نێو جێگاکەیا دانیشت. بزەیەکی دوور و درێژ نیشتە سەر ڕوخساری، وادیار بوو سەری لە توانای خۆی سووڕما بوو.

شەوێ گاڤریلا، بە دەم کۆکەکۆک و قرخەقرخەوە، لە مووبەقەکەوە بانگی کرد:

- پیرەژن، خەوتووی؟

- چیتە؟

- دەڵێم، کوڕەکەمان بەم زووانە چاک دەبێتەوەو هەڵدەستێتەوە... سبەینێ پانتۆڵەکەی پیترۆ لە سەندووقەکە دەربێنە... دەستێک جلکی تەواوی بۆ ئامادە بکە... ئەم کوڕە هیچی نییە لەبەری بکات.

- دەزانم، هەموو شتێکم بۆ ئامادە کردووە.

- کە ژنێکی بە مشووری!... پاڵتۆ فەروەکەشت بۆ دەرهێناوە؟

- ئەدی مەعنای چی؟ خۆ ئەم کوڕە بە ڕووتی ناسوڕێتەوە؟

گاڤریلا، یەک دوو تلی لە سەر موغەیریەکە دا، خەریک بوو خەوی لێدەکەوت، بەڵام شتێکی دیکەی بیر کەوتەوە و بە خۆشییەوە سەری هەڵبڕی:

- ئەدی کڵاوەکە؟ لەوە دەچێ بیرت چووبێ پیرە قاز!

- ئۆی، وە توخوا ئەگەر وازم لێ نەیەنی! ڕەنگە لە دوێنێوە چل چەلان بە لایدا ڕۆیشتبی و نەت دیتبێ، ئەوەتا لە بەرانبەرتا، بەو بزمارەی دیوارەکەی ئەوبەرەوەم هەڵواسیوە!...

گاڤریلا، کۆکەیەکی بە ئازاری کرد و ئەوسا بێدەنگ بوو.

بەهار خەریک بوو، ژیان و چالاکی وەبەر دۆندادەکرد. بەفر ڕەشایی تێکەوت، لە تۆ وایە کرم تێی داوە و خواردوویەتی. ئیدی لە ژێرەوە فشەڵ بوو، لووسی و سفتیەکەی جارانی نەما. گردەکە بەفر و بەستەڵەکی پێوە نەما، بەفری دەشتەکە بەرەبەرە توایەوە، بۆ دۆڵ و شێوەڵەکان پاشەکشەی کرد. کەنارە دوورە دەستەکانی دۆن، بە ئارامی لە ژێر تیشکی چڕی هەتاودا، ڕاکشابوو، ئیدی ئەو بایەی لە دەشتە پان و بەرینەکەوە دەهات، بۆن و بەرامەی تاڵی پاشماوەی " خاراگوش "ی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. ( خاراگوش: گیایەکی خۆڕسکە، نیو مەترێک بەرز دەبێتەوە، گوڵی زەرد دەگرێت، بۆنی ناخۆشە، وەکو بۆنی ئەسپەنیک و نەفتالینە ) .

ئیدی کۆتایی مانگی ئایار بوو.

***

- بابە ئەمرۆ هەڵدەستم!

هەرچەندە هەموو ئەو سەربازە سوورانەی بە بەر ماڵی گاڤریلادا دەڕۆیشتن کە سەرە سپیەکەیان دەبینی بە بابە بانگیان دەکرد، لێ گاڤریلا ئەمجارە ئەم بانگکردنەی لەگیان خۆش بوو، هەستی دەکرد گەرمیەکی تایبەتی تیایە. ڕەنگە هەر ئەو وای وێناکردبێ، یان پیترۆ بە ڕاستی ئەو وشەیەی بە خۆشەویستییەکی فرزەندانەوە درکاندبوو. لێ بە هەر حاڵ ڕوخساری پیرەمێرد بە تەواوەتی سوور هەڵگەڕا، کۆکەکۆکی پێکەوت، بە دەم شاردنەوەی شادی و شڵەژانەکەیەوە و لە بن لێوانەوە گوتی:

- سێ مانگە لە جێدا کەوتوویت... ئیدی کاتی ئەوە هاتووە هەستیت پیتیا! ( سووکە ناوی پیترۆیە ) .

پیترۆ، بە شەلەشەل و لارەلار چوو بۆ بەر هەیوانەکە، بایەکی هێندە زۆر چووە سییەکانیەوە لەزگ بوو بخنکێ. گاڤریلا لە پشتەوە گرتی و یارمەتی دا، پیرەژن کە

لە بەر هەیوانەکەدا مژووڵ بوو، بەو دیمەنە دڵی پڕ بوو، فرمێسکە حازرەکانی بە چمکی بەرکۆشەکەی سڕی.

کاتێ پیترۆی، زڕ کوڕیان بە شەلەشەل بەبەر عەمارە سەربان داڕوخاوەکەدا تێپەڕی پرسی:

- ئەرێ ئەوسا ئاخری دانەوێڵەکەت دانێ؟

گاڤریلا، بە نەبەدڵییەوە گوتی: - دامنێ!

- کارێکی باشت کردووە بابە!

وشەی ( بابە ) دووبارە پیرەمێردی دڵخۆشکردەوە. پیترۆ هەموو ڕۆژێ، خۆی دەدا بە سەر دار عاساکەیدا و بە شەلەشەل، بەناو حەوشە دەکەوت. گاڤریلا لە هەر شوێنێک بوایە، لە کادێنەکە بایە، لە بەر هەیوان و بانێژەکە بوایە، لە هەر پەنایەک بوایە، بە نیگەرانی و ترسەوە دەیڕاونیە کوڕە تازەکەیان کە نەبا بخزێ و بکەوێت.

ئەمانە زۆر کەم قسانیان پێکەوە دەکرد. بەڵام ئەو پەیوەندییە سادەیەی نێوانیان ڕۆژبەڕۆژ پتر بە خۆشەویستی ئاوەدان دەبووەوە.

دوو ڕۆژێک دوای ئەوەی پیترۆ بۆ یەکەمجار بە ناو حەوشە کەوت، گاڤریلا شەوێ، بەر لە خەوتنان، لە کاتێکا لە سەر موغەیریەکە بە ئاسوودەیی پاڵکەوتبوو، پرسی:

- تۆ خەڵکی کوێندەری کوڕەکەم؟

- ئورال.

- لە بنەماڵەیەکی جووتیاری؟

- نە... بە ڕەچەڵەک کرێکارین.

- یانی چۆن کارێک؟ یانی پیشەیەکت هەبوو... وەکو پینەدۆزی؟ تەنەکەچیەتی؟

- نە، باوکە گیان، من لە کارخانەیەک کارم دەکرد، کارخانەی ئاسن توانەوە، لە منداڵییەوە لەوێ کارم دەکرد.

- ئەد چۆن بە گەڵ لیژنەی کۆکردنەوەی دانەوێڵە کەوتی؟

- لە سوپاوە ناردیانم.

- باشە ئەوکات لە لای ئەوان چی بووی؟ فەرماندە بووی؟

- بەڵێ بابە.

هەرچەندە پرسیارەکەی دواتر هەندێ دژوار بوو، بەڵام ئەم پرسیارەی مەبەست بوو.

- بەم پێیە تۆ حیزبیت؟

پیترۆ، بە دەم بزەیەکی ڕەخشانەوە بەرسڤی دایەوە:

- من کۆمۆنیستم.

گاڤریلا کە ئەو بزە ڕەخشانەی بە ڕووی پیترۆوە بینی هیچ ترسێکی لەو وشە غەریب و نامۆیە نەما، هەستیکرد، وشەیەکی ترسناک نییە.

پیرەژن، دەرفەتی هێنا و بە جدی پرسی:

- پیترۆ گیان کەس و کارت هەیە؟

- کەسم نییە! من وەکو ئەو مانگەی بە حەوێقی ئاسمانەوەیە، تەنیای تەنیام!

- دایک و باوکت مردوون؟

- هەر بە منداڵی... تەمەنم حەوت ساڵان بوو، بابم بە سەرخۆشی شەڕی کردبوو و کوژرابوو، دایکیشم بە ڕەدووی دۆستێکی کەوتبوو و ڕۆیی بوو.

- هەی دێڵە قۆڕ! یانی تۆی داماوی بەو منداڵیە بەجێهێشتووە؟

- لەگەڵ کابرایەکی قۆنتەراتچیدا ڕۆیی. من لە کارخانەکەدا گەورە بووم.

گاڤریلا، لاقی لە سەر موغەیریەکەوە شۆڕ کردنەوە، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، ئەوسا بە ئەسپایی و پچڕپچڕ کەوتە قسان:

- جا کوڕی خۆم مادامێکی کەس و کارت نییە، لە لای ئێمە وەمێنە... ئێمە کوڕێکمان هەبوو، بە یادی ئەوەوە بە پیترۆ گازت دەکەین – ئیدی، ژیا، پاشان ڕۆیی، کوژرا،

ئێستاش من و پیرەژن، پیر قەل و برادەر بە تاقی تەنیا ماوینەتەوە. عەمری پیرە مەڕێکمان ماوە و خەریکە بە دوو قۆڵی بە سەری دەبەین... ئێمە ماوەیەکی زۆر لە خەمی تۆدا بووین، خزمەتمان کردیت، ئێشکمان گرتیت، شەو نخونیمان بە دیارتەوە کرد، ڕەنگە هەر لە بەر ئەوە بێ کە بەم ڕادەیە ڕموودە و هۆگرت بووین و خۆشمان دەوێی. هەرچەندە تۆ لە خوێنی ئێمە نیت، لە خوێنی بێگانەیت، بەڵام ئێمە لە ناخی دڵەوە وەکو ئەوەی پارچەیەک بی لە جەرگی خۆمان، بەو ئاوایە سوومان لێ خواردوویت و بە خەمتەوە بووین... پیاوی چاکبە وەمێنە! بۆ خۆمان بە فەلاحەتی دەژین. لێرە لە دۆن زەوی و زارمان هەیە، زەوی و زاری دۆن بە پیت و بەرەکەتە. نەک هەر پێی دەژین، بەڵکو لێشمان زیاد دەبێت و ژنێکیشت بۆ دێنین... من پێنج و دوو ڕۆژێکم ماوە، ئیدی تۆ دەبی بە خاوەنی هەموو شتێک. ئەوەی من لە تۆم دەوێ، تەنیا ئەوەیە ڕێزی پیریەکەمان بگریت و تا دەمرین نان و ئاومان بدەیتێ... جا پیترۆ گیان پیاوی چاک بە، مەردی خوا بە ئێمەی پیر بەجێ مەهێڵە...

بە درێژایی ئەو ماوەیە سیسرکێک، لە پشت موغەیریەکەوە بە دەنگێکی تیژ و یەکنەوا دەیزریکاند و بایەکە بە لورەلور خۆی بە پەنجەرەکاندا دەکرد.

- ئێمە، من و پیرەژن، ماوەیەکە مژوولی ئەوەین ژنێکت بۆ بدۆزینەوە.

گاڤریلا، بە دەم خۆشیەکی دەستکردەوە چاوێکی داگرت. بەڵام بزەیەکی سارد کەوتە سەر لێوە لەرزۆکەکانی.

پیترۆ، چاوی بڕی بووە پارکێتیشەق بردوو و هەڵئاوساوی زەمینەی ژوورەکە، بە دەستی چەپی، بە هێواشی دەیکێشا بە سەر مێزەکەدا، دەنگی مێزەکە زۆر ناخۆش بوو. تەپ، تەپ تەپ. دیار بوو بیری لە وەڵام دەکردەوە. دوای ئەوەی لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا، دەستبەرداری لێدانی مێزەکە بوو، سەری لەقاند:

- باوکە، من لە گەڵتانا دەمێنمەوە، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە دەمێنمەوە، بەڵام وەکو دەبینی من وەکو پێویست بە کەڵکی کار کردن نایەم... باسکی ڕاستم چاک نەبووەتەوەو ڕەنگە چاکیش نەبێتەوە... بە نەعلەتم کرد ئاوەها! بەڵام بە گوێرەی توانای خۆم کار دەکەم... ئەم هاوینە لێرە دەمێنمەوەو پاشان بیرێک لەم مەسەلەیە دەکەینەوە.

گاڤریلا، قسەکەی بۆ تەواو کرد:

- پاشان، لەوەیە بۆ هەمیشە لێرە بمێنیتەوە!

لە ناکاوا چەرخی خەڕەکەکە، لە ژێر پێی پیرەژنا کەوتە جیڕەجیڕێکی خۆش، و لە هەمان کاتدا و بە دەم هەڵکردنی داوە خوریە باریکەکانەوە بە دەوری مەکۆکەدا، خشەخشێکی خۆش بەرز بووەوە.

ئایا ئەم دەنگە دەنگ و خشەخشە، نەوای لایە لایەیەک بوو، یا ئەم خشەخشە لە پەستا و بێ پسانەوەیە بووبێ بە ئاواز و مژدەی ژیانێکی خۆش و پڕ ئومێد- کێ چوزانێ؟

***

دوای بەهار، نۆرەی ڕۆژانی گەرمی لە خۆرا هەڵکشاو هات، کەلە گەرد و تۆز و گەردەلوولی زۆری بیاباندا شەپۆلی دەدا و لە دوورەوە کەوەیی دەهاتە بەرچاو. کەش و هەوا تا ماوەیەکی زۆر ئارام و جوان بوو. بەڵام دۆنی یاخی و سەر شێت وەکو هەمیشە هەستا، شەپۆل بە شەپۆلی دەوت بەولاوە، هەرە شەپۆلە بە قەد باڵای زەلامێک بەرز دەبووەوە و شڵپ بەر دەبووەوە، ئاوی لەهی و لافاو، ماڵەکانی قەراخ گوندی شۆردەوە. بەڵام کەنارە دوورە دەستەکەی دۆن، لە دوورەوە سەوز دەچووەوە، سەوزێکی سپیواژ، بایەکەی پڕ کردبوو لە بۆن و بەرامەی هەنگوێنی گەڵا و گوڵی سپیداران. گۆلاوێک لە نێو مێرگ و مەزراکاندا هەبوو، کە یەکپارچە پەڕەی گوڵ و شکۆفەی سێوی کێوی دای پۆشی بوو و لە دوورەوە، وەکو گوڵ سوور دەچووەوە.

لە شەوانا، چەخماخەی هاوینەی هەورە بروسکە، لە دووری دوورەوە، وەکو چاو بڕکێی پڕ لە نازی کیژان، قووڵایی ئاسمانی بۆ نیو نەخت ڕۆشن دەکردەوە وئاوا دەبوو. شەوان وەکو ئەو چەخماخە کورت و کەم دەوامن. گاجووتان، فریا نەدەکەوتن، تا دوای کاری پڕ زەحمەتی ڕۆژگاری درێژ کەمێک بحەسێنەوەو گوڕ وتینیان وەبەر بێتەوە.

گاران و وڵسات دەکرانە دەشت و دەر، وڵاخەکان بە ڕادەیەک لاواز بووبوون، پێستیان بە سەر ئێسکیانەوە وشک بووبوو.

گاڤریلا و پیترۆ یەک هەفتەیان پێکەوە لە دەشت و بیابانەکەدا بەسەر برد. پێکەوە زەویان دەکێڵا. ماڵە و چانیان پێدا دێنا وسافیان دەکرد و تۆویان دەدا، شەوان لە ژێر گالیسکەکەدا دەنووستن و بە هەر دووکیان یەک فەروەیان بە خۆدا دەدا. بەڵام گاڤریلا، قەت باسی ئەو پەیوەندییە بە تینەی نەدەکرد کە بە کوڕە تازەکەیەوە دەبەستەوە. کوڕێکی قژ زەردی ڕوو خۆشی کاردۆست بوو، بەوخەسڵەتانەی، پیترۆی جوانە مەرگی بیر دەهێنایەوە، ئەو پیترۆیەی کە ڕۆژ بەڕۆژ، لە زەین و خەیاڵدانی گاڤریلادا کاڵ و کاڵتر دەبووەوەو درەنگ ودرەنگتر یادی دەکردەوە.

کارکردن، بە جۆرێ مژوولی دەکرد، کە دەرفەتی یادکردنەوەی پیترۆی جوانە مەرگی نەدەدا.

ڕۆژگار، زۆر بلەز و بێئەوەی هەستی پێبکرێت تێپەڕین، وەرزی دروێنە بەر دەرگای گرت.

ڕۆژێک، بەیانی زوو، پیترۆ هەستا، ماوەیەکی زۆر خەریکی مەکینەی دروێنەکە بوو، گاڤریلا کە بینی زۆر وەستایانە و لێهاتووانە خەریکی مەکینەکەیە، دەمە داسە کۆنەکانی لە کوورەدا دەمە زەرد دەکاتەوە، دەمە کۆن و بێ کەڵکەکان لادەبات و دەمە داسی تازەیان لە جێگا دادەنێ، زۆری سەر سوڕما. پیترۆ، تا ئێوارە هەر خەریکی مەکینەی درەوەکە بوو، کە ئێوارە داهات و دنیا تاریک بوو، چوو بۆ بارەگای ئەنجوومەنی گوند، کە بۆ کۆبوونەوە بانگ کرابوو. لەم کاتەداپیرەژن کە چووبوو بۆ ئاو، هاتەوە. نامەیەکی لە دایەرەی پۆستەوە هێنابوو. نامەکە لە زەرفێکی چڵکن و کۆندا بوو. لە سەری نووسرابوو، تکایە لە ڕێگای گاڤریلاوە، بە دەستی هاوڕێ نیکولای کاسیخ بگات.

گاڤریلا، تووشی نیگەرانییەکی گونگ بوو، نامەکەی بە دەستەوە گرت، ماوەیەکی زۆر ئەم دیو و ئەو دیوی کرد، سەری زەرفەکە بە خەتێکی ناخۆش و بە قەڵەمی قۆپی نووسرابوو و مەرەکەبەکەی بڵاو بووبووەوەو پەڵەپەڵە بووبوو.

نامەکەی بەرز کردەوە، دایە بەر تیشکی هەتاوەکە، لێ زەرفەکە لەوە ئەستوورتر بوو، هیچی لێ بێتە هەڵکڕاندن.

گاڤریلا، بە دەستی خۆی نەبوو، زۆر بەم نامەیە، کە ڕەوتی ژیانی ئارام و ئاسایی ئەوی شێواند، قەڵس و تووڕە بوو.

لە هەوەڵەوە وای هات بە خەیاڵدا کە بیدڕێنێ، بەڵام پاش ئەوەی کەمێک بیری کردەوە، بڕیاریدا نامەکە بیگەیەنێتە دەست خاوەنەکەی. تا بەر دەرگا بە پیر پیترۆوە چوو و هەواڵەکەی دایێ:

- کوڕی خۆم، نامەیەکت لە شوێنێکەوە بۆ هاتووە.

بە سەرسامیەوە گوتی: - بۆ من؟

- بۆ تۆ، ها وەرە بیخوێنەوە!

گاڤریلا لە ژوورەوە چراکەی داگیرساند و بە چاوە تیژەکانی ڕوخساری پیوتەری، کە بەدەم خوێندنەوەی نامەکەوە، سات بە سات دەگەشایەوە، دابێژت. ئەنجام هەداری لەبەر بڕا و پرسی:

- لە کوێوە هاتووە؟

- لە ئوراڵەوە هاتووە.

پیرەژن، بە کونجکاویەوە پرسی:

- کێ ناردوویەتی؟

- هاوڕێیانی کارخانەکەم.

گاڤریلا، یەکسەر ڕاچڵەکی : - چییان نووسیوە؟

پرشنگی چاوانی پیوتەر، دامرکایەوە و بە نەبەدڵی گوتی:

- داوام لێدەکەن بۆ کارخانەکە بگەڕێمەوە... بە تەمان وەگەڕی بخەنەوە. لە ساڵی ١٩١٧ وە لە کار کەوتووە.

گاڤریلا، بە دەنگێکی کز پرسی:

- باشە... تۆ دەڕۆیت؟

- نازانم...

***

پیترۆ، ڕۆژ بە ڕۆژ لاواز دەبوو و ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا. شەوان گاڤریلا، گوێی لێ بوو چۆن ئاهی هەڵدەکێشا و تا بەیانی لە ناو جێگاکەیدا گینگڵی دەدا. دوای ڕامان و هزرینێکی زۆر گەییە ئەو باوەڕەی کە پیترۆ لە گوندا هەڵناکات. جووت و جووتکاری و زەوی کێڵان و فەلاحەتی کاری ئەو نییە، ئەو کارخانەیەی کە پیترۆ لە هەمێزیا گەورە بووبوو، درەنگ یان زوو، پیترۆ لەم دەسەنێتەوەو بۆ لای خۆی دەباتەوە. دووبارە ڕۆژانی شوومی تەنیایی و ناخۆشی دەست پێدەکاتەوە. گاڤریلا خۆزی دەخواست بتوانێ ئەو کارخانە نەفرەتیە، لە بن و بستاتەوە هەڵتەکێنێ و وێرانی بکات، داری بە سەر بەردییەوە نەیەڵێت، لە گەڵ ئەرزا تەختی بکات، و شوێنەکەی ببێت بە زەردە دڕک و پێکوڵە و گیاێن کێوی!

ڕۆژی سێیەمی دروێنەیان بوو، وەختایەک بۆ ئیسراحەت و ئاو خواردنەوە چوون بۆ لای گالیسکەکە و لە سێبەری گالیسکەکەدا دانیشتن، ئەمجارەیان پیترۆ دەست پێشکەری کرد و گوتی:

- باوکە گیان، من ناتوانم لێرە بمێنمەوە! فایدەی نییە، بۆ کارخانەکە دەگەڕێمەوە، گازم دەکات، ئۆقرەی لەبەر بڕیووم، خەریکە سووم بۆی دەبێتەوە...

- یانی بە ژیانی ئێرە ڕازی نیت؟...

- مەسەلەکە ئەوە نییە... کاتی خۆی وەختایەک سوپای کولچاک هێرشی بۆ شارۆچکەکەمان کرد، دەدانە ڕۆژی تەواو داکۆکیمان لە کارخانەکەمان کرد. پیاوانی کولچاک کە شارەکەیان گرتین نۆ کەسیان لێ ئیعدام کردین. ئێستاش ئەو کرێکارانەی کە لە خزمەتی عەسکەری گەڕاونەتەوە، خەریکن کارخانەکە نۆژەن دەکەنەوە، سەر لە نوێ وەگەڕی دەخەنەوە... ئەوانە خۆیان و ماڵ و منداڵیان خەریکە لە برسا دەمرن... بەڵام وێڕای ئەوەش هەر کارێکیان لە دەست بێدەیکەن، بەو حاڵەشەوە کار دەکەن ئیدی من چۆن بتوانم لێرە بمێنمەوە؟... پێت وایە ویژدانم ڕێگەم دەدات؟..

- باشە تۆ بە کەڵکی چی ئەوان دێی؟ خۆ بازووت کار ناکات!

- باوکە، تۆ قسەی سەیر دەکەی! ئەوانە پێویستیان بە هەموو کەسێک هەیە.

گاڤریلا، بە دەم شاردنەوەی کەسەر و خەمی خۆیەوە گوتی:

- باشە، من ڕێت لێناگرم، بڕۆ! بەڵام ئەمە بە پیرەژن مەڵێ، بڵێ دەڕۆیت و دەگەڕێیتەوە... ماوەیەک لەوێندەر دەمێنیتەوە و پاشان دەگەڕێیتەوە... دەنا لە خەم و پەژارەدا دەمرێت، چونکە تۆ تاقانەی ئێمەیت...

ئەوسا، بەو ئومێدەوە، بە هانکەهانک، بە دەنگێکی پچڕپچڕ و لە بن لێوانەوە گوتی:

- ئەمە دنیایە بەڵکو بە ڕاستیش گەڕایتەوە؟ باشە بەزەبیت بە پیریماندا نایەتەوە؟

***

عارەبانەکە کەوتە جیرەجیر و گایەکان بە خاوەخاو کەوتنە ڕێ، بەردە گەچینەکانی ژێر  پێچکەی عارەبانەکە کرچەکرچ دەشکان و تۆزیان لێ هەڵدەستا. ڕێگاکە کە بە قەراخ دۆنا دەڕۆیی، لە نزیکی کڵێسایەکی بچووکەوە، بە دەستە چەپا پێچی دەکردەوە. لە پێچەکەوە کڵێساکانی ناوەندی ئاواییەکە و سەوزەزار و باخ و بێستانە دڵڕفێنەکان دەبینران.

گاڤریلا، بە درێژایی ڕێگا دەمی لێک نەنا، هەوڵیدەدا بزە لە لێوانی نەبڕێت.

- ئا لەم شوێنەدا، پێش سێ ساڵ، چەند کیژێک لە دۆندا خنکان. هەر بەم بۆنەیەوە و بە یادی ئەوانەوە ئەم کڵێسا بچووکەیان دروستکردووە.

بە دەسکی قامچیەکەی ئاماژەی بۆ گومەزە داڕوخاوەکەی کڵێساکە کرد:

- ئیدی لێرەوە دەبێ خواحافیزی لێکدی بکەین، چونکە ڕێگا نییە، گردەکە هەرەسی هێناوە. ئاواییەکە لێرەوە هەر فرسەخێک ( ١٠٦٠ م ) دەبێت. دەتوانی بە کاوەخۆ بە پێیان بڕۆی.

پیترۆ، توێشە بەرەکەی پشتی ڕێک خستەوە، لە عارەبانەکە دابەزی. گاڤریلا هەوڵیدا نەگری، قامچیەکەی فڕێدایە سەر ئەرزەکە، بە دەستە لەرزۆکەکانی هەمبێزی بۆ پیترۆ کردەوە:

- بە دوعا گیانەکەم!... بە ڕۆیشتنی تۆ، خۆری پرشنگداری مە ئاوا دەبێت.

لە ناکاوا ڕوخساری پەرێشان و لە فرمێسکا هەڵکشاوی گرژ بوو، بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- خۆ کولیچەکانت لە بیر نەچووە، کوڕەکەم؟... ئەوانەی پیرەژن بۆی دروستکردبووی. لە بیرت نەچووە؟... دەی باشە باش، بە دوعا!... بە دوعا کوڕەکەم.

پیترۆ، بە لەقەلەق و بە گورگە لۆقە، ملی تولە ڕێگاکەی گرت. گاڤریلا، کە خۆی بە قەراخ عارەبانەکەدا دابوو، هاواریکرد:

- بێیتەوە بۆ لامان ها!

دەنگێک لە کانگای دڵیەوە هاواریکرد: "جارێکی دی نایەتەوە!" قژە زەرد و جوان و ئازیزەکەی بۆ دواجار لە سەر پێچەکەوە بەدیار کەوت. پیترۆ بۆ دواجار کڵاوەکەی بۆ تەکاندا، بایەکە شوێن پێیەکانی دەسڕییەوەو گەردەلوولێکی کەوەیی سپیواژی لە دوویەوە هەڵدەستان.

١٩٢٦

تێبینی: ڕۆژی ٢٠١٩/٥/١٢ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە پاچڤەی ئەم چیرۆکانە بوومەوە کە بە شێوەیەکی بەراورد کاریانە لەم سەرچاوانەی خوارەوە کراون بە کوردی، جا ئەگەر ئەمە کەم دابێژێک بووبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافی دەقە کوردییەکە، لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوی یەکەمدا تێک نەکاتەوە ئەوا دەگەڵ دەقی دووەمدا تێک دەکاتەوە و پێچەوانەش پێچەوانەیە و بە دڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەقە کوردییەکە ئەگەر لە هەر دوو دەقە عەرەبی و فارسییەکە پوختەتر نەبێ ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەند و چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

١ – میخائیل شولوخوف/ المولفات المختارة فی اربعه مجلدات / المجلد الاول، قصص الدون، دار "رادوغا "فرع طشقند، ١٩٨٦، ترجمه عبدالله حبه.

٢ – داستان های دون، میخاییل سولوخوف / ترجمه محمد علی عمویی / انتشارات ازادمهر، با همکاری: نشر هادیان /نوبت چاپ : چاپ اول، ١٣٨٨ .

## دەربارەی دۆنی ئارام

حەمەکەریمعارف

میخائیلئالکساندرۆفیچشۆلۆخۆف (١٩٠٥-١٩٨٤) لەرۆژی ١٩٠٥/٥/٢٤دالەگوندێکیناوچەیڤیشنسکایادا،لەخاکیقوزاقنشینیدۆندا،کەروبارێکیگەورەیپڕبەرەکەتبەهەمانناوەوە،بەسەرانسەریدادەڕوات،چاویبەژیانداهەڵێناوە.دایکیخەڵکیئۆکرانیاوبێوەژنیکابرایەکیقوزاقبوو.باوکیخوردەموڵکدارێکینابووتیرووسیخەڵکیستانیرپیازانبوو،بۆدەڤەریدۆنکۆچیکردبووولەپێناویژیانوبەدەستهێنانیبژێویخۆیدا،شانیدایەبەرجۆرەهاکاروکاسبیجیاواز.

دوایئەوەیمیخائیل،بۆخوێندننێردرابۆشارۆچکەیڤیشنسکایا،دایکیکەوتەسەرکەڵکەڵەیئەوەیکەخۆیفێریخوێندنونووسینبکات،تابتوانێتڕاستەوخۆنامەبۆکوڕەکەیبنێرێت.شۆلۆخۆفتاساڵی

١٩١٨واتەتاتەمەنیسیازدەساڵیلەخوێندنبەردەوامبوو.ئیدیلەوساڵەوە،دوایشۆڕشیروو
سیا،شەڕیناوخۆوبزووتنەوەییاخیگەرییلەدیارودەڤەریقوزاقنشینیدۆنداهەڵگیرساوئید
یتۆمارودەفتەریمندالیەتیئەمکورێژگەپڕجۆشوخرۆشەبەتەواوەتیپێچرایەوەوداخرا.ئید
یسێلاویخرۆشاوپڕوودانئەویشیوەکوهەزاراننۆلاویدیکەبەرەومەیدانیجەنگوبراکوژیڕا
مالی.

شۆلۆخۆف،تاسالی
١٩٢٢،لەرێزیسەربازانیسوورا،دژیدژمنانیهاوزمانوهاورەگەزیخۆیجەنگی.هەلبەتەئەم
سالانەپڕبوونلەدیاردەورووداوێنهەمەجۆروهەڤدژ،ڕووداوێندلتەزێن،وەکودلڕەقیوهۆڤی
گەریوبرسێتیونەخۆشیومەرگوکوشتوکوشتار،هەروەهاتەژیبوونلەگیانفیداییودلسۆزیوم
رۆڤدۆستیوهیواوئومێدیپڕشنگدار.دیارەتێکڕائەمدیاردەورووداوانە،کاریانلەناخیشۆلۆ
خۆفکرد،لەقولاییدلودەروونیداپەنگیانخواردەوەو،سەریانکردوزۆرییپێنەچوو،هونەرییان
ەلەڕۆمانیمەزنی (دۆنیئارام)داڕەنگیدایەوەوبەرجەستەبوو.

لەکۆتاییسالی
١٩٢٢دا،دوایئەوەیهەمووبزوتنەوەیاخیگەریوئەنتیشۆڕشەکان،سەرکوتکرانوبارودۆخیو
ەلاتئارامبووەوە،شۆلۆخۆفبەعینوانیکۆمیسەروبەرپرسییەکەیەکلەیەکەکانیکۆکردنەو
ەیدانەوێلەوئازووقەگوازرایەوەبۆمۆسکۆ.
بەلامئەمرێکخراوەعەسکەرییەزووهەلوەشێنرایەوەوشۆلۆخۆف،لەخزمەتمەرەخەسکرا
ووبەبێکارمایەوە.ناچارلەپێناویژیانوگوزەراندا،هەمووکارێکیدەکرد،لەوانە:
کارمەندیئامار،فێرکار،کرێکاریبیناسازی،حەمالی،ژمێریاریورۆژنامەنووسی.
یەکەمینگوتاریئەدەبی،لەتەمەنیهەژدەسالیدا،لەسالی ١٩٢٣دالەرۆژنامەی
(پراڤدایلاوان)دابلاوبووەوە.دوایئەوەئیدیچەشەبووخوویدایەنووسینیکورتەچیرۆکوچ
ەندینچیرۆکیلەڕۆژنامانیتاییبەتبەلاوانبلاوکردەوەولێرەوەئولفەتیدەگەلقەلەمداگرتو
بەتەواوەتیڕێگایئەدەبیاتیگرتەبەر.ئەوەبوولەسالی
١٩٢٥داکۆچیرۆکێکیبەناوی(حیکایەتەکانیدۆن) بلاوکردەوە. لەسالی
١٩٢٦داچەندچیرۆکێکیدیکەیخستەسەرهەمانکۆچیرۆکوسەرلەنوێبلاویکردنەوە.
سیرافیمۆفیچ،کەیەکێکبوولەنووسەرەناودارەکانیئەوسەروبەندە،پێشەکییەکیبۆنووس
یوستایشیتواناوبەهرەینووسەریکردبوو.

شۆلۆخۆف،لەساڵی
١٩٢٥دا،گەڕایەوەبۆزێدوزاگەیخۆیولەڤیشنسکایاداگیرسایەوەوجێگیربوو.لەوێندەرولە
ساڵی ١٩٢٦دادەستیدایەنووسینیڕۆمانیمەزنی(دۆنیئارام) ولەساڵی
١٩٤٠دالەنووسینیبووەوە.
چاپوبڵاوبوونەوەیھەرچواربەرگەکەیئەمڕۆمانەمەزنەکەھەشتبەشە،لەساڵی
١٩٢٨وەتاساڵی ١٩٤٠
یخایاند،یانینووسەرنزیکەیچواردەساڵ،کاریلەسەرکردووەوڕەنجیپێوەکێشاوە..
دەستنووسیڕۆمانەکەدەنێرێتبۆگۆڤاریئوکتۆبەر،کەلەوسەردەمەداسیرافیموفیچسەرنو
وسەریدەبێت.
وەکوئاماژەمانکردیٚسیرافیموفیچپێشترپێشەکیەکیبۆیەکەمینبەرھەمیشۆلۆخۆف،واتە
بۆکۆچیرۆکی (حیکایەتەکانیدۆن)
نووسیبووولەوێدا،تایبەتمەندییەھونەرییەکانیئەمبەھرەگەنجەی،دیاریکردبوو.ئیدیب
ڕیاریدا،لەسەرەتایساڵیتازەی ١٩٢٨وەدەستبەبڵاوکردنەوەیڕۆمانیناڤبریبکات.
سیرافیموفیچ،پێشئەوەیدەستبەبڵاوکردنەوەیڕۆمانەکەبکات،جارێککەلەماڵیخۆیدامیو
انداریچەنددۆستێکیبیانیخۆی،وەکو:
ھنریباربۆس،مارتینئەندرسۆننیکسەوبیلائیلیچدەکات،ھەڵدەستێت،دۆسییەکیئەستوو
ریتاپیکراودادەگرێتوبەدەستییەوەھەڵیدەسەنگێنێتوبەشادییەوەدەڵێت: "
برادەرانیئازیزتکامۆایەئەمناونیشانە: "دۆنیئارام"
لایخۆتانھەڵگرن،ناوینووسەرەکەی "میخائیلشۆلۆخۆف" لەبیرمەکەن.
شایەتیئەمقسەیەبمنبن:
ئەمکارەلەماوەیەکیکەمدالەسەرانسەریڕووسیادادەنگدەداتەوەودوایدووسیٚساڵ،لەگشت
تدنیاداشۆرەتپەیدادەکات.."

شۆلۆخۆف،ھەرلەماوەینووسینیدۆنیئارامدا،ڕۆمانێکیدیکەیلەژێرسەرناڤی
(زمیننواباد) نووسیولەساڵی
١٩٣٢دا،بەرگییەکەمیبڵاوکردەوەودوایسالانێکیزۆر،بەرگیدووەمیشیخستەبەردیدەیخو
ێنەران.

شۆرەتوناوبانگیشۆلۆخۆف،دوایبڵاوبوونەوەییەکەمبەرگی (دۆنیئارام) لەساڵی
١٩٢٨دادەستیپێکرد.

هەرچەندەهەندێلەرەخنەگرانیتەقلیدیوسەختگیر،گلەییوئیرادیتوندیانلەناوەرۆکیهز
ریومەیلیسیاسیئەمبەرهەمەدەگرت،بەلامشۆرەتوناوبانگینووسەر،ڕۆژبەڕۆژڕوولەزیاد
یوهەڵکشاندەچوو.
بەتایبەتیدوایبڵاوبوونەوەی(زمیننوآباد)کەزۆرهونەرییانە،واقیعیگواستنەوەیچینیجو
وتیارلەقۆناغیبەرهەمهێنانیتاکەکەسییەوەبۆقۆناغیبەرهەمهێنانیدەستەجەمی،لەوا
ریئابووریوکشتوکاڵیدا،وێنەدەگرێتوبەرجەستەدەکات،کەئەمەپێگەیجەماوەریشۆلۆخۆ
فیبەتەواوەتیچەسپاند..شۆلۆخۆفلەساڵی
١٩٣٩دابەهۆیچالاکیئەدەبییەوە،خەلاتیلینینیوەرگرتوهەرلەوساڵەدا،کرابەئەندامیکۆ
ڕیزانیاری (ئەکادیمیا) یەکێتییسۆڤیەت.

شۆلۆخۆفلەسالانیشەڕیئەڵمانیایهیتلەریدا،وەکوهەموونووسەرانوهونەرمەندانیدیکەی
سۆڤیاتچووبۆبەرەیشەڕ.ئەوڕاپۆرانەیلەمەیدانیشەڕەوەبۆڕۆژنامەکانیدەناردن،ڕەنگدا
نەوەیڕووداوەتفتوتاڵوسەیرەکانیژیانیسەربازانوخاکیسووتماکووێرانەیولاتوکارەساتی
خەڵکیئاوارەومالوێرانبوو.دیارەئەمانەهەستیبەرگریوتۆڵەئەستێنیوبەرخودانیلایجەن
گاوەرانجۆشدەداوکاریگەرییەکیئیجابییانەبوو.ئەمگوتارانەپاشانلەکتێبێکدابەناون
یشانی (قوتابخانەیتۆڵە)
بڵاوبوونەوە.کۆیبەرهەمەکانیشۆلۆخۆف،بریتینلەچوارپێنجعینوانکەگرینگترینیان (
دۆنیئارامزمیننوآباد)ن،بەلاموێنەوتۆمارێکیزەنگینورەنگینیزۆرهونەریانەیچەندقۆنا
غێکیدیاریکراویمێژوویوەلاتێکەکەبۆیەکەمجار،لەدنیادا،سیستەمیژیانلەوێداگۆڕاووەر
چەرخانێکیگەورەیبەخۆوەبینی.

شۆلۆخۆف،نووسەرێکە،لەجەرگەیقۆناغوسەردەمیسۆڤیەتیداسەریهەڵداوەوپەروەردەب
ووە.
بەلامشێوازیهونەریئەوپەیوەندییەکیڕاستەوخۆونزیکیبەرێبازودابیکلاسیکیچیرۆکنوو
سییرووسییەوەهەبووەولەڕاستیدا،درێژەیهەمانرێبازوقوتابخانەبووە.
وەکوناوەرۆك،ئەزموونێکییەجگارگەورەوپڕژانوژاریمیللەتێنولاتێکیزۆرگەورەوپانوبەر
ینوپاشکەوتووی،سەردووڕیانیگوێزانەوەلەقۆناغێکەوەبۆقۆناغێکیدیکەیکۆمەلایەتی،
زۆروەستایانەهونەراندووە. شۆلۆخۆف،بەخۆیلەناوجەرگەیرووداوەکانداژیاوە،
لەنزیکەوەدیتوونی،بەخۆیجەڕباندوونی،لەکارلێکیبەردەوامدابووەدەگەڵدیاردەوڕوود
اوەکاندا،

لەئەزموونیڕاستەوخۆیخۆیەوە،دیاردەوڕووداوەکانیئەمڕاپەڕینوشۆڕشووەرچەرخانەھ
ەرەگەورەیەی،هونەراندووەوئەزموونیواقیعیگۆڕیوەبۆهەستیهونەری.
شۆلۆخۆفلەمبەرهەمەدا،هونەریانەمامەڵەدەگەڵڕەسەنترینخەڵکیکۆمەڵگەدا،دەگەڵخ
ەڵکیسادەدادەکات،
هەوڵوڕەنجیان،خولیاوخۆزگەیان،هەستونەستیان،سەرکەوتنونوشستیان،ئازایەتیوتر
سنۆکییان،خۆڕاگریوبێورەییان،پایەداریوسەرگەردانییان،دیویدەرەوەوناوەوەیان،بێلا
یانانەوبەهەمانزمانیبێپەرواوڕەنگینیخۆیانهێندەهونەرییانەدەنوێنێت،وەختێ خوێنە
ردەیخوێنێتەوە،هەستبەترپەیدڵوگەرمیژیانیئەوخەڵکەدەکاتوئاوێتەیژینوژینگەیاندە
بێت، دەبێتبەهاوڕێیگیانیبەگیانیخۆشیوناخۆشییەکانیان.

شۆلۆخۆف،
لەدۆنیئارامداجەنگیدژیئەڵمانوشۆڕشیڕووسیاودیاردەییاخیگەرێتیوشەڕیناوخۆیڕووس
یا،لەچوارچێوەیگوندێکیقوزاقنشینولەچارەنووسیماڵباتێکیفەلاحینیمچەدەوڵەمەندولـ
ەئەندامێکیئەوماڵباتەدابەنێویگریگۆریمیلیخۆف،هونەریانەدەگێڕێتەوەوبەرجەستەد
ەکات.
لەوبویەروکارەساتانەداکەبەسەرکاراکتەرەجۆراوجۆروجیاوازەکانیچیرۆکەکەدادێت،
وشەوزاراوەێن،جەنگ، براکوژی،
شۆڕش،یاخیبوونو....ڕۆحیانوەبەردەکەوێتوتێکڕایچەمکوماناترسناکەکانیاندێنەوەبە
رچاو.خوێنەرواهەستدەکاتبەخۆیلەودنیاترسناکەداڕاستەوخۆبەشدارە.ڕەوتیچیرۆکەکـ
ەهێدیوهێمن،بەساموپڕهەیبەتوشکۆ،وەکوڕوبارێدۆنپێشڤەدەڕواتوڕەوتیگۆڕانەکۆمەڵای
ەتیوجڤاکییەکە،بەزمانێکیقەناعەتبەخشیواقیعی،لەهەردەربڕینوگوزارشتێکیزانستیا
نە،باشترشەرحوشرۆڤەدەکات.
ئەوهێزوفاکتەرەنادیارانەیکەلەقولاییکۆمەڵگەدالەکاران،نیشاندەداتودەریدەخاتکەچ
ۆنئەمهێزوفاکتەرانەلەهەلومەرجیتایبەتیورەخساودا،بەناچاریدێنەسەرێوخێراییبە
پرۆسەیگۆڕاندەدەنوهەنگێئەوبینایەیکەدۆێنێ،مکوموپایەداردەهاتەبەرچاو،شوێنوپ
ێگەیهەرکەسوهەرشتێکتیایداپایەداروجێگیربوو،وەکوئەوەیبەربوومەلەرزەبکەوێت،در
زیتێدەکەوێتودەشێوێتودۆستایەتیدەگۆڕێتبەدژمنایەتی،دایکبۆمەرگیفرزەندوژنبۆمێر
ددەگرین،ئاگریتۆڵەلەهەموولایەکەوەبڵێسەدەسەنێت،دەستیجەلاددوپیاوکوژدەگاتەئەو
دایکومنداڵانەیکەتواناییهەڵاتنیاننەبووە،لەنێوانئەمدیمەنەسامناکانەوە،لەجەرگەیها
وارونالینوتوورەبوونوخوێنڕێژیولەوتانەوە،چەکەرەیژیانینوێسەردەردێنێتوبەرەوهەتـ

اوملبەرزدەکاتەوە .ئیدیئەمەسوننەتویاسادێرینوئەزەلییەکەیژیانە،کەژیاندەبێخۆیت
ازەبکاتەوە،دەنادەمرێت . .هەڵبەتەبەشەریش،ڕاستەوخۆوناڕاستەوخۆبەشدارنلەمپرۆ
سەیتازەبوونەوەیژیانەدا،کەجاریواهەیەزۆرخوێناوییە .ئیدیئەمەیەناوەرۆکیچیرۆکی
(دۆنیئارام)
کەبەدرێژاییپترلەدووهەزارلاپەڕە،لەچوارچێوەیئەمپرۆسەیتازەبوونەوەدژوارووپڕژانە
دا،ململانێوکێشماکێشیتوێژوچینەجڤاکیوکۆمەڵایەتییەکانیمیللەتیقوزاقمانیشاندەد
ات .

شاقارەمانیدۆنیئارام،گریگۆریمیلیخۆفە،کەنموونەیجووتیارێکی،کۆشاوئازادوکاردۆست
ە .کەسێکیعەگیدوبەورەیە،لەواریعەمەلیداتیژبینوبەورەوچاونەترسە،بەدەمڕەوتیروود
اوەکانەوەدەگاتەپلەوپایەیفەرماندەییەکفیرقە .بەڵاملەدووڕیانیگۆڕانەخێراولەناکاو
ەکاندا،هیچباشارێکینامێنێتوتووشیدوودڵیدەبێتولەئەنجامداشکستدێنێتودەبەزێت .
شکستوبەزینیگریگۆری،شکستیخەڵکانێکیمیانەحاڵەکەلەئاستەنگوقەیرانەکۆمەڵایەتیی
ەکاندا،بەرگریلەسەنگەروبەرەیەکدەکەن،کەبەرەیئەوانییەولەئەنجامداخۆیانتەنیا
وغەریبونامۆدەبیننەوە،کەئەمەباجیهەڵوێستینادروستەودەبێبدرێت .بەڵامئەوانەیهە
رسوورنلەسەردژایەتیڕەوتیپێشڤەچوونیکۆمەڵایەتی،بەرەبەرەدەدەنەیکەمی،دەگەنە
نزمترینپلەیئینسانییەتووەکوگورگێنبەشەرخۆر،لەبێشەودەشتودەروکێواندائخۆلەکەم
یندەنەنونهێنگیرانەبەهەقونەهەقپەلامارددەنولەئەنجامداتیادەچنوئەمەشبەڕوونی
لەفومینوهاوڕێکانیدابەرجەستەکراوە .شۆلۆخۆفبەیەکچاوتەمەشایهەمووقارەمانەکانیی
ناودۆنیئارامدەکات،بیلایەنانەوئینسانیانەمامەڵەلەتەکهەموویاندادەکات،بەهەمانن
ەفەسەوەهاوبەشیکولوکۆڤانیاندەکات .

شۆلۆخۆف،زمانێکیتابلێیسادەولەهەمانکاتداقووڵوبارگاویبەچەمکێنمرۆڤانیبەکاردەبا
ت،بەتایبەتیلەدیالۆگوگفتوگۆکانداشەقلێکیتەواوناوچەییپێبەخشیوەوپڕەلەتەنزوتان
ەوتوانجوڕاشکاوی،زۆربێپەرواپەنایوەبەرتەشەروجنێوانبردووە .ئەوزاراوەوپەندەنایاب
انەیکەلەزمانیقارەمانەکانەوەبەکاریاندەبات،نیشانەیدڵبەندیقووڵینووسەرە،بەخاک
وخەڵکوکەلەپوورەکەڵتووریزێدوزاگەیخۆیەوە .
کەخوێنەرئەمڕۆمانەدەخوێنێتەوە،هەستدەکاتنووسەر،ئاشقێنیدەکات،ئاشقێنیدەگەڵت
ەبیعەتیڕووتوقووتوکێویخاکیدۆنورۆحیشادوسەرکێشیخەڵکیقۆزاقدا،دەگەڵئاوازوگۆڕانیی
اندا،دەگەڵدابونەریتیاندا،ئاشقێنیدەگەڵڕوباریمەزنوپڕبەرەکەتوفەڕیدۆندا،دەگەڵدە

شتیپانوبەرینیدۆنداکەلەبەهارداەبێتبەسەوزەزارێکیپڕلەگیاورووەکێنبۆنخۆش،لەها
ویناداەبێتبەدەشتێکیگەرمیگەرم،لەزستانداەبێبەسەهۆڵبەنداناوجەوەلانگەیباوبۆرا
نوبەفر،کەهەمووئەمدیمەنانەلەسەرانسەریرۆمانەکەدا،هێندەبەجوانیودوورلەهەرکا
وێژکردنەوەیەکهاتوونەتەوەسفکردن،خوێنەرواهەستدەکات،خۆیبەڕاستیتیایادەژی.

کاراکتەرەکان،وێڕایئەوەییەجگارزۆروهەمەجۆرنوخۆلەشەشسەدکاراکتەردەدەن،زۆرب
ەوردیووەستایانەوێنەگیراون،بەتایبەتیکاراکتەرەژنەکان،وەکو
:ئەکسینیا،ناتالیا،ئیلینیچنا،وداریا،هەریەکەیاننوێنەریسروشتوتەبیعەتیتایبەتیخۆی
ەتی،کەسیانئەویتریاننین.ئیلینیچنا،دایکێکە،بەرلەهەرشتێکلەخەمییەکێتییوتەبایی
وپایەداریخانەوادەییدایە،کەوتووەتەنێوانمێردێکیتووڕەوترۆوتوندەتەبیعەتوکوڕێکیس
ەرکێشوبووکێکینائومێدەوەولەهەولێئەوەدایەبەبەردەباریوتەبیعەتوڕەوشتبەرزیخۆی
،نەیەلێتبونیادیئەممالباتە،کەگەردەلوولوتۆفانیجەنگوشۆڕشویاخیگەرێتیهێناویەلەر
زین،هەرەسبێنێتوبڕوخێت.

ناتالیاوئەکسینیا،لەسەریەکپیاو،گریگۆریمیلیخۆف،شەڕیانەوهەڤڕکییەکدەکەن.
ئەشقوڤیانیەهەردووکیانقوولوڕاستگۆیانەیەوکەسیانکۆلنادەنودەسبەردارنابن.هەرچەنـ
دەناتالیاژنیشەرعییە،سکیهەیە،بەلامدەبەزێتولەداخاخۆیدەخاتەبەردەستیپیرەژنێک
کەمندالەکەیبۆلەباربەرێتوئەمکارەدەبێتەمایەیمردنی،
بەلامهێشتاشدەسبەرداریئەشقیخۆینابێتولەبەرمندالەکانی،خۆیبەسەرمێردەکەیدادە
سەپێنێت.بەلاموێڕایئەوەیسەرکەوتنیئەکسینیازادەیئەوکارەساتەیە،ئەوجاشلەبەرچ
اویخوێنەرناکەوێتوخوێنەرهەقیئەوەیدەداتێئاشقانەمومارەسەیئەشقیخۆیبکات،
کەبەڕاستیشفیداکارانەمومارەسەیدەکاتولەئەنجامداسەریخۆیلەپێناویئەمئەشقەدادا
دەنێتوبەگەلگریگۆریدەکەوێت،گریگۆرییەکیماندوو،شکستخواردوو،لەخاکوزێدیخۆیهەڵ
بڕاو،سەریخۆیهەلدەگرێتوبەرەوشوێنێکیدوورهەلدێت،تابتوانێتبێدوودلیوبێترسیڕاوە
دوونان،کارێکبدۆزێتەوەوبژی،بەلێدوایئەوگریگۆرییەدەکەوێتولەڕێگادادەکەونەکەمی
نەوەوئەکسینیادەکوژرێت،گریگۆریبەنووکیشمشێرەکەیلەخاکیساردوسەهۆلبەنداندا،گ
ۆڕیبۆهەلدەکەنێتودوائومێدودواوزەیژیانیخۆیبەدەستیخۆیبەخاکدەسپێرێت.

بەلێداستانی (دۆنیئارام)

لەچوارچێوەیخاکیقۆزاقنشینیدۆندا،گەورەترینوڕەنگینترینکارەساتیمێژوویهاوچەرخم

انبەجوانترینوناسکترینزمانیهونەریبۆدەگێڕێتەوە،کارەساتێك،کەتاکوئەمڕۆشڕەنگدا نەوەیبەسەرتیرەیبەشەروهەرچوارنکالیدنیاوە،ماوە..

بەهەرحاڵئەمڕۆمانەبەرلەهەشتاوهەشتساڵنووسراوەوتازەدەکرێتبەکوردی!!
بەڵاموەکوهەرشاکارێکیهونەرییڕەسەن،سنووریزەمانیخۆیبەزاندووەوتەڕوتازەییئیستا تیکیخۆیپاراستووە...
بەکورتیوکرمانجیئەمڕۆمانەبریتییەلەشیکردنەوەیەکیقووڵیتەبیعەتیبەشەر،خوێندنە وەیەکیهونەریانەیمجێزیمرۆڤ،کەشفکردنینهێنییپەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان.دەقێکە بوونێکیبەشەریهێندەزندوویلەخۆگرتووە،ژیانیلێوەهەڵدەقووڵێت.
دەقێکەهێندەهەستیارە،نایەتەگێڕانەوە،بۆیەئەمسووکەنووسینە،هەرگیزناکاتەئەلتە رناتیفیدەقەکەوپێویستەخوێنەربەخۆیبیخوێنێتەوەوبەڕۆحدەگەڵیدابژیوپێشوەختەخۆ یبەوەبارگاویکردبێتکەخوێندنەوەشهونەرە،هونەریکەشفکارییە،هونەریگەڕانەبەدووی کەشفکردنومونافەشەیئەزموونێکیئیستاتیکیبالادا،گەڕانەبەدوویلەزەتێکیئیستاتیکید ا..بەندە ئەم شاکارەم وەرگێڕاوە..
ئیدیئەمەکارێکەوکردوومە،هاندەریسەرەکیمزەروورەتیبوونیبوولەکتێبخانەیکوردیدا، ئەوکارەیەکەتوانیومەبیکەم،نەکئەوەیکەویستوومە،بۆیەمنەتبەسەرکەسداناکەم،بەت ەمایستایشودەستخۆشیشنیم،بەڵامبەهومێدمبەرتانەوتەشەریمندالانەنەدرێم!.. حاڵی حازر (دۆنیئارام) یکوردی لە بازاڕا هەیە..

بۆزانیاریزیاتربڕوانە:

*- عشرەایامهزتالعالم،جۆنرید/ترجمەفوازطرابلسی /تشرینالپانی/١٩٨٣

*- الدونالهادی(١) / میخائیلشولوخوف/ ترجمە: علیالشوك،امجدحسین،غانمحمدون/مراجعەغائبطعمەفرمان/دارالمدی ٢٠١٣

*- میخائیلشولوخوف/سرنوشتیکمرد / ترجمە:ماەملکبهار

*- دنارام/ میخائیلشولوخوف/ترجمە: م.ا.بەادین ( جلداول )/انتشاراتفردوس/ چاپدوم: تهران/١٣٨٨(٢٠٠٩)

*- ناودارانیئەدەب/ چ٢٠٠٩/١/ئا: حەمەکەریمعارف/دەزگایتوێژینەوەوبڵاوکردنەوەیموکریانی

حەمە كەریم عارف

* كەركووكییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ كۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو كردووە.

- یەكەم بەرهەمی شیعرێكە بەناوی (هەڵبەستێكی هەتیو كەوتوو) كە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوكاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەكاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سكرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوكراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك، نووسەری كوردستان، كەلتوور،نووسەری كورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی كەركووك،نووسەری كوردستان، كەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاكزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولكەریم بەرهەمی بڵاو كردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی كوردستان بووە، لە هەشتاكاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەكو بەشدارییەكی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی كوردا شانازی پێوە دەكات و منەت بەسەر كەسدا ناكات، چونكە باوەڕی وایە كە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحكومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاكانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆكایەتی لقی كەركووكی یەكێتیی نووسەرانی كوردی كردووە.

• زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢- چینی کۆن، چ١(          )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خيانـەتـی حـەڵاڵ، حـەمـە كـەریم عـارف

٨١-بووكی هـەزار زاوا،(جانتـا ) كۆچیرۆك، بزورگـی عـەلـەوی

٨٢-ئـەبوزەر، د.عـەلـی شـەریعـەتـی

٨٣-ریوایـەت، ڕۆمان، بزورگـی عـەلـەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافه الكوردیه، حـەمـە كـەریم عـارف

٨٥-هـەژاران، ڕۆمان، دوستوفسكـی

٨٦-دەیڤد كۆپـەرفیلد، (رۆمانـی كورتكراوە بۆ نـەوجـەوانـان) چارلس دیكنز

٨٧-ئۆدیسـە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گـەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-توحفـەنمای ئـەدەبیاتـی جیهانـی

٩١-سفرەی فـەقیران   حـەمـە كـەریم عارف

٩٢-باڵندەكـەی من    رۆمان، فریبا وفـی

٩٣- نامـەكانـی تولستۆی

٩٤- جـەمیلـە، رۆمان    جـەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حـەفتا چیرۆكی چینی بۆ مناڵانـی كورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی

٩٧- كۆڵوانـە سوور... كۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئـەو پیاوەی كـە سێبـەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دكتۆر...شانۆنامـە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خـەییام باش بناسین /جـەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...کۆچیرۆك................کۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- کۆکۆرۆ..............ڕومان........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆك بۆ مێرمندالآن /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە..............حەمەکەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان

١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی

١٣٠-پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی

١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی

١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف

١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێك چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی

١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جیرۆکی شاریك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.

١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا

١٣٧- کۆڵانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز

١٣٨- چۆن پۆلامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆسترۆفسکی

١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆلستۆی

١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک